# ئایندەناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات. ژمارە (١٧) ساڵی چوارەم، حوزەیرانی ٢٠٢٣


## ئەقڵانیەتە ترسناکەکە

## هەڕەشەی یەکەمی سەر هەرێم

- سیستمی یەك پەنجەرە؛ جۆر و پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی
- مامەڵە لەگەڵ زیندانیبانی داعش وەك مەترسییەکی ئایندەیی
- پیسبوونی ڕووباری سیروان؛ گرفت و چارەسەر
- تاوتوێکردنی بوارەکانی بەکارهێنانی ئایندەناسی لە سیاسەتڕێژیی گشتیدا
- خوێندنەوەیەکی جیۆپۆلەتیك و سیاسەتە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان



# ئایندەناسی


CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی  وەرزانە دەریدەکات

ژمارە (١٧) ساڵی چوارەم، حوزەیرانی ٢٠٢٣

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: د. هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر



بۆردی ڕاوێژ

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول



هەڵەبڕ: باخان ئەحمەد
نەخشەساز: ڕەوشت محەمەد



شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G, شووقەی 4)
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org


SCAN ME

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. وەرزی جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەترێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان... تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەترێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەند پسپۆڕێتی (Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.

# ناوەڕۆك


**سەروتار**

ئەقڵانیەتە ترسناکەکە؛ هەڕەشەی یەکەمی سەر هەرێم ........................ ● هەردی مەهدی میکە ٤

**توێژینەوەی نێوخۆیی**

سیستمی یەك پەنجەرە؛ جۆر و پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ................ ● پەیام محەمەد تاهیر ٩

مامەڵە لەگەڵ زیندانییانی داعش وەك مەترسییەکی ئایندەیی .................................. ● یاسین تەها ٣٥

پێداچوونەوەیەك بە ڕەوشی ژیان و ئاستەنگەکانی بەردەم کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان ................................................................................................ ● سەنگەریوسف ساڵح ٥١

پیسبوونی ڕووباری سیروان؛ گرفت و چارەسەر.................... ● عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت سەرحەت ٦٨

ئایندەی پەیوەندیی نێوان جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیك ................. ● کازم ئەحمەد سەدرەدین ٧٨

**توێژینەوەی وەرگێڕدراو**

تاوتوێکردنی بوارەکانی بەکارهێنانی ئایندەناسی لە سیاسەترێژیی گشتیدا .................. ● و: عەبدوڵڵا ڕەسووڵی ١٠١

خوێندنەوەیەك بۆ جیۆپۆلەتیك و سیاسەتە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان.......................... ● و: بارام سوبحی ١١٨

ئاڵنگاریی چین بۆ هەژموونی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .... ● وەرگێڕان و ئامادەکردن: پەرۆش محەمەد ١٤٧

**ڕاپۆرتی ئایندەیی**

ئایندەی نەوتی هەرێم لە ململانێکانی عێراق و تورکیادا ........● ئامادەکردن: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد ١٦٢

**فەرهەنگی ئایندەناسی**

ئایندەی هێز................................................................................................ ● زانا کەریم ١٨١

**کتێبی ئایندەیی**

بەڕێوەبردنی قەیران ........................................................................ ● ئامادەکردن: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر ١٨٨

سەروتار




**هەردی مەهدی میکە**

**سەرنووسەر**


# ئەقڵانیەتە ترسناکەکە
# هەڕەشەی یەکەمی سەر هەرێم

کارەکتەرە هەرێمایەتییەکانی نێوچەکە، پاش تێپەڕاندنی نزیکەی نیوسەدەیەک لە نائارامی، هەنووکە هەست بە جووڵەیەکی «ئەقڵانی» لە سیاسەتی دەرەکییاندا دەکرێت وەک ئەوەی لە ئێران، وڵاتانی کەنداو، سووریا و تورکیا هەستی پێ دەکرێت و لە چەند مانگی ڕابردووشدا عێراقیش ڕاکێشراوەتە نێو ئەو سیناریۆ «ئەقڵانیە ترسناکە بە نیسبەت کوردەوە»، کە هەندێک لە وڵاتانی نێوچەکە بەرەو سیاسەتێکی نوێ مل دەنێن و هاوبەشی نوێ دەدۆزنەوە تا کۆتایی بە ڕقەبەرایەتیی دێرینەی دەوڵەتیان بهێنن (عێراقی «کازمی-سودانی»، سووریا و کەنداوییەکان بە نموونە)، هەندێکیشیان دەیانەوێت پەیوەندییە هاوسێیەتییەکانیان لە سەربنەمای شێوازی چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم ببووژێننەوە (سووریا و تورکیا)، بەڵام مۆدێلی ئەزموونکراوی هەر هەموویان بریتییە لە پەیمانەکانی سەعدئاباد و ئەلجەزائیرکە وەڵامی گونجاو و خێرای بۆ بەرهەم هێنان. ئەوەی لەم یارییە نوێیەدا براوەیە؛ ئەکتەرە دەوڵەتییەکانن و ئەوەشی گورزی بەر دەکەوێت؛ ئەکتەرە

نادەوڵەتییە نوێکانی وەک هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوا و بووژانەوەی پرسی پێکهاتە سەرکوتکراوە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن کە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدان ناوبران، چونکە لەم دۆخە نوێیە چاوەڕێکراوەدا، سنووری دەوڵەتگەرایی و سنووری کلاسیکیی دەوڵەت و سەروەری و هەماهەنگیی ئەمنی و سەرکوتکردنی نەیارەکان قسەی یەکەم دەکەن، نەک پێوەرەکانی مافی مرۆڤ، ڕیفۆرمی سیاسی، دیموکراسی، دژایەتیی تیرۆر، ئۆپۆزسیۆن و مافی چارەنووسی گەلان.

ئێستا بە جووڵەی بین سەلمان، بین زاید، ئەردۆگان، ئەسەد و خامەنەیی و سوودانییشدا دیارە کە بیرلەوە دەکەنەوە لە بریی ئەوەی پارە بۆ ئاسایش و بردنەوەی شەڕی هەرێمایەتی بدەنە ڕووسیا و ئەمەریکا و چین، باشترە بە دەستی یەک خۆڕێک بخەنەوە و لە بریی ئەو سازشەی بۆ ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی دەکەن؛ نیوسازش بۆ خۆیان بکەن، زووتر و هەرزانتر بە لانی کەمی مەبەست و ئارامییەکی ڕێژەیی دەگەن.

گەرلە چاوی دەوڵەتچییەکی تورک یان فارس و عەرەبێکەوە لە پرسی سازانەوەی تازەی کەنداو و سووریا و ئێران و تورکیا بڕوانرێت، نکوڵیی لێ ناکرێت ئەم کردەیە جۆرێک لە ئەقڵانیەتێکی باڵای سیاسیی تێدایە، چونکە لە ماوەی ڕابردوودا ئەوەی بووە هۆی لاوازیی ئەم دەوڵەتانە و سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری و دەستێوەردانی دەرەکی (وەک ئەمەریکا، ڕووسیا و چین) لەم نێوچەیەدا، چەند فاکتەرێک بووە، لەوانە:

١. لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا: جەنگەکانی ئێران-عێراق و عێراق-کوەیت، ململانێی سووریا-عێراق، عێراق-کەنداو

٢. لە پاش ٢٠٠١ تا کەوتنی داعش: سەرهەڵدانی بزووتنەوە تیرۆریستییەکان و پشتیوانیی دەوڵەتانی نێوچەکە و بەکارهێنانیان دژی یەکتر، جەنگی دژەتیرۆر، تێکچوونی پەیوەندییەکانی کەنداو لەگەڵ ئێران و عێراقی نوێ و پاشتر سووریا و تورکیاشی هاتە سەر.

٣. سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و بەکارتکردنی پرسی ناڕەزایەتی لە لایەن ئەم دەوڵەتانەوە و بەکارهێنانی دژی یەکتر، وەک ئەوەی لە میسر و سووریا و تورکیا و ئێران و یەمەن و بەحرەیندا کرا.

٤. بە کۆکردنەوەی سەرجەمی ئەمانە لە پاکێجێکدا، نائارامی و فەوزایەکی خەلاق بۆ زلهێزەکان دروست بوو و ڕێگای ئاسان کرد بۆ پەلکێشیی ڕاشکاوانە و ئاسانیی ئەمەریکا و ڕووسیا و چین و لەوەش زیاتر بوونە بڕیاردەر لە پرۆسەی سیاسیی زۆرێک لەم وڵاتانەدا.

٥. لە پەنای ئەم هەنگاوەدا، گەلانی بندەستی ئەم دەوڵەتە ئەمنییە ناوەندگەرایانە،

بە هۆی لاوازی و سەرقاڵیی پایتەختەکانەوە بە دراوسێ و قەیرانەکانیانەوە هەناسەیەکیان هەڵکێشا و پرسەکانیان زیندوو بوونەوە و هەندێکیان وەک کورد بوونە خاوەنی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان لە عێراق و پاشتریش کانتۆنەکانی ڕۆژئاواشی هاتە سەر، پرسی ڕەوای کوردیش لە ڕۆژهەڵات و باکووریش پێشقەچوونی بەرچاوی بەخۆوە دی و لە تورکیا لە ئینکارکردنەوە گەیشتە ئاستی مامەڵە و دانپێدانانی زیمنی و لە ئێرانیشدا بووە پرسی هەرە گەرمەکان و ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردە سەرمەشقی ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی ئێران و... شیعەکانی بەحرەین و یەمەن و ئەحواز و بەلوچەکانی ئێران و عەلەوییەکانی تورکیا و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بە هەمان شێوە ئاهێکیان وەبەردا هاتەوە و لانی کەم کەوتنەوە بەرباس.

ئەمە لە دیدی دەوڵەتچییەکانی تورک و فارس و عەرەبەوە کە ڕوانینیان لە سەربنەمای ناوەندێتی و سەپاندنی شوناسی یەکنەتەوە و ئاسمیلاسیۆنی ئەوانی دیکە بونیاد نراوە، واتە هەڕەشە و مەترسیی هەڵوەشاندنەوەی سنوور و یەکپارچەیی سەپێنراوی «خاکەکەیان»! واتە لەتبوونەوە و دارشتنەوەی نەخشەی جوگرافیای سیاسی لە ئایندەدا.

بۆیە سەرانی سیاسی و ستراتیژیستەکانی ژوورەکانی بڕیار و پۆڵەسی ئەم دەوڵەتانە هەر لە سعودیەوە تا ئیمارات، ئێران، تورکیا، سووریا و عێراقیش... تاد، وا دەردەکەوێت کە بیریان لەوە کردبێتەوە بە دیدی خۆیان ئەم لێڕۆیشتنە ئابووری و سیاسی و ئەمنییە ڕابگرن و سیاسەت بگێڕنەوە سەرقاڵبە کۆنەکەی کە بناغەکەی تیۆرەی واقیعگەرایی نوێی دەوڵەت-تەوەرە، نەک پێکەوەژیانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی چارەنووس.

هەنگاوی یەکەمی ئەم پێچکردنەوە سیاسییە و جووڵەی ئەم قیتارە ئەقڵانییەی دەوڵەتانی هەرێمایەتی بە نزیکبوونەوەی ئیمارات-ئێران و دەستشلکردنی ئیمارات لە یەمەن و دەستکرانەوەی بازرگانی لە ئێراندا دەستی پێ کرد و تا گەیشتە نزیکبوونەوەی ئێران-سعودیە و لێکنزیکبوونەوەی تورکیا-سووریا و کەنداو و سووریاشی بەدوای خۆیدا هێنا، چاوەڕوان دەکرێت ئێران-بەحرەین و میسر-تورکیا و تورکیا-سووریاش بەدووی خۆیدا بهێنێت.

عێراقیش نەیویست لەم کاروانە جێ بمێنێت و چەند جووڵەیەکی ستراتیژیی لەگەڵ کەنداو لە لایەک و لەگەڵ تورکیاش لە لاکەی دیکەوە دەست پێ کرد و خۆیشی کردووەتە نێوانگیری ئێران-کەنداو. وا بەرهەمی یەکەمی ئەم جووڵەیەشی بە ڕاگەیاندنی پلانی «ڕێگای گەشەپێدان» دەست پێ کرد، کە عێراق دەکاتە چەقی بەستنەوەی کەنداو بە تورکیا و

ئەورووپاوە.

ئەوەی بۆ کورد بە گشتی و هەرێمی کوردستان دەبێتە مەترسی لەم جووڵەیەدا، چەند خاڵێکە:

١. پرسی مافی ڕەوای کورد و مافی پێکهاتەکانی نێوچەکە لە پرسی نێودەوڵەتییەوە دەکاتەوە پرسی نێوخۆیی ئەم دەوڵەتانە و دیسانەوە وەک جاران بە هاوشێوەی بنەماکانی ڕێککەوتنەکانی سەعدئابادی ١٩٣٧ و پەیمانی ئەلجەزایری ١٩٧٥ و ئەدرنەی ١٩٩٨ لە دۆسێی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و هەرێمی کوردستان دەڕوانن.

٢. پرسی دیموکراتیزەکردن و مرۆڤاندنی سیاسەت و مافی پێکهاتەکان پلەی سێ و چوار وەردەگرن و ئاسایش و یەکپارچەیی و ناوەندگەرایی و دەوڵەتچێتی دەبنە فاکتەر بۆ داڕشتنی سیاسەت و مامەڵە لەگەڵ کورد و نەیارەکانی دیکەی ئەم دەوڵەتانەدا.

٣. لە ڕووی مامەڵەی سیاسی و دبلۆماسییەوە پایتەختەکان پەیوەندی پێکەوە دەکەن نەک ڕاستەوخۆ دەوڵەتەکان و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەک هەرێم و ڕۆژئاوا پەیوەندی ببەستن، وەک ئەوەی تورکیا-هەرێم و ئێران-هەرێم و ئێران-ڕۆژئاڤا و ڕۆژئاڤا-شام لە ڕابردوودا... تاد، چونکە ئەم دیدە بناغەکەی وایە کە هەموو پرسێک دەبێت ڕەچاوی سنوور و دەزگای دەوڵەتی ناوەندی و پایتەختەکەی بکات.

٤. لە ڕووی بازرگانی و ئابوورییەوە، هەرلە ئێستاوە ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم و تێکەڵکردنەوەی لەگەڵ دۆسێی بەغدادا ئەنجامێکی کورتمەودایەتی و دوورنییە بۆئایندەش ڕێگە بازرگانییەکانی برایم خەلیل و باشماخ و پەروێزخان ئەوڕەونەقەی جارانیان نەمێنێت و شێوە گەمارۆیەکی بازرگانیی دەرەکی بکەوێتە سەر هەرێم، چونکە ڕێگەی پەرەپێدانی کەنداو-عێراق-تورکیا و ئەورووپا دوور نییە هەرێم بخاتە پەراوێزی خۆیەوە.

گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان و ئەکتەرە سیاسییەکانی؛ ئایندەی نادیاری خۆیان بخوێننەوە و هەل و هەڕەشەکان لێک بدەنەوە، لە ئێستاوە بیرلە پاکێجێک بکەنەوە کە ئەم هەنگاوە ستراتیژیانە لەخۆ بگرێت: لە ئاستی گوتاردا نیشتمانی، لە ئاستی ئابووریدا یەک پاکێجی دادپەروەرانە، لە ئاستی هاوبەشێتیی بەڕێوەبردندا هاوسەنگی و بەشداریی ڕاستەقینە، لە دانوستاندن و دبلۆماسیەتدا یەک تیمی و یەک دەستەیی لەگەڵ دەرەوەدا، لە بازرگانیدا پەرەدان بە ڕێگای نوێی هاتوچۆ و بازرگانی و ستراتیژی بە جۆرێک ئاسانکاری و ئاسایش بۆ بازرگان و سەرمایەدارانی دەرەکی فەراهەم بکات، بۆئەوەی وەک بەدیلی هەرزان و ئاسان هەرێم نمایش بکەن.

توێژینەوەی ناوخۆیی

ئایندەناسی

# سیستمی یەك پەنجەرە

## جۆر و پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی

پەیام محەمەد تاهیر / ماستەر لە یاسای گشتی



**بەرایی**

«یەك پەنجەرە» سیستمێکی کارگێڕییە، لە هەمان کاتدا میکانیزمێکیشە بۆ کارئاسانی لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی حکومەت و دامەزراوەکان، بە تایبەتی وەبەرهێنان کە گرێ و ئاڵۆزی و وەرگرتنی ڕەزامەندیی زۆری تێدایە. ئەم سیستمە لەم ساڵانەی دواییدا هۆکاری پێشکەوتنی زۆر لە وڵاتانی وەك مالیزیا و سەنگاپوورە بووە. سەپاندنی جێبەجێکردنیشی؛ نموونەیەکە لە دەستوەردانی ئەرێنییانەی دەوڵەت لە کاروباری کارگێڕی و ئابووری، دروستکردنی کەشێکی کێبەرکێکارانەیە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و تەنانەت ئەورووپا بۆ لاساییکردنەوەی. ئێستا لە کوردستان و بە دیاریکراوی لە پارێزگای سلێمانی؛ هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم سیستمە لە هەندێك فەرمانگەدا هەیە، ڕەنگە دەرفەت بێت بۆتیشك خستنەسەر چەمك و پێداویستی و جۆرەکانی ئەم سیستمە پێشکەوتووە، ئەمەش ئامانجی ئەم توێژینەوەیەیە.

## یەك پەنجەرە، چەمك و بایەخ

یەك پەنجەرە سیستمێکە هەندێك جاربە چەمك، پڕۆسە، یان ژینگەیەك ناو دەبرێت کە تاکەکان، دامەزراوە ئابوورییەکان و ڕێکخراوە حکومییەکان دەتوانن لە ڕێگەی یەك خاڵی دەستڕاگەیشتنەوە زانیاری بدەن، ئەم سیستمە لە هەندێك ناوەندی ئابووریدا بە «وێستگەی کۆکەرەوە» یان «یەك نووسینگە» ناو دەبرێت[١]، بەو مانایەی تەنها وێستگەیە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان بازرگانان و دەزگا حکومییەکاندا. ئەم میکانیزمە کات و تێچووی چالاکییە بازرگانییەکان کەم دەکاتەوە. لە ئێستادا لە زۆرێك لە وڵاتانی گەشەسەندوو، هەروەها لە سیستمە ئابوورییەکانی قۆناغی گواستنەوەدا بەکار دەهێنرێت، تەنانەت لە زیادکردنی توانای کێبڕکێی ئابووریە نیشتمانییەکاندا بە یەکێك لە پایە گرنگەکان دادەنرێت[٢].

چەمکی سیستمی یەك پەنجەرە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەرکەوت، مەبەست لە دروستکردنی ئەم پڕۆسەیە لە سەرەتادا دابینکردنی ژینگەیەکی سادە و دۆستانەی وەبەرهێنان بۆ وەبەرهێنەران بوو، چونکە پێویستیان بە کۆمەڵێك ڕێکار وەك مۆڵەتی جۆراوجۆر، هەروەها کۆمەڵێك ڕێکاری کارگێڕی هەبوو، کە لە ڕووی کات و ماددییەوە تێچووی زۆربوو، ئەوەش ڕەنگدانەوەی نەرێنیی لە سەر پڕۆسەی وەبەرهێنان هەبوو[٣]. ئەم میکانیزمە بە چەمکی ئاسانکردنی ڕێکارەکان و ئاسانکاریی قۆناغەکانی تەواوکردنی مامەڵەکان لە بەردەم هاوڵاتیاندا بەستراوەتەوە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی کات و ماندووبوون و پارە و کاغەز[٤].

سەرهەڵدانی یەك پەنجەرە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی حکومەت و دامەزراوە نیشتمانییەکاندا بوو بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی پەیوەست بە بازرگانی، هەروەها بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێك بوو بۆ هەماهەنگی لە نێوانیاندا. بە ئامانجی ئاسانکاریی بازرگانیی نێودەوڵەتی، کە لەگەڵ ڕێسا و یاسا بازرگانییەکاندا بەریەك دەکەوتن و ئاستەنگ و ئاڵۆزیی لە تەواوکردنی ڕێکارو مامەڵەکانی پەیوەست بە کارەکانی گواستنەوە (ترانزێت)دا دروست دەکرد، ئەوەش دەبووە هۆی زیادکردنی تێچوون لە سەرهەموو لایەنە بەشداربووەکانی بازرگانی، لە کاتێکدا لە بنەڕەتەوە پێویستیان بە خێرایی و کارامەیی هەبوو[٥].

لەم چوارچێوەیەدا سەنتەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئاسانکاریی بازرگانی و بازرگانیی ئەلکترۆنی، لە چوارچێوەی کۆمیسیۆنی ئابووری بۆ ئەورووپا لە ساڵی ١٩٩٦ دامەزرا.

بۆ باشترکردنی هەماهەنگی و هاوکاریی نێودەوڵەتی لە بوارەکانی ئاسانکاریی بازرگانی و کاروبارە ئەلکترۆنییەکاندا، ئەم سەنتەرە ڕاسپێردرا بە دانانی بەرنامەیەك کە سروشتێکی نێودەوڵەتیی هەبێت[٦]. لێرەوە یەك پەنجەرە پەرەی سەند، هەروەها هەوڵەکانی ئاسانکردنی ڕێکارە سنوورییەکان بۆ بازرگانان و چالاکییە ئابوورییەکانی دیکە گەشەی کرد، پاشان لە هەندێك وڵاتدا بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیاری و بوونی ئیرادەیەکی سیاسی لە پشتیەوە، بیرۆکەکە کرایە واقیع[٧]، چونکە دەتوانرێت میکانیزمی یەك پەنجەرە بۆ پەرەپێدان و فراوانکردنی چالاکییە ئابوورییەکانی دیکە، نەك تەنها بازرگانی و ئاڵوگۆڕی ئەلکترۆنی بەکار بهێنرێت.

بە پێی ئەو مۆدێلانەی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا هەن، میکانیزمی یەك پەنجەرە لە تێکەڵەیەکی یەکگرتوو لە هەوڵە هاوبەشەکان لە لایەن هەموو لایەنە بەشداربووەکانەوە لە چالاکییە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکاندا پێك دێت، هەروەها نوێترین تەکنیکی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردن، ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی دەیتا و پەیام ناردن لەگەڵ دامەزراندنی سیستمی زانیاریی سادە و یەکساندا بەکار دەهێنێت[٨]، ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە سیستمی ئەلکترۆنی جێگەی زانیاریی نەریتی بگرێتەوە کە لە سەر بنەمای بەکارهێنانی کاغەزە[٩].

بۆ هاوکارییەکی کاریگەرلە هەرقۆناغێکیدا لە نێوان هەموو لایەنە بەشداربووەکانی ئەم سیستمەدا، سیستمی یەك پەنجەرە یاسا وڕێکارە پێشکەوتووەکان بۆ دارایی و بەڕێوەبردن، شێوازی کارکردن، بازاڕکردن، پلاندانان و بەڕێوەبردنی پڕۆژەکان بەکاردەهێنێت[١٠].

یەك پەنجەرە فۆرم و بازنەی جیاوازی سیستمی نیشتمانی یان ناوخۆیی و ئەلکترۆنی لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ڕێگەدان بە پێشکەشکردنی کاغەز و پێشکەشکردنی زانیاری بە شێوەی ئەلکترۆنی، ئەوەش ئامرازێکی ڕێکخستنە بۆ باشترکردنی حکومڕانی[١١]. واتە بۆ بەهێزکردن و باشترکردنی حکومڕانی لە بواری ئابووریدا ئامرازێکی چالاکە، هەر چەندە تەنها بە دەرکردنی بڕیارێك بۆ جێبەجێکردنی بەدی نایەت، بەڵکوو بۆ سەرکەوتنی پێویستی بە پاڵپشتیی کۆمەڵێك ناوەندی حکومی هەیە.

سەبارەت بە گرنگی و بەهای ئەم سیستمە، دەتوانرێت ئاماژە بەو چارەسەرە کردەیی و خێرایانە بکرێت کە سیستمی یەك پەنجەرە پێشکەشی دەکات، بە ئامانجی نەهێشتنی ڕۆتین کە ڕەوایەتی بە گەندەڵی دەدات، هەروەها بۆ نەهێشتنی کەلێن لە نێوان هاوڵاتی و ئەو یاسایانەدا کە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتییان ڕێك دەخات[١٢]، چونکە بۆ

نەهێشتنی کەمتەرخەمی و سستی نواندن و هەڵەکان، یەك پەنجەرە چارەسەرێکی کارا دەخاتە ڕوو، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی بێزارکردنی مامەڵەکاران ئامرازێکی گونجاوە، هەروەها چارەسەری لەدەستدان و بەفیڕۆدانی کات و چوونە ناو چەرخی گەشەپێدان و بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی خێراتر دەکات(١٣). ئەمەش هەر ئەوەیە کە ئابووریی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو و کۆمەڵگاکانمان پێویستیانە، چونکە بە دەست سستیی نواندن و ڕۆتینەوە دەناڵێنن، هەروەها بۆ چارەسەری ئەو ڕێکارە سەختانەی کە لەگەڵ ڕۆحی پێداویستییە ئابوورییە مۆدێرن و هاوچەرخەکاندا ناگونجێن کە بناغەکەیان خێرایی و شڵەژانە.

لە هەمان ڕووەوە، بۆ تێپەڕاندنی ئەو پێداویستییە ڕێکخراوەیی و کارپێکردنە ئاڵۆزانەی کە حکومەتەکان لە هەر وڵاتێکدا بەسەر چالاکییە بازرگانییەکاندا سەپاندوویانە، سیستمی یەك پەنجەرە چارەسەرێکی گرنگ و کاریگەر دەخاتە ڕوو(١٤)، لە هەمان کاتدا ئامرازێکی کاریگەر بۆ کەمکردنەوەی ناکاراییە ڕێکخراوەییەکان لە کاری دەزگا گومرگی و سنوورییەکانی تردا دروست و دابین دەکات(١٥)، واتە بەبێ ئەم سیستمە، کۆمپانیا و دامەزراوەکان ڕووبەڕووی بڕێکی زۆروزەوەند لە پێداویستییەکانی ئامادەکردنی ڕاپۆرت و پڕکردنەوەی چەندین فۆرم و سیستم و نامە دەبنەوە. بێگومان تا ژمارەی لایەنە پەیوەندیدارەکان زیاتر بێت، ئەوا ڕێکارەکانی چالاکییە ئابوورییەکانی پەیوەست بە بازرگانی ئاڵۆزتر دەبن، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەم میکانیزمە بەردی بناغەی دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاوی وەبەرهێنانە، چونکە نوێنەری هەموو دەزگاکانی حکومەت لەخۆ دەگرێت کە بەشدارن لە پرۆسەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە لایەك، هەروەها چارەسەری داواکارییە گشتگیرەکان و دەیتاکان لە نەبوونی وەبەرهێنەردا بە دەزگای بەرەوپێشبردنی وەبەرهێنان دەدات، سەبارەت بە ستراتیژیی بەرەوپێشبردنی وەبەرهێنان و باشترکردنی ژینگەی بازرگانی لە لایەکی دیکەوە(١٦). بۆ دوورکەوتنەوە لەو ڕێکارە ئاڵۆز و درێژانەی کە بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنانێکی نوێ پێویستن، سیستمی یەك پەنجەرە خێراترین ڕێگەی لەخۆ گرتووە کە بۆ دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نوێ پێویستە.

کۆمەڵگای خزمەتگوزاریی وەبەرهێنانی نموونەیی وا لە وەبەرهێنەر دەکات بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکانی تەنها لەگەڵ یەك فەرمانگەدا مامەڵە بکات، هەروەها هەموو بەڵگەنامە پێویستەکان لە چوارچێوەی یەك پرۆسەی ڕێنماییکراو و هەماهەنگدا بەدەست بهێنێت، ئەمەش ڕێگری لە وەبەرهێنەر دەکات کە بە هۆی بێزاربوونی لە زۆریی ڕێکارەکان وڵات بەجێ بهێڵێت(١٧). بە پێی ڕاپۆرتە ئابوورییەکان و دەیتا بڵاوکراوەکانیان، هەریەکە لە وڵاتانی

سەنگاپورە، مالیزیا و ئێرلەندا ئەزموونێکی سەرکەوتوویان لەم بوارەدا هەیە، بە تایبەتی لە بوارەکانی بازرگانی و وەبەرهێناندا.

ڕاپۆرتە ئابوورییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە سیستمی یەك پەنجەرە لە سەرەتادا و بە پلەی یەکەم بۆ ئاسانکاریی بازرگانیی نێودەوڵەتی، پاشان بۆ ئاسانکاریی کارو هاتوچۆی وەبەرهێنەران لەگەڵ کەمکردنەوەی ڕۆتیندا دانراوە، هەروەها کەمکردنەوەی ئەو مەرجانەی کە پاڵ بە وەبەرهێنەرەوە دەنێن بۆ جێهێشتنی پرۆژەکە، ئەمە جگە لە زیادکردنی توانای کێبڕکێی نیشتمانی بە گۆڕینی سیستمی پشتبەستن بە کاغەزبۆ سیستمی پشتبەستن بە بەڵگەنامە ئەلکترۆنییەکان(١٨).

بە گشتی ئامانج لە میکانیزمی یەك پەنجەرە ئاسانکاریکردنە، لە هەمان کاتیشدا سیستمێکی جیهانییە و بەبێ ئەم سیستمە یاسای وەبەرهێنان و ڕاپەڕاندنی کاروبار سەرکەوتنی خوازراو بەدی ناهێنێت(١٩).

## یەکەم: پێناسەی ڕێکخراوەکان و قەوارە ئابوورییەکان بۆ یەك پەنجەرە

پێکهاتە ئابووریە جیاوازە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان کۆمەڵێك پێناسە و دیدگایان سەبارەت بە چەمکی میکانیزمی یەك پەنجەرە خستووەتە ڕوو، هەروەها وردەکارییەکانی چۆنێتیی بەڕێوەبردنی سیستمەکەیان ڕوون کردووەتەوە، چونکە لە ئێستادا ئەم سیستمە لە کاری ڕێکخراوەکان و حکومەتەکان بووەتە بەشێکی گرنگ، هەروەها بۆ هەموو وڵاتان و ڕێکخراوەکانی پەیوەندیدار بە چالاککردنی ئاسانکاریی بازرگانی و وەبەرهێنان میکانیزمێکی ستراتیژییشە(٢٠).

لەم ڕووەوە، کۆمسیۆنی ئابووریی ئەورووپی (UNECE) یەك پەنجەرەی بەم شێوەیە پێناسە کردووە: «سیستمێکە ڕێگە بە بازرگانان دەدات زانیاری پێشکەش بە یەك لایەن بکەن، تاوەکوو بە کردەوە هەموو پێداویستییە ڕێکخراوەییەکانی پەیوەست بە هاوردەکردن یان هەناردەکردن جێبەجێ بکەن». ئەو کۆمسیۆنە شێوە و سوودی جێبەجێکردنی ئەم سیستمەی دیاری کردووە کە بریتییە لە «دابینکردنی یەك دەروازە (جەستەیی بێت یان ئەلکترۆنی) بۆ پێشکەشکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو دەیتا و بەڵگەنامەکاندا، پاشان بەکارهێنانی لە مامەڵە نێودەوڵەتییەکاندا(٢١)».

لە لایەکی دیکەوە، هاوبەشیی جیهانی بۆ ئاسانکاریی گواستنەوە و بازرگانی کە هاوبەشی بانکی جیهانییە، یەك پەنجەرەی بەو ئاسانکارییە پێناسە کردووە کە: «بۆ جێبەجێکردنی

هەموو پێداویستییە ڕێکخراوەییەکانی پەیوەست بە هاوردەکردن، هەناردەکردن و ترانزێت، ڕێگە بە لایەنە بەشداربووەکانی بازرگانی و گواستنەوەی نێودەوڵەتی دەدات زانیاری و بەڵگەنامەی یەکگرتوو پێشکەش بە یەك خاڵی چوونەژوورەوە بکەن[٢٢]»، لە کاتێکدا کۆمەڵەی نەتەوەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (ئاسیان) کە سەرکەوتوو بووە لە هاوکاتکردن و یەکخستنی دامەزراوە نیشتمانییەکان لە یەك پەنجەرەدا، یەك پەنجەرەی بەم شێوەیە پێناسە کردووە: «ئەو ژینگەیەیە کە پەنجەرەیەکی نیشتمانی تێیدا کاردەکات، ئەرك و ڕۆڵەکان لە ناو یەك پەنجەرەی نیشتمانیدا ئەنجام دەدات، کار لە سەر یەك شێوەی بەڵگەنامەی زانیاری و دەیتاکان دەکات[٢٣]».

بەربڵاوترین و باوترین پێناسە لە جیهانی میکانیزمی یەك پەنجەرەدا، ئەو پێناسەیەیە کە ناوەندی ئاسانکاریی بازرگانیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاسپاردەکانی خۆیدا پێشکەشی کردووە، کە بە ڕاسپاردەی ژمارە (٣٣) ناسراوە، تێیدا بوونی ئاسانکارییەك پشتڕاست دەکاتەوە کە ڕێگە بە لایەنە بەشداربووەکان دەدات لە کاتی بازرگانی و گواستنەوەدا بۆ ڕاییکردنی هەموو پێداویستییەکانی هاوردە و هەناردەکردن و تێپەڕاندنی مەرجە ڕێکخراوەییە پەیوەندیدارەکان، زانیاری و بەڵگەنامەی ستاندارد پێشکەش بە یەك خاڵی چوونەژوورەوە بکەن[٢٤]. ئەگەر سەیری ئەم پێناسەیە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە باسی لایەن و پایە بنەڕەتییە پێویستەکانی کردووە کە سیستمی یەك پەنجەرە کاری لە سەر دەکات، ئەوانیش: بەڵگەنامە ئەلکترۆنییەکان، یەك خاڵی چوونەژوورەوە، بڵاوکردنەوەی یەك بەڵگەنامە، کارلێکەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان بازرگانان و دەزگا حکومییەکاندا، لە هەمان کاتدا جەختکردنەوە لە ڕێکارە گومرگییەکان، هاوردەکردن، هەناردەکردن و ترانزێت[٢٥].

### دووەم: چۆنێتیی کارکردنی یەك پەنجەرە و میکانیزمەکەی

بەو پێیەی یەك پەنجەرە گوزارشتە لە سیستمێکی یەکگرتوو و سەلمێنراو بۆ بەڕێوەبردنی بابەتی بازرگانیی دەرەکی و وەبەرهێنان، بە پشتبەستن بەو ماددە زانستییانەی کە بۆ ئەم توێژینەوەیە دابین کراوە، دەتوانرێت کاری ئەم میکانیزمە بەم شێوەیە دیاری بکرێت:

#### ئ. هەبوونی یەك دەروازە بۆ پێشکەشکردن

ئەم تایبەتمەندییە بەو مانایەیە کە بۆ ئاسانکاریی کارکردنی یەکتر، بۆ بەیەکگەیاندنی تاك و کۆمپانیاکان یەك خاڵ یان وێستگە هەیە، نەك تۆڕێکی بەیەکەوەبەستراو و یەکگرتوو.

لێرەدا بازرگانان و وەبەرهێنەران پێویستیان بەوە نییە بە جیا دەیتا بۆ هەر دەزگایەکی حکومی دابین بکەن، بەڵکوو تەنها یەك جار پێویستیان بە پێشکەشکردنی دەیتا هەیە، یەك پەنجەرەش ئەم تایبەتمەندییە بە باشترین شێوە دابین دەکات[٢٦]، ئەم سیستمە لە کاتی پێویستدا دووبارە بەکارهێنانەوەی دەیتاکان دابین دەکات، بەبێ ئەوەی سەرلەنوێ داخڵ بکرێنەوە[٢٧]. لە پێناوی ڕاپەڕاندنی ڕێکارەکانی تایبەت بە حکومەت، دەیتاکان دەخاتە بەردەستی بەکارهێنەرانی ڕێگەپێدراوی دەزگا حکومییەکان. لە کاتی پێویستیشدا دەتوانرێت لە لایەن دەزگاکانی دیکەی حکومەتەوە دووبارە بەکاربهێنرێنەوە[٢٨].

### ب. ئاسانکاری بۆ ڕێکارەکان و کەمکردنەوەی کاغەزەکان

ئامانجی یەك پەنجەرە گۆڕینی کارە دەستییەکانە کە لە سەربنەمای کاغەزە، بۆ سیستمی پەیامناردنی ئەلکترۆنی و کاری ئەلکترۆنی لەگەڵ بەکارهێنانی نوێترین تەکنیکی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی و دەیتا نێودەوڵەتییەکاندا، تاوەکوو جێگەی زانیارییە نەریتییەکان بگرێتەوە کە لە سەربنەمای بەکارهێنانی کاغەزە[٢٩]، بۆیە سروشتییە ناوی ئەم میکانیزمە پەیوەست بێت بە ئاسانکاری و کارئاسانی لە بواری تەواوکردنی کار و ڕێکارەکاندا.

### ت. هاوبەشیکردنی زانیاری (بڵاوکردنەوەی زانیاری)

لە سایەی سیستمی یەك پەنجەرەدا، زانیارییە گرنگەکان (بە نموونە: دەیتا و مۆڵەت و بڕوانامە) بە شێوەی ئەلکترۆنی لە لایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە، لەگەڵ پەرەپێدانی توانای پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لە سەر ئینتەرنێت دەپارێزرێت، بەمەش بۆ وەرگرتنەوەی دەیتا پێویستەکان پێویستیی پەیوەندیکردن بە دەزگا جیاوازەکانەوە ناهێڵێت، بەم شێوەیە لە بابەتی ئابووریدا یەك پەنجەرە دەبێتە سەرچاوەی زانیارییەکانی حکومەت[٣٠].

### سێیەم: سوودەکانی دامەزراندنی سیستمی یەك پەنجەرە

ئەزموونەکانی بواری یەك پەنجەرە و ڕاپۆرتە بەردەستەکان دەری دەخەن کە سیستمی یەك پەنجەرە سوودێکی زۆر بە هەموو ئەو لایەنانە دەبەخشێت کە لە کارەکانی پەیوەست بە بازرگانیدا بەشدارن، تا ڕادەیەکی زۆر یارمەتیدەرە لە ئاسانکردنی ڕێکارەکان، لەوانەش دابینکردن و ئاڵوگۆڕی زانیاریی پێویست بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی ڕێکخستنی بازرگانی[٣١]، تێچووی بازرگانان و حکومەتەکان کەم دەکاتەوە، یارمەتیدەرە لە ڕێکخستنی

کۆکردنەوەی دەیتا و زانیاری و بەڵگەنامەکان و پاراستن و بڵاوکردنەوەیان لە ڕێگەی یەك لایەنەوە، ئەم کارەش بەکارهێنانی سەرچاوە مرۆییەکان کەم دەکاتەوە و دەتوانرێت بە گوێرەی پێویستی و گرنگی دابەش بکرێنەوە[٣٢].

سیستمی یەك پەنجەرە دەتوانێت ئاسانکاری و کارئاسانی بۆ دابینکردن و ئاڵوگۆڕی زانیاریی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەکان بکات، دەتوانێت کارایی و کاریگەریی کۆنترۆڵە فەرمییەکان باشتر بکات، هەروەها بە هۆی باشتر بەکارهێنانی سەرچاوەکانەوە دەتوانێت تێچوونەکان بۆ هەردوو حکومەت و بازرگانان کەم بکاتەوە[٣٣]، چونکە پێشکەشکردنی بڕێکی زۆر زانیاری و بەڵگەنامەی حکومی بە دەسەڵاتداران کە لە زۆرێك لە حکومەتەکاندا پەیڕەو دەکرێت، دەبێتە هۆی بارگرانییەکی گەورە لە سەر حکومەتەکان و کۆمەڵگەی بازرگانی، هەروەها لە پەرەپێدانی بازرگانیی نێودەوڵەتیدا دەتوانێت ببێتە بەربەستێکی مەترسیدار[٣٤].

ڕێکخراوی «ئاسیان» ئامانجەکانی جێبەجێکردنی سیستمی «تاك پەنجەرە»ی بەم شێوەیە ڕوون کردوەتەوە: «کەمکردنەوەی تێچووی مامەڵەکردنە، دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی توانای کێبڕکێی هەناردەکردن، هەروەها ئاسانکاری بۆ یەکخستنی ئاسیان لە یەك بازاڕدا بۆ کاڵا و خزمەتگوزاری و وەبەرهێنان دەکات، جگە لەوەی دەبێتە هۆی خێراترکردنی ڕێکارە گومرگییەکان و کەمکردنەوەی کات و تێچوونی مامەڵەکان، بەم شێوەیە کارامەیی بازرگانی و توانای کێبڕکێ بەرز دەکاتەوە[٣٥].

گرنگیی میکانیزمی یەك پەنجەرە بۆ وەبەرهێنان بریتییە لە دابینکردنی ژینگەیەکی سەقامگیری وەبەرهێنان، دوورلە بیرۆکراسیەت و ڕۆتینێکی بێزارکەرو تاقەتپڕووکێن، چونکە وەبەرهێنەر بۆ وەبەرهێنان مامەڵە لەگەڵ یەك پەنجەرەدا دەکات، هەر لەو ڕێگەیەوە هەموو ڕێکارە ڕۆتینی و یاساییە پێویستەکان تەواو دەکات. ئەم سیستمە وەبەرهێنەران بە هاتوچۆکردن لە نێوان ژوورەکانی فەرمانگە و دامەزراوە حکومییەکانی پەیوەست بە وەبەرهێناندا ماندوو و بێزار ناکات. بەبێ ئەم سیستمە، تەواوکردنی ڕێکارەکانی مامەڵەکان زیانێکی ماددیی زۆر بە وەبەرهێنەران دەگەیەنێت، جگە لە دواخستن و دانانی ئاستەنگ لە بەردەم وەبەرهێنەردا بۆ دەستپێکردن و تەواوکردنی وەبەرهێنانەکەی، ئەو گرفتانەش پاڵ بە وەبەرهێنەرەوە دەنێن کە لە کارەکەی دوور بکەوێتەوە و وڵاتەکەی بەجێ بهێڵێت[٣٦].

دەکرێت سوودەکانی جێبەجێکردنی سیستمی یەك پەنجەرە بۆ حکومەت و مامەڵەکاران بەم شێوەیە دەستنیشان بکرێت:

## ئ. سوودەکانی یەك پەنجەرە بۆ حکومەتەکان و دەزگا فەرمییەکان

سیستمی یەك پەنجەرە دەتوانێت باشترین سیستم و پرۆسە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حکومەتدا بەرهەم بهێنێت، چونکە ئامانجی ئەوەیە کە ڕێبازێکی کراوەتر بگرێتە بەر، هەروەها شێوازی کارکردنی حکومەتەکان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەرتی بازرگانیدا دیاری بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕێکخستنی هاوکاریی نێوان دەزگاکانی حکومەت کە لە چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە بازرگانییەوە بەشدارن[٣٧]، جگە لە زیادکردنی هۆشیاریی ناوچەیی و نیشتمانی لە بارەی توانا شاراوەکاندا، کارئاسانی بۆ بازرگانی بە سیستمی ئۆتۆماتیکی (بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ تەواوکردنی ئەرکەکان) دەکات، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ ئاسانکاری لە هاوکاریی ناوچەیی و یەکگرتن و ئاڵوگۆڕی زانیاریی بازرگانیدا[٣٨].

دروستکردنی یەك پەنجەرە کە نوێترین زانیاری لە سەرڕێژەی باجی گومرگی و مەرجە یاسایی و ڕێکارەکانی تر لەخۆ بگرێت، یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی هەڵە بێمەبەستەکان، هەروەها زانیاریی بازرگانەکان لە سەرئەو پرسانەی پەیوەستن بە مامەڵە بازرگانییەکانەوە بەرز دەکاتەوە[٣٩]. زۆرێك لە حکومەتەکان دەستپێشخەریی تاك پەنجەرەیان وەك بەرنامەیەکی نیشتمانیی کارکردن وەرگرتووە، چونکە تێدەگەن کە یەك پەنجەرە ئامرازێکی گرنگە و دەتوانرێت وەك ئامرازێکی کاریگەر بۆ نەهێشتنی ناکارایی و ناکاریگەری لە ڕێکارەکانی بازرگانیی حکومیدا بەکاربهێنرێت، هەروەها لە بەرئەوەی سنوورێك بۆ تێچووی مامەڵە بازرگانییەکان دادەنێت، ئاسانکارییش بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان دەزگا حکومییەکان و کۆمپانیاکانی بەشدارلە بازرگانی و وەبەرهێنانی دەرەکیدا دەکات[٤٠].

حکومەتەکان لە ڕێگەی یەك پەنجەرەوە دەتوانن لە هەر کاتێکدا بیانەوێت دەیتای ورد بەدەست بهێنن، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ شەفافیەت و دەستپاکی لە ڕێکارەکاندا، جگە لەوەش دەتوانرێت لە سەربنەمای باشترین هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان ئاسایش بەهێزتر بکرێت، هەروەها بە ئاسانی کۆنترۆڵی هەربەڵگەیەك لە سەرگەندەڵی لە ناو و لە ڕێگەی فەرمانگە جۆراوجۆرەکانەوە بکرێت[٤١]. سیستمی یەك پەنجەرە گرەنتیی خێرایی و وردیی دەزگاکانی حکومەت لە کۆکردنەوەی کرێ و هەرباجێکی دیکەدا دەکات[٤٢]، واتە ئەم سیستمە بازرگانی بە پێداویستییە یاسایی و ڕێکخراوەییەکانی حکومەتەوە دەبەستێتەوە، توانای شیکردنەوەی مەترسییەکان و باشترکردنی ئاسایشی پرۆسە بازرگانییەکان بەهێز دەکات، هەروەها گەندەڵی و چالاکییە بازرگانییە نایاساییەکان سنووردار دەکات و شەفافیەتیش بەهێز دەکات[٤٣].

### ب. سوودەکانی بۆ بازرگانان و وەبەرهێنەران

سیستمی یەك پەنجەرە بۆ پێشکەشکردنی بەڵگەنامە و مامەڵەکان بە هەموو دەزگاکانی حکومەت کە بەشدارن لە ڕێکارەکانی هەناردەکردن، هاوردەکردن یان ترانزێت، یەك خاڵ بۆ بازرگان و وەبەرهێنەران بۆ یەك جار دابین دەکات[٤٤]، هەروەها یارمەتیی بازرگانان دەدات بۆ وەرگرتنی زانیاریی نوێ لە سەریاسا و ڕێساکانی بازرگانی، باجی گومرگی، باج و وردەکارییەکانی دیکەی پەیوەست بە ئاڵوگۆڕی بازرگانی، ئەوەش لە ڕێگەی دەیتابەیسەکانەوە دەبێت کە هەموو ئەو زانیارییانە لەخۆ دەگرن و بەردەوام نوێ دەکرێنەوە[٤٥]. ئەم سیستمە شەفافیەت بەهێز دەکات، ئەگەری ڕەفتاری گەندەڵی لە کەرتی گشتی و تایبەتدا کەم دەکاتەوە، هەروەها بەشداری دەکات لە دابینکردنی زانیاریی ورد و هەنووکەیی بۆ ئەو دامەزراوانەی کە لە بواری خزمەتگوزاریی لۆجستیدا کار دەکەن[٤٦]، لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ئەو کاتەی کە بۆ ئامادەکردنی بەڵگەنامە و کارەکانی دیکە پێویستە؛ ئەگەری کەمکردنەوەی تێچووی کارگێڕییان پێشکەش دەکات[٤٧]، ئەمەش لە بەرژەوەندیی بازرگانان و وەبەرهێنەراندایە.

لە میانی باسکردنی سوود و گرنگییەکانی یەك پەنجەرەدا، دەتوانرێت سوودەکانی جێبەجێکردنی یەك پەنجەرە بە دابینکردنی چارەسەری گرنگ و کاریگەر بۆ زاڵبوون بەسەر پێداویستییە ئاڵۆزەکانی ڕێکخراوەیی و کارپێکردنی بازرگانیی نێودەوڵەتیدا دەستنیشان بکرێت. ئەوەی لێرەدا جێگەی ئاماژەپێدانە ئەوەیە بەبێ ئەم چارەسەرانە کۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانییەکان دووچاری بڕێکی گەورەی پێداویستیی ئامادەکردنی ڕاپۆرت، پڕکردنەوەی چەندین فۆرم و سیستم و پەیامناردن دەبنەوە، هەروەکوو لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو و لە هەرێمی کوردستانیشدا پەیڕەو دەکرێت کە لەم لێکۆڵینەوە کارپێکراوەدا وەك مۆدێلێك وەرگیراون. ئاشکرایە تا ژمارەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە ڕێکارە بازرگانییەکان زیاتر بن، ئاڵۆزییەکان کە لە بەردەم بازرگانی و وەبەرهێناندا دەبنە لەمپەر زیاتر دەبن. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت گرنگی و سوودەکانی یەك پەنجەرە بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

**یەکەم: بڵاوکردنەوەی ژینگەی بێکاغەزلە ڕێگەی بەکارهێنانی سیستمی پێکەوەبەستنی ئەلکترۆنی.**

دووەم: شەفافیەت لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی پەیڕەوو ڕێکارەکان لە هەموو ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەدا، ئاسانکردنی ڕێکارەکان بۆ بازرگانان و وەبەرهێنەران، ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ کارکردن و وەبەرهێنان لە سایەی ئەم سیستمەدا.

## پێداویستییەکانی یەك پەنجەرە و جۆرە باوەکانی

### أ. پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی سیستەمی یەك پەنجەرە

جێبەجێکردنی میکانیزمی یەك پەنجەرە ئەرکێکی گەورەیە، چونکە زۆرێك لە لایەنە پەیوەندیدارەکان لەخۆ دەگرێت، هەروەها پێویستی بە پابەندبوونی زۆرێك لە کارمەندان لە هەردوو کەرتی گشتی و بازرگانیدا هەیە، بۆیە بەکارهێنانی ئەم سیستمە لە سەرەتاوە پێویستی بە ڕێبازێکی سیستماتیکی هەیە. هەنگاوە سەرەکییەکانیش کە کاریگەرییان لە سەر جێبەجێکردنی هەیە، بە هۆی بارودۆخ و نەریتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری لە هەر وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە[٤٨].

حکومەتەکان لە کاتی جێبەجێکردنی یەك پەنجەرەدا ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی ئاڵۆز دەبنەوە، نەك تەنها لە لایەنە تەکنیکی و کارگێڕییەکانەوە، بەڵکوو لە پرسە دارایی، یاسایی، کارگێڕی، سیاسی و ڕێکخستنەکانیشدا[٤٩]، ئەمەش بەو مانایەیە کە جێبەجێکردنی سیستمی یەك پەنجەرە وەکوو چوارچێوە فیکری و تیۆرییەکان دەیخەنە ڕوو کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەم سیستمە پێویستی بە بڕیاری یاسایی و تەکنیکی هەیە. بە سەرنجدان لە مۆدێلە پەیڕەوکراوەکان و واقیعی ئابووریی دەوڵەتان، تا ئێستا ڕوون نەبووەتەوە ئایا پەیڕەوکردنی یەك پەنجەرە لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو ئاسانترە؟ چونکە چەندین دەوڵەتی ئەورووپی هەن تا ئێستا خاوەنی سیستمی یەك پەنجەرە نین، یان بەم دواییانە دەستیان بە پەیڕەوکردنی ئەم سیستمە کردووە، لە کاتێکدا ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەفەریقا و ئاسیا و تەنانەت لە ئەمەریکای لاتینیشدا میکانیزمی یەك پەنجەرەیان بە سەرکەوتوویی بەکار هێناوە[٥٠]، سەرەڕای ئەوەی کە سیستمەکانیان هەندێك لە پێکهاتەکانی سیستمی ئابووریی ئەورووپییان نییە.

لە کاتی بەکارهێنانی سیستمی یەك پەنجەرەدا، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە سەرکەوتنی میکانیزمی یەك پەنجەرە بە بەردەستبوونی کۆمەڵێك پێشمەرجی پێشوەختە و هۆکاری

جۆراوجۆر پەیوەستە. سەرکەوتنیشی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە، لە پڕۆژەیەکەوە بۆ پڕۆژەیەکی دیکە جیاوازە، بەڵام هەندێك ناوەندی پەیوەندیدار بەم بابەتە جەختیان لەوە کردووەتەوە کە مەرج نییە هۆکارەکان بە ڕێکوپێکییەکی دیاریکراو ڕێك بخرێن، دەکرێت پڕۆسەکە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە زۆر جیاواز بێت[٥١]، سەرەڕای ئەمەش، لە ناوەندەکانی توێژینەوە و ئەو لێکۆڵینەوانەی لە بارەی ئەم سیستمەوە کراون، سەلماندوویانە کە جێبەجێکردنی یەك پەنجەرە پێویستی بە بەڕێوەبردنی زۆر بابەتی پەیوەندیدار بەیەکەوە هەیە کە لە پسپۆڕیی زۆر جیاوازەوە دێن، وەکوو: سیاسەت، بازرگانی، ڕێکارەکان، ئیرادەی گۆڕانکاری، جگە لە یاسا و ڕێسا و پێوەر و تەکنەلۆژیا، سەرکەوتنیشی بەندە لە سەرتوانا و کارامەیی بەرزی بەڕێوەبەرانی سیاسەت و پڕۆژەکان بۆ چارەسەرکردن و بەدەمەوەچوونی ئەو کێشانەی کە لە کاتی بەکارهێنانی ئەم سیستمەدا سەرهەڵدەدەن، بە شێوەیەك لە لایەن هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە پەیڕەو بکرێت[٥٢].

بەو پێیەی پڕۆژەی یەك پەنجەرە پڕۆژەیەکی مەیدانییە، کە پلاندانانی ستراتیژی و بەکارهێنانی کاریگەر و گونجاوی تەکنەلۆژیای زانیاری لەخۆ دەگرێت، دەتوانین بڵێین سەرکەوتنەکەی پێویستی بەم هۆکارانە هەیە:

### ١. ئیرادەی سیاسی

بوونی ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز بۆ جێبەجێکردن و سەرکەوتنی یەك پەنجەرە؛ یەکێك لە هۆکارە گرنگ و یەکلاکەرەوەکانە[٥٣]، ئەم ئیرادەیە ئەو بەردی بناغەیەیە کە هەموو هۆکارەکانی تری سەرکەوتن لەم بوارەدا پشتی پێ دەبەستن[٥٤]، چونکە گرنگترین و بنەڕەتیترینە[٥٥] بە هۆی ئەو دەسەڵاتەی کە ئیرادەی سیاسی خاوەندارێتی لە بڕیاردانی سیاسی و کۆکردنەوەی پشتیوانی لە دامەزراوە و دەزگا جیاوازەکانەوە بۆ دامەزراندنی ئەم سیستمە دەکات[٥٦]، جگە لەوەی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هۆکارانەی هەیە کە ڕێگری لە هەوڵەکانی دامەزراندنی یەك پەنجەرە لە لایەن فەرمانگە پەیوەندیدارەکانەوە دەکەن، کە تایبەتن بە دامەزراندن و پێدانی مۆڵەت بەو کۆمپانیایانەی کە هەست دەکەن ئەم پەنجەرەیە پێشێلی دەسەڵاتەکانیان دەکات و بە کەم سەیریان دەکات[٥٧].

### ٢. بنەمای یاسایی

دامەزراندن و کارپێکردنی سیستمی یەك پەنجەرە پێویستە لە چوارچێوەیەکی یاسایی دروستدا بێت، ئەم چوارچێوەیەش پێویستیی پێداچوونەوەیەکی گشتگیر بە یاسا و ڕێسا و ئامرازە یاساییە کارپێکراوە نیشتمانییەکاندا دەخوازێت، هەروەها دڵنیابوونەوە لەوەی کە کارەکانی ئەم سیستمە لەگەڵیدا دەگونجێت، پاشان دەستنیشانکردنی کەلێن و بۆشاییەکان و گەڕان بەدوای چارەسەردا بۆیان. لە هەردوو حاڵەتەکەدا پێویستە ڕەچاوی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بکرێت و نموونە کردارییە باشەکان بەهەند وەربگیرێن[٥٨]. ڕەنگە گۆڕانکاری لە یاساکاندا پێویست بێت، تاوەکوو ئاسانکاری بۆ پێشکەشکردنی زانیارییە ئەلکترۆنییەکان بکات. سەرباری ئەوانەش، لەوانەیە پێویست بە زاڵبوون بەسەر کۆتوبەندە پەیوەستەکان بە دابەشکردنی زانیاری لە نێوان دەسەڵات و فەرمانگەکاندا بکات، هەروەها بۆ کارپێکردنی یەك پەنجەرە؛ پێویست بە زاڵبوون بەسەر ڕێزبەندییە ڕێکخراوەییەکان دەکات، لەگەڵ چارەسەرکردنی ئەو پرسە یاساییانەی کە لە بەخشینی دەسەڵات بە دەزگایەکی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیستمە سەرهەڵدەدەن[٥٩]، وەك: وەرگرتنی بەڵگەنامەکان بە شێوەی ئەلکترۆنی، واژووی ئەلکترۆنی، لەوانەش واژووی دیجیتاڵی، ئاڵوگۆڕکردن و پاراستنی زانیاری و بابەتە یاساییەکانی ترکە پێویستیان بە گۆڕانکاریی یاسایی مەترسیدارنییە[٦٠].

لە سەر بنەمای مۆدێلە پەسەندکراوەکان و مەرجەکانی کارپێکردن، چوارچێوەی بنەڕەتیی یاسایی بۆ سیستمی یەك پەنجەرە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای تایبەتمەند لەخۆ دەگرێت کە بە نهێنی و ئاسایشپارێزیی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان تایبەتن، بە جۆرێك هاوتای مەترسییەکان و قەبارەی ئەو زیانانە بێت کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی بێمۆڵەتیی ئەو زانیاریانەی دەکەونەوە، هەروەها ئاشکراکردن، دزین یان لەدەستدانی زانیارییە هەستیارەکان کە لە سیستمەکەدا کۆ کراونەتەوە یان بەکار هێنراون[٦١]، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە سیستمی کاغەزی لە سیستمی ئەلکترۆنی پارێزراوترە، لە ئەگەری لەناوچوونی یان هێرشکردنە سەری لە لایەن کەسی سێیەمەوە لە کاتی گواستنەوەیدا، لەگەڵ مەترسییەکانی دیکە کە گریمانە دەکرێن و بە دوور نازانرێن[٦٢].

لە هەموو حاڵەتەکاندا بوونی سیستمێکی یاسایی نیشتمانی بۆ کۆکردنەوەی لایەنە بەشداربووەکان لە سیستمی یەك پەنجەرەدا لە چوارچێوەی وڵاتێکدا، هەروەها لە نێوان حکومەتە بەشداربووەکاندا، جا هەرێمی بێت یان نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی ببێتە «کارێك کە شیاوی کارپێکردنی هاوبەش» بێت لەگەڵ ئاسانکاریی یەك پەنجەرە لە هەموو جیهاندا

پێویستە[٦٣]، لە بەرئەوەی هەموو یاریزانانی حکومەت و ئەوانەی بەشدارن لە چالاکییە ئابوورییەکاندا ڕەنگە پێشوازی لە جێبەجێکردنی یەك پەنجەرە نەکەن، بۆیە پێویستە خاڵە تایبەتەکانی نەیاران دەستنیشان بکرێن و لە پرۆژەکەدا بە ڕوونی چارەسەربکرێن[٦٤].

### ٣. بوونی دەزگایەکی پێشەنگ

بوونی دەزگایەکی پێشەنگ بۆ جێبەجێکردنی یەك پەنجەرە، یەکێکە لە خاڵە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی ئەم سیستەمە. دەکرێت ئەم دەزگایە ڕێکخراوێکی حکومی بێت، یان ڕێکخراوێکی هاوبەشی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا بێت، ئەرکەکەی سنووردار بکرێت بە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتەوە و بەڕێوەبردنی یەك پەنجەرە و برەودان بە سوودەکانی[٦٥]. ئەم دەزگا پێشەنگە بە پێی بنەمای یاسایی و سیاسی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، بەڵام دەبێت ڕێکخراوێکی بەهێز بێت و خاوەنی دیدگا بێت، دەسەڵاتی یاسایی هەبێت کە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە پشتیوانی بکرێت، لەگەڵ بوونی سەرچاوەی مرۆیی تاوەکوو بۆ ڕێکخراوە سەرەکییەکانی دیکە ببێتە مۆدێلێك[٦٦]، چونکە ئەم دەزگایە بەرپرسیاری سەرەکییە لە جێبەجێکردنی یەك پەنجەرە[٦٧].

بەڵام مەرج نییە ئەو قەوارەیەی کە سیستەمی یەك پەنجەرە پراکتیزە و جێبەجێ دەکات حکومی بێت، لەوانەیە دامەزراوەیەکی کەرتی تایبەت وەك ژووری بازرگانی بێت، یان دەزگایەکی حکومی وەکوو ئەنجوومەنی بازرگانی بێت، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت بۆ دەرکردن و وەرگرتنی زانیاری و بەڵگەنامە و دەرکردنی یاسا و ڕێساکان دەسەڵاتی یاسایی پێویستیان نییە[٦٨]، بۆیە پێویستە لەم دۆخەدا دامودەزگاکانی کەرتی تایبەت داوای پاڵپشتی لە حکومەت یان دەزگایەکی حکومی بکەن کە پێگەی یاسایی و حکومیی دیاریکراوی خۆی هەبێت، تاوەکوو هاوبەشی لەگەڵیدا بنیات بنێن[٦٩]. جێبەجێکردنی یەك پەنجەرە ڕەنگە هەندێك جار پێویستی بە یەکگرتنی هەندێك دامەزراوەی حکومی هەبێت، وەك ئەوەی لە سەنگاپورە ڕووی دا کە لە پێناوی سەرکەوتنی ئەم سیستەمەدا سێ دەزگای حکومی یەك خران[٧٠]. لەم ڕووەوە پێداچوونەوەیەك کە لە لایەن سەنتەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئاسانکاریی بازرگانی و کاروباری بازرگانیی ئەلکترۆنی ئەنجام درا، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دوانزە سیستەمی بازرگانیی یەك پەنجەرە لە کۆمەڵێك وڵاتدا جێبەجێ کراون، بەڵام حەوت سیستەمی بازرگانی لە کۆی ئەو سیستەمانە کەوتبوونە ژێر بەرپرسیارێتیی ئیدارەی گومرگ و وەزارەتی دارایی، دوو سیستەمیان لە ژێر

دەسەڵاتی بەندەرەکاندا بوون، دوو سیستمیان بە هاوبەشی لە لایەن کەرتی حکومی و تایبەتەوە بەڕێوە دەبران، یەك سیستمیان لە لایەن دامودەزگا حکومییەکانی دیکەوە بەڕێوە دەبرا[٧١]، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بەرپرسیار لە جێبەجێکردنی ئەم سیستمە لە واقیعێکی سیاسی و ئیدارییەوە بۆ واقیعێکی دیکە جیاوازە، بۆیە پێویست ناکات ئەم سیستمە لە هەموو دەوڵەتەکاندا هاوشێوەی یەکتر بێت.

### ٤. ژێرخانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی

جێبەجێکردنی سیستمی یەك پەنجەرە پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵێك ئاستەنگ و ئاڵنگاری لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردندا هەیە، کە زۆربەیان پەیوەندییان بە کەرەستە و ئامێر و پرۆگرامی نوێ و پێکەوەبەستنەوە هەیە جگە لە ڕاهێنان. ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە ئەزموونەکان دەریانخستووە کە گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم سیستمی یەك پەنجەرە بریتین لە نەبوونی هیچ پەیوەندییەك لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان، نەبوونی ئامێری کارایی بەرز، لاوازیی تۆڕی نێوان دامەزراوەکانی حکومەت و هاوبەشە سەرەکییەکان لە کارەکانی سیستمەکەدا، خراپیی کارایی و خاوبوونەوەی ئینتەرنێت[٧٢]. جگە لەمەش، پرسی پاراستنی زانیاری لە ناو دامەزراوەی یەك پەنجەرەدا گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە بەبێ هەبوونی میکانیزمی گونجاوی پاراستنی زانیاری؛ نابێت ڕێگە بدرێت دامەزراوەکانی یەك پەنجەرە کاربکەن، گەیشتن بەم ئامانجەش پێویستی بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی شیکاری مەترسی لە بواری یەك پەنجەرەدا هەیە[٧٣]، هەروەها پاراستنی سیستمی زانیاری لە هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا[٧٤]، چونکە سیستمی یەك پەنجەرە لە چەندین سیستمی زانیاریی یەکگرتوو و پەیوەندیدار و وابەستە بە یەکتر پێك دێت کە بۆ پێکهێنانی یەك پەنجەرە لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەبن[٧٥].

### ٥. هۆکارەکانی تر

لە هۆکارەکانی دیکە بوونی هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان، بوونی قبووڵکردنی جیاکارینەکردن لە نێوان بەڵگەنامەی کاغەزی و ئەلکترۆنیدا، ئەمە جگە لە بوونی ڕێسای بەڵگەی دادوەری، بوونی گەرەنتی و متمانەپێکراویی پێویست بۆ ئەم جۆرە بەڵگەنامانە، یان پەیامی دەیتا سنووربەزێنەکان، دڵنیابوونەوە لە پەسەندکردنیان لە ڕێکارە ناوخۆییەکاندا[٧٦]، لەگەڵ بە ئاسانی دەستڕاگەیشتنی بەکارهێنەر بە سیستمی یەك پەنجەرە[٧٧].

جگە لەوەش، بەرەوپێشبردنی چەمکی یەك پەنجەرە زۆر گرنگە و پێویستە بە وردی

پلانی بۆ دابنرێت، هەروەها دەبێت هەڵمەتێکی بازاڕکردن لەخۆ بگرێت، متمانە لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەزگاکانی حکومەت و بەشداربووان لە چالاکییە ئابوورییەکاندا دروست بکرێت و لە خراپ تێگەیشتن دووریان بخاتەوە[٧٨]. مۆدێلی یەك پەنجەرە کارپێکراوەکان دەریدەخەن کە هۆکارێکی سەرەکی بۆ سەرکەوتن سەرکردایەتییەکی بەهێزە، کە دەکرێت لە کەرتی تایبەتەوە بێت (بۆ نموونە: گواتیمالا)، یان لە کەرتی گشتی و تایبەتەوە (بۆ نموونە: مالیزیا، سەنیگال، ئەمەریکا و سەنگاپورە)، یان هاوکاری و پابەندبوونی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان (بۆ نموونە: فینلاند، مالیزیا، سەنیگال، ئەمەریکا و سەنگاپورە)[٧٩].

لەوانەی پێشووەوە ڕوون دەبێتەوە کە جێبەجێکردنی یەك پەنجەرە ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی ئاڵۆز دەبێتەوە کە تەنها پەیوەندییان بە لایەنە تەکنیکییەکانەوە نییە، بەڵکوو لایەنە ڕێکخراوەییەکانیش کە هاوبەشن لە نێوان ڕێکخراوەکاندا، هەندێك جاریش ژینگەی سیاسی و یاسایی و نیشتمانی و نێودەوڵەتییش دەگرێتەوە، بۆ گۆڕینی دیدگاکانیان بە مەبەستی جێبەجێکردن و دانانی لە چوارچێوەیەکی ستراتیژیی گشتگیردا، ئەم لایەنانە لە لایەن بەڕێوەبەران و سیاسەتمەدارانەوە پێویستیان بە پەرەپێدانی ستراتیژی هەیە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگەکانی جێبەجێکردن و چۆنێتیی چارەسەرکردنیان بە شێوەیەکی سیستماتیکی دروست[٨٠].

**ب. باوترین مۆدێلەکانی «یەك پەنجەرە»**

زۆر ڕێگەی گریمانەیی بۆ دروستکردنی سیستمی یەك پەنجەرە هەیە، بەڵام بە پێی ئەو توێژینەوەیەی کە لە لایەن تیمێکی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (ITPWG/TBG١٥) ئەنجام دراوە، سێ مۆدێلی بنەڕەتی جیا کراونەتەوە کە بەم شێوەیەیە:

١. **بوونی یەك دەسەڵات کە زانیاری وەردەگرێت**: جا لە سەر کاغەز بێت یان ئەلکترۆنی، ئەم دەسەڵاتە دەیتا لە بازرگانەکان کۆ دەکاتەوە و هەرشتێکیان پێویست بێت بۆیان دابین دەکات، ئەم مۆدێلە ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەردوو دەیتای ئەلکترۆنی و کاغەزی لەخۆ دەگرێت. هەروەها ئەم مۆدێلە بە «دەزگای پێشەنگ» ناسراوە و بە زۆری لە حکومەتە ناوەندییەکان (مەرکەزییەکان) جێبەجێ دەکرێت، بۆ نموونە: خزمەتگوزاریی گومرگی سوید دەسەڵاتی یەك پەنجەرە بەکاردەهێنێت، لە کاتێکدا لە فینلاندا ئەم ئەرکە دراوە بە وەزارەتی هێزی دەریایی، لە هەندێك وڵاتیشدا لە لایەن وەزارەتی پەیوەندییەکانەوە وەکوو ئەڵمانیا و سەنگاپورە و مۆریس ترایدەنت جێبەجێ دەکرێت[٨١].

٢. **سیستمی ئۆتۆماتیکیی یەکگرتوو**: بەکارهێنانی یەك سیستمی ئۆتۆماتیکی بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاری (چ گشتی بێت یان تایبەت)، کۆکردنەوە، بەکارهێنان، بڵاوکردنەوە و هەڵگرتنی ئەلکترۆنیی دەیتاکانی پەیوەست بە بازرگانیی نێودەوڵەتی یەك دەخات. بۆ نموونە: ئەمەریکا بەرنامەیەکی دروست کرد کە ڕێگە بە بازرگانان دەدات تەنها یەك جار دەیتای ستاندارد پێشکەش بکەن، سیستمەکەش دەیتاکان بەسەر ئەو دەزگایانەدا دابەش دەکات کە بەرژەوەندییان لە مامەڵەکەدا هەیە[٨٢]. لێرەدا ئەگەری جیاواز هەیە:

ئ: سیستمێکی یەکگرتوو: دەیتاکان لە ڕێگەی سیستمێکەوە پرۆسێس دەکرێن کە دەیتاکان کۆ دەکاتەوە.

ب: سیستمی پێکەوەبەستنی ناناوەندی (لامەرکەزی): دەیتاکان دەنێرێت بۆ دەزگایەك بۆ پرۆسێسکردن، یان دەیتاکان دەنێرێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار بۆ پرۆسێسکردن.

ت: مۆدێلێکی تێکەڵ لە یەکەم و دووەم: گواستنەوەی یەکگرتوو، واتە یەکگرتوو کارلێککەر و لامەرکەزی لە هەمان کاتدا[٨٣].

٣. **سیستمی زانیاریی ئۆتۆماتیکی**: ئەم سیستمە پرۆسەیەکە کە لە ڕێگەیەوە بازرگان بە یەك داواکاریی ئەلکترۆنی دەرخستەی پرۆژەکەی بۆ پرۆسێسکردن و پەسەندکردن پێشکەش بە دەسەڵاتە جیاوازەکان دەکات، ڕەزامەندییەکانیش بە شێوەی ئەلکترۆنی لە دەزگاکانی حکومەتەوە بۆ کۆمپیوتەری بازرگانەکە دەگوازرێنەوە[٨٤]. ئەم سیستمە لە مۆریسۆس و سەنگاپورە بەکاردەهێنرێت، کرێ و باجیش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەژمار دەکرێت و لە هەژماری بانکیی بازرگانەکان دەبردرێت[٨٥].

لە مۆدێلەکانی پێشووەوە ڕوون دەبێتەوە کە بۆ بەکارهێنانی یەك پەنجەرە یەك پێوەر نییە، بەڵکوو بەکارهێنانی ئەم سیستمە بە پێداویستی و گونجاویی کۆمەڵگاکەوە پەیوەستە[٨٦]، ئامانجی دامەزراندنی سیستمی یەك پەنجەرەش بۆ ئاسانکاریی ڕێکارەکانە. بۆیە لە سایەی کۆکردنەوەی بەشەکانی پەیوەندیدار بە وەبەرهێنان لە یەك شوێندا، دەکرێت مامەڵەکان بە کاغەزی بێت، بەڵام باشتروایە سیستمەکە ئەلکترۆنی بێت، چونکە ئەووڵاتانەی لە سیستمی تاکە پەنجەرەدا سیستمی ئەلکترۆنی بەکاردەهێنن، لە ڕاکێشانی وەبەرهێنەراندا سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێناوە، وەکوو مالیزیا و سەنگاپورە.

## دەرئەنجام

«یەك پەنجەرە» سیستمێکی کارگێڕییە و لە هەمان کاتدا میکانیزمێکە ئەرکە سەرەکییەکەی سنووردارکراوە بەوەی کە تاکەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان و ڕێکخراوە حکومییەکان بتوانن زانیاری پێشکەش بە یەك خاڵ بکەن، بە مەبەستی تەواوکردنی کارەکان بە خێراییەکی پێویست. هەروەها ئامرازێکی گرنگە کە دەتوانرێت وەکوو ئامرازێکی کاریگەر بەکار بهێنرێت، بە مەبەستی نەهێشتنی ناکارایی و ناتەواویی کارایی لە ڕێکارەکانی بازرگانی حکومیدا، کۆتایهێنان بە تێچووی زۆروزەوەند لە مامەڵەکانی بازرگانی و وەبەرهێناندا.

کارکردنی میکانیزمی یەك پەنجەرە پەیوەستە بە زۆرێك لە دەزگا و دامەزراوە حکومییەکانەوە، چونکە پەیوەندیی بە تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان و پێدانی مۆڵەتی پڕۆژەکانەوە هەیە. لە هەمان کاتدا پەیوەستە بە ژمارەیەك دەزگای ناحکومی لە بواری کۆمپیوتەر و ئەلکترۆنیاتدا، چونکە بە مەبەستی دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ وەبەرهێنان و بازرگانیی نێودەوڵەتی، نوێترین تەکنیکی تەکنەلۆژیای زانیاری، پەیوەندی و دەیتا نێودەوڵەتییەکان بەکار دەهێنێت. ئەم فەرمانگە یەکگرتووە دەیتا بۆ دەزگای بەرەوپێشبردنی وەبەرهێنان دابین و کۆ دەکاتەوە.

لە ڕوانگەی پراکتیکییەوە، بەکارهێنانی سیستمی یەك پەنجەرە پەیوەستە بە بەکارهێنانی سیستمی ئەلکترۆنییەوە، ئامانجیشی گۆڕینی پڕۆسەی دەستییە لە سەر بنەمای بەکارهێنانی کاغەز بۆ سیستمی نامەناردنی ئەلکترۆنی بە بەکارهێنانی نوێترین تەکنەلۆژیا، بەڵام لە هەمان کاتدا بەکارهێنانی بە مانای هەڵوەشاندنەوەی پێشکەشکردنی کاغەز نییە ئەگەر کارەکە وا پێویستی کرد.

سوودی بەکارهێنانی ئەم سیستمە بۆ نەهێشتنی فرەیی و پەرشوبڵاویی لایەنە پەیوەندیدارەکانی بە وەبەرهێنانە، چونکە لە یەك بەش و لە ژێر یەك دەسەڵاتدا کۆیان دەکاتەوە و زانیارییەکان وەردەگرێت، جا چ لە سەر کاغەز بێت یان بە ئەلکترۆنی. ئەم دەسەڵاتە بۆ کۆکردنەوەی دەیتای بازرگانان و وەبەرهێنەران لە یەك خاڵی چوونەژوورەوە پێك دێت، هەرلەوێشەوە لە هەموو ئەو مەرجانە ئاگاداریان دەکاتەوە کە بۆ جێبەجێکردنی

مەرجە ڕێکخراوەییەکانی بازرگانی ووەبەرهێنان پێویستیان پێیەتی. ئەزموونی ئەوولاتانەی ئەم میکانیزمەیان پەیڕەو کردووە؛ دەریدەخات کە پەسەندکردنی پێویستی بە هەوڵ و کاری زۆر هەیە، چونکە کاری ئەم بەشە یەککگرتووە بە زۆرێك لە دەزگا حکومی و ناحکومییەکانەوە بەستراوەتەوە.

بەبێ بوونی دەزگایەکی پێشەنگ بۆ جێبەجێکردن و سەرپەرشتیکردنی، ئەم سیستمە بەئەنجام ناگات و سەرکەوتوو نابێت، چونکە بۆ دڵنیابوونەوە لە سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لە پێناویدا دامەزراوە، پێویستی بە کەرەستەیەکی زۆری تەکنیکی، یاسایی، سیاسی و تەنانەت کولتوورییش هەیە.

## ڕاسپاردەکان

• پەسەندکردنی سیستمی یەك پەنجەرە بۆ زاڵبوونە بەسەر بەربەستەکانی وەبەرهێنان و ئاسانکاریکردنی ئەو ڕێکارانەی کە ڕێگری لە تەواوبوونی خێرایی کارەکان دەکەن، وەك هاندەرێکیشە بۆ ڕاکێشانی زۆرترین بڕی وەبەرهێنانی بیانی.

• دامەزراندنی دەزگایەکی پێشەنگ بۆ کۆکردنەوەی بەشەکانی پەیوەست بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان، هاوشێوەی مالیزیا کە «دەستەی گەشەپێدانی پیشەسازی»ی دامەزراند کە ئەرکی تەنها وەرگرتن و هەڵسەنگاندن و پەسەندکردنی داواکارییەکانی وەبەرهێنانی بیانی بوو، بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ ڕێکارەکان و زاڵبوون بەسەر بەربەست و لەمپەرە کارگێڕییەکاندا کە دەبوونە ڕێگر لە بەردەم کارەکانیاندا.

• کاراکردنی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان و پێدانی دەسەڵاتی تایبەتمەند لە دۆسیەی وەبەرهێناندا دوور لە دەستتێوەردانی لاوەکی و فشارە تاکەکەسییەکان، کە بوونەتە هۆی سەپاندنی هەندێك پرۆژە بەسەریدا کە پەیوەندییان بە جەوهەری چەمکی وەبەرهێنانەوە نییە.

• پشتبەستن بە کەسانی تەکنۆکرات و شارەزا و لێهاتوو لە بەشە پەیوەندیدارەکانی وەبەرهێنان و پاڵپشتیکردنیان لە ڕووی سیاسی و کارگێڕییەوە، هەروەها دوورکەوتنەوە لە پشك پشکێنەی حزبی و سیاسی لە پۆست و پلەکانی پەیوەست بە چالاکییەکانی ئابووری و وەبەرهێناندا، چونکە ئەو بەشانە پێویستیان بە کەسانی لێهاتوو و زانستی و ڕاهێنراو هەیە.

• پەرەپێدانی سیستمی تەکنیکی و زانیاریی پێشکەوتوو بۆ هاندانی پرۆسەی وەبەرهێنان

بۆ پێشەوە، وەك دروستكردنی دەیتابەیسی هەلی وەبەرهێنان كە لە ناوچەكەدا بەردەستە، دروستكردنی ماڵپەڕی بانگەشە و سیستمی پەیوەندیكردن لەگەڵ كۆمپانیاكانی وەبەرهێناندا لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، كەڵكوەرگرتن لە تەكنەلۆژیا بۆ زاڵبوون بەسەر بەربەستەكان و دروستكردنی هاوكاری لە نێوان پێشكەشكارانی خزمەتگوزاری لەگەڵ ئەو كەسانەی لە وەبەرهێنانەكەدا بەشدارن.

• گۆڕینی سەرمایەی مرۆیی لە هەرێم بۆ وزە و توانایەكی بەرزی كێبڕكێ و ئاڕاستەكردنی بۆ وەبەرهێنانی بەرهەمهێنانی بەرز، هاوكات سوودوەرگرتن لە ئەزموونی كۆچبەرانی كورد كە لە دەرەوەی وڵات دەژین لە بوارەكانی تەكنەلۆژیای زانیاری و تەكنەلۆژیا و سیستمی مۆدێرندا.

• گرنگیدان بە پێشخستنی بواری پەروەردە و فێركردن، بە مەبەستی پێگەیاندنی تاك لە بوارە جیاجیاكاندا، لە سەرڕێگای دروستكردنی هاوڵاتییەكی هاوسەنگ و بەرپرسیار، بەكارهێنانی مۆدێرنترین تەكنەلۆژیاكانی بواری فێركردن بۆ تەیاركردنی كادرە شایستەكان لە جێبەجێكردنی سیستەمە مۆدێرنەكان لەو فەرمانگە و بەشانەی پەیوەندییان بە چالاكییە ئابوورییەكان و فەرمانگەكانی وەبەرهێنانەوە هەیە، هاوشێوەی وڵاتانی مالیزیا و سەنگاپورە.

• بەستنەوەی سیستمی پەروەردەیی لە كوردستاندا بە بازاڕ و هەموو توخمەكانی گەشەپێدانی ئابوورییەوە، بە جۆرێك لەگەڵ ئەو پێداویستییە نوێیانەدا بگونجێت كە جیهانگیری دروستی كردووە، سوودوەرگرتن لە ئەزموونی سەركەوتووی دەوڵەتی مالیزیا لەم بوارەدا. تەیاركردنی هاوڵاتییان بە هەموو ئامرازە زانستی و تەكنەلۆژییەكان، بە مەبەستی ئامادەكردنی هێزی مرۆیی لێهاتوو و خوێندەوارو ڕاهێنراوكە توانای جێبەجێكردنی داهێنانە زانستی و تەكنەلۆژییە نوێیەكانیان هەبێت.

• بەرزكردنەوەی ئاستی لێهاتوویی هێزی كار و بەرزكردنەوەی ئاستی توێژینەوە و بەكارهێنانی سیستمی كۆمپیوتەر لە فەرمانگە حكومییەكاندا، بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگ و ڕێكارانەی كە كاریگەریان لە سەر بڕیارەكانی تایبەت بە وەبەرهێنەران هەیە.

• هەماهەنگی لەگەڵ ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان و كۆمپانیا جیهانییەكاندا لە بواری ئامادەكردن و ڕاهێنان بۆ بەكارهێنانی یەك پەنجەرە، چونكە لە ئێستادا لە بەشەكانی وەبەرهێنان كارمەندی شارەزا و پسپۆڕی پێویست بۆ كارپێكردنی سیستمی ئەلكترۆنی و

تەکنەلۆژیای پەیوەست بە بەکارهێنانی ئەم سیستمە نییە.

• دەستکردن بە جێبەجێکردنی یەك پەنجەرە لە هەنگاوە سەرەتاییەکان و لە قۆناغە بەراییەکانەوە، وەك پشتبەستن بە کۆمپیوتەرو مۆبایل و ئامرازەکانی تری پەیوەندیکردن بۆ هاوکاریکردن تەنانەت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی گەشەنەکردوودا، بۆ ئاسانکاریی چوونە ناو قۆناغە پێشکەوتووەکانی ئەم سیستمەوە.

• پلاندانان لە ئاستێکی بەرزدا، بۆ گرنگیدان بەو پرۆژانەی کە سوودێکی ئابووریی بەرزیان هەیە و پرۆژەی بەرهەمهێنەری وەبەرهێنانن، هەروەها ئاڕاستەکردنی وەبەرهێنانەکان بۆ ئەو کەرتانەی کە سوودی ئابووریيان هەیە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، العوامل الرئيسية في إنشاء النافذة الواحدة لمعالجة الإجراءات والمعاملات الرسمية للتصدير والاستيراد في منطقة الإسكوا، النافذة الواحد وتسهيل التجارة، نيويورك،٢٠١١، ص٩.
2 UNITED NATIONS, ECONOMIC COMMISSION FOR EUROPE, Single Window, Implementation Framework, Geneva and New York ,2011, p4.
٣ أحمد ماجد الجمال، النافذة الواحدة منهج لتبسيط الإجراءات، مجله المالية، العددان ١٣٣_١٣٤يناير يوليو٢٠٠٩، الجمهورية اليمنية، ص١٦. http://www.mof.gov.ye/files/mag/mag133-134.pdf
٤ أحمد ماجد الجمال، المرجع والصفحة نفسه. http://www.mof.gov.ye/files/mag/mag133-134.pdf
٥ اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، دراسة حول انشاء النافذة الواحدة وتطبيقها لتسهيل التجارة في السودان، نيويورك، ٢٠١٢م، ص٢.
6 http://www.unece.org/index.php?id=17250#/
7 Jae Young Choi, A Survey of Single Window Implementation, WCO Research Paper No. 17, world customs organization, 2011, p4.
٨ اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، النافذة الواحد وتسهيل التجارة، نيويورك، ٢٠١١، ص١٠.
٩ المرجع والصفحة نفسه.
١٠ المرجع و الصفحة نفسه.
11 Feasibility Study on a Single Window for Export and Import Clearance at Vnukovo Airport, Final report, Amsterdam/Moscow, 2010, pp11.
http://www.unece.org/fileadmin/DAM/trade/workshop/2011_Moscow/CaseStudyOnAirport_eng.pdf
١٢ احمد ماجد الجمال، المرجع السابق، ص١٦. http://www.mof.gov.ye/files/mag/mag133-134.pdf
١٣ المرجع و الصفحة نفسه.
١٤ نظام النافذة الواحدة (سينغل ويندو)، حلول التى يقدم النافذة الواحد, ٢٠١٣. http://wct-inc.com/www/ar/%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%84%D9%88%D9%84/%D9%86%D8%B8%D8%A7%D9%85-
١٥ نظام النافذة الواحدة (سينغل ويندو)، الموقع نفسه.
١٦ المؤسسة العامة لتشجيع الاستثمارات في لبنان وبرنامج الاستثمار في الشرق الأوسط وشمال

إفريقيا لمنظمة التعاون والتنمية الاقتصادية، ورشة التدريب حول خدمات النافذة الواحدة للمستثمرين في منطقة الشرق الأوسط وشمال إفريقيا، بيروت، ٢٠١٠.
http://www.oecd.org/mena/investment/privatesectorinitiatives/44795886.pdf

١٧ أندرو هـ. و. ستون وهدى سليم، تسليط الضوء على الإصلاح المؤسسي، الهيئة العامة للاستثمار والمناطق الحرة في مصر (GAFI). http://siteresources.worldbank.org/INTMNAREGTOP-GOVERNANCE/Resources/GNNFinaPrintArabic2.pdf

18 EUROPEAN COMMISSION, Cassandra – D3.4 - Report – Single Window Specification, 2013, pp14.

١٩ أحلام الفريجي، مختصون: النافذة الواحدة روح قانون الاستثماروالعمل بدونه لا يكتب النجاح، المواطن نيوز، بغداد، ٢٠١٤. http://www.almowatennews.com/index.php/2013-04-19-21-18-06/3597-2013-09-24-14-07-52.html

20 EUROPEAN COMMISSION, Cassandra – D3.4 - Report – Single Window Specification, 2013, p14.

21 Ibid.

٢٢ اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، المرجع السابق،٢٠١١، ص٢٥.

23 EUROPEAN COMMISSION, Cassandra – D3.4 - Report – Single Window Specification, 2013, p14.

24 United Nations Centre for Trade Facilitation, and Electronic ,Business (UN/CEFACT),Recommendation No. 33, Recommendation and Guidelines on establis hing a Single Window, 2005, p7.

25 EUROPEAN COMMISSION, Cassandra – D3.4 - Report – Single Window Specification, 2013, pp13.

26 Ibid, pp15.

٢٧ اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، المرجع السابق، ٢٠١١، ص١٥.

28 EUROPEAN COMMISSION, Cassandra – D3.4 - Report – Single Window Specification, 2013, pp15.

٢٩ اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، المرجع السابق، ٢٠١١، ص١٤.

30 EUROPEAN COMMISSION, Cassandra – D3.4 - Report – Single Window Specification, 2013, pp15.

٣١ اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، المرجع السابق، ٢٠١٢، ص٨ .

٣٢ المرجع والصفحة نفسه.

33 United Nations Centre for Trade Facilitation, and Electronic, Business (UN/CEFACT), Recommendation No. 33, op.Cit., pp10.

34 Johan Ponte, Single Window – Best Practice and the Way Forward, CHAIR UN/CEFACT TBG 15, Swedish National Board of Trade, The paper has been inspired by the

discussions in the International Trade Procedures Working Group, TBG 15 in UN/CE-FACT, New York, 2011, pp3,4.

35 Japan Association for Simplification of International Trade Procedures, ASEAN Single Window, 2012, pp2,3.

٣٦ عبد الفتاح علي البنوس، الاستثمار عبر النافذة الواحدة. http://www.yemeress.com/al-gomhoriah/1003613

37 United Nations Centre for Trade Facilitation, and Electronic Business (UN/CEFACT), Recommendation No. 33, Op.Cit., pp10.

٣٨ اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، ٢٠١٢، المرجع السابق، ص٢٥.

٣٩ اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، ٢٠١٢، المرجع السابق، ص١٢.

40 UNITED NATIONS, ECONOMIC COMMISSION FOR EUROPE, Single Window, Implementation Framework, 2011, pp5.

41 EUROPEAN COMMISSION, Cassandra – D3.4 - Report – Single Window Specification, 2013, pp22.

http://www.cassandra- project.eu/userdata/file/Public%20deliverables/Cassandra%20D3.4%20-%20FINAL%20-%20Single%20window%20Specification.pdf

Rolf H. Weber, Legal Framework for the Single Window Concept in ASEAN – A 42 Successful Movement towards Trade Facilitation in East Asian Countries, Asian Journal .of Law and Economics, 2012, vol. 2, issue 4, pages 1-24, pp4

http://www.sef.hku.hk/aslea2011/private/paper/39.%20Rolf%20H%20Weber%20paper.pdf

٤٣ اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، دراسة حول انشاء النافذة الواحدة وتطبيقها لتسهيل التجارة في سودان، المرجع السابق، ٢٠١٢، ص٦.

44 United Nations Centre for Trade Facilitation, and Electronic, Business (UN/CEFACT), Recommendation No. 33, Op.Cit., pp11.

٤٥ اللجنة الاقتصادية والإجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، دراسة حول انشاءالنافذة الواحدة وتطبيقها لتسهيل التجارة في سودان، المرجع السابق، ٢٠١٢، ص٦.

٤٦ اللجنة الاقتصادية والإجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، دراسة حول انشاءالنافذة الواحدة وتطبيقها لتسهيل التجارة في سودان، المرجع السابق، ٢٠١٢، ص٦.

47 EUROPEAN COMMISSION, Cassandra – D3.4 - Report – Single Window Specification, 2013, pp22.

48 United Nations Centre for Trade Facilitation, and Electronic, Business (UN/CEFACT), Recommendation No. 33, Op.Cit., pp14.

49 UNITED NATIONS, ECONOMIC COMMISSION FOR EUROPE, Single Window, Implementation Framework, 2011, pp15.

50 Johan Pontén, Op.Cit.,pp6.
51 United Nations Centre for Trade Facilitation, and Electronic, Business (UN/CEFACT), Recommendation No. 33, Op.Cit., pp15 .
52 UNITED NATIONS, ECONOMIC COMMISSION FOR EUROPE, Single Window, Implementation Framework, 2011, pp4.
53 Jae Young Choi, Op.Cit. ,2011, pp4.
United Nations Centre for Trade Facilitation, and Electronic ,Business (UN/CEFACT), 54 .Recommendation No. 33, Op.Cit., 2005, pp15
55 Johan Pontén, Op.Cit., pp6.
56 Feasibility Study on a Single Window for Export and Import Clearance at Vnukovo Airport, Final report, Amsterdam/Moscow 2010, pp13.
http://www.unece.org
٥٧ أندرو هـ. و. ستون وهدى سليم، المرجع السابق. http://siteresources.worldbank.org/IN-TMNAREGTOPGOVERNANCE/Resources/GNNFinaPrintArabic2.pdf
٥٨ اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا(، المرجع السابق، ٢٠١٢، ص٨ .
59 United Nations Centre for Trade Facilitation, and Electronic ,Business (UN/CEFACT) ,Recommendation No. 33, Op.Cit., p16.
60 United Nations Centre for Trade Facilitation, and Electronic, Business (UN/CEFACT) , Draft Recommendation 35,Establishing a Legal Framework for an International Trade Single Window, 2009, pp3.
61 Rolf H. Weber, Op.Cit., pp 4, 7.
62 Ibid., p7.
63 United Nations Centre for Trade Facilitation, and Electronic, Business (UN/CEFACT) , Draft, Establishing a Legal Framework for an International Trade Single Window, 2009, pp3 ,10
64 Feasibility Study on a Single Window for Export and Import Clearance at Vnukovo Airport, Final report, Amsterdam/Moscow, 2010, pp14.
http://www.unece.org
65 EUROPEAN COMMISSION, Cassandra – D3.4 - Report – Single Window Specification, 2013, pp16.
66 United Nations Centre for Trade Facilitation, and Electronic, Business (UN/CEFACT) , Recommendation No. 33, Op.Cit., pp10.
٦٧ اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، المرجع السابق، ٢٠١٢، ص٥.
٦٨ اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، المرجع السابق،٢٠١٢، ص٥.
٦٩ للجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، المرجع والصفحة نفسه.

70 EUROPEAN COMMISSION, Cassandra – D3.4 - Report – Single Window Specification, 2013, pp21.
71 United Nations Centre for Trade Facilitation, and Electronic, Business (UN/CEFACT), Recommendation No. 33, Op.Cit., pp10.
٧٢ اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، المصدر السابق، ٢٠١٢، ص١٤.
73 United Nations Centre for Trade Facilitation, and Electronic, Business (UN/CEFACT), Draft Recommendation 35, Op.Cit., pp 9.
74 jae young choi,Op.Cit., pp24.
75 UNITED NATIONS, ECONOMIC COMMISSION FOR EUROPE, Single Window, Implementation Framework, 2011, pp20.

76 United Nations Centre for Trade Facilitation, and Electronic ,Business (UN/CEFACT), Draft Recommendation 35, Op.Cit. pp 8.
77 Feasibility Study on a Single Window for Export and Import Clearance at Vnukovo Airport, Final report ,Amsterdam/Moscow 2010, pp14.
http://www.unece.org
78 Rolf H. Weber, Op. Cit, pp 19.
United Nations Centre for Trade Facilitation and Electronic Business (UN/CEFACT), 79 Case Studies on Implementing a Single Window to enhance the efficient exchange of .information between trade and government, 2005, pp5
80 UNITED NATIONS ECONOMIC COMMISSION FOR EUROPE, Single Window Implementation Framework, 2011, pp5.
81 EUROPEAN COMMISSION, Cassandra – D3.4 - Report – Single Window Specification, 2013, pp17.
United Nations Centre for Trade Facilitation, and Electronic, Business (UN/CEFACT), 82 .Recommendation No. 33, Op. Cit., pp٨
٨٣ اللجنة الإقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (لاسكوا)، ٢٠١٢، المرجع السابق، ص ٤.
٨٤ اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا (الاسكوا)، ٢٠١٢، المرجع السابق، ص٥.
85 United Nations Centre for Trade Facilitation, and Electronic, Business (UN/CEFACT), Recommendation No. 33, Op. Cit., pp7,8,9.
86 EUROPEAN COMMISSION, Cassandra - D3.4 - Report – Single Window Specification, 2013, pp19.

# مامەڵە لەگەڵ زیندانییەکانی داعش، وەك مەترسییەکی ئایندەیی



یاسین تەها / توێژەر (ماستەر لە ڕێباز و ڕێچکە ئیسلامییەکاندا)

**بەرایی**

سەربارى ڕاگەیاندنی سەرکەوتن بەسەرداعش لە نزیکەی شەش ساڵ بەرلە ئێستا، هێشتا هەڵسەنگاندنە ئەمەریکییەکان کە یەکێك لەوانە هی پەیمانگای واشنتنە بۆتوێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ٢٠٢٣، باس لەوە دەکەن پرۆژە جیهانییەکەی هەرمەترسییەکی گەورەیە لە سەرئاسایشی عێراق و سووریا و ناوچەکە. ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە پشتئەستوورە بەو دەیتایانەی باس لەوە دەکەن سەربارى ئەوەی داعش دەیان سەرکردەی باڵای لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا لەدەست داوە، بەڵام بەردەوامە لە سەرکردایەتیکردنی یاخیبوون لەوجێگایانەی کە بۆشایی ئەمنی هەیە، هەروەها سەرۆکایەتیی تۆڕێکی جیهانیی یەکگرتوو دەکات کە تا ئەفەریقا درێژبووەتەوە. لە پاش تێکشکانی پەیکەری ڕێکخراوەکەش، بەم دواییانە زۆرترین سەرنج چووە سەرزیندانەکان وگرتووخانەکان وکەمپەکانی پاشماوەی داعش بەو پێیەی نەوەی دووەمی ڕۆڵەکانی ڕێکخراوەکە بەرهەم دەهێنن و ژینگەیەکی لەبارن بۆگەشەکردنی تیرۆرو توندڕەوی. ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەردۆسیەی مامەڵەکردن لەگەڵ گیراوە توندڕەوەکان لە عێراقدا لە ساڵانی پاش ٢٠٠٣ تا ئێستا و ئەو مەترسییە ئایندەییانەی لەم کەموکورتییە کەڵەکەبووانە کەوتوونەتەوە:

## پاشخانی گرووپە توندڕەوەکانی عێراق

لە ساڵی ٢٠٠٣ بە دوا، مەترسییەکی سەرەکی کە لە سەر ئاسایشی عێراق بوو، سەرهەڵدانی ڕێکخراوە چەکدارەکان بوو، لە پێش هەموویانەوە هەردوو ڕێکخراوی قاعیدە و پاشان داعش کە هەردووکیان سەربە ڕەگوڕیشەیەکی ئایدیۆلۆژیی هاوبەشن، بەڵام داعش ئەلقاعیدەی بەجێ هێشت و دەوڵەتی نوێی خۆی ڕاگەیاند (حوزەیرانی ٢٠١٤)، بەمەش بوو بە مەترسییەک نەک تەنها بۆ عێراق، بەڵکوو بۆ سووریا وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەموو جیهان، بە تایبەتی دوای ئەوەی توانیی کۆنترۆڵی نەینەوا بکات کە دووەم گەورەترین شاری عێراقە[١]. ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی عێراق تەنیا لە قاعیدە و داعشدا قەتیس نەبوو، بەڵکوو سەرهەڵدانی گرووپی دیکەی لەخۆ گرتبوو کە ڕووبەڕووی هێزە ئەمەریکییەکان دەبوونەوە وەک «أنصار»، «جيش رجال الطريقة النقشبندية»، کە تێکەڵەیەک بوون لە چەکدارە ئیسلامییەکان لە نەینەوا و کەرکووک و ناوچەکانی سەربە بەغدا و هەزاران چەکداری لەخۆ گرتبوو کە پەیڕەوی سیستمێکی سەربازیی هاوشێوەی ئەوەی بەعسی ڕووخاویان دەکرد و لە ڕووی پەیکەربەندییەوە کەڵکیان لە تەکنیکی بەعس وەردەگرت[٢]. جگە لە گرووپە چەکدارەکان، عێراق ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی تری بڵاوبوونەوەی تیرۆر، ململانێی خێڵەکان و عەشایەر و بڵاوبوونەوەی تاوانەکان و پێکهێنانی گرووپە ناوچەییە لۆکاڵەکان بووەوە، ئەمەش وای کرد ژمارەیەکی هێجگار زۆری گیراو و تۆمەتبار بخرێنە زیندانەکان و بە هۆی زۆریی ژمارە و شێوازی مامەڵەوە قەیرانێك دروست بوو کە پەیوەستە بە لێکەوتەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ گیراوان و تۆمەتبارانی گرووپە توندڕەوەکان کە تا ئێستاش درێژەی هەیە و بە ڕای شارەزایان چەند ساڵێکی تریش هەر درێژەی دەبێت.

## بنەما و ڕێساکانی مامەڵەکردن لەگەڵ گیراوەکانی تیرۆردا

یەکێك لە دیارترین ئامانجەکانی هێزی ئەمنی، بە تایبەت پۆلیس، بریتییە لە پاراستن ئاسایش و سەلامەتیی ئەندامانی کۆمەڵگە، لەوانەش پاراستنی ژیان، شەرەف و دارایی، هەروەها قەوارە و بەها و نەریتەکانی دەوڵەت[٣]، لە عێراق یاسا ڕێگری لە دەستگیرکردنی کەسەکان لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەکات بەبێ هەبوونی فەرمانی دادوەر بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٤ سەعات، هەروەها یاسای عێراقی مەرجی ئەوەی خستووەتە ڕوو کە پۆلیس تەنها شەو و ڕۆژێك دەتوانێت خەڵك دەستبەسەربکات ئەگەرگومانی تاوانێکیان لێ کرا[٤]. بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەش کە پێیان سپێردراوە، کارمەندانی پۆلیس پێشتر چەندین

بەرنامەی چاکسازی وەردەگرن کە زۆرجار بریتییە لە بەرزکردنەوەی تواناکانیان و فێربوونی تەکنەلۆژیای سەردەم، ئەمە جگە لە هۆشیارکردنەوەیان لە بارەی پەیوەندیی نێوان پۆلیس و هاووڵاتی و لەم میانەیەشدا وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی ڕاهێنانی هەیە کە تایبەتە بە کردنەوەی خولی تایبەت بۆ کاری ئەمنی بە شێوازی سەردەمیانە[٥].

هەروەها لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠١٢)دا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سپۆنسەریی پرۆگرامەکانی بنیاتنانەوەی هێزە ئەمنییەکانی عێراقی کرد کە ئامانجیان ڕاهێنانی هەزاران خۆبەخش بوو بە تێچووی هەشت ملیار دۆلار، لەوانە: چۆنێتیی دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی کە کردەی خۆکوژی ئەنجام دەدەن لەگەڵ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو پرۆگرامانە تووشی هەندێك كێشە هاتن کە لە کۆتاییدا بوو بە هۆی وەستانیان، بە تایبەت پاش کشانەوەی سوپای ئەمەریکا (٢٠١١). هۆکارەکانی ئەم پەککەوتنەی ئامادەکردنی هێزە ئەمنییە عێراقییەکان زۆر بوون، لەوانەش: کێشەی لۆجستی، نەبوونی متمانە، لەمەش گرنگتر باوەڕنەبوون بە ناوەرۆکی پرۆگرامەکان و دواجار زاڵبوونی ئەو قەناعەتەی کە ئەو بەرنامەیە لەگەڵ ژینگەی ناوخۆی عێراقدا ناگونجێت[٦].

دوای کۆتاییهاتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژ بە داعش (٢٠١٨)، نەتەوە یەکگرتووەکان سەپۆرتی پرۆگرامێکی کرد کە پاڵپشتی لە سەروەریی یاسا دەکات لە چوارچێوەی چاکسازیی گشتی لە کەرتی ئەمنی لە عێراقدا بە هاوکاریی چەند لایەنێکی عێراقی وەك دەزگای ڕاوێژکاریی ئاسایشی نیشتمانی، وەزارەتی ناوخۆ، ئەنجوومەنی باڵای دادوەری و وەزارەتی داد، لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەران، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراق و کۆمەڵێک هاوبەشی نێودەوڵەتی. ناوەڕۆکی پرۆگرامەکەش تایبەت بوو بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەستگیرکراوان و تاوانباران لە زیندانەکاندا و بنەماکانی مامەڵەی مرۆیی بە پێی پەیمانی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ[٧].

بە سەرنجدانیش لە ڕەوشی مەیدانی، دەردەکەوێت ئەم پرۆگرامانە تووشی کێشەی گەورە هاتوون لە پێکانی ئەو ئامانجانەی لە پێناویدا گەڵاڵە کراون، سەرجەم ئەو کێشانەش دەکرێت لە دوو تەوەردا کۆ بکرێنەوە کە ئەمانەی خوارەوەن:

### یەکەم: ژێرخانی گرتووخانە تایبەتەکان بە گیراوانی داعش

بە پێی ئەو ئامارانەی بەردەستن، پێنج ساڵ دوای داگیرکردنی عێراق (٢٠٠٨)، ژمارەی دەستگیرکراوە ئەمنییەکان هەڵکشا بۆ ٦٠ هەزارکەس، ئەم ژمارە زۆرەش بەشێکی بەرچاویان

بەبێ تۆمەت و دادگاییکردن لە ژێر ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری خراپیی مامەڵەکردن دەستبەسەر کرابوون، چ لە زیندانەکان بێت یان ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن و بنکەکانی پۆلیسی ژێر دەسەڵاتی هێزە ئەمنییەکانی عێراق، لەمەش خراپتر چەندین تۆمەتی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن ئەندامانی هێزە عێراقییەکانەوە لەناو زیندانەکان ورووژێنرا و ئەمەش قەیرانێکی گەورەی متمانە و بەدگومانییەکی زۆری دروست کرد[٨]. بە پێی لێکۆڵینەوە بنکۆڵکارییەکانیش، ژمارەی دەستگیرکراوان ساڵ لە دوای ساڵ هەڵکشانی گەورەی بەخۆیەوە دەدی بە تایبەت پاش سەرهەڵدانی داعش لە ساڵی ٢٠١٢، بە هۆی ئاژاوەی ناوخۆیی و ململانێی پێکهاتەیی و شوناسییشەوە کە تێکەڵ بە دۆسیە ئەمنییەکان بوون؛ ڕێژەی «دەستگیرکراوانی بێتاوان» لە سەر بنەمای سکاڵای کینە و تاکەکەسی و تایفی بە ڕێژەی بەرچاو هەڵکشان، لەم ڕووەشەوە ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن لە ماوەی ساڵی (٢٠١٤-٢٠١٦) نزیکەی ٣١٥ هەزارکەسی بێتاوان بە هەڵە دەستگیرکراون بە ڕێژەی ٨،٩٩٦ دەستگیرکراو لە مانگێکدا، ٣٠٠ گیراو لە ڕۆژێکدا، ١٢ کەس لە کاتژمێرێکدا و یەک کەس لە هەر پێنج خولەکێکدا[٩].

لە سەر ئاستە فەرمییەکەش، دەسەڵاتدارانی عێراق ئامادە نەبوون مامەڵە لەگەڵ دەستگیرکراوەکانی داعشدا وەک دیلی جەنگ بکەن، بەڵکوو وەزارەتی بەرگری ئەوانی بە «بکوژ و تاوانبار» دەزانی و بەوپێیەی سەربە ڕێکخراوێکی تیرۆریستین. هەروەها جەختی لەوە کردەوە بڕگە و ڕێککەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوان ناگرێتەوە، بەڵکوو یاساکانی عێراقیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت و ناچنە خانەی دیلەوە[١٠]. هەروەها هێزە عێراقییەکانیش ئەندامانی داعشیان خستە بەردەم دوو بژاردە یان خۆڕادەستکردن یان کوشتن[١١]. لە لای خۆشیەوە دەسەڵاتی دادوەری لە بەغدا ڕاستەوخۆ ڕێکارەکانی دادگاییکردنی ٩٠٠ گیراوی عێراقی دەست پێ کرد بە تۆمەتی ئەندامێتیی داعش کە هێزەکانی سووریای دیموکرات ڕادەستی کردبوون[١٢]. پێشتریش حکومەتی هەرێمی کوردستان سەدان ئەندامی داعشی دەستگیرکراوی ڕادەستی حکومەتی فیدراڵ کرد و حکومەتی بەغداش دوای دادگاییکردنیان و گرتنەبەری ڕێوشوێن بەرانبەریان، دڵنیا بوویەوە لەوەی ١١٠٠ کەس لەوانە داعش بوون و حوکمەکانیشیان بریتی بوو لە سزای زیندانیکردن لە سێ ساڵەوە تا زیندانی هەتاهەتایی بە پێی جۆری تاوانەکانیان. ئەوەشی جێگەی سەرنجە دەسەڵاتی دادوەری ٨٧٠ کەس لەو گیراوانەی بێتاوان دەرکرد بە هۆی نەبوونی بەڵگەوە! سەرجەم ئەم پرۆسەیەش بە گوێرەی هەردوو یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریی پەرلەمانی کوردستان ٢٠٠٣ و یاسای سزادانی

عێراق ١٩٦٩ بەڕێوە چوو[١٣]. هەبوونی ئەوژمارە «بێتاوان»ەش ئاماژەیە بۆ هەبوونی ڕەشبگیر و وردنەبوون لە ئاراستەکردنی تۆمەت بۆ دانیشتووانی ئەو ناوچانەی گیرۆدەی هێرش و پەلکێشانی داعش بوون.

لەم میانەیەشدا ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک هیومان ڕایتس ووچ بەڵگەی دەستبەسەرکردنی دەیان دەستگیرکراوی لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە تۆمارکردووە کە خەڵکی خوارتەمەنی پێگەیشتن (الرشد)ی تێدایە، لە سێ زیندانیی کاتی بەبێ ئاراستەکردنی تۆمەت، «لە بارودۆخێکی ترسناکدا ولە ژێر چاودێریی پزیشکی سنووردار‌دا»، ژمارەیەکیش لەو گیراوانە مردوون و هەندێکیان قاچیان براوەتەوە بە هۆی نەبوونی چارەسەری پزیشکی و خراپیی بارودۆخی زیندانەوە[١٤]. ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکانیش چەندین حاڵەتی دەستگیرکردن بە تۆمەتی هەڵبەستراو لە لایەن هەندێک کەسی کاریگەرەوە لە دەزگا ئەمنییەکان و هێزەکانی حەشدی دەسەلمێنن بە مەبەستی ڕەتاندن و ناچارکردنی خاوەنەکانیان بۆ پێدانی پارە یان تاوانبارکردنیان لە ناوەندەکانی دەستبەسەرکردندا کە بە گوێرەی شایەتحاڵەکان قەرەباڵغ بوون و پڕبوون لە ئەشکەنجەی دەروونی و هەندێک جار جەستەیی[١٥]، هەموو ئەمەش لە کاتێکدا ڕووی داوە یاسا نێودەوڵەتییەکان ئەم شتانە قەدەغە دەکەن و پەیماننامەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەستگیرکراوەکاندا هەر ئەشکەنجەدانێک یان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ڕەت دەکەنەوە و پێداگرن لە سەر ئەوەی مامەڵەی نامرۆڤانە و سووکایەتیکردن لەگەڵ زیندانییەکاندا لە هیچ بارودۆخێکدا دروست نییە و ڕێگای پێ نادرێت تەنانەت ئەگەر گیراوەکان توندڕەوی توندیش بن[١٦].

لە باکوور و باشووری عێراق شوێنی ئەو زیندانانەی دیاری کراون بۆ ڕاگرتنی گومانلێکراوەکانی تیرۆر قایم کران، بە تایبەت پاش چەند حاڵەتێکی هەوڵدان بۆ هێرشکردنە سەریان و تۆپبارانکردنی زیندانەکان لە هەردوو شاری ئەلتاجی و ئەبوغرێب و لە ناوەڕاستی عێراق و لە ناوچەی بازنەی جوگرافیی پشتێنەی بەغدا[١٧]، سەرباری ئەوەشی یاسای عێراقی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی زیندانەکان جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو زیندانەکان دەبێت ملکەچی چاودێری و دەسەڵاتی تایبەتی وەزارەتی داد بن و وەزارەت ئەو ستانداردانە جێبەجێ دەکات کە دیاری کراون، کەچی زیندان و ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن کەوتنە ژێر دەست و چاودێریی چەند بەش و وەزارەتێکی تری وەك ناوخۆ و وەزارەتی بەرگری و ئەمەش لە ڕووی پرەنسیپەوە پێشێلکردنی یاساکەیە[١٨] و ئەوەش ڕوونە کە ئەو لایەنانە ئەزموونیان نەبووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ گیراوە ئەمنییەکاندا و لایەنی پسپۆڕ نەبوون.

سەبارەت بە دۆسیەی زیندانەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی وەک هیومان ڕایتس ووچ، لێبوردنی نێودەوڵەتی، نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا و هەروەها ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی مافی مرۆڤ؛ ئاماژەیان بە دیاردەیەکی مەترسیدار کردووە کە ئەویش گۆڕانی زیندانەکانی عێراقە لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠١٢) بۆ بنکەی تیرۆریستی و فێرگەیەك بۆ بەشکردنی بیرۆکەکان و پێگەیاندنی سەرکردەکانی داعش، لەم ڕووەشەوە ئەوە بەسە ئاماژەی پێ بکرێت سەرکردەکانی داعش لە چەشنی ئەبوبەکر بەغدادی، ئەبو محەمەد جۆلانی و عەبدوڵا قەرداش لە زیندانەکاندا پێگەیشتوون و دروست کراون[١٩].

لەو زیندانانەشی لە ژێر چاودێریی دەسەڵاتدارانی حکومەتی فیدراڵیدا بوون، ناوی زیندانی ئەلحوت (١١کم لە ڕۆژهەڵاتی ناسریە) لە باشووری عێراق بەناوبانگە، کە زیاتر بووەتە ئامۆژگایەك بۆ بڵاوکردنەوەی بیری توندڕەوانە بە هۆی لاوازیی سەرپەرشتیکردنەوە لە لایەن بەرپرسانی زیندان و سیستمی پۆلیس لەگەڵ نەگرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆپارێزی لە چەشنی جیاکردنەوەی دەستگیرکراوەکاندا لە سەربنەمای تاوان لەوانەی کە تۆمەتباربوون بە تیرۆر. زیندانەکەی ناسریە پێی دەگوترێت «ئەونەهەنگەی تێرنابێت»، بە هۆی زۆریی زیندانییەکانی لە کەیسی تیرۆر، بە تایبەتی ئەوانەی سەربە داعشن وژمارەیان لە ساڵی ٢٠١٨دا گەیشتە هەزاران زیندانی، هەندێك لەوانەش زۆر مەترسیدارن، ئەمە لە کاتێکدا بڕیاربوو زیندانەکە لە ساڵی دامەزراندنیدا (٢٠٠٨) تەنیا ٨٠٠ دەستگیرکراو لەخۆ بگرێت[٢٠]. قسەوباسی ئەوەش هەیە ژمارەی گیراوەکانی زیندانی «الحوت» لە ٢٠١٩دا گەیشتبێتە ٦٢٠٠ کەس کە زۆربەیان لە تۆمەتبارانی داعشن و هەندێك لە گەورەسەرکردەکانی ڕێکخراوەکەشی تێدایە[٢١]. ئەم قەرەباڵغییە لەڕادەبەدەرەش بوو بە ژینگەیەکی بەپیت بۆ بەندکراوان تا کارلێک لەگەڵ یەکتردا بکەن و بیرۆکەی توندڕەوی لە نێوانیاندا بەش بکەن، بە تایبەت کە زۆر هەستیان بە شکان و ئیهانە دەکرد و هیچ ئەوەش لەبەرچاو نەگیرا کە ڕەنگە ئەو زیندانییانەی کە بە هۆی تاوانەکانەوە سزا دراون و پەیوەندییان بە توندڕەویی توندوتیژەوە نییە؛ پەیوەندی بە دیاردەی توندڕەوییەوە بکەن وبکەونە ژێرکاریگەریی گیراوەکانی داعش[٢٢].

تێکەڵبوون لە ناوزیندانەکاندا دواتربوو بە کێشەیەکی گەورە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان وتا ئەم دواییانەش بە ڕوونی مەترسییەکانی ئەم دۆخەیان بۆ دەرنەکەوت، بە تایبەتی لە زیندانەکانی هێزەکانی ئەمەریکادا کە بوون بە شوێنێک بۆ زۆرتربوونی کەسانی «تیرۆریست» و فێرکردنی بیرۆکەی توندڕەوی، ئەمەش بە هۆی نەبوونی تێگەیشتنی سوپای ئەمەریکایە لەوەی لە ناو زیندانەکاندا ڕوو دەدات بە هۆی بەربەستی زمانەوە، هەندێ پرۆگرامیش

ڕۆڵیان لە ئاڵۆزترکردنی دۆخەکەدا هەبووە، لەوانەش متمانەکردن بە ئیمزا و بەڵێننامەی ئەو کەسە توندڕەوانە کە جارێکی تر ناگەڕێنەوە سەر بۆچوونەکانی پێشوویان و لە پای ئەمەدا ئازاد دەکران[٢٣].

**دووەم: کێشەی مامەڵەی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان لەگەڵ گیراوانی تیرۆردا**

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بە مەرجی داناوە لە سەر کارمەندانی زیندانەکانی گیراوانی توندڕەو کە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی کەسی و شارەزایی تەکنیکیی باشیان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن مامەڵە لەگەڵ هەموو زیندانییەکاندا بە شێوازی گونجاو بکەن، لە نێویاندا ئەوانەی بە ترسناکی ناسراون یان مەترسیدارن لە ڕووی ئەمنییەوە[٢٤]، بەڵام ئەگەر سەیری پێوەرە عێراقییەکان بکەین بۆ دامەزراندنی ستافی زیندان؛ بەشی هەرە زۆری ئەو ستاندارد و مەرجانەی تێدا نییە، لەم میانەیەشدا وەزارەتی داد چەند مەرجێکی دیاری کردووە بۆ دامەزراندنی ستافی زیندان کە گرنگترینیان بریتین لە: گەیشتن بە ٢٥ ساڵ، مەرجی هاوسەرگیری، بەدەستهێنانی بە لایەنی کەمەوە بڕوانامەی ناوەندی، ناوبانگێکی باش و نەبوونی پێشینەی تاوان، لەگەڵ تێپەڕاندنی کۆرسێکی ڕاهێنانی شایستە بۆ ئەکادیمیای بەشی چاکسازی[٢٥]. هیچ لەم مەرجە عێراقییانەش یارمەتیدەرنین بۆ ستافی زیندان کە مامەڵە لەگەڵ گیراوانی تیرۆربکات و هیچ یەك لەو مەرجانەش ڕاهێنانی تایبەت بە گیراوە مەترسیدار و هەستیارەکان لەخۆ ناگرێت.

سەبارەت بەو بەرنامانەشی کە بڕیار دراون بۆ کادیرانی بەشی زیندانەکانی چاکسازیی عێراق، ئەگەرچی زۆرو چڕوپڕو ئاڵۆزن بەڵام هیچیان پەیوەندییان بە مامەڵەکردن لەگەڵ تیرۆریزم و کێشەکانی توندڕەوی نییە[٢٦]. ئەم بارودۆخەی باس کرا لە وەزارەتەکانی ناوخۆو بەرگریدا لەچاو وەزارەتی داد خراپترە، چونکە لەووەزارەتە ئەمنییانە بەرنامەکانی پەرەپێدان و پێگەیاندن بۆ پاسەوان و کارمەندانی دیکەی پشتیوانی گرنگییان پێ نەدراوە، لە کاتێکدا ئەمە پێچەوانەی یاساکانە و پاسەوانەکان بە شێوەیەکی ئاسایی و هەڕەمەکی دامەزراون و ئەرکەکانیان وەک هەمیشە جێبەجێ دەکەن و زۆربەیان هیچ کۆرسێکی ڕاهێنانیان وەرنەگرتووە سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەستگیرکراوان و زیندانییەکان، چونکە ئەم وەزارەتانە تایبەت نین بە بەڕێوەبردنی زیندان و ئەمەش بەو مانایە دێت چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ گیراودا ئەرکی ئەوان نییە[٢٧].

بۆچوونێکی زاڵ هەیە پێی وایە کە فەرامۆشکردنی چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ

گیراوەکاندا زیانێکی گەورەی بە ناوبانگی دەزگا ئەمنییەکانی عێراق لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا گەیاندووە، بە تایبەت پاش ئاشکراکردنی پێشێلکارییە بەربڵاوەکانی مافەکانی مرۆڤ وەک ئەشکەنجەدان و تەنانەت کوشتن و تەسفیەی ناوخۆیی ناو زیندانییەکان، ئەمەش ناوبانگی دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکانی عێراقی شێواند و خستییە جێگەی گومان لە بەرچاوی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ[٢٨]، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا ئەم پێشینە و ناوبانگە خراپە لە ناوخۆیشدا هیچ متمانەیەکی ئەوتۆی بۆ نەهێشتوون، چ لە لای ئەوانەی لە سەربنەمای تاوان دەستگیرکراون، یان بە پێی تۆمەتی پەیوەندیدار بە تیرۆر. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ زیندانەکانیان بە «شوێنی سووتاندن» و «ڕێڕەوی مەرگ» ناو بردووە و چەندین دۆسیەی ڤیدیۆیی ئەشکەنجەدان و لێکۆڵینەوەی توندی نامرۆیی پڕ لە لێدانیان لەم زیندانانەوە بڵاوکردووەتەوە[٢٩]، لە کاتێکدا مادەکانی (١٤-٣٦)ی دەستووری عێراق مافی یەکسانی و مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانەی داوە بە گیراوان و لە ماددەکانی (٣٧-٤٦)یشدا هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەی جەستەیی و هەر دانپێدانانێک کە بە هۆی هەڕەشە یان ئەشکەنجەوە بەدەست بهێنرێت؛ قەدەغە کردووە.

بەڵگەنامە ئەمەریکییە دزەپێکراوەکان هەبوونی پێشێلکاریی مافی زیندانییەکان لە گرتووخانەکانی عێراق دەسەلمێنن[٣٠]، کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی عێراقیش دانیان بە پیشێلکاریی سەخت و قورسی مافەکانی مرۆڤدا ناوە لەگەڵ هەبوونی دەرفەتی زۆری دەربازبوون لە لێپرسینەوە بۆ ئەوانەی لە پێشێلکارییەکانەوە تێوە گلاون[٣١]. هەندێك لە نوێنەرانی پێکهاتەی سوننەی پەرلەمانی عێراقیش بەڕێوەبەرایەتیی زیندانەکەیان تۆمەتبار کرد بە پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت کە «شێوازی ئەشکەنجەدان دژی زیندانییەکان لە ژوورە تەنیاکاندا بەکاردەهێنن، کە تیایدا ئەشکەنجەی سیستماتیک لە دژیان بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن دان بە تاوانی تیرۆریستیدا بنێن، بە تایبەتی لە نێو ئەوزیندانییانەی کە سزاکانیان بەسەردەچێت و چاوەڕێی ئازادکردنیان دەکەن بۆ ئەوەی دووبارە دان بەو تاوانانەدا بنێن و بۆ ماوەی زیاتر لە زینداندا بمێننەوە[٣٢].

بۆتێگەیشتن لە هۆکاری پشێویی ناوهێزە ئەمنییەکان و نەبوونی دیدگایان بۆمامەڵەکردن لەگەڵ گیراوانی تیرۆر و گرتووخانەکاندا، باشترە بگەڕێینەوە بۆ سروشتی دامودەزگای ئەمنیی نوێی عێراق بە وەزارەتی ناوخۆشەوە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣، کە لە لایەن هێزە ئەمەریکی و بەریتانیاییەکان (هاوپەیمانی) پێک هێنران پاش ئەوەی فەرمانڕەوای مەدەنیی ئەمەریکی بۆ عێراق پۆڵ بریمەر بڕیاری دەرکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی

زۆرینەی هێزە ئەمنییەکانی عێراق کە ملکەچی پلەبەندیی ڕژێم بوون[٣٣].

پێکهێنانی هێزە ئەمنییە نوێیەکان بە ئاسانی یان بە پێی سیستمی خۆبەخشی ولە سەر بنەمای خواست (التطوع) تێنەپەڕیوە، بەڵکوو گۆڕا بۆ سەنگەری نێوان نوێنەری ئەوپێکهاتە ونەتەوەیانەی لە سەرگۆڕەپانی سیاسی دەرکەوتن وهەموویان کەوتنە هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین ژمارەی مومکین لە پۆستە ئەمنییەکان و هاندەریشیان لەمەدا ململانێی تایفی و دەستخستنی دەستکەوتی ماددی بوو لە داڕشتنەوەی بەرنامەی هێزە ئەمنییەکان وقەبارەی نوێنەرایەتی بۆ هەریەک لە دوو پێکهاتە ڕکابەرەکەی شیعە و سوننە، چەند دەقێکی گشتگیر و شلۆق دانران بۆ دڵنیا بوون لە قەبارەی نوێنەرایەتی بۆ هەریەکەیان لەوانەش (مادەی ٩-أ) دەستوور کە دەڵێت: «هێزە چەکدارەکانی عێراق و خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق دروست دەکرێن، بە لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی ووەکیەکییان[٣٤]» و ئەمەش دەرگای کردەوە بۆ ئەوەی ئەو هێزانە ببنە مەیدانی کێبەرکێی تایفی و نەتەوەیی و لە ڕەوتی پڕۆفێشنالانەی خۆیان دەربچن کە مەرجی توانا و لێهاتوویی لەبەرچاو بگرێت.

سەرەڕای ئەمەش، ئاڵنگاریی دامەزراندنی هێزە ئەمنییەکان لە عێراقدا تەنیا لە پرسی نوێنەرایەتیی تائیفیدا سنووردار نەبوو، بەڵکوو کێشەیەکی دیکە لە بەردەمیدا سەری هەڵدا، ئەویش هێرشی هەزاران ئەندامی ئەو هێزانە بوو کە پێشتر نەیاری ڕژێمی سەددام حوسێن بوون بەرەو سلکی ئەمنیی فەرمی و میلیشیاکان پەلەیان کرد بۆ پەیوەندیکردن بە ڕیزەکانی هێزە ئەمنییەکانەوە دوای ئەوەی دەستوور (مادەی ٩) ئەو هێزانەی قەدەغە کرد و بە نایاسایی لەقەڵەمی دان، ئەوانیش بۆ گونجاندنی دۆخی یاسایی خۆیان بە کۆمەڵ خۆیان خزاندە دەزگا و جومگە ئەمنییە فەرمییەکانەوە[٣٥] لە کاتێکدا هیچیان ئەزموونی پێشوەختەیان نەبووە لە کاری ئەمنیی فەرمی و دامەزراوەیی و زیاتر جەنگاوەر بوون.

پسپۆڕان پێیان وایە لاوازیی مامەڵەکردنی هێزە ئەمنییە عێراقییەکان لەگەڵ دەستگیرکراوەکانی ڕێکخراوە چەکدارەکاندا بە هۆی نەبوونی ڕاهێنانەوەیە، سەرنجی سەرکردەکانیش زیاتر لە سەر توانای بەشداریکردنە لە شەڕی مەیدانی، لەگەڵ ئەمەشدا لاوازی لە کولتووری مافەکانی مرۆڤدا هەیە، هەروەها باکگراوندی توندوتیژی و شەڕەنگێزی زاڵە بەسەریاندا بە تایبەتی کە زۆربەی ئەفسەرانی پۆلیس وەک سەرچاوەی بژێوی چوونەتە ئەم سلکەوە بەبێ ئەوەی ستانداردەکان ببڕن[٣٦].

سەرباری ئەوەشی کە باس کرا، ژمارەیەک لە دەستگیرکراوان ئاماژەیان بەوە دا کە جیاوازی لە نێوان زیندانەکانی وەزارەتی داد و زیندانەکانی تری سەر بە وەزارەتەکانی ناوخۆ

و بەرگری هەیە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کارمەندانی وەزارەتی داد -بەشی چاکسازی-، هەندێک ڕاهێنانی ناوخۆیی و هەندێکی تری دەرەکییان بە هاوکاریی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش وەرگرتووە[٣٧].

### ئەزموونی وڵاتانی تر لە مامەڵەکردن لەگەڵ گیراوانی توندڕەودا

ئەووڵاتانەی کە گیرۆدە بوون بە ڕێکخراوە توندڕەووچەکدارەکانەوە؛ بەرنامەی تایبەتیان بۆ کۆنترۆڵکردنی دەستگیرکراوان یان گومانلێکراوان هەیە، لەم ڕووەوە دەتوانرێت ئاماژە بە شانشینی سعودیە یان مەغریبی عەرەبی بکرێت کە دامەزراوە تایبەتەکان سپۆنسەری بەرنامەی تایبەتیان کردووە بە مەبەستی تێکەڵاوبوونەوە و چاککردنەوەی ئەوانەی تۆمەتبارن بە تیرۆر، لەم بوارەشدا دوو نموونە زۆرزەقن کە ئەوانیش ئەزموونی مەغریب و سعودیەن:

لە مەغەریب دەوڵەت ستراتیژێکی نوێی پەیوەست بە دەستبەسەرکراوان و کارمەندانی زیندان پەسەند کرد، بە بەرنامەی «ئاشتەوایی» ناوزەد کرا کە لە سەر سێ بنەمای بنەڕەتە؛ ئەویش: ئاشتەوایی گیراوەکە لەگەڵ خۆیدا، ئاشتەوایی لەگەڵ دەقە شەرعییە ئایینییەکاندا، ئاشتەوایی لەگەڵ کۆمەڵگەدا[٣٨]. ناوەرۆکی بەرنامەکەش زیاتر بریتی بوو لە «بەمرۆییکردنی بارودۆخی دەستبەسەرکردن» و «ئامادەکردنی دەستگیرکراوەکان بۆ یەکگرتنەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری». یەکەم ئەزموونی بەرنامەی «ئاشتەوایی» لە هاوینی ٢٠١٦دا جێبەجێ کرا و چاکسازیکردنی دەستگیرکراوەکانی لە کەیسەکانی تیرۆردا لەخۆ دەگرت وەک ئامادەکارییەک بۆ دووبارە تێکەڵکردنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگە، بەرنامەکەش لە لایەن دەستەی گشتی بۆبەڕێوەبردنی زیندانەکان (حکومی) بە هاوکاریی کۆمەڵەی زانایانی محەمەدی (ڕێکخراوی فەرمی) و ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ مافەکانی مرۆڤ (حکومی) بەڕێوە دەبرا[٣٩].

لە عەرەبستانی سعودیە، دوای هێرشە تیرۆریستییەکانی ساڵی ٢٠٠٣ لە ناوخۆی وڵاتەکەدا، دەوڵەت لە پەنا بەرەنگاربوونەوەی ئەمنیدا جێبەجێکردنی چەند ستراتیژێکی نەرمی بۆبەرەنگاربوونەوەی تیرۆرگرتە بەر، ئەم هەنگاوانەش ئامانج لێیان بەرەنگاربوونەوەی پاساوە ئایدۆلۆژی وئایینییەکانی توندوتیژی بوون ولە سەربنەمای سێ ناونیشان داڕێژرابوون کە بریتی بوون لە: «خۆپاراستن، ئامادەکردنەوە و چاکسازی، چاودێریی پاش ئازادکردن»

و پرۆگرامەکەش لە سەر چاکسازیکردن لە بیرو قەناعەتی گیراوەکان و چاودێریکردنیان بنەڕەت بوو[٤٠].

بەرنامە سعودیەکە لە لایەن کۆمەڵێک پسپۆڕی دەروونناس و پزیشکی دەروونی و پسپۆڕانی فیقهی ئیسلامی و پێشەوای ئایینییەوە سەرپەرشتی کرا، دوای تەواوکردنی سزاکەشیان، تاکەکان دەگوازرانەوە بۆ ناوەندێکی چاکسازی، لەوێدا قۆناغەکانی بەرنامەکەیان بە هاوکاریی تیمێکی تایبەتمەند بە پاشخانی جیاوازتەواو دەکرد. لە کۆتاییدا ئەم تیمە قسەی خۆیان لە سەر چارەنووسی زیندانییەکەدا دەکرد: ئازادی بکەن، یان ڕەوانەی زیندانی بکەنەوە[٤١]. هەر چەندە ئەم بەرنامەیەش لە لایەن وڵاتانی دراوسێ و ناوچەییەوە جێگەی سەرسامی بوو، بەو پێیەی هەندێکیان هەوڵیان دەدا یان بەهیوای جێبەجێکردنی ئەو ئەزموونە بوون، لە نێویاندا عێراق[٤٢]، بەڵام هیچ کات بەرنامەکە لە عێراق بە گوێرەی ئەزموونە تاقیکراوەکان جێبەجێ نەکرا تەنها ئەوە نەبێت دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا هەوڵیان دا بەرنامەکە لە چوارچێوەی سنووردا ردا لە زیندانی بوکا کە دەکەوێتە پارێزگای بەسرە لە باشووری عێراق جێبەجێ بکەن، ئەویش لە ڕێگەی دابینکردنی وانەی ئایینییەوە بۆ گیراوەکان کە لە بەرنامە سعودیەکەدا هەیە[٤٣]، ئەم چالاکییە زۆر بەردەوام نەبوو، نزیکەی ساڵێک دوای دەستپێکردنیشی وەستا، چونکە جگە لەو تێبینییانەی کە لەگەڵ جێبەجێکردنیدا بوون، هەندێك کۆسپی تری لە ڕووی نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ دروست بوو، ئامادەنەکردنی کەسانی ئایینی بۆ ئەوەی بتوانن گفتوگۆ و ڕاوێژ پێشکەش بە دەستگیرکراوەکان بکەن، بە تایبەتی لەو کاتەوەی کە زۆربەیان سەرکردەی ڕێکخراوە توندڕەوەکانی وەک ئەلقاعیدە بوون و هیچ لایەنێکی فەرمیی عێراقییش لەوێدا نەبوو سەرپەرشتییان بکەن، تەنانەت کاتێك چەند ڕێکخراوێکی ئایینی کە هەوڵیان دا هاوشێوەیەکی ئەم بەرنامەیە جێبەجێ بکەن سەرکەوتوو نەبوون و لەم میانەیەشدا سەرۆکی گرووپی زانایانی عێراقی لە ساڵی ٢٠١٢ دا داواکارییەکی پێشکەش بە حکومەتی عێراق سەبارەت بە ئەگەری دەستپێکردنی بەرنامەیەکی لەو جۆرە کرد، بەڵام جەخت دەکاتەوە کە هیچ وەڵامێکی لە لایەن دەسەڵاتدارانی فەرمییەوە وەرنەگرتووە[٤٤].

دامەزراوە ئایینییەکان وکۆڕبەندییە فیقهییەکان لە عێراقدا پێیان وایە بوونی بەرنامەیەک بۆ ئامۆژگاریکردنی ئەوانەی تۆمەتبار کراون بە تیرۆریزم؛ کاریگەرییەکی بەرچاوی دەبێت لە سەر لاوازکردنی بیرۆکە توندڕەوەکانی ئەو کەسانەی کە هەوڵی جێبەجێکردنی چالاکییە تیرۆریستییەکان دەدەن، بەڵام پێشنیارەکە بەر دیواری خەمساردی و بێوەڵامیی لایەنە

فەرمییەکان کەوتووە[٤٥]، ڕەنگە هۆکاری سەرەکیی ئەمە ئەوە بێت دەسەڵاتداران شیعەن و گیراوەکان سوننە. هەروەها باوەڕێکی زاڵ هەبوو پێی وا بوو سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانە ئایینییەکان و کۆلێژەکانی شەریعە، بەڵام ئاستی زانستیی خوێندکاران و هەندێک لە شێخەکانیش لەوانەیە لە ئاستی جێبەجێکردنی ئەو جۆرە بەرنامەیەدا نەبێت و ئەمەش ساردکردنەوە و خەمساردیی لە جێبەجێکردنی زیاتر کرد[٤٦].

دەکرێت بگوترێت لەمپەرەکانی گواستنەوەی ئەزموونە سعودیەکە جگە لە هۆکاری تایفی، بە گشتی بریتی بوون لە نەبوونی کەشی گونجاو لەگەڵ نەبوونی پشتیوانیی حکومەت بۆ دروستکردنی شوێنی تایبەت، جگە لە نەبوونی پسپۆڕانی زانستی شەرعزانی کە بتوانن ئەم جۆرە بەرنامەیە جێبەجێ بکەن و لە نەبوونی پشتیوانیی حکومەتیشدا بۆ پەسەندکردنی پرۆژەکە؛ هاوشێوەی مەغریب و سعودیە شەرعزان و لایەنە ئایینییەکان نەیانتوانی هیچ بکەن[٤٧].

لە ساڵی ٢٠١٧دا، پەرلەمانتار فەرەح سەرڕاج سەردانی سعودیەی کرد و دەستپێشخەرییەکی عێراقی ڕاگەیاند بۆ سوودوەرگرتن لە بەرنامەی «ئامۆژگاری و چاودێری» لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئایدۆلۆژیای تیرۆریستییان لە سەربووە، هەروەها ڕایگەیاند سعودییەکان بۆ گواستنەوەی بەرنامەیەکی لەو جۆرە بۆ جێبەجێکردنی لە عێراق ئامادەی هاوکارین[٤٨]، بەڵام ئەمەش سەری نەگرت و هیچی نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە.

ڕاستەوخۆ دوای ڕاگەیاندنی شکستی سەربازیی داعش لە عێراق بە گرتنەوەی موسڵ، نوسینگەی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ (دەستەیەکی فەرمییە) لە ساڵی ٢٠١٨دا دەستپێشخەرییەکی ڕاگەیاند بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕاکێشانی منداڵ بۆ ناو داعش و کارکردن لە سەر ئەوانەی زووتر کاریان لە سەرکرابوو و دووبارە تێکەڵکردنەوەیان بە کۆمەڵگە[٤٩]، بەڵام ئەمەش لە لایەن دەوڵەتەوە سەری نەگرت، کۆمسیۆنەکەش هۆکاری ئەمە بۆ چەند شتێك دەگەڕێنێتەوە، لەوانەش سادەیی هەوڵەکان و ئاڵۆزییەکانی بەردەم پرۆژەکە و کێشە لە داڕشتنی میکانیزمەکان، لەگەڵ نەبوونی گرنگیدانی دەوڵەت بەم کەیسانە[٥٠].

## ده‌رئه‌نجام

به‌ پێی ئه‌و شرۆڤه‌ و زانیارییانه‌ی له‌ توێژینه‌وه‌که‌دا باس كراون، ده‌رده‌كه‌وێت خراپیی مه‌شق وڕاهێنان ونه‌بوونی لێهاتوویی كارمه‌ندانی هێزه‌ ئه‌منییه‌كانی عێراق به‌ ڕوونی كاریگه‌ریی له‌ سه‌ردۆخی زیندانه‌كانی وڵاته‌كه‌ داناوه‌، له‌ بریی ئه‌وه‌ی ئه‌م زیندانانه‌ دیواری پارێزه‌ربن، بوونه‌ته‌ شوێنی له‌باری به‌رهه‌مهێنانه‌وه‌ی ڕه‌گه‌زه‌ توندڕه‌وه‌كان، ئه‌مه‌ش به‌ هۆی سیاسه‌تی هه‌ڵه‌ی په‌یڕه‌وكراو له‌ ناو ئه‌و ناوه‌ندانه‌ی تایبه‌ت به‌ ده‌ستبه‌سه‌ركردنن، وه‌ک تێكه‌ڵبوون و قه‌ره‌باڵغی له‌ شوێنی ڕاگرتن و زیندانیكردن، په‌نابردن بۆ ئه‌شكه‌نجه‌دان و پێشێلكردنی مافه‌كانی مرۆڤ، ئه‌مه‌ش تووڕه‌یی به‌رده‌وام به‌رانبه‌ر به‌ حكومه‌ت و هێزه‌ ئه‌منییه‌كان به‌ گشتی دروست ده‌كات و بۆ سه‌رهه‌ڵدانه‌وه‌ی بیری توندڕه‌وی و یاخیگه‌رانه‌ له‌ ده‌وڵه‌ت و هێزه‌ ئه‌منییه‌كانی هه‌لومه‌رجێكی له‌باره‌. هه‌روه‌ها ئه‌وه‌ ده‌رده‌كه‌وێت نه‌بوونی چاره‌سه‌ری نائه‌منی بۆ چاككردنی تۆمه‌تبارانی تیرۆر به‌ ڕوونی كاریگه‌ریی له‌ سه‌ر تێكچوونی بارودۆخی زیندانه‌كان هه‌بووه‌، چ به‌ هۆی نه‌كردنه‌وه‌ی قوتابخانه‌ و خول و به‌رنامه‌ی هۆشیاری بێت، یان پڕۆگرامی هۆشیاركردنه‌وه‌ به‌ ڕاوێژكاری و هه‌ماهه‌نگی له‌گه‌ڵ ئه‌وقاف و لایه‌نه‌ ئاینییه‌كاندا سه‌باره‌ت به‌ ڕێكخستنی ئه‌و جۆره‌ به‌رنامانه‌. ده‌وڵه‌تی عێراق نه‌یتوانیوه‌ پڕۆگرامی جێگره‌وه‌ بۆ ئه‌شكه‌نجه‌دان و ده‌ستبه‌سه‌ركردن بدۆزێته‌وه‌، وه‌ک بنیاتنانه‌وه‌ و ئاماده‌كردنه‌وه‌؛ به‌ هۆی زۆر هۆكاره‌وه‌، له‌وانه‌ش: نه‌بوونی پسپۆڕی پێویست، پێداگریی حكومه‌ت له‌ جێبه‌جێكردنی به‌رنامه‌ی خۆی له‌ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی تیرۆر و توندڕه‌وی كه‌ له‌ سه‌ركرده‌ی سه‌ربازی و لێپێچینه‌وه‌ی ئه‌منی له‌ گیراوه‌كانی داعش بنه‌ڕه‌ته‌ به‌بێ گوێدانه‌ ئاماده‌كردنه‌وه‌ی فیكری تێوه‌گلاوان له‌ بیری ڕێكخراوه‌كه‌. هه‌روه‌ها ئه‌وه‌ش ده‌ركه‌وتووه‌ ئاماده‌سازیی شه‌رعزانی و عه‌قیده‌یی به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی داعش و له‌ عێراقدا توندڕه‌ویی لاوازن، چ هیی وه‌قفی سوننه‌ بن یان كۆلێژه‌كانی زانسته‌ ئیسلامییه‌كان و هه‌ندێك جاریش سه‌رچاوه‌ی كێشه‌كان ڕێكنه‌كه‌وتنی مه‌رجه‌عیه‌ته‌ سوننه‌كان و ناكۆكیی زۆریانه‌ به‌ هۆی نه‌بوونی ڕایه‌ڵێكی ناوه‌ندگه‌راییه‌وه‌ كه‌ كۆیان بكاته‌وه‌.

# سەرچاوەکان


١. هاوارد ضيه شاتزو إيرين إليزابيث جونسون (٢١٠٦)، الدولة الإسلامية التي عرفناها، https://www.rand.org/content/dam/rand/pubs/research_reports/RR1200/RR1267/RAND_RR1267z1.arabic.pdf

٢. بسمة فايد (٢٠١٩/١١/٣)، خريطة حواضن التطرف والإرهاب... العراق، https://www.europarabct.com/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82

٣. محمد اسماعيل (١٩٩٢)، الأساليب الحديثة في تدريب رجال الشرطة، المركز العربي للدراسات الأمنية والتدريب، الرياض، ص١٨.

٤. World Prison Brief : المرشد إلى حقوق الإنسان الأساسية لضباط التوقيف والاعتقال في العراق، https://www.prisonstudies.org/sites/default/files/resources/downloads/fco_handbook_final_arabic.pdf

٥. وزارة الداخلية (٢٠١٧/٣/٥)، تقرير مديرية مركز تأهيل الشرطة، https://www.youtube.com/watch?v=fcZMj3e38wg

6. Tim Arango (13\5\2012), U.S. May Scrap Costly Efforts to Train Iraqi Police, https://www.nytimes.com/2012/05/13/world/middleeast/us-may-scrap-costly-effort-to-train-iraqi-

٧. UNDP (تعزيز فاعلية الشرطة المحلية في العراق من خلال التدريب والتوجيه)، ٢٠١٨/٦/٩، https://www.iq.undp.org/content/iraq/ar/home/presscenter/pressreleases/2018/06

٨. بين المجازر واليأس، العراق بعد خمس سنوات، منظمة العفو الدولية، الصفحة (٢).

٩. كاظم سعدون محمد ( ٢٥ تموز/٢٠١٨)، أكثر من ٣٠٠ ألف موقوف عراقي بريء في ٣ سنوات، https://daraj.com/٧٤٩٠/

١٠. كتابات (٢٠ تموز/٢٠١٧)، العراق لن يعامل معتقلي داعش اسرى حرب، https://kitabat.com/news/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-

١١. سكاي نيوز عربية (٢٠١٧/٧/٢) الجيش العراقي يخير «الدواعش» بين «الموت أو الاستسلام»، https://www.skynewsarabia.com/middle-east/961164-

١٢. ناس نيوز (٢٠١٩/٤/١٤)، المباشرة بمحاكمة ٩٠٠ عراقي بتهمة الانتماء لـ داعش تسلّمتهم بغداد من قسد، https://www.nasnews.com/view.php?cat=10839

١٣. موقع ٢٤ (٢٠٢٠/٣/٢١)، كردستان تسلم المئات من معتقلي داعش إلى بغداد، https://24.ae/article/426917/

١٤. هيومن رايتس ووتش (٢٠١٧/٣/١٥)، العراق يحتجز المئات في ظروف مهينة، https://www.hrw.org/ar/news/2017/03/15/301063

١٥. دلوفان برواري وفريق استقصاء نينوى (٢٠٢٠/٦/٣٠)، العراق: أبرياء يحاكمون بتهم الإرهاب ورشى تبرئ أمراء «داعش»، https://daraj.com/51191/

١٦. مكتب الأمم المتحدة، إدارة شؤون السجناء المتطرفين العنيفيين، فينا _ نيويورك، ١٩١٧ صفحة (١٠).
١٧. المسلة (٢٠١٦/٣/١٠) العدل تنقل المحكومين بقضايا الإرهاب إلى جنوب وشمال العراق، https://almasalah.com/ar/NewsDetails.aspx?NewsID=27799
١٨. إيناس محمد، مصدر سابق.
١٩. المركز الأوروبي لدراسات مكافحة الإرهاب و الإستخبارات (٢٠٢٠/٧/٧) كيف ساهمت أجهزة الإستخبارات في صناعة قيادات الجماعات المتطرفة؟ سجن «بوكا»، https://www.europarabct.com/%D9%83%D9%8A%D9%81-؛ علي قيس (٢٠١٩/٥/١٣)، إرهابيون خلف القضبان... الخطر المقبل على العراق؟، https://www.irfaasawtak.com/iraq/2019/05/13/%D8%A5%D8%B1%D9%87%D8%A7
٢٠. دويجه فيله الألماني (٢٠١٩/١٢/٥)، سجن الحوت العراقي: «حوت» يقبع في «بطنه» أكبر عدد لسجناء داعش وأخطرهم في مكان واحد...، https://www.dw.com/ar/%D8%B3%D8%AC%D9%86-
٢١. الأخبار اللبنانية، (٢٠١٩/١٢/٤)، «داعش العراق» يجدّد نفسه: مخطّط لاقتحام السجون وتهريب المعتقلين!، https://al-akhbar.com/Iraq/280478
22. Jones, C. (2014). "When foreign fighters return: managing terrorists behind bar https://theconversation.com/when-foreign-fighters-return-managing-terrorists-behind-bars-31054
٢٣. كاظم الوائلي: نفس المصدر.
٢٤. نفس المصدر
٢٥. إيناس محمد راضي (٢٠١٣/٩/٢٣)، واقع السجون العراقية، http://law.uobabylon.edu.iq/service_showrest.aspx?pubid=5804
٢٦. نفس المصدر
٢٧. مقابلة مع مدير في دائرة الإصلاح التابعة لوزارة العدل، (طلب إخفاء هويته لاسباب أمنية) بتاريخ ٢٠٢٠/٩/٢٦.
٢٨. نفس المصدر
٢٩. مركز جنيف الدولي للعدالة (د.ت)، السجون العراقية: تقرير من داخل أروقة الموت، https://www.gicj.org/ar/2017-01-13-21-26-14/53-gicj-iraq_ar/tqryr-lmnzmt-gyr-lhkwmy/127-lsjwn-lrqy-tqryr-mn-dkhl-rwq-lmwt
٣٠. بي بي سي عربي (٢٠١٠/١٠/٢٣)، «القوات الامريكية تجاهلت انتهاكات حقوق الانسان في سجون الحكومة العراقية»، https://www.bbc.com/arabic/worldnews/2010/10/101023
ألترا عراق (٢٠١٩/٤/١٢)، حقوق الإنسان تؤشر على انتهاكات جسيمة في بعض سجون العراق، https://ultrairaq.ultrasawt.com/%D8%AD%D9%82%D9%88%D9%82-
٣١. ألترا عراق (٢٠١٩/٤/١٢)، حقوق الإنسان تؤشر على انتهاكات جسيمة في بعض سجون العراق، https://ultrairaq.ultrasawt.com/%D8%AD%D9%82%D9%88%D9%82-.
٣٢ (( المنظمة العربية لحقوق الإنسان في بريطانيا (٢٠١٩/٥/١٢)،

ملف انتهاكات السجون العراقية يعود إلى الواجهة، https://aohr.org.uk/ar/%D8%B4%D9%83%D8%A7%D9%88%D

٣٣. ميدل أيست أون لاين (٢٠٠٣/٥/٢٣)، بريمر يعلن حل القوات المسلحة العراقية، https://middle-east-online.com/%D8%A8%D8%B1%D9%8A%D9%85%

٣٤. مجلس النواب، دستور جمهورية العراق، https://ar.parliament.iq/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D9%88%D8%B1-

٣٥. عمر النداوي و مايكل نايتس (٢٠١٨/٢/٢٢)، الميليشيات في قوات الأمن العراقية: السياق التاريخي والخيارات الأمريكية، https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/view/militias-in-iraqs-security-forces-historical-context-and-u.s.-options

٣٦. مقابلة مع كاظم الوائلي، خبير استراتيجي، مستشار سابق للتحالف الدولي ٢٠٢٠/٩/٢٧.

٣٧. سلمان السويدي، مصدر سابق

٣٨. map express (٢٠١٧/٨/٢٤) ، برنامج "مصالحة" لفائدة المدانين في قضايا التطرف، http://www.mapexpress.ma/ar/actualite/%D8%A8%D8%B1%D9%86%D8%A7%D9

٣٩. وكالة الأناضول (٢٠١٩/١١/٢٨)، باحث مغربي يدعو إلى تطوير برنامج «مصالحة» لتأهيل سجناء الإرهاب (مقابلة)، https://www.aa.com.tr/ar/%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%82%D8%A7%D8%B1

40. Sara Brzuszkiewicz, (28\4\2017) Saudi Arabia: the de-radicalization program seen from within, https://www.ispionline.it/en/pubblicazione/saudi-arabia-de-radicalization-program-seen-within-16484

٤١. المصدر السابق

٤٢. الشروق (٢٠١٢/١٢/٢٤) ١١ دولة من بينها مصر طلبت الاستفادة من تجربة «المناصحة» السعودية، https://www.shorouknews.com/news/view.aspx?cdate=24122012&id=29eecdf9-ce40-43a0-a075-24debee82946 .

٤٣. إيلاف (٢٠٠٨/٢/١٦) القوات الأمريكية تطبق برنامج المناصحة السعودي على المعتقلين بالعراق، https://elaph.com/amp/Web/NewsPapers/2008/2/304616.html

٤٤. مقابلة مع رئيس جماعة علماء العراق الدكتور خالد الملا، بغداد، ٦ تشرين الأول/٢٠٢٠.

٤٥. مقابلة مع الدكتور مصطفى البياتي، ضمن علماء المجمع الفقهي العراقي، بغداد، بتاريخ/ ١٧ أيلول/٢٠٢٠.

٤٦. مقابلة مع الدكتور رئيس جماعة علماء العراق، الدكتور خالد الملا، بتاريخ ٦ تشرين الأول/٢٠٢٠.

٤٧. المقابلة ذاتها.

٤٨. الشرق الأوسط (٢٠١٧/٣/٢٩) نائبة عراقية: نسعى لاستنساخ برنامج المناصحة السعودي، https://aawsat.com/home/article/889136/%D9%86%D8%A7%D8%A6%D8%A8%D8

٤٩. مقابلة مع فاضل الغراوي، عضو مفوضية حقوق الإنسان، بغداد،٢٠٢٠/١٠/٥،

٥٠. المصدر نفسه.

# پێداچوونەوەیەك بە ڕەوشی ژیان و ئاستەنگەکانی بەردەم کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان



**سەنگەر یوسف سالح/ مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین و توێژەر لە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی**

## بەرایی

هەنووکە بە هۆی چالاکی وبەدواداچوونی بەردەوامی ڕێکخراو و دامەزراوەکانەوە، بابەتی کرێکارانی بیانی و ڕەوشی ژیان و مافەکانیان و چۆنیەتی مامەڵەکردنی دامودەزگا حکومی و کەرتی تایبەت لەگەڵیاندا زیاترلە ساڵانی پێشوو گرنگیی بەخۆوە بینیوە ولە هەرێمی کوردستانیش هەوڵەکانی چالاکوانان وڕێکخراوەکانی ئەم بوارە بۆباشترکردنی ڕەوشیان لە ڕێگەی گونجاندن و دەرکردنی یاسای تایبەت بە مافەکانیان بەردەوامیی هەیە. لە لایەکەوە گۆڕانکارییە خێراکانی هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پێویستیی زیاتری کۆمپانیا و دامەزراوە ناحکومییەکان بە دەستی کاری بیانی وای کردووە چیتر یاسا کۆنەکانی سەبارەت بە ڕەوشی ماف وژیانی ئەم توێژە وەڵامدەرەوەی دۆخی هەنووکەییان نەبێت و پێویستی بە پێداچوونەوەی زیاتر و وردتر هەبێت. لەم توێژینەوەدا هەوڵ دراوە گوزەرێك بە ڕەوشی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕێگەی خستنەڕووی ئامارو داتاکان بدرێت و ئاماژە بەوهەوڵانە بکرێت کە لە پێناوی باشترکردنی ژیانیان ئەنجام دراوە.

## بابەتی کرێکارانی بیانی: ئاڵۆز و فرەڕەهەند

گەشەسەندنی خێرای جیهانگیریی ئابووری ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر زیادبوون و چۆنیەتیی دابەشبوونی کرێکارانی بیانی[١] لە سەرئاستی نێودەوڵەتی. لە ئێستادا وا پێدەچێت کە ئاڕاستەی ژمارەی کرێکارانی بیانی لە هەرکاتێکی تر زیاتر ڕوو لە هەڵکشان بێت. بە پێی خەمڵاندنەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، ژمارەی کرێکارانی بیانی لە سەر ئاستی جیهان لە ساڵی ٢٠١٣دا بریتی بووە لە ١٥٠ ملیۆن کرێکار، لە ساڵی ٢٠١٧دا ئەم ژمارەیە دەبێتە ١٦٤ ملیۆن و ژمارەکە لە ساڵی ٢٠١٩دا بەرز دەبێتەوە بۆ ١٦٩ ملیۆن[٢]، ئەمەش وا دەکات ڕەوشی ژیانی کرێکارانی بیانی و پاراستنی مافەکانیان زیاتر ببێتە بابەتی گفتوگۆ و جێی سەرنجی دامودەزگا و کارەکتەرە فەرمی و نافەرمییەکان، نەك تەنها لە ڕووی چوارچێوەی یاسا و داڕشتنی سیاسەتی تایبەت بە کرێکارانی بیانی، بەڵکوو لە ڕووی دانانی پلان و میکانیزمی بەدواداچوون و چاودێریکردنی چۆنیەتیی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسا نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان.

قسەکردن دەربارەی کرێکارانی بیانی بابەتێکی فرەڕەهەندە و مشتومڕئامێزیشە، فرەڕەهەندە لە ڕووی ئەو بوارانەی کە پەیوەستن بە خودی ژیان و گوزەرانی کرێکارانەوە و چۆنیەتیی پاراستنی مافەکانیان، فرەلایەنیشە لە ڕووی ئەو دامەزراوە و کارەکتەرانەی کە کار دەکەن و بەرپرسیارن لە کەیسی کرێکارانی بیانی چ لە سەرئاستی نیشتمانی یان نێودەوڵەتی. لە هەمان کاتدا بابەتی کرێکارانی بیانی بابەتێکی مشتومڕئامێزە لە ڕووی پێویستی هەبوونی کرێکارانی بیانی لە وڵاتێکی دیاریکراو، مشتومڕەکانیش پەیوەندیدارن بە کاریگەری و دەرهاویشتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی کرێکارانی بیانی، هەم لە سەرکۆمەڵگای ڕەسەن (Original country)، هەم لە سەرکۆمەڵگای خانەخوێ (Host country)، ئەمەش وای کردووە کە بابەتی کرێکارانی بیانی و پرۆسەی کۆچکردن و مانەوەیان لەو وڵاتەی کە بۆی دەچن؛ ببێتە بابەت و پرۆسەیەکی تا ڕادەیەك ئاڵۆز، وە پێویست بەوە دەکات کە توێژەران و سیاسەتداڕێژەران و بڕیاربەدەستان بە بەردەوامی توێژینەوە و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن، بە تایبەتی لەو ڕووەوە کە ئەم گرووپە لە کرێکاران بە گرووپێکی لاواز و پەراوێزخراو هەژمار دەکرێت.

ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا لە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕوویان دا، وای کردووە هەرێمی کوردستان ببێتە وێستگەیەك کە کرێکارانی بیانی ڕووی تێ بکەن. هەربۆیەش ژمارەیەکی بەرچاو لە کرێکارانی بیانی لە سێکتەرە جیاوازەکانی بازاڕی کار

لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن و بوونەتە بەشێکی بەرچاو لە هێزی کار. لێرەوە توێژینەوە و بەدواداچوون لە سەر ئەم گرووپە لە کرێکاران گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، بە تایبەتی لەو ڕووەوەی کە مادام ڕێگە بە هاتنیان دەدرێت بێنە هەرێمی کوردستانەوە؛ پاراستنی مافەکانیان دەبێتە ئەرك و بەرپرسیارێتی، ئەمەش کاریگەریی هەیە لە سەرناو و ناوبانگی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ڕووی پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە. بۆیە بەرهەمهێنانی مەعریفە و تیشکخستنەسەر ڕەوشی ژیانی کرێکارانی بیانی لە ڕووی چوارچێوەی یاسایی و میکانیزمەکانی بەدواداچوون و چاودێریکردنی پاراستنی مافەکانی ئەم گرووپەوە، بەشێکی ئەرکی توێژەرانە و ئەم نووسینەش هەوڵێکە بەو ئاڕاستەیەدا.

شیکردنەوە و خستنەڕووی زانیارییەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە پێداچوونەوەی ئەو توێژینەوە و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانی و دۆکیۆمێنتە فەرمییانەی کە بەردەستن و توێژەر دەستی کەوتوون، هەروەها ئەنجامدانی ١١ چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومی، نوێنەری سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان، چالاکانی کۆمەڵی مەدەنی و چەند کرێکارێکی بیانی کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، ئەمە جگە لە دەستکەوتنی چەند زانیارییەکی پەیوەندیدار لە گفتوگۆکانی وۆرکشۆپێکی تایبەت بە کرێکارانی بیانی کە لە شاری هەولێر لە مانگی ئایار ڕێك خرابوو.

## چوارچێوەی یاسایی بواری کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان

لە ساڵی ١٩٩٠دا کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ١٥٨/٤٥ ڕێککەوتننامەی تایبەت بە کرێکاری کۆچبەری پەسەند کرد، کە تێیدا جەخت دەکاتە سەر پاراستنی مافەکانی کرێکاری کۆچبەر و ئەندامانی خێزانەکانیان کاتێک لە وڵاتێکی تر دەژین. ڕێککەوتننامەکە پاش ١٣ ساڵ لە دەرچوونی، لە ساڵی ٢٠٠٣دا چووە بواری جێبەجێکردنەوە. هەرچەندە دەکرێت ڕێککەوتننامەکە بە هەنگاوێکی گرنگ هەژماربکرێت لە سەرئاستی نێودەوڵەتی بۆپاراستنی مافی کرێکاری بیانی وکۆچبەر، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم ڕێککەوتننامەیە بە بەراورد بە ڕێککەوتننامەکانی تری پارستنی مافی چینوتوێژە جیاوازەکان کەمتر ناسراوە و وڵاتان کەمتر بەدەنگەوەچوونیان بۆی هەبووە. عێراق یەکێکە لەووڵاتانەی کە تا ئێستا پابەندبوونی خۆی بۆ ئەم ڕێککەوتننامەیە دووپات نەکردووەتەوە و واژووی لە سەر نەکردووە[٣]. لەم چوارچێوەیەدا هەرێمی کوردستانیش هیچ

پابەندبوونێکی نییە بۆ ئەم ڕێککەوتننامەیە، چونکە هەرێم وەک بەشێک لە عێراق هەژمار دەکرێت و دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە.

لە عێراق یاسایەکی تایبەت بە کرێکاری بیانی بوونی نییە، بەڵام لە یاسای کاری عێراقیی ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧دا[٤]، لە مادەی (٢٣)دا، ئاماژە بەوە دراوە کە هاتن و کارکردنی کرێکارانی بیانی دەبێت بە پێی چەند ڕێنمایی و ڕێکارێکی تایبەت بێت کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەریدەکات. لە سەربنەمای ئەم بەندە یاساییە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی عێراق ڕێنمایی ژمارە (١٨)ی دەرکردووە لە ساڵی ١٩٨٧ کە لە ١٢ مادە پێک دێت و بە پێی ئەم ڕێنماییە مامەڵە لەگەڵ کرێکاری بیانی دەکرێت لە عێراق.

هاوشێوەی عێراق، لە هەرێمی کوردستانیش تا ئێستا یاسایەکی تایبەت نییە بۆ پاراستن و مسۆگەرکردنی مافی کرێکاری بیانی. بەڵام لە چوارچێوەی هەندێک یاسا و ڕێنمایی تر باس لە کرێکاری بیانی کراوە. یاسای ژمارە (٤)ی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٦ کە بە یاسای وەبەرهێنان ناودەبرێت[٥]، یەکێکە لەو چوارچێوە یاساییانەی کە پەیوەندیدارە بە کرێکاری بیانی. لە دەروازەی دووەمی یاساکە و لە بەشی سێیەم، باس لەوە دەکرێت کە وەبەرهێن مافی ئەوەی هەیە کە دەستی کاری بیانی لە پرۆژەکانیدا وەگەڕبخات لە هەرێمی کوردستان. بە دیاریکراوی، مادەی حەوت، بەندی دووی یاساکە دەڵێت: «وەبەرهێن بۆی هەیە کاربە کرێکاری خۆجێیی و بیانیی پێویست بۆ پرۆژەکە بکات لەگەڵ پێشخستنی کرێکاری خۆماڵی لە کارپێکردندا، بە پێی یاساکانی کارلە هەرێمدا.» لە هەمان مادەدا (واتە مادەی حەوت)، بەڵام لە بەندی چوار، باس لە مافی کرێکاری بیانی دەکات سەبارەت بە چۆنیەتیی مامەڵەکردن بەو پارەیەی یان کرێیەی کە وەریدەگرێت، هەروەک دەڵێت: «کرێکارە ناعێراقییەکانی پرۆژەکە و ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێمدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، بۆیان هەیە پارە و کرێیەکانیان بۆ دەرە ڕەوانە بکەن.»

پاڵپشت بە مادەی (٢٣) لە یاسای کاری عێراقیی ژمارە (٧١)ی ساڵی (١٩٨٧)، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە چەند ڕێنماییەکی دەرکردووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کرێکاری بیانی، یەکێك لەم ڕێنماییانەش بریتییە لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ کە لە (٢٨) مادە پێک دێت و جەخت دەکاتە سەرڕێکارەکانی هێنانی کرێکاری بیانی و ڕێکخستنی ئەرک و مافی ئەم توێژە. لە مادەی دووەمی ڕێنماییەکەدا (لە بەندی یەکەم) هاتووە کە: «مۆڵەتی هێنانی کرێکارلە لایەن وەزیرەوە یان هەرکەسێکی ڕێپێدراولە لایەن وەزیرەوە؛ دەدرێتە کۆمپانیا دوای دەستەبەرکردنی مەرجەکانی هاتوو لەو

ڕێنماییە.» هەروەها لە مادەی چواری ڕێنماییەکەدا هاتووە کە: «نابێت خاوەنکار لە کەرتی تایبەت و تێکەڵاو و هاریکاری کار بە هیچ بیانییەک بکات ئەگەر مۆڵەتی کارکردنی بەدەست نەهێنابێت بە پێی ئەو مەرج و ڕێکارانەی لەو ڕێنماییە دیاری کراون»[٦].

گرنگە سەرنجی ئەو هەوڵ و گۆڕانکارییە یاساییانە بدرێت کە لە ساڵانی ڕابردوودا ڕوویان داوە و پەیوەستن بە کرێکارانی بیانییەوە. ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، لە ژمارە ٢٩٥ی وەقایعی کوردستان[٧] بڵاوکرایەوە، یەکێکە لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخستنی چۆنیەتیی سوودوەرگرتن لە کرێکارانی بیانی. ڕێنماییەکە تەنها تایبەتە بە کرێکارانی پرۆژەکان و ئەو کرێکارانە ناگرێتەوە کە کارمەندی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە حکومی و ناحکومییەکان، نێردراوە دیپلۆماتکارەکان و کونسوڵخانەکانن، هەروەها ئەو بیانییانەش کە لای حکومەت کار دەکەن. هەروەك لە مادەی (١٨)ی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە، ئەو کرێکارە بیانییانەی کە وەك خزمەتکار لە ناو ماڵەکان کار دەکەن، بەدەر دەبن لەم ڕێنماییە. ناوەڕۆکی مادەکانی ئەم ڕێنماییە دەریدەخات کە حکومەتی هەرێم دەیەوێت هاتنی کرێکارانی بیانی سنووردار بکات و سوود لە توانای مرۆیی و کارامەیی ناوخۆ وەربگرێت. هەروەك لە مادەی دووەم لە بڕگەی یەکەم هاتووە کە: «لە پرۆژەکانی بازاڕ و کەرتی تایبەت و پرۆژە هاوبەشەکانی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا ئەولەویەت بە هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان دەدرێت بە جۆرێك کە بە لایەنی کەمەوە ڕێژەی (٧٥٪)ی دەستی کاری پرۆژەکان لە هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان دەبن.» لە بڕگەی دووەمی هەمان مادەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ڕێژەی دەستی کاری بیانیی پرۆژەکان لە هیچ بارێکدا نابێت لە ٢٥٪ تێپەڕبکات. هەر لە ڕێنماییەکەدا ئاماژە بە هەندێك ڕێکار کراوە کە خاوەنکار دەبێت پابەندی بێت هەر لە چۆنیەتیی داواکردنی دەستی کار و جۆری کارامەیی تا بەدواداچوون و دیاریکردنی سزای سەرپێچییەکان بە پێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان، کە مەبەست لێیان هەریەك لە یاسای کار و یاسای وەبەرهێنان و ڕێنمایی تایبەت بە هێنانی کرێکاری بیانیی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٥)یە. گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم ڕێنماییە جێگرەوەی هیچ ڕێنماییەکی تر نییە کە پێشتر دەرچووە، بەڵکوو بە تەواوکەری ڕێنماییە بەرکارەکان دادەنرێت.

هەر لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە فەرمییەکانی تر سەرقاڵی داڕشتنی ڕەشنووسێك

بوون بۆ «یاسای کار» کە وەك یاسایەکی نوێ ببێتە جێگرەوەی یاسای کاری ژمارە ٧١ی ساڵی ١٩٨٧ کە لە هەرێمی کوردستان بەرکارە. هەرچەندە ڕەشنووسی یاسا نوێیەکە لە پەرلەمانی کوردستان لە ١ی ئازاری ٢٠٢٣دا دەنگی لە سەردرا، بەڵام تا ئێستاش بە فەرمی لە وەقایعی کوردستان بڵاو نەکراوەتەوە بۆ ئەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. یاسا نوێیەکە ئەگەربڵاوبکرێتەوە وبچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هاوشێوەی یاسای ژمارە ٧١ پەیوەندیدارە بە کرێکارانی بیانی. بە پێی ڕەشنووسێکی یاساکە کە نووسەری ئەم بابەتە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەستی کەوتووە و ناتوانرێت وەك دوا کۆپیی یاسا دەنگلەسەردراوەکە تەماشا بکرێت، بەشێکی تایبەت لەم یاسا نوێیە چاوەڕوان دەکرێت تایبەت بێت بە کرێکارانی بیانی. ئەمە جگە لەوەی کە زۆرێك لە مادە و بەندەکانی یاساکە هاوشێوەی یاسای ژمارە ٧١ی ساڵی ١٩٨٧ بەسەرکرێکارانی بیانییش جێبەجێ دەبن. بە پێی ڕەشنووسەکە بێت، هاوشێوەی یاسا کۆنەکە دەسەڵات بە وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات کە ڕێنمایی تایبەت بە کرێکارانی بیانی دەربکات. ئەمە جگە لەوەی چەند مادەیەکی تایبەت بە کرێکارانی بیانی لە ڕەشنووسی یاسا نوێیەکە جێی کراوەتەوە و باس لە پێویستیی هەبوونی گرێبەستی کارو پابەندکردنی خاوەنکارو هەبوونی مۆڵەتی کارکردن و ئەوسزایانەش دەکات لە کاتی سەرپێچیکردنی بەندە یاساییەکان. ئەگەر ڕێکەوتی ئەم ڕەشنووسە و یاسای ژمارە ٧١ بکەین، دەتوانین بڵێین بە پێی ڕەشنووسەکە بێت چاوەڕوان دەکرێت چوارچێوەی یاسایی مافی کرێکارانی بیانی باشتربێت بەراورد بە ڕابردوو، بەڵام هێشتاش کەلێن وکەموکوڕیی یاسایی پەیوەست بە کرێکارانی بیانی هەیە. پاش پەسەندکردنی ڕەشنووسی یاساکە لە پەرلەمانی کوردستان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە لە بواری کرێکاران کاردەکەن، سەرنجی خۆیان خستە ڕوو. سەرنجی ڕێکخراوەکان پەیوەستە بە پێویستیی هەبوونی یاسای تایبەت بە کرێکارانی بیانی، یاخود جێکردنەوەی سەرجەم بوارو بابەتەکانی پەیوەست بە کرێکاری بیانی لە چوارچێوەی یاسای کاربە شێوەیەکی باشترلەوەی کە ئێستا دەنگی لە سەردراوە[٨].

## کرێکارانی بیانی چۆن دێن وژمارەیان چەندە؟

بە پێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ولە پێناو مسۆگەرکردن وپاراستنی مافەکانیان، دەبێت کرێکارانی بیانی لە ڕێگای یاداشتی لێکتێگەیشتنی نێوان هەردوو وڵاتی ڕەسەن و خانەخوێوە یان لە ڕێگای بریکاری فەرمییەوە هاتوچۆیان ڕێك بخرێت[٩]، بەڵام وا دیارە

ئەمە بۆ هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە نییە، کرێکارانی بیانی لە ڕێگای وڵاتانی سێیەمەوە دەتوانن بگەنە هەرێمی کوردستان. سەرەڕای ئەوەی کە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ڕێکاری فەرمیی دیاری کردووە بۆ چۆنیەتیی هێنانی دەستی کاری بیانی[١٠]، بەڵام زیاترلە ڕێگایەک ولە ناویشیاندا ڕێگای نایاسایی هەیە بۆ هێنان و هاتنی کرێکاری بیانی بۆ هەرێمی کوردستان. هەر ئەمەش وای کردووە نەك تەنها دەیتا و ئامارەکانی پەیوەست بە کرێکارانی بیانی ورد و دروست نەبن، بەڵکوو بووەتە هۆکاری ئەوەی کە کرێکارانی بیانی تووشی چەندین جۆری پێشێلکردنی مافەکانیان ببنەوە[١١].

نەبوونی دەیتا و ئاماری ڕاست و دروست دەربارەی کرێکارانی بیانی، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ڕێکخستنی بواری کرێکارانی بیانیی لە هەرێمی کوردستان ئاڵۆز کردووە. لە کاتێکدا کرێکارانی بیانی و کۆچبەر تەنها بە یەك ڕێگا ناگەنە هەرێمی کوردستان و تەنها یەك دامودەزگای دیاریکراویش چاودێری و سەرپەرشتیی پرۆسەی هاتن و چوونەوەیان ناکات، بۆیە کێشە لە ڕێکخستن و ئیدارەدانی کەیسی کرێکارانی بیانی هەیە. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان وەك دامەزراوەیەکی فەرمیی حکومی بەرپرسی سەرەکییە لە ڕێکخستن و ئیدارەدانی بەشێکی زۆری ئەوکرێکارە بیانییانەی کە دێنە هەرێمی کوردستان. زۆرینەی کرێکارانی بیانی، بە دیاریکراوییش کرێکاری پرۆژەکانی وەبەرهێنان و گەشتوگوزاری و خزمەتکارانی پاککەرەوە و کرێکارانی ناو ماڵان، لە ڕێگای کۆمپانیاکانی هێنانی دەستی کاری بیانییەوە کە مۆڵەت لە وەزارەتی کاروەردەگرن؛ دەگەنە هەرێمی کوردستان. بە پێی ئەو دەیتایەی کە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەدەست هاتووە[١٢]، لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٧)ەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢، (١٩٦) کۆمپانیا مۆڵەتی فەرمییان وەرگرتووە لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بۆهێنانی دەستی کاری بیانی. لەم ژمارەیە، ٦٤ کۆمپانیایان کاران وکاردەکەن لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی ودهۆک، ٧١ کۆمپانیا ڕاگیراون، ٥٢ کۆمپانیاش تا ئێستا هەڵوەشاونەتەوە وکۆمپانیای تری دەستی کارتەبەنیی ئەوکرێکارانەی کردووە کە پێشترلە لایەن ئەم ٥٢ کۆمپانیایەوە هێنراون. هەروەها حەوت کۆمپانیاش خراونەتە لیستی ڕەشەوە، لە بەرئەوەی پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کارنەبوون. جگە لە دوو کۆمپانیای ناچالاك کە یەك لە پارێزگای سلێمانییە و ئەوی تریش لە پارێزگای دهۆکە. هەرچی پەیوەستە بە جۆر وژمارەی کرێکارانی بیانییەوە کە لە ڕێگای وەزارەتی کارهاتوونەتە هەرێمی کوردستانەوە، لە خشتەی ژمارە (١)دا بە پێی ساڵ خراوەتە ڕوو.

## خشتەی ژمارە (١)

### ئاماری ساڵانەی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان نیشان دەدات

| ساڵ | ئاماری ساڵانەی کرێکاری بیانی | | کۆی هەرساڵێک |
|---|---|---|---|
| | خزمەتکارانی ناو ماڵ | کرێکاری پرۆژە | |
| ٢٠٠٨-٢٠٠٧ | (٪٤٩)٤٩١ | (٪٥١) ٥١٢ | ١٠٠٣ |
| ٢٠٠٩ | (٪٢٨) ٤٧٤ | (٪٧٢)١٢٢٢ | ١٦٩٦ |
| ٢٠١٠ | (٪٢٩) ٦٣٩ | (٪٧١) ١٥٤٩ | ٢١٨٨ |
| ٢٠١١ | (٪٢٤) ٧٤٤ | (٪٧٦) ٢٣٧٤ | ٣١١٨ |
| ٢٠١٢ | (٪٢٥) ٧٤٤ | (٪٧٥) ٥٣٤٥ | ٧١٢٩ |
| ٢٠١٣ | (٪٤٧) ٢٩٤٢ | (٪٥٣) ٣٣٢٠ | ٦٢٦٢ |
| ٢٠١٤ | (٪٥١) ٤٤٣٥ | (٪٤٩) ٤٣١٣ | ٨٧٤٨ |
| ٢٠١٥ | (٪٥١) ٥١٦٩ | (٪٤٩) ٥٠٠٧ | ١٠١٧٦ |
| ٢٠١٦ | (٪٧٥)٣٨٨٢ | (٪٢٥) ١٢٧٢ | ٥١٥٤ |
| ٢٠١٧ | (٪٧٥.٥) ٢٨٥١ | (٪٢٤.٥) ٩٩٢ | ٣٨٤٣ |
| ٢٠١٨ | (٪٨٩) ٣٣٣٧ | (٪١١) ٤٢٥ | ٣٧٦٢ |
| ٢٠١٩ | (٪٩٣) ٦٣٥٨ | (٪٧) ٤٦٦ | ٦٨٢٤ |
| ٢٠٢٠ | (٪٩٩.٨) ٣٦٨١ | (٪٠.٢) ٧ | ٣٦٨٨ |
| ٢٠٢١ | (٪٩٧.٨) ٨٣٧٣ | (٪٢.٢) ١٨٧ | ٨٥٦٠ |
| ٢٠٢٢ | (٪٩٨.٥) ٧٠٣٩ | (٪١.٥) ١٠٩ | ٧١٤٨ |
| کۆی گشتی | ٤٥،١٥٠ | ٢٦،٩٩١ | ٧٢،١٤١ |
| | ٧٢،١٤١ | | |

**سەرچاوە:** بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی

لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە لە دوای ساڵی (٢٠١٧)ەوە ژمارەی کرێکارانی پرۆژەکان کە لە ڕێگای وەزارەتی کارەوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان؛ بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم بوونەتەوە، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ ئەو پلان و ڕێنماییانەی کە حکومەتی هەرێم دەریکردووە بۆ سوودوەرگرتنی زیاتر لە دەستی کاری ناوخۆیی و سنووردارکردنی هێزی کاری دەرەکی. کرێکارانی بیانی لە زیاتر لە ٢٥ وڵاتی جیاوازەوە دێنە هەرێمی کوردستان کە

زۆرینەیان خەڵکی وڵاتانی کیشوەری ئاسیان.

بە پێی دەیتا و ئامارەکانی وەزارەتی کاربێت، تا ئێستا ٧٢،١٤١ کرێکاری بیانی لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٧)ەوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، بەڵام دیار نییە کە چەند لەم کرێکارانە لە ئێستادا لە کوردستانن، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە: ١. دەیتابەیسێکی تایبەت و گشتگیر بە کرێکارانی بیانی بوونی نییە کە بەردەوام ئەپدەیت بکرێتەوە بە پێی هاتنی کرێکاری تازە و ڕۆیشتنەوەی ئەو کرێکارانەی کە پێشتر هاتوونەتە هەرێمی کوردستان. ٢. لە هەندێك باردا (ئەگەر ژمارەیەکی کەمیش بێت) ئەو کرێکارانەی کە بە فەرمی دێنە هەرێمی کوردستانەوە، چ بە ویستی خۆیان یاخود لە ڕێگای بازرگانیپێوەکردنەوە؛ دەبرێنە ناوچەکانی تری عێراق. هەندێك لەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردن بۆ ئامادەکردنی ئەم نووسینە، ئەوەیان نەشاردەوە کە دەستبەسەرداگرتنی پاسپۆرت و دۆکیۆمێنتەکانی کرێکارانی بیانی (کە پێشێلکردنی مافەکانیانە)، بەشێکی پەیوەندیی بە ترسی هەڵهاتن و بازرگانیپێوەکردنەوە هەیە.

جگە لەو کرێکارانەی کە بە ڕێگای کۆمپانیاکانی هێنانی دەستی کاری بیانی و لە ژێر چاودێریی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە دەگەنە هەرێمی کوردستان، بەشێکی تری کرێکارانی بیانی لە ڕێگای وەزارەتی ناوخۆ و بە ڤیزای سەردان دێنە هەرێمی کوردستان، ئەمانەش بە زۆری ئەو کرێکارانە دەگرێتەوە کە زۆر جار بە هۆی پێویستیی خێرایی کۆمپانیا گەورەکان یاخود کۆمپانیاکانی بواری نەوت دەبێت لە ماوەیەکی کورتدا بگەنە هەرێم بۆ ئەنجامدانی کارێک. هەربۆیەش وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگای پێدانی ڤیزاوە ڕێگا دەدات ئەم کرێکارانە زوو بتوانن بگەنە هەرێم و دەست بە کارەکانیان بکەن. ئەگەرچی پێشتر جۆرێك لە کەلێن هەبووە لە پرۆسەی هاتنی ئەو کرێکارانەی کە بە ڕێگای وزارەتی ناوخۆ دەهاتن و ڕێگای خۆش دەکرد بۆ قۆرخکردن و پێشێلکردنی مافی ئەو کرێکارانە[١٣]، بەڵام بە پێی ئەو دەیتا و زانیارییانەی کە بۆ ئەم نووسینە کۆ کراونەتەوە، دەردەکەوێت کە پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاریی ڤیزا لە ئێستادا کراوە بە ئۆنلاین و دەرفەتی قۆرخکردنی تێدا سنووردار کراوە.

ئەوەی جێگەی تێبینییە ئەوەیە کە تا ئێستاش نازانرێت ژمارەی تەواوی ئەو کرێکارانە چەندە کە لە ڕێگای وەزارەتی ناوخۆوە هاتوونەتە هەرێم، بەڵام ئەگەر گریمانەی ئەوە دابنرێت کە ئەو کرێکارە بیانییانەی کە لە کەرتی نەوت و گازی کوردستان کاردەکەن و بە گشتی لە ڕێگای وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمەوە هاتوون، ئەوا ژمارەی کرێکارانی بیانی لە کەرتی

نەوت وگازی کوردستان تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ بە ژمارە (٣٧٣٤) کرێکاربووە. بە پێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم، تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٤، بە ژمارە (١٦٣٩) کرێکاری بیانی لە (٢٦) کۆمپانیای سەرکارو (٢٠٩٥) کرێکاری بیانی دیکە لە کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاریی بواری نەوت وگازلە هەرێمی کوردستان کاریان کردووە. لە ڕووی ڕەگەزنامەی کرێکارانی بیانییەوە، کرێکاری (٦٠) وڵات لە کۆمپانیا سەرکارەکان وکرێکارانی (٦٧) وڵات لە کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکانی نەوت کاردەکەن کە زۆرینەیان هاوڵاتیی وڵاتانی وەک میسر، بەریتانیا، هیند، ئەمەریکا، مۆڵدۆڤیا، پاکستان، ڕۆمانیا، چین، سووریا، کەنەدان. ئەگەر ئەوژمارەیە لە ڕابردوودا هەرچەند بووبێت، لە ئێستادا دەبێت ژمارەکە کەمی کردبێت بە هۆی ئەوەی کە چەند کۆمپانیایەکی نەوت لە چەند ساڵی ڕابردوودا کارکردنیان لە هەرێمی کوردستان هەڵپەسارد وکرێکارەکانیان کارەکانیان لەدەست دا.

هەندێک جار کرێکاری بیانی بە ڕێگای نایاسایی دەگەنە هەرێمی کوردستان. ئەم جۆرە کرێکارانە زیاتر ئەوکرێکارانە دەگرێتەوە کە هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتانی دراوسێن، بەتایبەتییش ئێرانی وتورکی کە بە هۆی هاوسنوورییان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەتوانن خاڵە سنوورییەکان ببڕن و بە نایاسایی بگەنە ناو هەرێمی کوردستان. جگە لەمانە، وا دیارە هاوڵاتییانی وڵاتانی تری بیانییش بە ڕێگای نایاسایی هەوڵی پەڕینەوە لە سنوورەکان دەدەن. لە کاتێکدا ئەم کەسانە بە فەرمی نایەنە ناوهەرێم، بۆیە ئەگەری زۆرە یان لە کاتی پەڕینەوە لە خاڵە سنوورییەکان، یان لە هەرکاتێکدا لە ناو خاکی هەرێم دەستگیربکرێن وڕووبەڕووی سزای یاسایی بکرێنەوە. دواترین کەیسی لەم جۆرەش، دەستگیرکردنی ١٦ هاوڵاتیی پاکستانییە لە سنووری دەربەندیخان، کە بە پێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان لە خاکی ئێرانەوە هاتوونەتە ناو هەرێمی کوردستان[١٤].

هاتنی کرێکارانی بیانی بە نایاسایی بۆ ناو خاکی هەرێم، ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی کرێکاران تووشی پێشێلکردنی مافەکانیان بنەوە. لە حاڵەتێکدا ئەگەر تووشی هەر کێشەیەک بن لەگەڵ خاوەنکار، ئەوە لە ڕووی یاساییەوە پاڵپشتییەکی بەهێزی یاساییان نابێت تا لەو ڕێگەیەوە داوای مافەکانیان لە خاوەنکاربکەنەوە، چونکە ئەوان لە بنەڕەتدا بە نایاسایی هاتوون، ئەوەش وا دەکات زۆرجارلە لایەن خاوەنکارەوە مافەکانیان پێشێل بکرێت. ژمارەی ئەم کرێکارانە دیارنییە کە چەندن، بەڵام چالاکانی بواری کرێکارانی بیانی ئەم ژمارەیە بە ٣٠٠٠ کرێکار دەخەمڵێنن[١٥].

هەرچەندە کرێکارانی بیانی بە پێی یاسا وڕێنماییەکان دەبێت لە سەربنەمای پێویستی

هێزی کارو کارامەیی بهێنرێنە هەرێمی کوردستان، بەڵام بەشێکی بەرچاو لە کرێکارانی بیانی لە هەرێم کارێك دەکەن کە کاری سەربەخۆیە و هیچ خاوەنکارێکی نییە. ئەم کرێکارانە بە زۆری کەوتوونەتە شارە گەورەکانەوە و ڕۆژانە و شەوانە لە سەرجادە و شوێنە گشتییەکان دەبینرێن کە کاری گوڵفرۆشی و دەستگێڕی دەکەن.

## میکانیزمەکانی چاودێریکردن و بەدواداچوونی مافەکانی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان

لاوازیی میکانیزمەکانی چاودێریکردن و بەدواداچوون بۆ مافی کرێکارانی بیانی، زۆرجار دەرفەتی ڕەخساندووە کە کرێکاران تووشی چەندین جۆری پێشێلکاری ببنەوە. هەرچەندە دامودەزگا حکومییەکان، سەندیکاکانی کرێکاران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییش چەندین میکانیزم و دەستپێشخەرییان هەیە بۆ هۆشیارکردنەوە، ڕێگریکردن، پاراستن و بەدواداچوونی مافی ئەم کرێکارانە، بەڵام هێشتاش باس لە کەموکوڕیی زۆر دەکرێت لەم بوارەدا. وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لیژنەی تایبەتمەندی هەیە بۆ پشکنین و بەدواداچوون لە شوێنی کار، بەڵام وا دیارە کە ئەم لیژنانە بە هۆکاری جیاواز لاوازن و ناتوانن چاودێریی تەواوی ئەو شوێنانە بکەن کە کرێکاری بیانی کاری تێدا دەکات، بەتایبەتییش لە ڕووی کەمیی توانای لۆجیستی و کەمیی ژمارەی لیژنە و ژمارەی پشکنەران بە بەراورد بە شوێنەکانی کارکردن.

سەرباری پشکنین و بەدواداچوون بۆ کرێکارانی بیانی لە پرۆژەکان و کۆمپانیاکان، کرێکارانی بیانی و خزمەتکاری ماڵان زۆرجار بەدواداچوونیان بۆ ناکرێت، یاخود میکانیزم و ڕێکارەکان بە پێی پێویست کاریگەرنین بۆ گەیشتن بەم جۆرە کرێکارانە بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند مافەکانیان پارێزراوە. بۆیەش ڕەوشی ئەم کرێکارانە وژیانیان لە ژێرڕەحمەتی خودی کەسایەتیی خاوەنماڵە کە تا چەند بەتەنگەوەچوون و هاوسۆزی هەیە بۆ کرێکارەکە، بەو واتایەی کە ئەگەر خاوەنماڵ کەسێکی باش نەبێت، ئەوا بارودۆخی ژیانی کرێکاری بیانی لە ناو ماڵان تووشی زۆر کێشە دەبێت هەروەك ئەوەی کە پێشتر چەندین جۆری پێشێلکاری ڕووی داوە، لە ناویشیاندا دەستدرێژیی سێکسی و لێدان و هەڕەشەلێکردن و... هتد[١٦].

یەکێکی تر لەو میکانیزمانەی کە بەردەستە بۆ بەدواداچوونی مافەکانی کرێکاران و کرێکارانی بیانییش دەتوانن سوودی لێ ببینن بۆ ڕاپۆرتدان و سکاڵاکردن لە سەرئەوکێشە و پێشێلکارییانەی کە تووشیان دەبێت، بریتییە لە هەبوونی هێڵێکی گەرم بە ژمارە (٥٥٠٠).

تا ئێستا نازانرێت کە تا چەند کرێکارانی بیانی سوودمەند بوون لەم خزمەتگوزارییە، بەڵام وا دیارە کەمیی هۆشیاری دەربارەی ئەم هێڵە گەرمە لە لایەن خودی کرێکارانەوە و کێشەی زمان؛ دوو لەو بەربەستانەن کە ڕەنگە کرێکاران نەیانتوانیبێت سوودی لێ ببینن. ئەو سکاڵایانەی کە بە ڕێگای هێڵی گەرم یان بە هەرڕێگایەکی تر بگات بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی، لیژنەی تایبەت پێك دەهێنرێت و دادگای تایبەت بە کار هەیە کە لە هەندێك باردا ئەو دەزگایە بە پشتبەستن بە یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکانی هەرێم کەیسەکان یەکلایی دەکاتەوە.

میکانیزمێکی تری بەدواداچوون لە ڕێگای وەزارەتی ناوخۆیی هەرێمی کوردستانەوەیە کە جگە لەوەی لیژنەی تایبەت بە نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ هەیە وبەدواداچوون بۆ ژیانی کرێکارانی بیانی دەکەن لە حاڵەتی بازرگانیپێوەکردنیان، لیژنەی هەماهەنگی دروست کراوە بۆ پێداچوونەوە بە کاری کۆمپانیاکانی هێنانی دەستی کاری بیانی و ڕێکخستنی مانەوە و کارکردنی ئەو کرێکارانە.

جگە لەو لایەنانەی کە لە سەرەوە باس کران، ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی کۆمەڵی مەدەنی شێوازو میکانیزمی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ چاودێریکردن وبەدواداچوونی کەیسی پێشێلکارییەکان کە دژبە کرێکارانی بیانی ئەنجام دەدرێت لە پرۆژەکان و ناو ماڵان. گرنگترین میکانیزمێک کە ڕێکخراوەکان بەکاری دەهێنن، بریتییە لە بەکارهێنانی بڵاوکراوە لە شوێنە گشتی و تایبەتییەکان کە زانیاریی پێویستیان تێدایە سەبارەت بە چۆنیەتیی گەیشتن بە سەرچاوەکانی هاوکاری و فریاکەوتن. ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەم ڕێکخراوانە بەردەوام لە ڕێگای کەناڵە میدیاییەکان و سۆشیالمیدیاوە هەوڵی گەیشتن بە کرێکارانی بیانی دەدەن نەک تەنها بۆ بەهاناوەچوونیان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر جۆرە پێشێلکارییەک، بەڵکوو بۆ هۆشیارکردنەوەشیان سەبارەت بە مافەکانیان پێش ڕوودانی هەر حاڵەتێک. لە هەمان کاتدا، ڕێکخراوەکان لە ڕێگای ئەو چالاکییانەی ئەنجامی دەدەن لە شێوەی کۆڕ و سیمینار و گفتوگۆی کراوە، لە زۆر باردا هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی دەدەن لەگەڵ کرێکاران بە مەبەستی ئاگاداربوون لە ڕەوشی ژیان و گوزەرانیان.

پەیوەست بە پرۆسەی بەدواداچوون بۆ ژیانی کرێکارانی بیانی، مافێکی گرنگی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان و عێراق تا ئێستا پێشێل کراوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەوەوە هەیە کرێکارانی بیانی بە جۆرێک لە جۆرەکان دابڕاوبن لەولایەنانەی کە ئەرکی چاودێریکردن و بەدواداچوونیان لە ئەستۆیە. ئەمە خاڵێک بوو کە زۆرینەی بەشداربووان لە چالاکان

و سەندیکاکان ئاماژەیان پێ دا. بێبەشکردنی مافی دروستکردنی سەندیکای کرێکاران لە لایەن خودی کرێکارانی بیانی خۆیانەوە، وای کردووە کە لایەنە پەیوەندیدارەکان زۆرجار دابڕاوبن لە کرێکارانی بیانی، ئەمەش ڕاستەوخۆڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەرپێشێلکردنی مافەکانیان. ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێکەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ئەم مافەیان بۆکرێکاران زامن کردووە بەوەی کە مرۆڤ لە هەرشوێنێکی دونیا بژیەت، مافی دروستکردنی کۆمەڵە و گرووپ و بەشداریی چالاکیی مەدەنی هەیە. ئەم مافە بە ئاشکرا لە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا باس کراوە.

سەرباری هەبوونی ئەو میکانیزم و ڕێکارانەی کە گیراونەتە بەربۆ پاراستنی مافی کرێکارانی بیانی، هێشتاش پێشێلکارییەکان دژبە کرێکارانی بیانی بەرچاون. دەرەنجامی چاوپێکەوتنەکان و ئەو دەیتا و زانیارییانەی وەرگیراون، ئەوە نیشان دەدەن کە پێشێلکارییەکان بە جۆرێکە دژبە هەموو جۆرەکانی کرێکارانی بیانی ئەنجام دراون، لە ناویشیاندا کرێکارانی ناو ماڵ (ئافرەتانی خزمەتگوزار)، کرێکارانی کارگە و کۆمپانیاکان و ئەو کرێکارانەشی کە بە شێوەی سەربەخۆ کار دەکەن. سەبارەت بە جۆری پێشێلکارییەکان، ئەوە بەدەرکەوتووە کە کرێکارانی بیانی بازرگانییان پێوە دەکرێت. لە چوارچێوەی بازرگانیکردن بە کرێکارانی بیانییشەوە، شێوازەکانی وەک فرتوفێڵلێکردن و کڕین و فرۆشتن و بەکارهێنانیان بۆ بازرگانیی سێکسی و پێنەدانی کرێی کار؛ باوترین جۆرەکانی بازرگانیپێوەکردنن. لە شێوە گشتییەکەشدا، پێشێلکارییەکانی وەک نەبوونی گرێبەستی کار، دەستەبەرنەکردنی کۆمەڵایەتی، دەستبەسەرداگرتنی دۆکیۆمێنت و دڕینی پاسپۆرت، توندوتیژیی سێکسی، خراپیی ژینگەی کار و گیانلەدەستدان، تەنانەت ڕێگریکردن لە هەندێک مافی کەسی؛ گرنگترین ئەو جۆرە پێشێلکارییانەن کە ڕووبەڕووی کرێکارانی بیانی دەبنەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەشێکی زۆری کرێکارانی بیانی گلەییان لە ڕێکارەکانی نوێکردنەوەی مۆڵەتی نشینگە و تێچووی زۆری ئەو ڕێکارانە هەیە.

## ڕاسپاردە و پێشنیار

- کارکردن بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕاستاندن (تصدیق) ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی ژمارە ١٥٨/٤٥ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات کە ساڵی ١٩٩٠ دەریکردووە و تایبەتە بە کرێکارانی بیانی و ئەندامانی خێزانەکانیان.
- لە کاتێکدا حکومەتی هەرێم پێشتر پلانی تایبەت بە ڕاپۆرتی خولی گشتگیر بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤی پەسەند کردووە، گرنگە سوود لەو دەرفەتە وەربگیرێت بۆ کارکردنی زیاتر لە سەر کرێکارانی بیانی و پاراستنی مافەکانیان.
- حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان هەوڵی ئامادەکردن و دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە کرێکاری بیانی بدەن، بە جۆرێك مافی کرێکارانی بیانی مسۆگەر بکات بە پێی پێوەرو ستاندارده نێودەوڵەتییەکان.
- لە کاتێکدا هەوڵێك هەبووە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی تایبەت بەو کرێکارە بیانییانەی کە لە سێکتەرە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، گرنگە پەلە بکرێت لە ئەنجامدانی ئەم کارە ودروستکردنی دەیتابەیسێکی تایبەت و گشتگیر بە کرێکارانی بیانی.
- سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان پێویستە کاری جددی لە سەر ڕەوشی ژیانی کرێکارانی بیانی بکەن لە هەرێمی کوردستان و هاوشێوەی کرێکارانی ناوخۆ گرنگییان پێ بدەن، بە تایبەتی جەختکردنەوە لە سەر مافی دامەزراندن و ئەندامێتیی کرێکارانی بیانی لە سەندیکاکانی کرێکارانی تایبەت بە کرێکاری بیانی. بەو مانایەی کە لیژنەیەک یان بەشێکی تایبەت بە کرێکارانی بیانی لە یەکێتیی سەندیکاکان دروست بکرێت.
- کاربکرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە دەربارەی مافی کرێکارانی بیانی و ڕەواندنەوەی هەر تێڕوانینێکی نەرێنی کە هانی جیاکاری بدات لە نێوان کرێکاری ناوخۆ و بیانیدا.
- چڕکردنەوەی ڕێکارەکانی پشکنین و بەدواداچوون بۆ ڕەوشی ژیانی کرێکاری بیانی لە پێناو پاراستن و مسۆگەرکردنی مافەکانیان.
- ڕێکخستنەوەی ڕێوشوێنەکانی هاتنی کرێکاری بیانی لە ڕێگای ڤیزای سەردان یان قاچاغ، بە جۆرێک ببێتە هۆی پاراستنی مافی کرێکاری بیانی.
- دروستکردنی تۆڕێک لەو ڕێکخراوانەی کە لە بواری کرێکاری بیانیدا کاردەکەن.
- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە لایەن توێژەران و ناوەندە ئەکادیمییەکان لە لایەک و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییش سەرنجیان لە سەر کرێکارانی بیانی چڕتر بکەنەوە.

## دەرئەنجام

سەرباری هەوڵ و دەستپێشخەرییەکان بۆ ڕێکخستنی بواری کرێکارانی بیانی، هێشتاش کارێکی زۆرماوە بکرێت لە پێناو پاراستن و مسۆگەرکردنی مافی ئەو کرێکارە بیانییانەی کە ڕوو دەکەنە هەرێمی کوردستان. هەر چەندە چوارچێوەی یاسایی و ڕێنماییەکانی پەیوەست بە کرێکارانی بیانی گۆڕانکاریان تێدا کراوە، بەڵام هێشتاش کەلێنی یاسایی هەن کە ڕێگەخۆشکەرن بۆ پێشێلکارییەکان. شێوازی هاتن و مانەوەی بەشێك لە کرێکارانی بیانی بە جۆرێکە کە پرۆسەی کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنیانی لە بازاڕی کاری هەرێم ئاڵۆز کردووە، ئەمەش بە ڕادەیەکە دەتوانرێت بوترێت هەندێك لەم کرێکارانە نازانرێت کێن؟ چۆن هاتن؟ چی دەکەن؟ ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان بە پێی پێویست کاریگەر نین و میکانیزمەکانی بەدواداچوونی مافەکانی کرێکارانی بیانی پێویستیان بە کار و هەماهەنگیی زیاتر هەیە. هەموو ئەمانەش وای کردووە کە کرێکارانی بیانی تووشی چەندین پێشێلکاری ببنەوە، لەوانەش بازرگانیپێوەکردن، دەستدرێژیی سێکسی، نەبوونی گرێبەستی کار، نەبوونی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، نەبوونی شوێنی سەلامەتی کارکردن، دەستبەسەرداگرتنی پاسپۆرت و دۆکیۆمێنتی کەسی و... هتد.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە ڕێککەوتننامەی ژمارە (١٤٣)ی ساڵی ١٩٧٥ لە بەشی دووەم لە مادەی (١١) بە ڕوونی پێناسەی کرێکاری بیانیی کردووە، بەلام بۆچوونێک هەیە پێی وایە کرێکاری کۆچبەرلەگەڵ کرێکاری بیانی دوو کەسی جیاوازن، بەوەی کە کرێکاری کۆچبەرزیاتر ئەوکەسانەن کە بە مەبەستی کارکردن کۆچ ناکەن، بەڵکوو بە هۆکاری تر ئاوارە دەبن و دواتر دەبن بە کرێکارلەو وڵاتەی کە کۆچیان بۆ کردووە.

2. ILO global estimates on migrant workers Results methodology, Third edition (Geneva: International labour Office, ILO, 2021).

3 United Nations High Commissioner for Human Rights. 2018. Derived from http://indicators.ohchr.org/. [Available on May 25, 2023]

٤. یاسای کاری عێراقیی ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ کە تا ئێستاش لە هەرێمی کوردستان بەرکارە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٥دا یاسای ژمارە ٣٧ دەرچووە کە جێگرەوەی یاسا کۆنەکەیە و بەرکارە لە عێراق.

٥. یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦.

٦. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێنمایی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٥ی تایبەت بە کرێکاری بیانی.

٧. ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، لە ژمارە ٢٩٥ی وەقایعی کوردستان. بەردەستە لە سەر:
https://gov.krd/moj/publications/%D9%88%DB%95%D9%82%D8%A7%DB%8C%D8%B9%DB%8C-%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86/

٨. ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی کە لە بواری مافەکانی کرێکاران و ئازادیی کاری سەندیکایی کاردەکات، پاش پەسەندکردنی ڕەشنووسی یاساکە، بڵاوکراوەیەکی لە پلاتفۆرمە میدیاییەکانی ڕێکخراوەکە بڵاوکردەوە و سەرنجی تێروتەسەلی داوە لە سەرکەموکوڕییە یاساییەکانی تایبەت بە کرێکاری بیانی. بڕوانە:
https://www.facebook.com/PFOORG/posts/pfbid0udoR1CpS9qk1bnM3PBozVcjZUjuNuKHjzrcj4yzh3yw9Xi2aimsRbZkm9Fq29DzNl

٩. ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیی ژمارە ١٤٣ی ساڵی ١٩٧٥، بەردەستە لە سەر:
https://www.ilo.org/dyn/normlex/en/f?p=NORMLEXPUB:12100:0::NO::p12100_instrument_id:312288

١٠. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ کە ڕێنماییەکە لە وەقایعی کوردستان ژمارە ١٨٦ی ساڵی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە و بەردەستە لە سەر:
https://gov.krd/moj/publications/%D9%88%DB%95%D9%82%D8%A7%DB%8C%D8%B9%DB%8C-%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86/

١١. سەنگەر یوسف ساڵح. ٢٠١٨. پەیداکردنی نان لەودیو سنوور: ڕەوشی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان. ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی.
١٢. توێژەر لە مانگی ئایاری ٢٠٢٣دا زیاتر لە جارێك سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کردووە بۆ دەستکەوتنی دەیتا و ئامارەکان.
١٣. سەنگەر یوسف ساڵح. ٢٠١٨. پەیداکردنی نان لەودیو سنوور: ڕەوشی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان. ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی.
١٤. زەمەن پرێس. ١٦.٢.٢٠٢٣ کەسی پاکستانی لە دەربەندیخان دەستگیرکران. بەردەست بوو لە سەر: https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=65362، لە [٢٨ی ئایاری ٢٠٢٣].
١٥. تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان. ڕەوشی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان. بەردەست بوو لە سەر: https://www.youtube.com/watch?v=LIhdkbQwpGY، لە [٢٦ی ئایاری ٢٠٢٣]
١٦. سەنگەر یوسف ساڵح. ٢٠١٨. پەیداکردنی نان لەودیو سنوور: ڕەوشی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان. ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی.

# پیسبوونی ڕووباری سیروان

## گرفت و چارەسەر

عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت سەرحەت
پسپۆڕی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو



### بەرایی

بەهای ئاو وەك گرنگترین سەرچاوەی سروشتی، تەنها پشت بە بەردەستبوونی نابەسترێت، بەڵکوو پشت بە کواڵتییەکەی دەبەسترێ بۆ مەبەستە جیاوازەکان، لەوانە: خواردنەوە، ئاودێری، گەشەپێدانی ژینگە. کواڵتیی ئاو دەگۆڕێت بە پێی شوێنی جوگرافی و سەرچاوەکانی پیسبوون و هۆکارە ئیکۆلۆژییەکان. زاراوەی کواڵتیی ئاو ئاماژەیەکە بۆ تایبەتمەندییە کیمیایی و فیزیایی و بایۆلۆژییەکانی ئاو کە ڕادەی گونجاویی ئاو دەپێوێت بۆ بەکارهێنانی لە سێکتەرە جیاوازەکاندا. لە ئێستادا پیسبوونی ئاو بە هۆی کانزا قورسەکانەوە یەکێکە لە پرسە هەرە گرنگەکان لە هەموو جیهاندا. ڕەنگە هەندێک لە کانزا قورسەکان کاریگەریی توندیان لە سەرتەندروستیی هەبێت، بە تایبەت کاتێک خاستیەکانیان لە سنووری ڕێگەپێدراویان لە ئاودا زیاتر دەبێت[١]. چاودێریکردنی کواڵتیی ئاو بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو و شیکاری دەیتاکانی کواڵتیی ئاو زۆر گرنگە بۆ دەستنیشانکردن و وەسفکردنی کێشەکانی پیسبوون و سەرچاوەکانیان. پرۆسەی چاودێریکردنی کواڵتیی ئاو بە پشتبەستن بە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن وەکوو «WQI»، بە سەرەکیترین بنەماکانی بەڕێوەبردنی کواڵتیی سەرچاوەکانی ئاو دادەنرێت. چەمکی «WQI» پشت بە بەراوردکردنی پارامێتەرەکان دەبەستێت لەگەڵ بەهای ستانداردەکان. ئامانجی سەرەکیی ئەم نووسینە هەڵسەنگاندنی پیسبوونی یان تێکچوونی کواڵتیی ئاوی ڕووباری سیروانە بە ماددە پیسکەرە جیاوازەکان و بە تایبەتی کانزا قورسەکان و ڕادەی بەکارهێنانی بۆ خواردنەوە و ئاودێری. ئەنجامەکانی ئەم نووسینە پێویستە سەرنجی لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕابکێشێت، پێویستە جەخت بکرێتەوە لە سەر پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی توند بۆ کەمکردنەوەی سەرچاوەکانی پیسبوونی ئاوی ڕووباری سیروان.

## ڕووباری سیروان

ڕووباری سیروان لە زنجیرەچیاکانی زاگرۆس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێت، پاشان دێتە باشووری کوردستان و دواتر لە ناوچەی «جسر دیالا» لە باشووری بەغدادی پایتەخت دەڕژێتە نێو ڕووباری دیجلەوە. درێژیی ئەم ڕووبارە لە عێراق و کوردستان زیاتر لە ٤٤٥ کیلۆمەترە. ڕووباری سیروان یەکێکە لە گرنگترین ڕووبارەکانی کوردستان و ناوەڕاستی عێراق و بۆ سێکتەرەکانی خواردنەوە، ئاودێری، پیشەسازی... هتد؛ سەرچاوەی دابینکردنی ئاوە. هەروەها ئەم ڕووبارە بە یەکێک لە گرنگترین لقەکانی ڕووباری دیجلە دادەنرێت و بۆ دەریاچەی دەربەندیخان و حەمرین سەرچاوەی سەرەکیی ئاوە، نزیکەی ٧٠٪ی ئاوی ئەم دوو دەریاچەیە ڕووباری سیروانە.

ئێستا ڕووباری سیروان بووەتە سینکێک یان شوێنێک بۆ کۆکردنەوەی هەموو پاشەڕۆ و پاشماوە و مادده قورسەکان کە ئەگەر هاوڵاتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئاوی ئەم ڕووبارە بخواتەوە، ئەوە بێگومان لە جەستەیدا کۆ دەبێتەوە و دوور نییە تووشی نەخۆشیی ترسناک ببێت. ڕاستە پاڵاوتن بۆ ئەو ئاوە دەکرێت، بەڵام تا چەند زانستییە؛ ئەوە دیار نییە و پێویستی بە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی زیاترە.

## هۆکارەکانی پیسبوونی ڕووباری سیروان

هۆکارەکانی پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو بە گشتی لە زیادبووندایە و کواڵتییان بە شێوەیەکی بەرچاو تێك چووە، ڕووباری سیروانیش یەکێکە لەو ڕووبارانەی کە بە شێوەیەکی زۆر خراپ تێک چووە لە ڕووی کواڵتییەوە. بە هۆی ئەوەی کە پاشماوە و پاشەڕۆی هەموو شار و شارۆچکە و لادێیەکان لەو ناوچانەی تێیدا تێپەڕ دەبێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەڕژێنرێتە نێو ڕووبارەکەوە بەبێ هیچ چارەسەر و پاڵاوتنێک، ئەمەش بۆخۆی مەترسیی زۆر گەورە لە سەر ژیانی هاوڵاتییان دروست دەکات.

گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە بوونەتە هۆی پیسبوونی ئاوی ڕووباری سیروان و تێکچوونی کواڵتییەکەی، بریتین لە:

١. **پاشەڕۆ:** بە هەموو جۆرەکانیەوە کە لە یەکەکانی نیشتەجێبوون و بازاڕ و شوێنە گشتییەکانەوە دەردەچێت و فڕێ دەدرێتە نێو ڕووباری سیروانەوە، تەنانەت بەبێ هیچ چارەسەرکردنێکی سەرەتاییش.

٢. **پاشماوەی ڕەق:** یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی پیسبوونی ئاوی سەرزەوی و

ژێرزەوی و مەترسییەکی زۆرگەورە لە سەردانیشتووان دروست دەکات. دیارە گەورەترین کێشەی شارەکانی هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی ئەو شارو شارۆچکانەی کە ڕووباری سیروان تێیاندا تێپەڕدەبێت، ئەوەیە کە جێگایەکی تایبەت نییە بۆلەناوبردنی پاشماوەکان «ردم صحی» و بە شێوەیەکە هەڕەمەکی فڕێ دەدرێت وزۆرجارلە لێواری ڕووباری سیروان هەندێ لەو پاشماوەیانە لەناو دەبرێت کە جوانیی سروشتیی ڕووبارەکەی شێواندووە.

٣. **سەرچاوە پیشەسازییەکان:** سەرچاوەیەکی ترسناکن بۆپیسبوونی ڕووباری سیروان. هەندێك لەو مادده ژەهراوییانە لە ڕێی ئاوی بارانەوە تێکەڵ بە ڕووباری سیروان دەبن و هەندێکیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێی کەناڵی تایبەتەوە دەڕژێنرێنە نێو ڕووبارەکە. سەرچاوەی زۆربەی پاشماوە پیشەسازییەکان پێك هاتووە لە کارگەکان و سەربڕینخانە و ناوچەی پیشەسازیی وێستگەکانی سووتەمەنی، ئەمە و جگە لە پاشماوەی بیرە نەوتییەکان کە ڕۆژانە لە زیادبووندان و نازانرێت پاشماوەکان بە چ شێوەیەك لەناو دەبرێن.

٤. **سەرچاوە کشتوکاڵییەکان:** کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی پەینی کیمیایی و دەرمانی قڕکەرو پاشماوەی دەواجین و پەلەوەرزیاد دەبێت، ئاوی باران ئەوپاشماوانە ڕادەماڵێت و دەیانگوازێتەوە و تێکەڵ بە ڕووبارەکەیان دەکات.

٥. **پاشماوە تەندروستییەکان:** کە سەرچاوە دەگرن لە نەخۆشخانە و کلینیکە تەندروستییەکان و ژووری نەشتەرگەری... هتد، بەشێك لەم پاشماوانە دەسووتێنرێت بە شێوەیەکی ناتەندروست کە دەبێتە هۆی پیسبوونی خاك و هەوا و سەرچاوەکانی ئاو. هەندێکی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی فڕێ دەدرێتە نێو دۆڵەکان و لە لێواری ڕووباری سیروان و دواتر تێکەڵ بە ئاوی ڕووبارەکە دەبێت، ئەمەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر کواڵێتیی ئاوی ڕووبارەکە و سەرچاوەیەکی پڕ مەترسییە بۆ هاوڵاتییان.

٦. **کارگەکانی چەو و لم:** ئەم کارگانە سەرچاوەیەکی ترسناکن بۆ پیسبوونی ئاوی ڕووباری سیروان، چونکە دەبنە هۆی زیادبوونی لێڵیی ئاو (Water Turbidity) . بەڵام لەوە خراپتر ئەوەیە کە ئەو کارگانە زیاتر ڕێڕەوی ڕووبارەکە قووڵ دەکەنەوە بە هۆی شێوەی کارکردنیانەوە و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بەناوداچوونی پێچەوانە (جریان عکسی)ی ئاوی ژێرزەوی بۆ نێو ڕێڕەوی ڕووبارەکە. قووڵبوونی ڕێڕەوی ڕووبارەکە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی قووڵبوونی بادانەکان بە شێوەیەك کە ئاوی ڕووبارەکە بکەوێتە یەك لێوارەوە، ئەو کارە وای کردووە کە ڕووبارەکە لە توانایدا نەبێت کەنارەکانی بە ئاو دابپۆشێت و زۆر ئەستەمە بۆ ئاودێری سوودی لێ وەربگیرێت. هەروەها ئەم کارگانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان

لە سەرسامانی ماسی دروست کردووە، چونکە بە بەردەوامی ڕێژەی ماددە ڕەقەکانی نێو ئاوی ڕووبارەکە زیاد دەکەن و بەو هۆیەوە ڕێژەی لێڵیی ئاوەکە بەرز دەبێتەوە و دواتر ڕێژەی ئۆکسجینی تەواو بە شێوەیەکی بەرچاو دادەبەزێت.

٧. **پاشماوەی بینا:** پێشکەوتن و فراوانبوونی شارەکان و دروستکردنی باڵەخانەی نوێ یان تازەکردنەوەیان، وای کردووە کە پاشماوەکانی بینا ڕوو لە زیادبوون بکەن لەگەڵ نەبوونی پلانی تایبەت بە دووبارە بەکارهێنانەوەی پاشماوەکاندا، بۆیە زۆرجار ئەم جۆرە پاشماوەیە لە لێواری ڕووباری سیروان لەناو دەبرێت.

٨. ڕووباری سیروان بووەتە جێگایەك بۆ شوشتنی ئۆتۆمبێل، بە هۆی نەبوونی چاودێری و بەدواداچوونی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە و لاوازیی هۆشیاریی تاك. تێکەڵبوونی پاشماوەی ئۆتۆمبێل وەکوو چەوری (هایدرۆکاربۆنییەکان) بە ئاو و دواتر بەکارهێنانی کلۆر بۆ خاوێنکردنەوەی ئەو ئاوە دەبێتە هۆی یەکگرتنی هایدرۆکاربۆنییەکان و کلۆر و لە ئەنجامدا ماددەی شێرپەنجەیی کارسینۆجین ( (Carcinogenدروست دەبێت کە هۆکاری سەرەکییە بۆ تووشبوون بە نەخۆشییەکانی شێرپەنجە.

## کانزا قورسەکان

بە «میتاڵە قورسەکان» ناسراون کە بە ڕێژەیەکی زۆرکەم لە پێکهاتەکانی ژینگەدا بوونیان هەیە، بەڵام بەرزبوونەوەی خەستییان بە ڕێژەیەکی زۆر کەمیش کاریگەریی خراپ لەو ناوەندە بەجێ دەهێڵێت و دەبێتە هۆی تووشبوونی مرۆڤ بە نەخۆشی بە تایبەتی شێرپەنجە. ڕێژەی کانزا قورسەکان لە ئاودا زیاد دەبن لە ئەنجامی تێکەڵبوونی پاشەڕۆی یەکەکانی نیشتەجێبوون، پاشەڕۆی پیشەسازی، پاشەڕۆکانی سێکتەری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بە سەرچاوەکانی ئاو[٢]. بەڵام سەرچاوە سروشتییەکانی کانزا قورسەکان بریتین لە ڕاماڵینیان لە خاکەوە[3]. ئاوی سەرزەوی زۆرترین سەرچاوەی ئاوە کە بە ئاسانی دووچاری پیسبوون بە کانزا قورسەکان دەبێت، چونکە بە ئاسانی بەرکەوتەی پاشەڕۆکان دەبن. بۆیە زۆربەی دەریاچە و ڕووبارەکان لە سەرانسەری جیهاندا بە هۆی کانزا قورسەکانەوە مەترسییان لە ئەنجامی گەشەسەندنی شارەکان و فراوانبوونی پیشەسازی و نەبوونی یەکەی پاڵاوتنی پاشەڕۆکان لە سەرە.

کانزا قورسەکان بە ترسناکترین پیسکەر دادەنرێن کە لە ژینگەدا بوونیان هەیە، بە هۆی ئەوەی کە ماددەی ژەهراوین و مەترسیدارن، هەروەها لە سروشتدا شی نابنەوە

(Non-biodegradable)، یان هیچ بەکتریا یان زیندەوەرێک نییە لە توانایدا بێت ئەو کانزایانە شی بکاتەوە لە ژینگەدا.[4] جێگای سەرنجە کە کەلێنی نێوان خەستیی ڕێگەپێدراوی کانزا قورسەکان و ئاستی ژەهراویبوونیان زۆر کەمە[٥]، بۆیە چاودێریکردنی پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو بە کانزا قورسەکان لە ڕووبار و دەریاچەکاندا زۆر گرنگە بە هۆی ئەوەی کە توانای ژەهراویبوونیان زۆر بەرزە و کاریگەریان لە سەرزنجیرە خۆراکییەکان هەیە[٦].

## کاریگەریی پیسبوونی ڕووباری تانجەرۆ لە سەر ڕووباری سیروان

ڕووباری تانجەرۆ یەکێک لە ڕووبارە گرنگەکانی پارێزگای سلێمانییە و بە سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی دانیشتووانی ناوچەی تانجەرۆ دادەنرێت. ئەم ڕووبارە لە ئەنجامی یەکگرتنی هەردوو چەمی قلیاسان و کانی بەن پێک دێت، درێژیی ئەم ڕووبارە نزیکەی ٥٨ کیلۆمەترە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەڕژێتە نێو دەریاچەی دەربەندیخان و پاشان ڕووباری سیروان.

ناوچەی تانجەرۆ ناوچەیەکی پیشەسازییە و کەمتر لە ١٠ کیلۆمەتر دوورە لە شاری سلێمانییەوە. ئەم ناوچەیە لە ڕووی ژینگەییەوە بە مەترسیدارترین ناوچەی کوردستان دادەنرێت، بە هۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کارگەی نایاسایی و بێمۆڵەت. سەرجەم پاشەڕۆی شاری سلێمانی دەڕژێنرێتە نێو ئەم ڕووبارەوە و جگە لەوە زۆربەی پاشماوە ڕەقەکانی شاری سلێمانی لە لێواری ئەم ڕووبارە فڕێ دەدرێن کە دواتر لەگەڵ ئاوی باران و لافاودا تێکەڵ بە ئاوی ڕووبارەکە دەبن. بۆیە ئاوی ئەم ڕووبارە لە ڕووی کواڵتییەوە بە تەواوەتی تێک چووە و تایبەتمەندییە کیمیایی و فیزیایی و بایۆلۆژییەکانی لەدەست داوە و تەنانەت بۆ ئاودێرییش گونجاو نییە بەکار بهێنرێت.

نەبوونی سیستمی دووبارە بەکارهێنانەوەی پاشەڕۆ (ڕیسایکلین) مەترسییەکی زۆر گەورەی لە سەر سەرچاوەکانی ئاو لە هەموو هەرێمی کوردستاندا بە تایبەتی ڕووباری تانجەرۆ دروست کردووە. هەموو ئەو توێژینەوە زانستییانەی کە لە سەر کواڵتیی ئاوی ڕووباری تانجەرۆ ئەنجام دراوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە لە هەموو ڕوویەکەوە ئاوی ڕووبارەکە بە تەواوەتی دووچاری پیسبوون بووە و گونجاو نییە بۆ بەکارهێنان. لە لایەکی ترەوە ئەم ڕووبارە بە هۆکاری سەرەکیی پیسبوونی دەریاچەی دەربەندیخان دادەنرێت بە کانزا قورسەکان و ماددە پاککەرەوەکان[٧] و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر کواڵتیی ئاوی ڕووباری سیروان هەیە.

**هەڵسەنگاندنی ئاوی ڕووباری سیروان**

ساڵانە چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی تایبەت بە پیسبوونی ڕووبارەکان ئەنجام دەدرێت، بەڵام زۆرکەم لەو لێکۆڵینەوانەدا باس لە هەڵسەنگاندنی کواڵتیی ئاو لە ڕووی کانزا قورسەکانەوە دەکەن. ئەگەر ڕووباری سیروانیش وەکوو نموونە وەربگرین، ئەوە دەیان توێژینەوەی زانستی لە سەری ئەنجام دراوە، بەڵام بە دەگمەن لەو توێژینەوانە هەیە لێکۆڵینەوەیان بە شێوەیەکی زانستی و فراوان لە سەر کانزا قورسەکان کردبێت. بۆیە چاودێریکردنی پارامێتەرەکانی کواڵتیی ئاو بە تایبەتی خەستیی کانزا قورسەکان، گرنگترین ئەولەویەتی لە هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکانی ئاودا هەیە.

بە پێی دوایین توێژینەوە کە لە سەر کواڵتیی ئاوی ڕووباری سیروان ئەنجام دراوە، دەرکەوتووە کە تێکڕای چڕیی کانزا قورسەکان وەکوو: (جیوە، قوڕقوشم، نیکڵ، زینک، ئاسن، ئەلەمنیۆم، کرۆم، کادیمیۆم) بەرز بووە و خەستیی هەندێکیان زۆر بەرزترە لە ڕێژەی ستانداردی جیهانی، بە پشتبەستن بە ستانداردی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) و ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ (FAO) و دەزگای پاراستنی ژینگەی ئەمەریکی (EPA). بۆ نموونە: ڕێژەی ئەلەمنیۆم بە درێژایی ڕووبارەکە زۆربەرزترە لە بەهای ڕێگەپێدراو بۆ ئاوخواردنەوە، بەڵام بەهاکانی لە سنووری ڕێگەپێدراوی ستانداردی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ (FAO)دان.

سەرچاوەی سروشتیی ئەلەمنیۆم لە ئاودا بۆڕامالین و داخورانی ئەوبەردانە دەگەڕێتەوە کە پێکهاتەکانیان بە ئەلەمنیۆم دەوڵەمەندە. هەروەها چالاکییە مرۆییەکان، بە تایبەتی فڕێدانی پاشەڕۆ و پاشماوەکان بۆ نێو ڕووبارەکان، بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەلەمنیۆم لە سەرچاوەکانی ئاودا دیارترین هۆکارە. جگە لەوەش، فڕێدانی پاشماوەی پاڵاوگەکانی ئاوبۆ نێو یان لێواری ڕووباری سیروان سەرەکیترین هۆکارە بۆ زیادبوونی ڕێژەی ئەلەمنیۆم لە ئاودا، چونکە لە پاڵاوگەکاندا ماددەی ئەڵۆمن (شەب) بە چڕی بەکاردەهێنرێت بۆ ڕوونکردنەوە و کەمکردنەوەی لێڵیی ئاو و دواتر پاشماوەکەی دووبارە فڕێ دەدرێتە نێو ڕووبارەکەوە و بەم شێوەیە دەبێتە هۆی زیادبوونی چڕیی ئەلەمنیۆم و ئاسن لە ئاوی ڕووبارەکەدا[٩].

هەروەها نیکڵ و قوڕقوشم و کادیمیۆم لەو کانزایانەن کە ڕێژەیان لە هەندێ شوێن لە ڕووباری سیرواندا زۆر بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ سنووری ڕێگەپێدراوی بە پێی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) و زۆرێک لە کانزا قورسەکان بە

ئاسانی لە فایتۆپلانکتۆن و زۆربەی ڕووەکە ئاوییەکان کۆ دەبنەوە. بۆیە ڕژاندنی بڕێکی زۆر لە پیسکەرەکان لە هەموو شار و شارۆچکە و ناوچە پیشەسازییەکان و زەوییە کشتوکاڵییەکانەوە بۆ نێو ڕووباری سیروان، بە هۆکاری سەرەکیی زیادبوونی ئەو کانزا قورسانە دادەنرێت. جگە لەوەش، بەکارهێنانی پەیینی کیمیایی و دەرمانی قڕکەر و مێروکوژەکان لەڕادەبەدەر سەرچاوەیەکن بۆ زیادبوونی ڕێژەی زۆرێک لە کانزا قورسەکان لە ئاوی ڕووباری سیرواندا.

هەربە پێی ئەو دەیتایانە، لە ئێستادا ئاوی ڕووباری سیروان بۆ خواردنەوە بەبێ پاڵاوتن گونجاو نییە، بەڵام تا ڕادەیەک گرفتی زۆر گەورەی بۆ مەبەستی ئاودێری تێدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بە وریاییەکی زۆرەوە هەوڵی پارستنی ڕووباری سیروان بدرێت لە ماددە پیسکەرەکان، چونکە دوور نییە لە ساڵانی داهاتوودا لەگەڵ زیاتر دابەزینی ئاستی ئاو گرفت بۆ کواڵتی دروست بێت و ببێتە سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر خاک و ڕووەک و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان. بە تایبەتی لە ئێستادا ئاوی ڕووبارەکە لە ڕووی ڕێژەی «ئیندێکسی ژەهراویبوون بە مەگنیسۆم»ەوە بەرزە و ئەمەش بۆ خاک زۆر مەترسیدارە. لە دیوێکی ترەوە، ڕێژەی ترتی یان قورسی (Total Harness)ی ئاوی ڕووبارەکە زۆر بەرزە، هەربۆیە کێشەی بۆ خواردنەوە و ئاودێری دروست کردووە، چونکە ئەم پارامێتەرە کاریگەریی لە سەر توشبوونی مرۆڤ بە نەخۆشییەکانی گورچیلە و پێست هەیە، هۆکاری سەرەکییە بۆ لەناوچوون یان ئۆکساندنی ماددەی ئەندامیی نێو خاک کە دواتر گرفت بۆ کواڵیتیی خاک و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان دروست دەکات.

## دابەزینی ئاستی ئاوی ڕووباری سیروان

بێگومان دابەزینی ئاستی هەر سەرچاوەیەکی ئاو کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر ڕێژەی پیسی و ماددە پیسکەرەکانی (pollutants) بە تایبەتی لە ڕووبارەکاندا دەبێت. ئاوی هەموو ڕووبارێک توانای خۆپاڵاوتنی سروشتیی هەیە و بەندە بە خێرایی ئاوەکەوە، بۆیە دابەزینی ئاستی ئاو یان داهاتی هەر ڕووبارێک کاریگەری لە سەر خێرایی ئاو دروست دەکات و لە ئەنجامدا ڕووبارەکە توانای خۆپاڵاوتنی سروشتی لەدەست دەدات.

لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە وڵاتی ئێران دەستی کردووە بە دروستکردنی چەندین پرۆژەی ئاودێریی گەورە لە سەر ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان، وەکوو ڕووباری سیروان و زێی بچووک و یەکێک لەو پرۆژە گەورانە (پرۆژەی ئاوی گەرمەسێر) کە لە سەر ڕووباری سیروان دروست کراوە و پرۆژەیەکی ستراتیژییە و مەبەست لێی فراوانکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان

و گۆڕینی زەوییە دەیمەکانە بۆ زەویی کشتوکاڵی بەراو و دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ هەموو سێکتەرەکان لە ڕۆژئاوای ئێران کە ماوەیەکی زۆرە بەدەست وشکی و کەمئاوییەوە دەناڵێنێت. تەنانەت ڕێڕەوی هەندێک لە لقەکانی ڕووباری سیروان بۆ ناوەوەی ئێران گۆڕدراوە و ئاو لە ئاوەزێڵی ڕووباری سیروانەوە بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای ئیلام و سنووری ئەهواز دەگوازرێتەوە.

ئەم پڕۆژەیە لە ١٣ بەنداو و تونێلێکی گەورە بۆ گواستنەوەی ئاوکە ناسراوە بە «تونێلی نەوسوود» پێک هاتووە و جگە لەو بەنداوانەی کە لە سەرلقەکانی تری ڕووباری سیروان دروست کراون وەکوو ڕووباری قۆرەتوو و ئەڵوەن. کۆی گشتیی بەنداوەکانی ئێران لە سەر هەموو لقەکانی ڕووباری سیروان: ٢٢ بەنداوە و ساڵانە ڕووباری سیروان زیاتر لە (٣-٤ ملیار م٣) ئاوی لەدەست داوە، هەست دەکرێت کە ئاستی ڕووباری سیروان لە دوای ساڵی (٢٠١٩) ەوە بە تەواوەتی دابەزیوە. بۆیە ڕێژەی ماددە پیسکەرەکان بە تایبەتی ماددە هیدرۆکاربۆنی و میتاڵە قورسەکان، بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرز بوونەتەوە.

تەنانەت ئاوی بارانیش توانای جێگرتنەوەی ئەو بڕە ئاوەی نییە کە لە ئێرانەوە گل دراوەتەوە، چونکە ڕێژە و ڕیتمی دابارین لە هەموو ناوچەکانی جیهان و بە تایبەتی لە کوردستاندا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. بۆیە لە ئێستادا ڕووباری سیروان مەترسییەکی زۆرگەورەی لە سەرە بە هۆی ئەو ماددە پیسکەرانەوە و تایبەتمەندییە سروشتییەکانی لەدەست داوە و تێچووی پاڵاوتنی ئاوەکە بۆ مەبەستە جیاجیاکان و بە تایبەتی خواردنەوە بەرز بووەتەوە.

## دەرەنجام

بە پێی نوێترین داتای کواڵیتیی ئاوی ڕووباری سیروان، دەرکەوتووە کە ئاوی ڕووبارەکە گرفتی زۆر گەورەی بە تایبەتی بۆ خواردنەوە تێدا بەدی دەکرێت، بۆیە ناکرێت ئەو ئاوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەبێ پاڵاوتن بەکاربهێنرێت و لە ئێستادا ئەمە گەورەترین ئاڵنگارییە کە ڕووبەڕووی خەڵک دەبێتەوە، چونکە ڕووبارەکە دەوڵەمەندە بە هەندێ لە کانزا قورسەکان و ماددە هایدرۆکاربۆنییەکان. بەکارهێنانی کلۆر بۆ پاڵاوتنی ئاوی ڕووبارەکە مەترسی لە سەرتەندروستیی هاووڵاتییان زیاتر دەکات، بە هۆی یەکگرتنی ئەو ماددانەوە کە لە ئەنجامدا ماددەی شێرپەنجەیی (Carcinogen) دروست دەبێت.

لە ڕووی کشتوکاڵی و ئاودێرییەوە تا ئێستا گرفتی گەورەی تێدا بەدی نەکراوە، بەڵام ئەگەری هەیە لە ساڵانی داهاتوودا بەکەڵکی کشتوکاڵیش نەیەت، چونکە ئاو کاتێك بۆ کشتوکاڵ گونجاو دەبێت کە چەند مەرجێکی تێدا بێت، بۆ نموونە دەبێت هیچ ماددەیەکی ژەهراویی تێدا نەبێت، بەڵام لە ئێستادا چەند پارامێتەرێک دەرکەوتوون لە ئاوی ڕووبارەکە وەکوو ژەهراویبوون بە مەگنیسیۆم (MH) و قورسیی ئاو (TH) کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەرکواڵتیی خاک هەیە. لە ئایندەدا ئاوی ڕووباری سیروان بە هۆی ئەو پاشەڕۆیانەوە مەترسیی ئەوەی لە سەردەبێت کە بەکەڵکی کشتوکاڵیش نەیەت بە تایبەتی دوای دابەزینی ئاستی ئاوی ڕووبارەکە بە شێوەیەکی بەرچاو و بەتایبەتتر لە وەرزی هاویندا.

بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پیسبوونی ڕووباری سیروان، پێویستە کاری جددی لە سەر سەرچاوەکانی پیسبوون بکرێت و ئەم کارە پێویستە لە ڕووباری تانجەرۆوە دەست پێ بکات، چونکە مەترسیدارترین سەرچاوەی پیسبوونی دەریاچەی دەربەندیخان و ڕووباری سیروان و دواتر دەریاچەی حەمرینە. ناوچەی تانجەرۆ پێویستی بە کارگەی ڕیسایکلین و پاڵاوگەی تایبەت بە پاشەڕۆکان هەیە. هەروەها پێویستە پاڵاوگەی تایبەت بە پاشەڕۆکان لە هەموو شارو شارۆچکەکانی سەرڕووباری سیروان بۆ پاڵاوتنی پاشەڕۆ پێش تێکەڵکردنی بە ئاوی ڕووباری سیروان دابمەزرێت. لە لایەکی ترەوە بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی پیسبوونی ئاوی ڕووباری سیروان لە سەرتەندروستیی هاوڵاتییان، پێویستە پاڵاوگەی ئاو خواردنەوە لە شارو شارۆچکەکان دابمەزرێنرێت.

# سەرچاوەکان

[1] Al Naqeeb N A and Jazza S H 2020 Quality assessment of drinking water by using some Environment Index in Misan Province Ecol. Environ. Conserv. **26** 1735–9

[2] Dipak Paul 2017 Research on heavy metal pollution of river Ganga: A review Ann. Agrar. Sci. **15** 278–86

[3] Singh R M and Gupta a. 2017 Water Pollution-Sources ، Effects and Control Water Pollution-Sources ، Effects and Control Res. gate **5** 1–17

[4] Majhi A and Keshari Biswal S 2016 Application of HPI (Heavy Metal Pollution Index) and Correlation Coefficient For The Assessment Of Ground Water Quality Near Ash Ponds Of Thermal Power Plants Int. J. Sci. Eng. Adv. Technol. IJSEAT **4** 395–405

[5] Nair I، Singh K، Arumugam M، K.Gangadhar and Clarson D 2010 Trace metal quality of Meenachil River at Kottayam، Kerala by principal component analysis World Appl. Sci. J. **9** 1100–7

[6] Chabuk A، Al-Madhlom Q، Al-Maliki A، Al-Ansari N، Hussain H M and Laue J 2020 Water quality assessment along Tigris River (Iraq) using water quality index (WQI) and GIS software Arab. J. Geosci. **13**

[7] Sarhat A R and Al-Obaidi B S 2023 Assessment of Heavy Metal Pollution in Sirwan River by Heavy Metal Pollution Index (HPI) and Metal Index (MI) Water Conserv. Sci. Eng. **8**

[8] Sarhat A R and Al-Obaidi B S 2022 Evaluation of the water quality of the Sirwan River in the Garmian region for irrigation purposes using the Irrigation Water Quality Guidelines (IWQG) Rev. Bionatura **7**

[9] Alshatteri A، Sarhat A and Jaff A 2018 Assessment of Sirwan River Water Quality from Downstream of Darbandikhan Dam to Kalar District، Kurdistan Region، Iraq J. Garmian Univ. **5** 48–58

# ئایندەی پەیوەندیی نێوان جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیك



کازم ئەحمەد سەدرەدین/ ماستەر لە جوگرافیا

## بەرایی

جوگرافیا یەکێکە لەوبابەتانەی جێپەنجەی لە سەرزۆرکایەی جیاوازبەجێ هێشتووە، تەواولە مانا کلاسیکییەکەی دەرچووە کە لە چەند بابەتێکی وەك (باکوورو باشوورو پلەی گەرمی و... هتد)ی تەسکدا قەتیس کراوە. جوگرافیاش دابەش بووە بۆ دوو لقی سەرەکی (سروشتی و مرۆیی). جوگرافیای سیاسی یەکێکە لە هێڵە سەربەخۆکانی جوگرافیای مرۆیی، کە لێکۆڵینەوە دەکات لە تایبەتمەندییە سروشتی و مرۆییەکانی دەوڵەت و یەکە سیاسییەکان. وەلێ هەندێك لە زانایان چەمکی جوگرافیای سیاسی بە وەسفی دەوڵەت وێنا دەکەن. ڕەنگە ئەم چەمکە مێژوویەکی دێرینی هەبێت وەکوو بوون، ئەمما لە واقیعدا جوگرافیزانی ئەڵمانی (فریدریك ڕاتزل) ڕوحی بە بەرجوگرافیای سیاسیدا کرد کاتێك بۆ یەکەم جارکتێبی «جوگرافیای سیاسی»ی بڵاوکردەوە، ئەمە سەرەتایەك بۆتیۆریزەکردنی بابەتی جوگرافیای سیاسی و کردنی بە بابەتێکی زانستیی سەربەخۆ.

جوگرافیای سیاسی هەرلە چوارچێوەی وەسفی دەوڵەتدا نەمایەوە، بە تایبەت دوای ئەوەی سیاسەتمەداری سویدیی بە ڕەگەز ئەڵمانی «ڕۆدلف کیلین» توانیی لە هەناوی جوگرافیای سیاسیدا چەمکی جیۆپۆلەتیک بهێنێتە ئاراوە، جوگرافیا بهێنێتە ناو کایەی سیاسەتەوە و بیکاتە بابەتێکی جێسەرنجی پسپۆڕانی بواری سیاسەت و بیخاتە خزمەت هێزی دەوڵەتەوە. ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ دەرکەوتنی چەمکی جیۆپۆلەتیك وەك بابەتێکی زانستی داینامیك کە «بایەخ بە هێزو داواکارییەکانی دەوڵەت دەدات لە ئێستادا و چاوی لە پێگە و گەشەکردنی دەوڵەتە لە ئایندەدا»، هەر بۆیە هەندێك بە «هێزی دەوڵەت» ناوی دەبەن. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین لە پەیوەندیی نێوان جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیك بکۆڵینەوە و تیشك بخەینە سەر چەمکەکانی جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیك وگەلاڵەی زەمینەی سەرهەڵدانی هەردوو چەمکەکە بکەین و خاڵی هاوبەش و خاڵی جیاوازیان شی بکەینەوە، وێنایەك بۆ ئاسۆکانی ئایندەی ئەم دوو کایە گرنگە بخەینە ڕوو.


### ١- زاراوەی جوگرافیای سیاسی

بە دیاریکراوی جوگرافیای سیاسی بەشێکە لە بەشەکانی جوگرافیا، لە ساڵانی دواتردا لە سەدەی نۆزدە بەدواوە وەك کارەکتەرێکی سەربەخۆ گەشەی کرد. بە شێوەیەکی گشتی لە هۆکارە کاریگەرەکانی پێشکەوتنی ئەم زانستە، هاتنەکایەی قۆناغەکانی دۆزینەوە جوگرافییەکان و گۆڕانکاری لە بیری جوگرافیا بوو[١] ، وەلێ جوگرافیای سیاسی لە بنەڕەتدا لقێکە لە جوگرافیای مرۆیی، یەکێکە لە چوار لقە سەرەکییەکەی (سیاسی، ئابووری، نیشتەجێبوون، دانیشتووان). ئەمەش وەك هەر بەشێکی تری جوگرافیای مرۆیی دابەش بووە بەسەر چەند بەشێکی تایبەتدا وەك (جوگرافیای سەربازی و جوگرافیای هەڵبژاردنەکان). هەروەك لقەکانی تری جوگرافیا، ئەمەش بایەخ دەدات بە دیاردە جێگەییەکان و ئەو پەیوەندی و کارلێکەی کە لە نێوانیاندا هەیە و پەیدا دەبێت، بەو کارلێکەی لەگەڵ دیاردە مرۆییە سیاسییەکاندا دیاردەی سیاسیی هەمەجۆر و جیاواز سەر هەڵدەدات دەخوازێت لێیان تێبگەین[٢]. ئەگەرچی زاراوەی جوگرافیای سیاسی لە دوو وشەی لێکدراو پێك هاتووە، یەکەمیان وشەی «geography» کە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە. خودی وشەکە لە دوو بەش پێك دێت، یەکەمیان بریتییە لە «Geo» کە مانای زەوی دەگەیەنێت، ئەمە لە کاتێکدا دووەمیان وشەی «Grape»یە مانای پێناسە دەگەیەنێت. پاشان پێناسەی جوگرافیا لە سادەترین مانایدا بوو بە «پێناسەکردنی زەوی»[٣].

هەرچی وشەی «Politic» لە وشەی «Polis»ی گریکی (یۆنانی) وەرگیراوە، واتای سەر لوتکەی گردی دەگەیاند کە قەڵایان بە سەرەوە دروست دەکرد و خەڵکی بۆ گفتوگۆ لە سەرخۆپاراستن و کێشە گشتییەکان لێی کۆدەبوونەوە، پاشان بووە ناوەندی هەڵسووڕانی ژیانی شاری و دەوڵەتشار[٤]. هەرچی وشەی «Political Geography» کە بە واتای جوگرافیای ڕامیاری یان جوگرافیای سیاسی دێت، گرێدراوی هەردوو وشەی «پۆلەتیکاڵ و جیۆگرافی»یە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ زانستێك کە پێی دەوترێت «زانستی جوگرافیای سیاسی»، لێکۆڵینەوە دەکات لە «یەکە سیاسییەکانی هەسارەی زەوی و ڕۆڵی چالاکییە سیاسییەکان لە بواری جوگرافیای مرۆیی و ئابووری، بەشێك لەم زانستە تایبەتە بە دیاریکردنی کاریگەریی هۆکارە سروشتی و کولتوورییەکان بە دەرکەوتنی یەکەی سیاسیی بەهێز»[٥].

### شێوەی ژمارە (١)

ئەو بوارانە زانستی جوگرافیا پیشان دەدات کە پەیوەستە بە جوگرافیای سیاسی و زانستی سیاسەت




المصدر: د. محمود توفيق محمود، مفهومه جغرافية السياسية ومجالها، نشرة دورية محكمة تعني، بالبحوث الجغرافية يصدرها قسم الجغرافيابجامعة الكويت، والجمعية الجغرافية الكويتية، ديسمبر١٩٨٨، ص٩.

### ١-١ مێژووی گەشەکردنی جوگرافیای سیاسی

ڕەنگە پەرەسەندنی چەمکی جوگرافیای سیاسی مێژوویەکی کۆنی هەبێت بەوەی «جوگرافیای سیاسی زانستێکی کۆنە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر». هەر چەندە دەرکەوتنی وەکوو لقێکی خاوەن خەسڵەت، میتۆدی تایبەتی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە. ئەم زانستە لە نووسینەکانی هەندێك لە بیرتیژە دێرینەکانی وەکوو هیرۆدت، هیبۆکرات، ئەفلاتوون و ئەرستۆدا بە ڕوونی دەرکەوت کاتێك کە لە پەیوەندیی نێوان دیاردە سروشتییەکان و هەڵسوکەوتی سیاسیی مرۆڤیان دەکۆڵییەوە[٦]. بەشێك لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانی ئەو نووسەر و بیرمەندانە لە چوارچێوەی بابەتی جوگرافیای سیاسیدا خراونەتە ڕوو، بەبێ ئەوەی زانیارییان لە بوونی بەشێکی سەربەخۆ لە ژێر ناوی جوگرافیای مرۆییدا هەبێت. لە نێو ئەوانەی ناومان بردن، ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٣پ. ز) لە کتێبەکەیدا (سیاسەت) باس لە دەوڵەتێکی نموونەیی دەکات بە قووڵی، هەندێك چەمکی جوگرافیای سیاسیی هێناوەتە ئاراوە. ئەو پێی وا بوو «لە وڵاتێکی سەربەخۆی ئایدیاڵ و نموونەییدا، چۆنیەتیی پەیوەندیی نێوان دانیشتووان و رووبەر گرنگە«، هەروەها دیاریکردنی شارێك وەك پایتەخت بە گرنگ دەزانێت. ئەو باسی پێکهاتەی سوپا و هێزی دەریایی و چۆنیەتیی سنوورەکان و فاکتەریشی کردووە. لە تەواوی ئەو باسەیدا، چەمکی ژینگەی سروشتی بە تایبەتی ئاووهەوا وەك فاکتەرێکی دیار و هۆی کاریگەر ئاماژەی بۆ دەکات، ئەگەرچی ئەمرۆ ڕەوتی جەبرگەرایانەی ژینگەی (حەتمیەتی جوگرافی) ئەرستۆ لایەنگری نییە، بەڵام زۆر لە ئەندێشەکانی ئەو بە شێوەی چەمکی بنەڕەتیی جوگرافیای سیاسی چەسپیوە[٧].

ئەفلاتوونیش کە یەکێکە لە فەیلەسووفەکانی یۆنان، باوەڕی بە شاری نموونەیی (یۆتۆپی) هەبوو. لە کتێبەکەیدا (کۆمار) باس لە شارەدەوڵەت دەکات، «نەیڕوانیوەتە شار وەك ئەوەی کە هەیە، بەڵکوو وای ڕوانیوە وەك ئەوەی کە پێویستە هەبێت. کار و پەژارەی ئەفلاتوون ئەوە بووە کە بزانێت هۆیەکانی ئەو پشێوی و ئاژاوانە چی بوون کە شارەکانی یۆنانی گرتبووەوە. هەر بە تەنها مەبەستی دەرخستنی هۆیەکانی نەبوو، بەڵکوو هەوڵیشی دەدا چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، سیستمی چینایەتیی دانا، ژمارەی دانیشتووانی بە وردی دەستنیشان کرد، بۆ ئەو شارە نموونەییەی کە دەیویست، ئەوەش بۆ زامنکردنی جێگیریی ئابووری و سیاسییەکەی بوو. بۆ ئەوەی ژمارەی دانیشتووان بە نەگۆڕی بمێنێتەوە، مافی ڕێکخستنی خێزان و پێکەوەنانی و پەروەردەکردنی منداڵی دابووە دەست دادوەر و

فەرمانڕەواکان. دەبوایە پەروەردەکردنی منداڵ پەروەردەکردنێکی بە کۆمەڵ بێت، تا بینە برای یەك، باوکە ڕاستەقینەکەی خۆیان نەناسنەوە، یاساورێسای دانا بۆ پەیوەندیی خەڵکی بە دەوڵەتەوە»[٨].

مێژووی کاروانی لێکۆڵینەوە بە ئاڕاستەی شیکردنەوەی چەمکە جوگرافییەکان بەردەوامیی هەبوو. وە نەبێ تێروانینەکان دەربارەی بابەتە جوگرافییەکان بە بیروبۆچوونەکانی فەیلەسووفەکان قایل بووبن، بەڵکوو ئەو بیروبۆچوونانەیان کردە کەرەستەی بابەتی لێکۆڵینەوەی تر، سێ سەدە دوای ئەرستۆ؛ «سترابۆ» جوگرافیزانی یۆنانی-ڕۆمانی دەرکەوت، کتێبێکی لە حەڤدە بەرگدا نووسی. «هەرچەندە سترابۆ ڕێچکەی ئەرستۆی گرتبوو، بەشێکی گرنگ لە زانیارییەکانی بەرهەمی جیهانبینیی تایبەتی خۆی بوو. لە ڕاستیدا کتێبەکەی بۆ سوودی ڕۆژانەی سەربازان، بەڕێوەبەران، گەشتیاران نووسرابوو، بەڵام بە کارکردن لە فاکتەرە پێویستییەکان ئاماژەی بۆ بەڕێوەبردنی یەکەیەکی سیاسیی فراوانی وەك ئیمپراتۆریەتی ڕۆما کردووە. سترابۆ، هەروەك ئەرستۆ لایەنگری توندی بۆ نەتەوەگەرایی هەبوو، لەو باوەڕەدا بوو کە نیشتمانی ئەو (یۆنان) باشترین ئاووهەوای هەیە، سەرئەنجام باشترین شێوەی دەوڵەتی هەیە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا زانست وزانیاری لە ئەورووپا لە ژێر تیشکی ئایین جێگیر کرابوو، لە کاتیکدا لە دنیای ئیسلامدا جوگرافیا لە نێوان بازرگانان، مێژوونووسان، گەڕیدەکان و فەیلەسووفانی موسوڵمان برەوی هەبوو. «ئیبن خەلدوون»؛ مێژوونووس و فەیلەسووف وکۆمەڵناسی موسوڵمان، لە نووسینەکانیدا کە دوای سەفەرێکی دوورودرێژ لە کتێبێکدا لە سەدەی چواردەیەمی زایینی نووسیویەتی، تیۆرە بەناوبانگەکەی، خێڵ و شاری (دوو یەکەی سیاسیی بەهێزی ئەوکات) دیاری کردووە و ڕۆڵی ژینگەی سروشتیی ئەو یەکانە وەك فاکتەرێکی دیار ئاماژەی بۆکردووە. بە پێی تیۆرەکەی ئیبن خەلدون، دەوڵەت پەیڕەوی یاسای سروشت (گەشە، کامڵ، مردن) دەکات. ئەگەر لاوازیی ئاکار و گەندەڵی نەبێتە هۆی کۆتایی تەمەنی و مردنی، ئەوا پێنج قۆناغ دەبڕێت کە بریتین لە:

١. قۆناغی دروستبوون، یان دەورانی سەرکەوتن
٢. قۆناغی ملهوڕی (استبدادی)، یان پاوانکردنی هێز
٣. قۆناغی جوانکاری و خۆڕازاندنەوە
٤. قۆناغی شادمانی

٥. قۆناغی دەستبڵاوی و بەفیڕۆدان، کە دەبێتە هۆی داڕمان و لەناوچوونی دەوڵەتەکە.


نووسەرە فەڕەنسییەکانی سەدەکانی شازدەیەم و حەڤدەیەم کەوتنە دوای ڕێچکەی ئەرستۆ. بۆ نموونە «مۆنتیسکۆ» سەرنجی داوە لە ڕۆڵی بەرزونزمی تۆبۆگرافیا و ئاووهەوا لە دیاریکردنی جۆری سیستمی دەوڵەتەکان[٩]. لە سەدەی نۆزدەیەمدا جوگرافیای سیاسی پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی لە سەر دەستی «فریدریك ڕاتزل» (١٨٤٤-١٩٠٤) کە بە باوکی جوگرافیا دادەنرێت، «ئەو ویستی لە واقیعدا ببێت بە پیاوی زانست و کردار لە بواری جوگرافیادا. ساڵی ١٨٧٦ لە زانکۆی مونیخ کاری مامۆستایەتیی دەکرد، پاشان لە لایبزیگ (١٨٨٦) بە نووسینی کتێبی جوگرافیای مرۆیی (١٨٨٢) بووە پسپۆڕ لە جوگرافیای مرۆیی بە شێوەیەکی گشتی و بە نووسینی جوگرافیای سیاسی (١٨٩٧) بووە دامەزرێنەری جوگرافیای سیاسی بە شێوەیەکی تایبەت[١٠]».

بیروبۆچوونە جوگرافییەکانی لە ژێر هەژموونی تیۆری داروینیزمدا دارشت، ئەو پێی وا بوو دەوڵەت وەك گیاندارێك وایە، لە سەرەتاوە لاواز و کەمدەسەڵاتە، بەڵام کە دەگاتە سەردەمی گەنجی؛ نەشونما دەکات و گەورە دەبێت قەڵەمی فەرمانڕەوایی دەگرێتە دەست، وردە وردە دەسەڵاتی فراوان دەکات. دەوڵەتی لاواز هەمیشە خۆراکی دەوڵەتی بەهێزە، هەروەك چۆن لە دارستانەکاندا گیانداری بەهێز گیانداری لاواز دەخوات. بە هەمان شێوە بیروڕای «ڕاتزل»یش بۆ دروستبوونی دەوڵەت هەر وایە، دەڵێت لەشی گیانداران لە شانە و خانە پێك دێت. وەك چۆن لەشی گیانداران هەمیشە لە گۆڕاندایە، سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتیش درێژدەبێتەوە تا سنوورە سروشتیەکەی وەك دەریاکان و چیاکان... بە بڕوای ڕاتزل، چوار بنەمای سەرەکی بۆ دەوڵەت هەیە: (١. ئایین، ٢. بازرگانی، ٣. هۆکاری سەربازی، ٤. هۆکاری سیاسی)[١١]. ڕاتزل بە دانەری کتێبی «جوگرافیای سیاسی» دادەنرێت لە ساڵی ١٨٩٧، جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە: ڕووبەری دەوڵەت پێوەری یەکەمی هێزە سیاسییەکەیەتی، بۆیە کۆڵەکەی بیروباوەڕەکەی لە سەر فراوانبوونی هەرێمایەتیی دەوڵەت داناوە کە لە سەر حسابی دراوسێکانیەتی. بە ڕای ڕاتزل، هەرەسهێنانی دەوڵەت بەستراوە بە هەرەسهێنانی بوارە ژیارییەکەیەوە. ئەو باوەڕی بە هەمیشەیی و جێگیریی سنوور نەبوو، پێی وا بوو سنوورە سیاسییەکان ناوچەیەکی ناجێگیر و گوێزراوەن، بۆیە دەبێت سنوورەکان بە هەمیشەیی لە خزمەتی دەوڵەتدا بن[١٢]. لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم چەمکی جوگرافیای سیاسی گۆڕانکاریی بەسەردا هات و بە تەواوی خرایە خزمەت سیاسەت و دەوڵەتەوە. بووە زادەی لەدایکبوون و سەرهەڵدانی چەمکی جیۆپۆلەتیك لە

سەردەستی «ڕۆدلف کیڵین». توخمەکانی جوگرافیای سیاسی بووە بنەمایەك بۆلێکۆڵینەوە لە بابەتە جیۆپۆلەتیکییەکان. هەرچەندە لە قۆناغی هاوچەرخیشدا چەندین بیرمەندی بواری جوگرافیای سیاسی دەرکەوتن لە نموونەی «ویتلسی»، لە کتێبێکیدا بە ناونیشانی «زەویی دەوڵەت» بیروبۆچوونەکانی خستە ڕوو، ئەمە جگە لە «هارتشورن» و «جۆنز»، یەکەمیان لە کتێبێکیدا بە ناوی «گۆڕانکارییە نوێیەکان لە جوگرافیای سیاسیدا»، دووەمیان تیۆرییەکی دانا بە ناوی «مەیدانی یەکێتی».

**شێوەی ژمارە (٢)**

بوارەکانی جوگرافیای سیاسی پیشان دەدات




سەرچاوە: کوکب المنی، تعریفات الجغرافیا السیاسیة، ٢٠٢٠/٩/٥، الموقع الکتروني
https://www.merefa2000.com/2020/09/blog-post_51.html

## ١-٢ چەمك و پێناسەی جوگرافیای سیاسی

جوگرافیای سیاسی لە زۆرڕووی جیاوازەوە پێناسەی بۆکراوە، لێرەدا هەوڵ دەدەین لە بەر ڕۆشنایی چەند پێناسەیەك گەشتێکی خێرا بکەین بە نێو چەمکی جوگرافیای سیاسیدا، لە چەند ڕەهەندێکی جیاوازەوە جوگرافیای سیاسی پێناسە بکەین:

١. لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا هاتووە: «جوگرافیای سیاسی لەو ڕێگە جیاوازانە دەکۆڵێتەوە کە جیهانی تێدا دابەش بووە بە سەر وڵات (دەوڵەت)انی جیاوازدا».

٢. ڤان ڤالکینبۆرگ (Van Valkenberg) دەڵێت: جوگرافیای سیاسی بریتییە لە جوگرافیای دەوڵەت یان یەکە سیاسییەکەی، لێکۆڵینەوە لە هەموو وڵاتانی جیهان دەکات وەك یەکەیەك، جیا دەکرێتەوە بە بارودۆخی تایبەتی بەرهەم و بەکاربردن، بەشداری دەکات لە بەدیهێنانی پێویستییەکانی دانیشتووان، هەروەها لە بنەما جیاوازەکانی پێشکەوتنی دەوڵەت و هێزەکەی و شرۆڤەی پەیوەندیی نێوان ئەو دەوڵەتە و دەوڵەتانی تر دەکات لە سەر بنەمای جوگرافی.

٣. کراسی (Cressey) دەڵێت: جێبەجێکردنی بنەما جوگرافییەکانە بەسەر کێشە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، لێکۆڵینەوەیە لەو ڕاستییانەی کە پەیوەستن بە پێگە (شوێن) و سنوورە سیاسی و پێکەوەبوون و ڕەگەزە ناوخۆییەکانی دەوڵەت.

٤. بۆمان (Bowman) دەڵێت: جوگرافیای سیاسی زانستێکە یارمەتیمان دەدات بۆ دیاریکردنی هۆکارە جوگرافییەکان، کە کاریگەریی لە سەر سلوکی سیاسیی مرۆڤ هەیە[١٣].

٥. لە پێناسەیەکی تردا، دەوڵەت بە دیاردەیەك لە جوگرافیای سیاسی ناو براوە بەوەی کە «دەوڵەت دیاردەیەکی جوگرافیای سیاسییە (Politico- Geographic phenomenon)، بەڵام جوگرافیای سیاسی ئەوزانستەیە کە تایبەتمەندە بە لێکۆڵینەوە لە دەوڵەت[١٤]».

٦. کارل هاوسهۆفەر دەڵێت: «جوگرافیای سیاسی بریتییە لە بنچینەی زانستیی کاری سیاسی لە مردن و ژیانی دەوڵەتدا[١٥]».

یەکێك لە پێناسە باوەکان، بۆ جوگرافیای سیاسی، پێناسەکەی «کارل ساور»ە کە وا گوزارشت لە جوگرافیای سیاسی دەکات کە «جوگرافیای سیاسی منداڵێکی ناشەرعییە لە کۆمەڵەی زانستە جوگرافییەکان (The Wayward Child of the Geographical Sciences)»[١٦].

لە ڕووی دیاردەگەراییەوە جوگرافیای سیاسی وردترو دیاریکراوتر بایەخ بە «لێکۆڵینەوە لە دیاردە سیاسییەکان و گرێدانی بە دیاردەکانی تری سەرڕووی زەوییەوە وەك شێوازەکانی

نیشتەجێبوون، ڕووبەرە ئاوییەکان»[١٧] دەدات، ڕەنگە گشتگیرترین پێناسەی جوگرافیای سیاسی کە لا بە لای زۆر بواری ئەو بابەتەدا بکاتەوە ئەو پێناسەیە بێت کە دەڵێت: «جوگرافیای ڕامیاری (سیاسی) بایەخ بە یەکە ڕامیارییەکان و هۆکارەکانی بوون و مانەوە و پەرەسەندنیان دەدات، هەروەها بابەتگەلێکی دیکە لەخۆ دەگرێت گرنگترینیان (ماهیەتی دەوڵەت، جیاوازیی نێوان دەوڵەت و نیشتمان، نەتەوەکان و بنچینەکەیان، سنوورە ڕامیارییەکان و جۆرەکانی و گرفتەکانی و کەمینەکان). جوگرافیای ڕامیاری ڕەگەزەکانی ژینگە بەکاردەهێنێت بۆڕاڤەکردنی تایبەتمەندیی یەکە ڕامیارییەکان لە ڕووی بەهێزییەوە یان لاوازییەوە، جێگیربوونیان یان هەڵوەشاندنەوەیان. هەروەك چۆن جوگرافیای ڕامیاری لە هۆکارەکانی گرفتە ڕامیارییەکان دەکۆڵێتەوە لە ژێرڕۆشنایی ڕەوشە جوگرافییە جۆراوجۆرەکان[١٨].» هەروەها هاتشۆن پێی وایە «جوگرافیای سیاسی زانستی لێکۆڵینەوەیە لە خوێندنەوەی جیاوازیی لێکچوونە سیاسییەکانی وڵاتان و پەیوەندییان لەگەڵ هەموو جیاوازی و لێکچوونە جوگرافییەکان[١٩]».

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوەدا دەتوانین بڵێین بە گشتی ئەو بابەتانەی کە جێی بایەخن لە بواری جوگرافیای سیاسیدا، پەیوەندیی نێوان جوگرافیا و دەوڵەت و یەکە ڕامیارییەکانن، جا بابەتە مرۆییەکان بێت یاخود سروشتییەکان، وەیان بابەتە ژینگەییەکان کە کاریگەرن لە سەر سیاسەتی دەوڵەت و هەرێمەکان و سنوور و چوارچێوەکەیان و بوون و مانەوەیان.

## ٢- زاراوەی جیۆپۆلەتیك

لە ڕووی مانا و مەبەستەوە بۆ ئەوەی لە هەرچەمکێك تێبگەین، پێویستە لە ڕووی زاراوەوە بیناسێنین، هەرچی دەستەواژەی جیۆپۆلەتیکە «لە دوو وشە پێك هاتووە، جیۆ (Geo)ی یۆنانی بە واتای «زەوی» و وشەی سیاسەت (Political) بە واتای «سیاسەت یان بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی شار (دەوڵەت)دێت[٢٠]»، هەردوو وشەکەش پێکەوە بە واتای «سیاسەتی زەوی» دێت.

لە کاتێکدا زاراوەی جیۆپۆلەتیك هەڵقوڵاوی جوگرافیای سیاسییە، ئەوەی جیای دەکاتەوە لە جوگرافیای سیاسی؛ خوێندنەوە و شیکارکردنە بۆ داهاتووی کێشەکانی دەوڵەت و یەکە سیاسییەکان بە کەرەستەی نوێوە. لە زمانی کوردیدا هەندێك جار لە بری «جیۆپۆلەتیك (Geopolitical)، وشەگەلی وەك ‹زەویی ڕامیاری› بەکاردێت»[٢١]. لەو

کەسانەی گرنگیی تایبەتیان بەم زاراوەیە داوە، بیرمەندی سویدیی بە ڕەگەز ئەڵمانی «کیلین»ە. ئەویەکەم کەس بوو زاراوەی «جیۆپۆلەتیك»ی بە واتای «ژینگەی سروشتی بۆ دەوڵەت» بەکارهێنا و ئەڵمانییەکانیش شرۆڤەی جیاوازیان بۆکرد، کە دواتر لە پەیمانگای جیۆپۆلەتیکی ئەڵمانی لە لایەن «کارل هاوسهۆڤەر»ەوە پەرەی پێ درا[٢٢].

هەر چەندە «چاکەی بەکارهێنانی زاراوەی «جیۆپۆلەتیك» و جیاوازییەکەی لەگەڵ جوگرافیای سیاسیدا دەگەڕێتەوە بۆ جوگرافیزانی سویدی ڕۆدلف کیلین. بە لای کیلینەوە، جیۆپۆلەتیك ژینگەی سروشتیی دەوڵەتە. کاریگەریی جوگرافیزانە ئەڵمانییەکانی زۆر لەسەر بوو بە تایبەت ڕاتزڵ، دەوڵەت بە لای کیلینەوە بوونەوەرێکی زیندووە، زەوییەکەی لەشولایەتی(جەستەی) پایتەختەکەی دڵ و سییەکانیەتی، ڕێگاوبان و ڕووبارەکان خوێنبەر و خوێنهێنەرەکانیەتی، باڵەکانی ناوچە کشتوکاڵی و کانزاکانن مانەوەشی بەندە لە سەر دانیشتووانەکەی و شارستانیەتەکەی، ئابوورییەکەی، فەرمانڕەوایەتییەکەی و زەوییەکەی. بە لای ئەوەوە پێویستە جوگرافیا بخرێتە خزمەت دەوڵەتەوە، بۆیە جوگرافیا ئەوساکە هەمووی دەبێتە جیۆپۆلەتیکا[٢٣]. ئەوەی دەردەکەوێت زاراوەی جیۆپۆلەتیك لە زمانی کوردیدا بە واتاگەلی وەك «زەویی ڕامیاری» یان «سیاسەتی زەوی» دێت، کە مەبەست لێی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتە بە کەرەستە جوگرافییەکان.

## ١-٢ مێژووی گەشەکردنی جیۆپۆلەتیك

جیۆپۆلەتیك، وەك زانست، «زاراوەیەکی تازەیە بە گشتی، بەڵام لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتدا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ کاریگەریی خۆی هەبووە. وشەی جیۆپۆلەتیك وەك لە پێشەوە ئاماژەی بۆکرا، بۆیەکەم جار لە لایەن زانای سویدی ڕۆدڵف کیلین بەکارهێنرا بە مەبەستی زانستی. یەکەی سیاسی واتە ‹دەوڵەت› لە ژینگەیەکی جوگرافیدا[٢٤].» ئەگەرچی ئەم زانستە لە ساڵی ١٨٩٩دا بەکارهێنرا، بەڵام پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە نەبینی هەتا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، لە کاتێکدا جیۆپۆلەتیك «مێژوویەکی یەك سەدەی هەیە. لەم سەد ساڵەی دواییدا سێ قۆناغی بڕیوە:

- قۆناغی یەکەم: لە کۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمی زایینی تاکوو جەنگی جیهانیی دووەم درێژەی کێشا. بە قۆناغی لەدایکبوون و نەشونماکردنی ئەم زانستە دادەنرێت.

- قۆناغی دووەم: سەردەمی پاش جەنگی جیهانیی دووەم تا کۆتایی جەنگی سارد

دەگرێتەوە، ئەم قۆناغە؛ قۆناغی کشانەوە و خامۆشیی جیۆپۆلەتیکە.

- قۆناغی سێیەم: لە کۆتایی جەنگی ساردەوە تاکوو ئێستا بەردەوامە و خولی سەرهەڵدانەوە و بووژانەوە و پەرەسەندنی گشتگیری ئەم زانستەیە[٢٥].»

یەکێکی ترلەوزانایانەی کە بە داڕێژەری تیۆری جیۆپۆلەتیک دادەنرێت ژەنەراڵ «کارل هاوسهۆڤەر» (١٨٦٩-١٩٤٦)ە. بە میراتگری بیری «کیلین» دادەنرێت لە ئەڵمانیا. ئەگەر کیلین بە داهێنەری جیۆپۆلەتیک دابنرێت، ئەوا کارل هاوسهۆڤەر دەبێتە ڕێنیشاندەری بیروبۆچوونەکانی کیلین. هەتا ڕادەیەکی زۆرلە ژێرکاریگەریی «بواری جوگرافیا»دا بوو، ئەو پێی وا بوو ئەوبوارە کارلە مێژووی مرۆڤایەتی دەکات[٢٦].

بە درێژایی مێژووی «سەدە»یەك لە سەرهەڵدانی زانستی جیۆپۆلەتیك، چەند ڕووداو و گۆڕانکارییەك کاریگەریان لە سەر گەشەسەندنی جیۆپۆلەتیك هەبووە، گرنگترین ڕووداوەکانیش بریتین لە:

- گۆڕانکاری مێژوویی: ئەم گۆڕانکاریانە جەنگەکان یان شۆڕشەکان یان کودەتا یاخود دۆزینەوە زانستییەکان دروستی دەکەن، بۆیە ئەم گۆڕانکارییە لە قۆناغە جیۆپۆلەتیکییەکاندا دەبێتە خاڵی وەرچەرخان (Turing Points) بۆدروستکردنی ڕۆڵ یان پەیوەندیی نوێ.

- سەرهەڵدانی شێوازی نوێی تەکنەلۆژیا: ئەمەشیان ئەودەرەنجامانەی لە پێشکەوتنی شارستانی و دروستبوونی هاوپەیمانی و ڕێکخراوی ئابووری و سیاسی، کە لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا هاتوونەتە ئاراوە و ڕۆڵی کاریگەریان لە تەوەرە جوگرافییەکان و ڕێڕەوە جیۆپۆلەتیکییەکانی ئایندەدا هەبووە.

- ئەوسەرکردە یان نوێنەرانەی کە دەست بەسەرتەواوی کاروبارەکانی سیاسیدا دەگرن بۆماوەیەکی دوورودرێژ، هەروەها ڕۆڵی کاریگەریان لە ڕووداوەکاندا هەیە، جیۆپۆلەتیك بە شێوەیەکی گونجاوپیادە دەکەن (وەك چۆن لە کۆندا هەریەك لە ستالین و هیتلەرو ماوتسی تۆنگ وکاسترۆ ونەرۆ... ئاوا بوون)[٢٧].

## ٢-٢ چەمك وپێناسەی جیۆپۆلەتیك

چەمکی جیۆپۆلەتیك «وەك لقێکی تازە سەرەتا لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا لە زانستی جوگرافیای سیاسی جیا بووەتەوە بە شێوەیەك کە دەتوانین بڵێین جیۆپۆلەتیك زادەی جوگرافیای سیاسییە وبە ویژدانی جوگرافیی دەوڵەت دادەنرێت بە واتای ئەم زانستە کە دواترلە لایەن جەنەراڵی سەربازیی ئەڵمانی ‹کارل هاوسهۆڤەر› پەرەی پێ درا، ئەوەی

خستە ڕوو کە زانینی زانیارییە جوگرافییەکان بە بنچینەی سەرەکی بۆ کاری سیاسەتی دەوڵەت دادەنرێت، جا چ کاتی شەڕبێت یاخود لە کاتی ئاشتی، واتە لە ڕێگەی ئەم زانستەوە هەموو ئەو بنەما جوگرافییانەی کە دەوڵەت هەیەتی دەخرێتە خزمەت سیاسەتەوە[٢٨].» ئەمە جگە لەوەی «لە ساڵی ١٩٥٤، ڕیچارد هارتشۆن زاراوەی ‹جیۆپۆلەتیك›ی بە زاراوەی ئەندێشەیی ناوزەند کرد و بە درێژایی شەڕی جیهانیی دووەم لە ئۆفیسی خزمەتگوزاریی ستراتیژی کاری دەکرد، کە لە جێگای ‹ئاژانسی هەواڵگری›ی ئێستادا بوو، هاریکار بوو لە دەستەبەرکردنی هەواڵگریی جوگرافی بۆ سوپای ئەمەریکا. ئەویش بە هەمان شێوەی شارەزایانی بواری جوگرافیی پێش خۆی (ئیسیا بۆمان)، زاراوەی جیۆپۆلەتیکی بە شێوەیەك وەسف کردووە، کە لەڕووی ئەندێشەوە هەڵخەڵەتێنەرە و لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە جێگای گومانە. بە بۆچوونی هارتشۆن، زاراوەکە بەوە لەکەداربووە کە بە نازیەت و جۆرەکانی تری فاشیزمەوە بەستراوەتەوە[٢٩].» هەندێکی تروا دەبینن «جیۆپۆلەتیك، زانستێکە، یان تیۆرێکە لە هەموو ڕوویەکەوە لە هێزی دەوڵەت دەکۆڵێتەوە، هەوڵ دەدات ئاسایشی نەتەوەیی بپارێزێت. بە واتایەکی تر: جیۆپۆلەتیك لە ڕووی پراگماتیکییەوە بریتییە لە هونەری کاری سیاسیی دەوڵەت لە تێکۆشانیدا بۆبەدەستهێنانی دەرەتانی ژیانی ولە ڕووی سیاسییەوە لە دەوڵەت ولە باری پاشەڕۆژ(ئایندە)ی دەکۆڵێتەوە[٣٠].»

بە درێژایی ئەو ماوەیەی جیۆپۆلەتیك باڵادەستیی خۆی بەسەرسیاسەت و دەوڵەتەوە سەپاند، لە زۆر ڕەهەندی جیاوازەوە چەندین پێناسەی جیاواز بۆ جیۆپۆلەتیك کراوە، لێرەدا چەند پێناسەیەك دەخەینە ڕوو:

- کیلین لە پێناسەی جیۆپۆلەتیکدا دەڵێت: جیۆپۆلەتیك بریتییە لەوزانستەی کە وا لە دەوڵەت تێدەگات کە بوونەوەرێکی جوگرافیی زیندووە، یان بریتییە لە دیاردەیەك لە بواردا (ظاهرة في المجال).

- سپایکمان لە ساڵی ١٩٤٤دا ئاماژە بەوە دەکات: جیۆپۆلەتیك بریتییە لە نەخشەدانانی سیاسەتی ئاسایشی دەوڵەت لە سەر بنەمای هۆکارە جوگرافییەکان، ئەو پێی وا بوو تاکە بواری تایبەتی جیۆپۆلەتیك بریتییە لە بواری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان، چونکە شیکردنەوەی ئەم زانستە تایبەتە بە هاریکاریکردن بۆ دارشتنی سیاسەتێکی گونجاو بۆ گەیشتن بە دەرەنجامە دیاریکراوەکان.

- ئینسکلۆپیدیای بەریتانی پێناسەی جیۆپۆلەتیك دەکات و دەنووسێت: جیۆپۆلەتیك زانستێکە هەوڵی شیکردنەوەی ئەو فاکتەرە جوگرافییانە دەدات کە پەیوەندیی تۆکمەیان

بە سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە هەیە، بەوواتایەی ئەم زانستە پلان دادەنێت کە دەوڵەت دەبێت چۆن بێت؟ لەم بوارەشدا جوگرافیا بەکاردەهێنێت بۆ خزمەتکردنی دەوڵەت لە ڕوانگەی نەتەوایەتیی تەسکدا. جیۆپۆلەتیك ڕێخۆشکەرە بۆ کاری ڕامیاری و بنەمای پێویست دەبەخشێت بە ژیانی سیاسی، بۆیە پێویستە جیۆپۆلەتیك ویژدانی جوگرافیای وڵات بێت.

- هاوسهۆڤەر پێی وایە: جیۆپۆلەتیك گرنگی دەدات بە وڵات و هەوڵ دەدات هەموو کێشەکانی لە دەرەوەی چوارچێوەی سنووری خۆیدا چارەسەر بکات.

- جوگرافیناسی ئەمەریکی «ویگرت» پێی وایە: جیۆپۆلەتیك بەکارهێنانی بنەما و پرۆگرامەکانی جوگرافیایە لە بواری هێزدا.

- ڤالکنبرگ لە پێناسەکەیدا دەڵێت: جیۆپۆلەتیك بریتییە لە جوگرافیای سیاسی لە دیدوبۆچوونی نەتەوایەتیدا[٣١].

- جۆرج فریدمان نووسەری کتێبی «سەد ساڵی داهاتوو» دەڵێت: «جیۆپۆلەتیك تەنیا ئەو قسە باقوبریقەدارە نییە کە دەڵێن پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و تەواو، بەڵکوو شێوازێکی تایبەتی جیهانبینییە و ئامرازێکە بۆ دیاریکردنی ئەو ڕووداوانەی کە لە ئایندەدا دەیانبینین[٣٢].»

- د. حسێن بەشیرییە؛ مامۆستای زانستی سیاسەت لە زانکۆی تاران، جەخت لەوە دەکاتەوە: «جیۆپۆلەتیك دیراسەی بنەماکانی جوگرافیای دەسەڵاتی دەوڵەتەکانە. نەخشی تایبەتمەندییەکانی سەرزەمینی، ئاووهەوا (کەش)، سەرچاوەکانی سروشتی، شوێنگەی جوگرافی و تایبەتمەندییەکانی حەشیمەتی و فەرهەنگی (کولتووری)یە لە سەر قەوارە و هەڵسوکەوتی سیستمی سیاسی[٣٣].»

- تیم مارشاڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس و خاوەنی کتێبی زیندانییەکانی جوگرافیا پێی وایە: «جیۆپۆلەتیك لەو ڕێگایانە دەکۆڵێتەوە کە دەتوانرێت بە هۆیانەوە لە کارتێکەرە جوگرافییەکانەوە لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکان بگەین، نەك تەنیا لە ڕێگەی هەڵکەوتە جوگرافییە فیزیکییەکانەوە وەك (لەمپەرە سروشتییەکانی چیاکان یاخود چڕبوونەوەی تۆڕە ڕووبارییەکان)، بەڵکوو بە هۆی کەشوهەوا و دیمۆگرافیا و ناوچە کولتوورییەکان و دەستگەیشتن بە سەرچاوە سروشتییەکانیشەوە. کارتێکەری لەم جۆرە دەتوانن کاریگەرییەکی گرنگیان هەبێت لە سەرچەندین ڕەهەندی جیا جیای شارستانێتییەکەمان، هەرلە ستراتیژی سیاسی و سەربازیمانەوە هەتا گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی مرۆییەوە بە

زمان و بازرگانی و ئایینیشەوە[٣٤].»

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوە، دەگەینە ئەو بۆچوونەی جیۆپۆلەتیك بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنە، لە هەناوی جوگرافیای سیاسییەوە سەری هەڵداوە. لێکۆڵینەوە دەکات لە ئێستا و ئایندەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و تواناکانی دەوڵەت و یەکە سیاسییەکان و دەرامەتە سروشتی و مرۆییەکانیان و خاڵی بەهێز و لاوازیان دەستنیشان دەکات، جیهانبینی (ڕوئیا)ی خۆی سەبارەت بە ئایندەیان دەخاتە ڕوو.

## ٣- ئاسۆکانی داهاتووی پەیوەندیی نێوان جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیك

لە ڕاستیدا جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیك دوو بابەتی تایبەتمەندی بواری جوگرافیای مرۆیین، فۆکەسی هەردووکیان لە سەر دەوڵەت و یەکە سیاسییەکانە، لە لێکۆڵینەوەکانیاندا سوود لە کەرەستە جوگرافییەکان وەردەگرن، چونکە «جوگرافیا زانستێکە بایەخ دەدات بە لێکۆڵینەوەی زەوی و مرۆڤ و ئەو کارلێکەی کە لە نێوانیاندا دروست دەبێت، هەرلە بەرئەوەی ئامانجی جوگرافیای سیاسی چالاکییە سیاسییەکەیە، بۆیە گرانە ئەو چالاکییانە لە چالاکییەکانی تری مرۆڤ جیا بکرێتەوە کە بەری کارلێکی نێوان ڕەگەزەکانی سروشتە لە لایەك و کۆمەڵگە مرۆییەکانە لە لایەکی ترەوە. بۆیە پێویست دەکات بایەخ بدرێت بە هەموو زانستەکانی جوگرافیا یان هەموو لقەکانی جوگرافیا بە سروشتی و مرۆیی و ئابوورییەوە. زانستە جوگرافییەکان هەر لە خۆیاندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە چالاکییەکانی مرۆڤەوە، مرۆڤیش بەستراوەتەوە بەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی، فەرمانڕەوایەتی یان ڕێکخستنە سیاسییەکەش بەستراوەتەوە بە سیستەمە کۆمەڵایەتی و چالاکییە ئابوورییەکانەوە، چونکە لە ڕووی مێژووییەوە ململانێ سیاسییەکان لە سەر زەمینەیەکی ئابووری ڕوو دەدەن ‹بێ زەوی و دەوڵەت› نابن[٣٥].»

لەمەڕ خاڵی هاوبەش و پەیوەندیی نێوان ئەم دوو زانستە، «زۆرکەس جیۆپۆلەتیك و جوگرافیای سیاسی بە یەك مانا لێك دەداتەوە، لە بەر ئەوەی تێکەڵییەك لە مانا و چەمکەکانیاندا هەیە و بە ئاسانی ناتوانرێت لێك جیا بکرێنەوە و لە ڕووی زاراوەشەوە لێك نزیکن. سەرەڕای ئەوەی جیۆپۆلەتیك لە هەناوی جوگرافیای سیاسیدا[٣٦] سەری هەڵداوە. پەیوەندیی نێوان جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیك یاخود خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم دوو زانستە، جوگرافیناس و توێژەرانی پەیمانگاکانی لێکۆڵینەوەشی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە، هەندێك وای دەبینن «جیۆپۆلەتیك بریتییە لە جوگرافیای سیاسیی پراکتیکی، بەڵام ‹ئەتۆمۆڵ› کە یەکێکە لە نووسەرانی پەیمانگای ‹میونیخ› و یەکێکە لە

شوێنکەوتوانی ‹هاوسهۆڤەر›، پێی وایە ‹جیۆپۆلەتیك گرنگی دەدات بە وڵات و هەوڵ دەدات هەموو کێشەکانی لە دەرەوەی چوارچێوەی سنووری خۆیدا چارەسەربکات، بەوواتایەی جیۆپۆلەتیك گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی داواکاریی شوێنی وڵات، ئەمە لە کاتێکدا جوگرافیای سیاسی هەڵدەسێت بە پشکنینی بارودۆخی ئێستای وڵات... لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێك مامۆستای جوگرافیای سیاسی لە شاری میونیخی ئەڵمانی ڕێکخراوێکی جیۆپۆلەتیکیان پێك هێنا و گۆڤارێکی جیۆپۆلەتیکیان دەرکرد کە تیایدا وا پێناسەی جیۆپۆلەتیکیان کردبوو: جیۆپۆلەتیك زانستێکە لە ڕووداوە سیاسییەکان دەکۆڵێتەوە کە پابەندن بە خاکەوە. ئەم زانستە لە سەر بناغەی جوگرافیای سیاسی دامەزراوە و جیۆپۆلەتیکیش دەیەوێت ببێتە خاوەن کەرەستەی پێویست بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسی و خاوەنی بیروباوەڕی خۆی بێت بۆ ڕێنماییکردنی ژیانی سیاسی، بۆیە پێویستە جیۆپۆلەتیك ببێتە ویژدانی جوگرافیی دەوڵەت[٣٧].»

هەرچەندە پەیوەندیی هاوبەشی نێوان جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیك لێکۆڵینەوەیە لەو بابەتانەی دەوڵەت کە جێی بایەخی سیاسەت و سیاسییەکانن. بە واتایەکی تر: ئەم دوو چەمکە لە بنەڕەتدا یەك بابەتن لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە نیگاکانی خۆیان پێشکەش دەکەن. بوارەکانی بەکارهێنانیان لێکەوە نزیکە. هەروەك چۆن «زانستی جوگرافیای سیاسی بایەخ و لێکۆڵینەوە لە سەرئەو ناوچانەش دەکات کە کێشەیان هەیە و نائارامن، ئەو هۆکار و دەرئەنجامانە شی دەکاتەوە، جا چ لە سەر ئاستی هەرێمی، یان لە سەرئاستی نێودەوڵەتی بێت (وەک: کێشەی قوبرس، کێشەی کشمیر، کێشەی کورد، کێشەی عەرەب ئیسرائیل، کێشەی نیمچەدوورگەی کۆریا). هەروەها ئەم زانستە لەو ڕێکخراو و بزووتنەوە سیاسی و جوداخوازییە چەکدارانەش دەکۆڵێتەوە کە خەبات دەکەن لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراودا، وەك: (پارتی شین فین لەئێرلەندا، ئیسپانیا، پۆلیساریۆ، ئەمازیغییەکان و...). جگە لەوەش، جوگرافیای سیاسی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکانیش دەکۆڵێتەوە کە دەوڵەتان حەزدەکەن بە ویستی خۆیان ببنە ئەندام تیایدا، وەك ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی سەربازی وەك پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (NATO)، ڕێکخراوی ئابووری وەك بازاڕی هاوبەشی ئەورووپی (E.C.M)، یان ڕێکخراوی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا (Seato)، یان ڕێکخراوی هەرێمایەتی وەك کۆمەڵەی هاریکاریی عەرەب... هتد. زۆرجار جوگرافیای سیاسی لەو بابەتانەش دەکۆڵنەوە کە ڕامیاری نین، بەڵام دەبنە گرفت لە نێوان دەوڵەتاندا (وەك: ئاوزێڵی ڕووباری نیل لە نێوان میسرو سودان و ئۆگەندا،

یان ئاوزێڵی ڕووباری فورات لە نێوان تورکیا و سووریا و عێراق).

لە ڕووی دیاردە ناوخۆییەکانی وڵاتیش، ئەوا جوگرافیای سیاسی ئەو لێکۆڵینەوانەش لەخۆ دەگرێت کە لە سەر هەندێك دیاردەی سەر ڕووی زەوی ئەنجام دەدرێن، وەك: سنوورە سیاسییەکان، شوێنی پایتەخت، شێوەی وڵات، ڕووبەر، قەبارەی دانیشتووان، لەگەڵ ئەو کێشانەی پەیوەستن لەم بواردا، ئەمە سەرەڕای بایەخدان بە کێشەی کەمایەتییەکان و لە هۆکار و دەرەنجام و دابەشبوونیان دەکۆڵێتەوە. زانستی جوگرافیای سیاسی لەو دەرامەتانەش دەکۆڵێتەوە کە لە بەردەستی دەوڵەتدان (جیۆلۆجیا، ئاووهەوا، خاك، سامانی ئاو، ڕووەکی خۆڕسك...). ئەم زانستە هەوڵ دەدات تیشك بخاتە سەر ئەو شێوازە سوودوەرگرتنەی کە پێویستە لەو دەرامەتانە وەربیگرێت و بەها و سەنگی سیاسی و گرنگیی هەریەکێکیان دەخاتە ڕوو[٣٨]. جیۆپۆلەتیکیش بە شێوەیەکی گشتی کار لە سەر دوو گریمانە دەکات: «گریمانەی یەکەم: دەڵێت مرۆڤ هەمیشە هەوڵ دەدات خۆی ڕێك بخات لە یەکەی گەورەتر لە خێزان، ئەمەش ناچاری دەکات بچێتە ناو سیاسەتەوە. هەروەها مرۆڤ بە سروشتی خۆی وەفادارە بەرانبەر ئەو شتانەی کە تێیدایە و لە ناویدا لەدایك بووە، واتە وەفادارە بەرانبەر بە شوێن و بەرانبەر بە خەڵك. وەفاداری بۆ هۆزێکی دیاریکراو بۆ شارێك یان نەتەوەیەکی دیاریکراو، ئەمەش مەسەلەیەکی سروشتییە. لەم سەردەمەی ئێمەشدا خۆشویستنی نیشتمان و ئینتیمای نیشتمان مەسەلەیەکی چارەنووسییە[٣٩٤٠].» ڕەنگە هەرئینتیمابوون بۆ نیشتمان و نەتەوە وای لە ڤالکنبرگ کردبێت لە پێناسەکەیدا ئەم گریمانەیەمان وەك پەیوەندی لە نێوان جیۆپۆلەتیك و جوگرافیای سیاسیدا بۆ بچەسپێنێت، وەك دەڵێت: «جیۆپۆلەتیك بریتییە لە جوگرافیای سیاسی لە دید و بۆچوونی نەتەوایەتیدا[٤٠].» گریمانەی دووەم: جیۆپۆلەتیك خەسڵەتەکانی هەر نەتەوەیەك تا ئەندازەیەکی زۆر لە لایەن جوگرافیاوە دیاری دەکات نەك هەر ئەمە، بەڵکوو جوگرافیا پەیوەندیی نێوان نەتەوەکانیش دەستنیشان دەکات. جوگرافی بەس بە تەنیا بریتی نییە لە سیفەتە فیزیاییەکانی شوێنێك، بەڵکوو لەوەش دەکۆڵێتەوە کە ئەو شوێنە چ دەور و تەئسیرێکی هەیە لە سەر مرۆڤ و کۆمەڵگەکان[٤١]. ئەوەی گرنگە لەمەڕ پەیوەندیی نێوان جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیك ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە نەك تەنها جوگرافیای سیاسی لانکەی سەرهەڵدانی جیۆپۆلەتیکە، بەڵکوو میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەشیان هەمان میتۆدە بە کەرەستە و هێڵی جیاوازەوە، بوارەکانی کارکردنیشیان لە نێوان ئێستا و داهاتوودا پەیوەندییەکە جودا دەکاتەوە. بە نموونە؛ ئەگەر جوگرافیای سیاسی لیکۆڵینەوە لە

سنووره ڕاستەقینەکانی ئێستای دەوڵەتێك بکات، ئەوا لە سەر هەمان ستراکچەری جوگرافیای سیاسی، جیۆپۆلەتیك لێکۆڵینەوە لە داهاتووی سنوورەکانی هەمان دەوڵەت دەکات. هەر بۆیە زانایان ئەو پەیوەندییەی نێوان جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیکیان هێندە توندوتۆڵ کردووە، «جیۆپۆلەتیکیان بە زادەی جوگرافیای سیاسی ناوبردووە و بە ویژدانی جوگرافیای دەوڵەتیان داناوە«.

### ٣-١ جیاوازیی نێوان جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیك

جیاوازیی نێوان هەرزانستێك لەگەڵ زانستێکی تر لە ئەنجامی چۆنیەتیی کارکردنی زانستەکە و جودایی ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەیەتی، بۆیە «جیاوازی لە نێوان جوگرافیای سیاسی وزانستە جوگرافییەکانی تر بە هەموو لقەکانیەوە هەر لە سەرەتاوە لە هەرێمێکەوە دەست پێ دەکات کە یەکەی لێکۆڵینەوەکەیە، جا ئەو دەوڵەتە لە یەك هەرێمی جوگرافی پێك هاتبێت یان بەشێکی هەرێمەکە بێت، ڕووبەرەکەی بچووك بێت (وەك: سویسرا بەشێکی هەرێمی چیاکانی ئەلپی ئەورووپایە، هۆڵەندا بەشێکە لە هەرێمە دەشتاییەکانی دەلتای ڕاین)، یان گەورە بێت وژمارەیەك هەرێمی سروشتی و مرۆیی لەخۆبگرێت (وەك: کەنداو، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەڕازیل، چین، ئوسترالیا)[٤٢].» ئەوەی جوگرافیای سیاسی لە جیۆپۆلەتیك جیا دەکاتەوە کێڵگەی کارکردنیانە، هەروەها جۆری ئەو کەرەستانەیە کە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بەکاری دەهێنن. «لە کاتێکدا جوگرافیای سیاسی لێکۆڵینەوە لە وڵات دەکات و گرنگی دەدات بە شیکردنەوەی ژینگەی سروشتی و مرۆیی بە شێوەیەکی بابەتیانە، ئەوا جیۆپۆلەتیك هەڵدەسێت بە لێکۆڵینەوەی بارودۆخی شوێنەواری سروشتیی وڵات لە لایەنی داواکارییەکانیەوە لە بواری ڕامیاریی وڵاتدا[٤٣].» بۆیە «هاوسهۆڤەر دەڵێت: جیۆپۆلەتیك لێکۆڵینەوەیەکی داینامیکییە، وەستاوە لە سەر فاکتەری ناجێگیری و گۆڕاو، لە کاتێکدا فاکتەری جوگرافیا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا وەك بنەمای لێکۆڵینەوەی جوگرافیای سیاسی بە جێگیر و نەگۆڕ دادەنرێت. لە سەر ئەم بنەمایە، دکتۆر ئەمین مەحموود عەبدوڵا جیاوازیی نێوان جیۆپۆلەتیك و جوگرافیای سیاسیی لە چەند خاڵێکدا خستووەتە ڕوو، بەم شێوەی خوارەوە:

١. جیۆپۆلەتیکا نەخشەی پلانێك دەکێشێت کە دەبێت دەوڵەت لە سەری دروست بێت، بەڵام جوگرافیای سیاسی لێکۆڵینەوە لە قەوارەی دەوڵەت دەکات وەك ئەوەی لە واقیعدا هەیە.

٢. جیۆپۆلەتیکا نەخشەی باری دەوڵەت دەکێشێت بۆ داهاتوو، بەڵام جوگرافیای

سیاسی کورت دەکرێتەوە لە کێشانی وێنەی دەوڵەت لە ڕابردوو و لە ئێستادا.

٣. جیۆپۆلەتیکا گەشەکرد و جووڵاو (داینامیك)ە، بەڵام جوگرافیای سیاسی نزیکە لە جێگیری و نەگۆڕەوە.

٤. جیۆپۆلەتیکا جوگرافیا دەخاتە خزمەتی دەوڵەتەوە، بەڵام جوگرافیای سیاسی ئاوێنەیەکە وێنەی ڕاستەقینەی دەوڵەت پیشان دەدات. هەروەها لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی جیهانی دەکات لە ڕووی دیدی نەتەوەیی تەسکەوە، بەڵام جوگرافیای سیاسی دەکۆڵێتەوە لە سەربنەمای بابەتی.

٥. جیۆپۆلەتیکا پشت دەبەستێت بە فەلسەفەی هێز، نەخشە و پلانی ستراتیژی دادەنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی، بەڵام جوگرافیای سیاسی لە تایبەتمەندییەکانی هێز دەکۆڵێتەوە وەك یەکەیەکی سیاسی نەك لە ژێر هیچ پاڵنەرێکی تایبەتیدا[٤٤].»

بە گشتی جیاوازیی نێوان جیۆپۆلەتیك و جوگرافیای سیاسی جیاوازییە لە نێوان دید وتێڕوانین، کە وا لە دەوڵەت دەکات تایبەتمەندییەکەی خۆی دیاری بکات بەوەی پێویستە ئەم دەوڵەتە چۆن بێت، چ پێگەیەکی هەبێت لە ئاستی گەمە نێودەوڵەتییەکان، چۆن پێشوازی بکات لەوڕووداوە سیاسی و دیمۆگرافی وژینگەیی و گۆڕانکارییانەی کە ڕوو دەدەن یاخود دەشێت لە ئایندەدا ڕوو بدەن.

## دەرئەنجام

١. مێژووی جوگرافیای سیاسی لە بەکارهێناناندا مێژوویەکی کۆنە، هەر چەندە لە چاخەکانی پێش مێژوودا شتێك بە ناوی زانستی جوگرافیای سیاسی بوونی نەبووە، هەتا لە سەدەی هەژدەیەم ڕاتزڵ بنەما زانستییەکانی بۆ جوگرافیای سیاسی داڕشت. بەڵام جیۆپۆلەتیك مێژوویەکی تازەی هەیە، هەر چەندە لە هەناوی جوگرافیای سیاسییەوە لەدایك بووە، بەڵکوو بەکارهێنانی وەکوو زانست دەگەڕێتەوە بۆ سەدەیەك لەمەوبەر.

٢. جوگرافیای سیاسی بابەتگەلێکی وەسفی و واقیعی و بابەتین، یان ڕابردووخوازن یاخود ئێستایین، وەلێ بابەتی جیۆپۆلەتیك زۆرتر ئەندێشەیی و پلانئامێزن، هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاسۆکانی ئایندە.

٣. جیۆپۆلەتیك زۆرتر بابەتێکی ئایدیاڵییە و پشت بە ئایدۆلۆژیا دەبەستێت. هەر دەوڵەتە و لە چاوی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیانەوە بۆ ئایندە دەڕوانن، واتا بە زانستی هێزی دەوڵەت یان عەقڵی دەوڵەت ناو دەبرێت.

٤. جیۆپۆلەتیك زۆرتر بابەتی سیاسییەکانە، بەکارهێنانی بابەتە جوگرافییەکانە لە داڕشتنی سیاسەتی دەوڵەت و بەندە بە ئاسۆکانی ئایندەی ململانێ سیاسییەکانەوە، لە سەر بنەمای فەلسەفەی هێز کار دەکات.

٥. جوگرافیای سیاسی بابەتێکی تەقلیدی و «ستاتیکە»، گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت، بەڵام جیۆپۆلەتیك بابەتێکی داینامکییە، هەربۆیە جیۆپۆلەتیك بە دوا پلەی پێشکەوتنی جوگرافیای سیاسی دادەنرێت. خۆ ئەگەر جوگرافیای سیاسی هەندێك تیۆری بێگیان بێت، ئاوا جیۆپۆلەتیك بە بابەتە پراکتیکییەکەی جوگرافیای سیاسی دادەنرێت و بە میکانیزمی نوێوە ڕۆح بە بەر جوگرافیای سیاسیدا دەکات.

٦. ئەگەر جوگرافیای سیاسی سیاسەت بەکار بهێنێت بۆ خزمەتی دەوڵەت، وەك لە قۆناغەکانی سەرەتای دەرکەوتنی جوگرافیای سیاسیدا باو بوو، ئەوا جیۆپۆلەتیك لە کاتێکدا بەدەرکەوت بە تەواوی جوگرافیای خستە خزمەت سیاسەت و هێزی دەوڵەتەوە.

## ڕاسپاردەکان

١. لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی نەخشەی سیاسیی جیهان، چەمکی جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیك پێویستی بە خوێندنەوەی تازەیە، بە جۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ پێشهات و هەلومەرجە نوێیەکان، ئاسۆکانی ئایندەی ململانێ سیاسییەکان، چونکە ئەم دوو چەمکە کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لە سەر پەیوەندییە سیاسییەکان و سیستمی سیاسی و نەخشەی ئایندەی جیهان.

٢. ئێستا لە هەموو کات زیاتر حکومەت و دامودەزگا و ناوەندە سیاسییەکان لە کوردستاندا پێویستیان بە ناوەندی زانستی و سەنتەری لیکۆڵینەوەی تایبەتمەند بە پرسەکانی جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیك هەیە، بە تایبەت لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتی و سیاسییەکان.

٣. پێویستە لە ئاستی باڵا، کارناسان و لێکۆڵەرانی بواری جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیکناسان هاوبەشییان پێ بکرێت لە بڕیاری سیاسیدا، توێژینەوەکانیان بەهەند وەربگیرێت، ڕاوێژیان پێ بکرێت و گوێ لە ڕا و بیروبۆچوونەکانیان بگیرێت، لە پێناو بڕیارێکی دروست و واقیعبین.

٤. پێویستە زانکۆکانی کوردستان بایەخی تایبەت بەو بوارە بدەن و بکرێن بە مەڵبەندی پێگەیاندنی پسپۆڕانی بواری جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیکی.

# سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. د. علی احمد هارون، اسس جغرافیة سیاسیة، دارالفکرالعربي، الطبعة الأولى، قاهرة، ١٩٩٨، ص١٣.
٢. د. عەبدوڵا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتییەکان، و: دجەزا تۆفیق تالیب و ئەحمەد عەلی ئەحمەد، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی، چاپخانەی ڕەنج، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا١٣١.
٣. د. حسام الدین جاد الرب، فەرهەنگی زاراوە جوگرافییەکان، و: محەمەد چیا، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢، لا١٦٦.
٤. پارێزەر. هـ سوارە، سیاسەت، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا٨٥.
٥. د. حوسێن شکوئی، جوگرافیا و فەلسەفەی جوگرافیا، و: ئاسۆ عەبدولڕەحمان، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، لا٣١.
٦. د. عەبدوڵا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتییەکان، سەرچاوەی پێشوو، لا١٧.
٧. هاوڕێ یاسین محەمەد، دەروازەیەك بۆ جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیک، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢، لا٨.
٨. د. عەبدوڵا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتییەکان، سەرچاوەی پێشوو، لا١٧.
٩. د. دورە میر محەمەد (مهاجرانی)، بنەماکانی جوگرافیای سیاسی، و: هاوڕێ یاسین محەمەد، د. جەزا تۆفیق پێشەکی بۆ نووسیوە، چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠، لا١٦.
١٠. ألکسندردوفاي، الجغرافیة السیاسیة (جیوبولیتیك)، تعریب: حسین حیدر، عویدات للنشر والطباعة، الطبعة الأولى، بیروت-لبنان، ٢٠٠٧، ص٢١.
١١. ڕێباز محەمەد مەحموود، جیۆپۆلەتیکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢، لا١٤.
١٢. د. عەبدوڵا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتییەکان، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٧.
13 . Stevenson, A. (Ed.). (2010). Oxford dictionary of English. Oxford University Press, USA.
١٤. د. علی احمد هارون، اسس جغرافیة سیاسیة، مصدر السابق، ص١٣.
١٥. د. محمود توفیق محمود، مفهومە جغرافیة السیاسیة ومجالها، مصدر السابق، ص٢٤ .
١٦. ڕیمۆند گارفیل گیتیل، زانستە سیاسییەکان، و: ڕێبین ڕەسووڵ و موحسین ئەدیب، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠، لا٧٠
١٧. د. محمد حجازی محمد، الجغرافیا السیاسیة، قسم الجغرافیا، کلیە الأداب- جامعة القاهرة، ١٩٩٦-١٩٩٧، ص١١.
١٨ . د. محەمەد عەبدلغەنی سعودی، جوگرافیا و پەیوەندییە سیاسییەکان، و: د. جەزا تۆفیق تالیب، ئەحمەد عەلی ئەحمەد، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا١٦.
١٩. د. حسام الدین جاد الرب، فەرهەنگی زاراوە جوگرافییەکان، سەرچاوەی پێشوو، لا٣١٥.
20.Richard Hartshorne, Recent Developments in Political Geography American science Review. Xx1x. December, 1935, P. 957.
٢١. عەبدولقادر ساڵح، فەرهەنگی سیاسیی سەبا، کۆمپانیایی چاپ و پەخشی نووسەر، چاپی

دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، لا٨٤.
٢٢. د. ئەندرسن و د. خەلیل ڕەشیدیان، عێراق و بەردەوامی قەیرانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، و: فوئادی تاهیر سادق، چاپخانەی ڕوون، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٤، لا١٦.
٢٣. هاوڕێ یاسین محەمەد، دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیک، سەرچاوەی پێشوو، لا١٢.
٢٤. د. عەبدوڵا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێدەوڵەتییەکان، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٧.
٢٥. هاوڕێ یاسین محەمەد، دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیک، سەرچاوەی پێشوو، لا١٥.
٢٦. د. سەفین جەلال فەتحوڵا، بنچینە و بنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی، چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤، لا٤٤.
٢٧. ڕێباز محەمەد مەحموود، جیۆپۆلەتیکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٥.
٢٨. د. سەفین جەلال فەتحوڵا، جیۆپۆلەتیک پێناسە و ناوەرۆک، چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٥، لا٢٥.
٢٩. د. سەفین جەلال فەتحوڵا، بنچینە و بنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٤.
٣٠. د. کلاوس دۆدز، جیۆپۆلیتیک، و: ئیراهیم عەلی موراد، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣، لا٣١.
٣١. فەرید ئەسەسەرد، جیۆپۆلەتیکی کوردستان، چاپخانەی حەمدی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١، لا٦.
٣٢. د. سەفین جەلال فەتحوڵا، جیۆپۆلەتیک پێناسە و ناوەرۆک، سەرچاوەی پێشوو، لا٢١.
٣٣. جۆرج فریدمان، سەد ساڵی داهاتوو، و: د. شێرکۆ عەبدوڵا، چاپخانەی کەمال، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣، لا٢٠.
٣٤. د. حسین بشیریە، زانستی سیاسی، و: باباعەلی مێهرپەروەر، چایخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، لا٣٨.
٣٥. تیم مارشاڵ، زیندانییەکانی جوگرافیا، و: د. شێرکۆ عەبدوڵا، چاپخانەی شڤان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دوارۆژ بۆ ڕووناکبیری و ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٧، لا٦.
٣٦. د. عەبدوڵا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتییەکان، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٢.
٣٧. هاوڕێ یاسین محەمەد، دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیک، سەرچاوەی پێشوو، لا١٦.
٣٨. د. سەفین جەلال فەتحوڵا، جیۆپۆلەتیک پێناسە و ناوەرۆک، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠.
٣٩. د. سەفین جەلال فەتحوڵا، بنچینە و بنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٥.
٤٠. جۆرج فریدمان، سەد ساڵی داهاتوو، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٤.
٤١. د. سەفین جەلال فەتحوڵا، جیۆپۆلەتیک پێناسە و ناوەرۆک، سەرچاوەی پێشوو، لا٢١.
٤٢. جۆرج فریدمان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٢٤.
٤٣. د. عەبدوڵا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتییەکان، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٣.
٤٤. د. سەفین جەلال فەتحوڵا، بنچینە و بنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٨.
٤٥. هاوڕێ یاسین محەمەد، دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیک، سەرچاوەی پێشوو، لا١٦.

## توێژینەوەی وەرگێڕدراو

# ئایندەناسی

# تاوتوێکردنی بوارەکانی بەکارهێنانی ئایندەناسی لە سیاسەترێژیی گشتیدا

توێژەران:

**مەهدی ڕەزای قادری**/ دکتۆرای سیاسەترێژیی گشتی، یەکەی قوم، زانکۆی ئازادی ئیسلامیی قوم، ئێران

**حوسێن ڕەفیع/** پڕوفیسۆری یاریدەدەر، زانکۆی ماف و زانستە سیاسییەکان، زانکۆی مازندەران، بابولسەر، ئێران

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: عەبدوڵڵا ڕەسووڵی**

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە تاوتوێکردنی بوارەکانی بەکارهێنانی ئایندەناسی لە سیاسەترێژیی گشتیدایە. لەم ئاڕاستەدا بە میتۆدی وەسفی و شیکاری، پێویستیی بەکارهێنانی ئایندەناسی وەك قەڵەمڕەوێکی نێوپسپۆڕی (Interdisciplinary) لە خوێندنەوەی زانستە سیاسییەکان، بوارەکانی بەکارهێنانی ئایندەناسی لە سیاسەترێژیی گشتی و هەروەها جیاوازییەکانی ئەم دوو بابەتە و مێتۆدەکانی جێبەجێکردنی ئایندەناسی لە کۆمەڵگەدا و ئامانجە گرنگەکانی تاوتوێ کراوە. ئەنجامەکان پیشانیان دا کە لە حاڵەتێکی گشتیدا ئایندەناسی و سیاسەترێژی لە ئاڕاستەیەکدان، بەم جیاوازییەوە کە لە گریمانەکاندا پێکەوە جیاوازییەکی بنەماییان هەیە. بە واتایەکی دیکە: ئەگەر لە سیاسەترێژیی گشتی و پلاندانانەکاندا ئایندەناسی بەکاربێنین، لە سیستمدا ئەنجامێکی زۆر زیاتر دەستەبەر دەبێت، لە بەر ئەوەی ئایندەناسی باسی دروستکردنی داهاتوو دەکات و سیاسەترێژییش لە نێو ئاخنی خۆیدا بەدوای ئەم ئامانجەوەیە. ئێستا ئەگەر سیاسەترێژیی گشتیی وڵاتێك لە سەر بنەمای ئەنجامە دەستەبەربووەکان لە لێکۆڵینەوەکانی ئایندەناسیدا ڕێك بخرێن، بێگومان یارمەتییەکی بەرچاوی پێشکەوتن و کارکردی وڵات یان هەر جۆرە ڕێکخراوێك دەدات. ئایندەناسی لە خوێندنەوە سیاسییەکاندا؛ بەرهەمی بەها بنەماییەکانە. بەم واتایە کە توێژینەوەی ئایندە دەبێت ڕیشەی لە بەها بنەماییەکاندا بێت. هەرچەندە ئەم بەهایانە لە بیروباوەڕەکان پێك دێن، بەڵام بۆ گۆڕینی بە بەها بنەماییەکان، دەبێت شێوەی یاسا پەیدا بکات و گشتگیر بێت.

**وشە کلیلییەکان:** ئایندەناسی، سیاسەترێژیی گشتی، ئایندەبینی

سەرچاوە: وەرزنامەی «سپهر سیاست»، ساڵی هەشتەم، ژمارە ٢٧، ١٤٠٠.

### ١. بەرایی

ئاینده‌ناسی لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە هزری زاناگەلێک وەك والێسدا[١] خرایە بەرباس و لە ساڵەکانی ١٩٤٠دا یەکەمین پرۆژەی ئاینده‌ناسی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو جێبەجێ کرا. بەڵام زانستی ئاینده‌ناسی بە شێوەی ئەمڕۆیی، دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەکادیمیای «ڕاند»دا[٢] بیچمی گرت. لەم ئەکادیمیایەدا، ئەم زانستە بووە بە لقێکی زانستی و ئەکادیمیک. ئاینده‌ناسی هەوڵێکی سیستماتیك و زانستی لە بارەی ئاینده و سیاسەتڕێژیی پێشبینیکار بووە و بەدوای ئەوەوەیە کە بە شێوەیەك کەڵك لە دەرفەتەکە وەربگرین و کارێك بۆ داهاتوو بکەین (عبدالرحیم و همکاران، ١٣٨٨، ص٦٧). لە ئاینده‌ناسیدا شێوازی جیاواز بەکار دەهێنرێت کە بۆ سیاسەتڕێژیی درێژخایەنی سیستمی سیاسی زۆرتر کەڵك لە میتۆدی ئاسۆیی وەردەگیرێت. دەستڕاگەیشتن بە ئاینده‌یەکی شیاو، یەکێك لە بنەماییترین ئایدیالەکانی زانایانی زانستی سیاسەتە. لە سەرەتای سەرهەڵدانە یەکەمەکانی دەرکەوتنی ئاوەزمەندی و تێڕوانینی سیاسی لە یۆنانی کۆن هەتا ئێستا، ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە لە دۆخێکی ئارایەوە بۆ دۆخێکی شیاو یەکێك لە گرنگترین سەرقاڵبوونەکانی توێژەرانی بواری سیاسەت و سیاسەتڕێژی بووە. بە سەرنجدان بەم بابەتە، ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە وەڵامدانەوە بەم پرسیارەیە کە ئاینده‌ناسی چ بوارگەلێکی بەکارهێنانی لە سیاسەتڕێژیی گشتیدا هەیە؟ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە، یەکەم ئاینده‌ناسی و ناوەرۆکی ئەو باس کراوە و دواتر پەیوەندیی توێژینەوەی و ئاینده‌یی و زانستی سیاسی تاوتوێ کراوە.

### ٢. بۆچی دەبێت خوێندنەوە بۆ ئاینده بکەین؟

ئەمڕۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا خێرایی گۆڕانکارییان زیاد کردووە. زۆربوونی ئاستی بەستراوەبوونی خەڵك و وڵاتان بە یەکتر و هەروەها سەنتەرسڕینەوەی کۆمەڵگاکان و ڕێکخراوە نەتەوەییەکان کە تەکنەلۆژیای زانیاری کاریگەریی لە سەرگەشەکردنیان هەبووە، هەموویان پێکەوە یەکیان گرتووە بۆ ئەوەی بوارەکانی دیکەی ژیانمان بگۆڕن. دوای شەڕی سارد، سنوورە سیاسی و ئابوورییەکان، سیستمەکان و بەستراوەبوونی وڵاتان بە یەکتر تووشی گۆڕانکاری بوو، لەبەر ئەوەی هەموویان دەیانەوێت لەوپەڕی پاراستنی شوناسی نەتەوەیی، ئێتنیکی و کولتووریی خۆیانەوە؛ بە بەشێك لە کۆمەڵگای ئابووریی جیهانی بێنە ئەژمار. هەرچەندە ئەمڕۆ مەترسیی ڕوودانی شەڕێکی کاملی ناوەکی لە نێوان ئەمەریکا و سۆڤیەتی پێشوودا زۆر کەم بووەتەوە، هێشتا کێشەی تێرۆریزمی ناوەکی وەك خۆی ماوەتەوە

و لە پاڵ ئەودا پرسێك وەكوو «پەرەسەندنی جێگیر» و «پاراستنی ژینگە» ڕەنگوبۆنێكی نوێی پەیدا كردووە. لەم ڕووەوە پێویستە حكومەتەكان، ڕێكخراوەكان و خەڵك باشتر لە چەمكی گۆڕانكاری و داهاتوو تێبگەن، لە بەر ئەوەی هەمووومان لە دنیایەكدا دەژین و كاردەكەین كە لە هەندێ بواری جیاواز و گرنگەوە لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆدا دەیبینین؛ جیاواز دەبێت. كاتێك خەڵك تێگەیشتنێكی باشتریان لە گۆڕانكاری هەبێت، بۆ كاریگەریدانان لە سەر داهاتوویەك كە لە حاڵی بیچمگرتندایە، هەلی زۆرتریان دەبێت.

### ٣. ئایندەناسی

بە لێكدانەوەی وندێل بێل، ئایندەناسی[٣] دوای خوێندنەوەی سیستماتیك، دۆزینەوە، داهێنان، پێشكەشكردن، تاقیكردنەوە و هەڵسەنگاندنی داهاتووە لواوەكان؛ ڕێتێچوو و شیاوە. ئایندەناسی هەڵبژادنی جیاوازی لە بارەی ئاینده لە بەردەم تاكەكان و ڕێكخراوەكاندا دادەنێت و لە هەڵبژاردن و دانانی شیاوترین ئاینده یارمەتییان دەدات (بێل[٤]، ٢٠٠٣). سوهیل عەنایەتولا لەو باوەڕەدایە جیا لە خوێندنەوەی سیستماتیكیی داهاتووە لواو، ڕێتێچوو و شیاوەكان، ئایندەناسی بەدوای ناسینی جیهانبینی و ئەفسانەگەلێكە كە بیچم بە هەر داهاتوویەك دەدات (عنایت الله[٥]، ٢٠٠٧).

یەكێك لە گرنگترین قەیرانەكانی بەردەم ئایندەناسی ئەوەیە كە ئاینده تێكەڵە بە مسۆگەرنەبوون، ڕووداوی چاوەڕواننەكراو و پرسی تازە سەرهەڵدراو[٦]. بە لەبەرچاوگرتنی ناوەرۆكێكی وەها، چلۆن دەتوانین لە ڕەوت و ڕووداوەكانی داهاتوو تێبگەین و ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوەیمان هەبێت؟ وەڵامدانەوە بەم بابەتە لە سەربنەمای ناوەرۆكی تێكەڵاوەیی (تركیبی)[٧] ئایندەناسی شیاوی شرۆڤەیە. ئایندەناسی لە دوو بابەتی جیاوازی وەسفی و ڕاسپاردەیی پێك هاتووە. لە قەڵەمڕەوی وەسفكردندا، وەك لێكۆڵەرێكی دیكە لە هەموو لقە زانستییە نوێیەكان بە پشتبەستن بە بارودۆخی سەرەتایی ئێستا و بارودۆخی سنووداری ژینگە و بە پشتبەستن بەو تیۆریانەی كە لە سنووری چالاكیی خۆیدا لە ژێر دەستیدایە یان دایدەهێنێت، سەرەتا وێنای ئەو داهاتووانە دەكات كە ئەگەری ڕوودانیان هەیە و ئەوكات لە نێو ئەم داهاتووانەی كە ئەگەری ڕوودانیان هەیە؛ بە سوودوەرگرتن لە میتۆدە چۆنایەتی و چەندایەتییەكان ڕێتێچووترینیان دەستنیشان دەكات. دواتر لە قەڵەمڕەوی ڕاسپاردن، زانای ئایندەناسی هەوڵ دەدات بە سەرنجدان بە ڕێتێچووترین ڕووداو و ڕەوتەكان كە دەستنیشانی كردوون، بارودۆخ و ڕێوشوێنگەلێك بۆ بەدیهاتنی لەبارترینیان پێشنیار بكات.

لەم حاڵەتەدا ئەو شرۆڤانەی کە لە لایەن توێژەری ئایندەییەوە پێشنیار دەکرێن، لایەنی وێناکردنیان نابێت، بەڵکوو لە چوارچێوەی ڕاسپاردەگەلێك بەدەردەکەون کە پەیوەندیی نێوان ئامانج و ئامرازەکان باس دەکەن (پایا، ١٣٨٢).

لە سەر ئەم بنەمایە، یەکێك لە گرنگترین گریمانەکانی توێژینەوەی ئایندەیی؛ نیگای گرووپ و زۆرینە بۆ ئایندەیە. بە واتایەکی ڕوونتر: لە ئایندەناسیدا تەنها ڕووبەڕووی داهاتوویەکی دیاریکراو نابینەوە، بەڵکوو هەمیشە شەبەنگێك لە داهاتووەکان لە بەردەم توێژەری سیاسەت و سیاسەتدانەردایە. توێژەرانی ئایندە بە پێشکەشکردنی وێناکردن و ڕاسپاردەکان لە بارەی داهاتوو، بارودۆخێك دەرەخسێنن کە بکرێت لە نێوان شەبەنگی داهاتووە جێگرەوەکاندا[8] کە لە بەردەمیاندایە؛ یەکێك هەڵبژێرن. ئەم هەڵبژاردنە بەستێن بۆ ڕەفتاری کردارگەرایانە و دەستپێشخەری[9] دەستەبەر دەکات، بەڵام بنەمای ئەم هەڵبژاردنە بوونی وێنەیەك لە ئایندەیە. بە باوەڕی ئەرستۆ هەتا کاتێك وێنەی ئایندە ڕوون نەبێتەوە، سروشتی حکومەت، کەماڵی شیاویش بە نەناسراوی دەمێنێتەوە (ئەرستوو، ١٣٨٩(.

بە کورتی: مەبەست لە ئایندەناسی، ناسینی داهاتوو یان خوێندنەوەی ئایندەی لواو و شیاوەکانی کۆمەڵگەیەکە.  زانیاریی سەرەتایی ئێمە بۆ ئەم خوێندنەوە مێژوو و دۆخی ئارایییە لە سیستمە دینامیکە باوەکانی ناسینی سەرەتایی بۆ پێشبینیکردنی داهاتووە، هەر چەندە لە بارەی سیستمەکان کە دینامیکیان تا ڕادەیەك جیاوازە، تەنانەت بە ناسینێکی سەرەتایی دەتوانن ڕابردوو دەستنیشان بکەین. بەڵام لە بارەی سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، ناسینی بارودۆخی ئارایی؛ ڕابردووش لەخۆ دەگرێت. لە ناسینی بارودۆخی هەنووکەییدا ناتوانین ڕابردوو دەستنیشان بکەین، هەرچەندە بتوانین دۆخی گشتیی ئەو مەزەندە بکەین. بەڵام ناسینی ڕابردوو، ئایندە لواوەکان سنووردار دەکاتەوە. بۆیە بە ئەگەری زۆر دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵگەی ئێمە، هەرچەندە ڕابردووی دەناسین، کۆمەڵەیەك لە داهاتووەکان چاوەڕوانیەتی. ئەمە کە کام یەك لەم داهاتووە لواوانە ڕوو دەدەن، بەستراوەتەوە بەو هەنگاوانەوە کە ئێمە ئێستا یان لە داهاتوودا دەیبینین. بۆیە ڕابردووی هەر ئیتنیکێک گۆڕانکاریی ئایندەی ئێتنیك دەستنیشان دەکات (منصوری، ١٣٧٧).

لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەی ئایندە، دەتوانین ئاماژە بەمانەی خوارەوە بدەین:

١. خوێندنەوەی داهاتووە لواوەکان
٢. تاوتوێکردنی داهاتووە ڕێتێچووەکان
٣. تاوتوێکردنی وێنەکانی ئایندە

٤. خوێندنەوەی بنەما مەعریفییەکانی توێژینەوەی ئایندەیی
٥. تاوتوێکردنی بنەما ئاکارییەکانی توێژینەوەی ئایندەیی
٦. ڕاڤەکردنی ڕابردوو و دەستنیشانکردنی ئێستا
٧. تێکەڵکردنی زانست و هەڵسەنگاندن بۆ دیزانکردنی هەنگاوە کۆمەڵایەتییەکان
٨. زۆربوونی بەشداریی جەماوەری لە دروستکردنی وێنەی داهاتوو و دیزاینکردنی
٩. برەوپێدان بە وێنەی شیاوی ئاینده و پشتیوانیکردن لەو

## ٤. بابەتە گرنگەکان کە لە ئایندەناسیدا دەخرێنە بەرباس

تا ڕادەیەك توێژەرانی ئایندەیی خوێندنەوە بۆ هەربابەتێك دەکەن و بە ئینتیمایەك کە بۆ ئاڕاستەی گشتگیربین و سیستمێک هەیانە، پەیوەندیی نێوان بگۆڕەکانی پانتاییەك لە ژیان لەگەڵ پانتاییەکانی دیکەدا تاوتوێ دەکەن. بەمەیشەوە هەندێ لە بابەتەکان نیگاکان بەرەولای خۆیان ڕاکێشاوە. ئەم بابەتە گرنگانە بریتین لە:

پرسی قەیرانە گەورە جیهانییەکان، ئاشتی، مشتومڕ و شەڕ، کۆتاییهاتنی بەریەككەوتنی خۆرئاوا و خۆرهەڵات و شەڕی سارد، سیستمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتکردن بەسەرجیهاندا، ڕەوتە جیهانییەکانی ئابووری، ڕەوتە جیهانییەکانی سیاسەت، فرەپارچەیی کۆمەڵایەتی، دیسان ئافراندنەوەی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی تەکنەلۆژیای نوێ لە سەرژینگە، ڕەوتەکانی پەروەردە و فێرکردن، پارادایمە نوێیە زانستییەکان، گۆڕینی پارادایمە کولتووری و دابونەریتە مەعنەوی و ئایینەکان و ڕەوتەکانی پەیوەندیدار بەوان.

## ٥. میتۆدلۆژیای ئایندەناسی

بەسوودبوونی میتۆدەکانی ئایندەناسی، دۆزینەوە، ئافراندن، تاقیکردنەوەی ڕوانگەکان و ئایدیالە شیاو ولواوەکانی داهاتووە. بوونی ئایدیالێك بۆ داهاتوو لە گرتنەبەری سیاسەت، ستراتیژی و پڕۆگرامەکان دەتوانێت ئەگەری ڕوودانی داهاتوویەکی شیاو زۆرتر بکات. ئەگەرئەم ئایدیالانە بە میتۆدی زانستی تاقی نەکرێنەوە، زیانێکی لێ دەکەوێتەوە کە سەرچاوە لە ئاڕاستەکردنی تاکەکان بەرەو ئامانج و پڕۆگرامە نەلواوەکانە. بە میتۆدەکانی پێشبینی دەتوانین هۆکارگەلێك کە ببێتە هۆی دروستکردنی تێکدانی پڕۆگرامەکان و دەستڕانەگەیشتن بە ئامانجەکان، دەستنیشان بکەین. گرنگترین هۆکاری کەڵکوەرگرتن لە میتۆدی زانستی لە ئایندەناسی ئەمەیە کە دەستنیشانی بکەین چ شتگەلێك بۆ بڕیارێکی

دروست پێویستە. بە یارمەتیی زانیارییەکان، دەتوانین گریمانەکان دەستنیشان بکەین بۆ ئەوەی تاقی بکرێنەوە و لە حاڵەتی پێویست بگۆڕێن.

میتۆدی جۆراوجۆر لە توێژینەوەی داهاتوو و ئایندەبینی بەکار دەهێنرێن. ژمارەیەك لە میتۆدەکان زۆرتر لە ئایندەناسیی زانست و تەکنەلۆژیا شیاوی بەکارهێنانن، بۆ نموونە شیکاری تۆمارکردنی داهێنانەکان. لە بەرانبەردا ژمارەیەك میتۆد کە خەسڵەتی کۆمەڵایەتییان زۆرترە و لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەکار دەهێنرێن، بۆ نموونە میتۆدی سیناریۆنووسین و دۆلفی. دەتوانین جۆرەکانی میتۆدی توێژینەوەی ئایندە دابەش بکەین بەسەر دوو گرووپی گشتیدا:

**میتۆدە بەهاییەکان**[١٠]: ئەم میتۆدانە لە سەربنەمای بەهاکان یان نۆرمەکانن. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە چ داهاتوویەکمان دەبێت؟ یان ئەوەی کە چ شتێك بۆ ئێمە شیاوە؟ میتۆدە بەهاییەکان زۆرڕاسپێردراون و بە هەڵسەنگاندنی ئامانجی پێویستییەکان و ئینتیماکانی داهاتوو دەست پێ دەکەن و بۆ ئێستا دەگەڕێنەوە.

**میتۆدەکانی گەڕان و دۆزینەوە**[١١]: بەم میتۆدانە دەستنیشان دەکرێت کە ئەگەری هەیە چ شتێك ڕوو بدات. ئەم میتۆدانە لە بنەمایەکی مەعریفیی پتەوەوە دەست پێ دەکەن و بەرەو داهاتوویەکی دیاریکراو ئاڕاستە پەیدا دەکەن.

### ٦. سیاسەتڕێژیی گشتی

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمی زایینی بەرەوسەر، سەرەتا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و دواتر خۆرئاوای ئەورووپادا، لقێکی نوێ بە ناوی سیاسەتڕێژیی گشتی[١٢] هاتە نێو بواری زانستە سیاسییە هاوچەرخەکانەوە. بەڵگەش بۆ ئەم وتە، بڵاوکردنەوەی سەدان و هەزاران توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەم بوارەوە لە لایەن پسپۆڕانی لەم لقە نوێیەدا (جان کلاود[١٣]، ١٩٨٥)، ژمارەیەکی زۆر گۆڤاری پسپۆڕیی ئەم لقە لە ئەمەریکا و خۆرئاوای ئەورووپا و هەروەها ژمارەیەکی زۆری قوتابخانە، کۆلێژ و زانکۆکانی جیهانە کە بە پێی پسپۆڕی لەم بوارەوە کاریان دەکرد. بۆیە لقێك زیاد کرایە سەرلقە سەرەکییەکانی زانستە سیاسییەکان.

لە ڕوانگەی بێرورو دولیۆنەوە[١٤]، سیاسەتڕێژیی گشتی بەرهەمی گۆڕانکاریی هەندەکی و هێدی و ئارام لە لقێکی کلاسیکیی ئاکادێمیك نییە، بەڵکوو دروستکردنی بەستێنێکی نوێیە کە لەودا دەتوانین سەیری گۆڕانکاریی بنەمایی لە ئاسۆ، ئاڕاستە و میتۆدی لێکۆڵینەوە بکەین (١٩٨٣، ص٦).

لە کاتی ڕۆیشتنە نێو پانتایی سیاسەتڕێژیی گشتییەوە، توێژەرئەم پرسیارە دەکات: کە چ کەسێك حکومەت دەکات و چلۆن؟ پشتگوێ دەخات بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە چلۆن و لە ڕێگەی چ کەسێکەوە ڕێبازێك یان سیاسەتێکی گشتی ئامادە و جێبەجێ دەکرێت؟ (لاگرویی[١٥]، ١٩٩٨، ص٤٣٧).

لە سەر بنەمای پێناسەی فیلیپ بێروی مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سوربۆرن، سیاسەتڕێژییە گشتییەکان ڕەنگدانەوەی ویستی حکومەت لە پراکتیك (یان دووریگرتن لە پراکتیك)ە و دەتوانین ئەوان وەك کۆمەڵەیەکی پێکهاتەیی و پەیوەندیداری پێکهاتوو لە ئامانج، بڕیارو کردارەکان کە شیاوی دانەپاڵی ویستی گشتی لە ئاستی لۆکاڵی، نەتەوەیی و نێودەوڵەتین؛ لەبەرچاو بگرین.

لاورێنس لووێل[١٦]؛ خاوەنی کورسیی زانستە حکومییەکانی زانکۆی هارڤارد و سەرۆکی ئەنجوومەنی زانستە سیاسییەکانی ئەمەریکا، لەو یەکەمین کەسانەیە کە لە ساڵی ١٩١٠دا هاوکارانی خۆی بۆ ئەزموونکردن و پراکتیزەکردنی خوێندنەوە لە بواری زانستە سیاسییەکان دەدات. ئەو دەڵێت: «ئێمە لەو باوەڕەداین تاقیگەی زانستە سیاسییەکان و شوێنی سەرەکی بۆ بینینەوەی سەرچاوەی نوێ، کتێبخانەیە. بەڵام بە گشتی کتێبەکانی دیکە سەرچاوەی سەرەکیی زانستە سیاسییەکان نین، بە هەمان شێوە کە ئەوان سەرچاوەی سەرەکیی زەویناسی یان ئەستێرەناسی نین. گرنگترین تاقیگە بۆ ناسینی کارکردی ڕاستەقینەی دامەزراوە سیاسییەکان کتێبخانە نییە، بەڵکوو دنیای دەرەوە و هەستپێکراوی ژیانی سیاسییە. لێرەدایە کە دەبێت سەرقاڵی گەڕان و خوێندنەوەی دیاردەکان بین و لە سەر بنەمای ئەم جۆرە خوێندنەوانەیە کە ئێمە دەتوانین لە چاوەڕوانیی گەورەترین یارمەتیدەری پەرەسەندنی زانستەکان بین (ملکی فرو همکاران، ١٣٨٥، ص١١٢).

لقی سیاسەتڕێژیی گشتی هاوڕێ لەگەڵ خوێندنەوەی بەکارهێنانی، پراکتیکی وئەزموونی کارکردی دەوڵەتمەرداندا،زەمینە بۆ دروستکردنی پەیوەندیی نێوان زانستە سیاسییەکان و لقە سەرەکییەکانی دیکەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو ئابووری، کۆمەڵناسی، مێژوو و تەنانەت فەلسەفە و ئێتنۆگرافیا بۆ ناسین و باشترکردنی ڕێبازەکان و سیاسەتڕێژییەکان دەستەبەر دەکات (سەرچاوەی پێشوو).

ژمارەیەك لە میتۆدناسەکان، وەکوو مادلێن گراوتێز[١٧]، هەمیشە جەختیان لە سەر پێویستی و گرنگیی دروستکردنی پەیوەندییەکی وەها لە نێوان لقە جۆراوجۆرەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کردووتەوە.

پانتایی گشتی وەکوو پانتاییە زانستییەکانی دیکە هەڵگری دوو ئاڕاستەی بنەمایی و جیانەکراوەیە: بابەت[١٨] و میتۆد[١٩].

بابەتی سیاسەترێژیی گشتی؛ حکومەتە. دوای جێبەجێکردنی سیاسەتە کێنزییەکان[٢٠] لە بواری ئابووری لە ساڵەکانی ١٩٣٠ بەرەو سەر و هەروەها پەرەسەندنی حکومەتی خۆشگوزەران لە ساڵی (١٩٥٠)کان، حکومەت گەورە و گەورەتر بووە و کەمتر بەستێنێك لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەتوانین لەبەرچاو بگرین کە لەودا دەستتێوەردانی حکومەتی ڕوو نەدات. دابینکاریی کۆمەڵایەتی، نەخۆشخانەکان، قوتابخانەکان، زانکۆکان، پیشەسازی، وزە، ژینگە، ڕێگاکانی پەیوەندی، کارکردن، کشتوکاڵ، دەریاکان و پەیوەندیی تەلەفۆن؛ پێکهێنەری ژمارەیەك لەم بەستێنانەن.

میتۆد لە سیاسەترێژیی گشتی، دەربڕی شێوازی شیکاریی چۆنیەتیی بەڵگاندنەکان و دروستکردنی پەیوەندییەکی دوور لە نێوان بابەتە گشتی و بەستێنە تایبەتە بابەتییەکانە. هاوڕێ لەگەڵ میتۆد، شرۆڤەکار هەوڵ بۆ دابەشکردن و سادەکردنی کارکردی ئاڵۆزی حکومەت و تاوتوێکردن و ڕاڤەکردنی زانستی ئەو دەدات.

لە پانتایی سیاسەترێژیی گشتی، دوو مۆدێلی شیکاریی ستراتیژیك و شیکاریی قۆناغی چوارچێوە شیاوەکان لەم بەستێنەدا خستووەتە بەردەمی.

### ٧. هەڵسەنگاندنی سیاسەترێژیی گشتی

کردار و چالاکییە حکومییەکان؛ چ ئەنجامگەلێکی لێ دەکەوێتەوە؟ سیاسەترێژییە گشتییەکان؛ چ کاریگەرییەک لە سەرپانتاییەك دادەنێن کە جێبەجێ کراون؟ سیاسەتەکانی حکومەت لە بواری خەبات لەگەڵ ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر، کارکردنی گەنجان، خانوو، ئابووری، کولتوور، تەندروستی و...؛ کە پێویستی بە تێچوونێکی بەرچاو لە بودجەی نەتەوەیی هەیە تا چەندە جێبەجێ کراوە و وەڵامی چارەسەرکردنی کێشەیان داوەتەوە!

لە ساڵی (١٩٥٠)کان و دواتر، کەم کەم هەڵسەنگاندنی کارکردیی حکومەتەکان و سیاسەتە گشتییەکان لە ڕێگای حکومەتەکان یان پەرلەمانەکان بە تایبەت لە بواری ڕێبازە بنەماییەکاندا بە شێوەیەکی سیستەماتیك ڕوو دەدات. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، فەرمانگەی وردبینیی گشتی لە ژێر چاودێریی کۆنگرێس بۆ کۆنترۆڵکردن و هەڵسەنگاندنی کارامەیی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتە ویلایەتییەکان بووە و ڕاپۆرتەکانی

ئەم فەرمانگە وەك پێوەری پێناسەی بودجە بۆ پرۆژە جیاوازە حکومەتییەکان بەکاردەبرێن (لۆك ڕوبیان، ١٩٨٣). هەرچەندە ژمارەیەك ڕاپۆرتی فەرمانگەی وردبینیی گشتی دەتوانێت پشتڕاستکەرەوەی پرۆژەکان بێت و داوای بەردەوامییان بکات، بەڵام زۆربەی کات کۆنگرێس ڕاپۆرتەکانی پێ باش بوو کە ڕەخنەی لە پرۆژە حکومییەکان گرتووە، یان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەواندا بۆچوونی نەرێنی پێشکەش دەکەن بۆ ئەوەی بەم شێوەیە خاڵە لاوازەکانی سیستمی حکومەتی ڕوون بکەنەوە (لۆك ڕوبیان، ١٩٨٣، ص٦٢٥). لە دۆخێکی وەهادا لە لایەکەوە لە جیاکردنەوەی هێزەکاندا هاوسەنگیی دروست کردووە و لە لایەکی دیکەوە حکومەتە فیدراڵ و ویلایەتییەکانی بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانی خۆی ناچاردەکات کە کۆمەڵەی ئەم چالاکییانە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی چۆنایەتیی ڕێبازەکان و هەروەها ژمارەیەکی زۆر سەرتر هەڵسەنگێنراون (اریك مانیر، ١٩٩٢، ص٢٢). لە فەرەنسادا و لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠دا، هەڵسەنگاندنی سیاسەترێژیی گشتی بە دروستکردنی دامەزراوەکانی خوارەوە ڕەسمیەتی پەیدا کرد:

کۆمیتەی نێوان وەزارەتەکانی هەڵسەنگاندن بۆ سەرۆکایەتیی سەرۆکوەزیر و ئەندامیەتیی وەزیرە سەرەکییەکان (وەزیری ئابووری و دارایی، وەزیری ناوخۆ، وەزیری بەرپرسی چاکسازیی کارگێڕی، وەزیرگەلێك کە بڕیاری کاری کۆمیتە؛ پێویستی بە ئامادەبوونیان هەیە) لە ئەستۆدایە. ئەم کۆمیتە بەرپرسایەتیی پەرەسەندن و هەماهەنگیی پرۆگرامەکانی حکومەت لە بواری هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی پرۆژەکانی هەڵسەنگاندنی لە ئەستۆدایە.

سندووقی نیشتمانیی پەرەسەندنی هەڵسەنگاندن، بودجەی پرۆژەکانی هەڵسەنگاندن کە لە لایەن کۆمیتەی سەرەوە پەسەند کراوە؛ دابین دەکات.

ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەڵسەنگاندن لە سەربنەمای فەرمانی ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٩٠ی ئەنجوومەنی زانستیی هەڵسەنگاندن، دەبێت بەستێنەکانی پەرەسەندنی میتۆدەکانی هەڵسەنگاندن هەموار بکات و لە بارەی هەڵسەنگاندنی چوارچێوە سەرەکییەکانی زانستی و پراکتیکی پێناسە بکات. ئەنجوومەنی زانستیی هەڵسەنگاندن پێك هاتووە لە ١١ ئەندام، کە لە ڕێگەی سەرۆککۆمار و لە سەربنەمای تواناکانیان لە بواری زانستە ئابووری، کۆمەڵایەتی یان کارگێڕی و هەروەها هەڵسەنگاندنی سیاسەترێژیی گشتی دادەنرێن. ئەنجوومەن لە بواری هەڵسەنگاندنەوە دوو ڕاپۆرت پێشکەش دەکات: ڕاپۆرتی یەکەم، پێش لە پەسەندکردنی پرۆژەی هەڵسەنگاندن و بارودۆخی جێبەجێکاریی ئەو دەکات. ڕاپۆرتی دووەم، کە هاوکات لەگەڵ ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندندا بڵاو دەکرێتەوە، چۆنایەتیی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە

کراوەکان لە بواری هەڵسەنگاندندا شیکاری دەکات.

هەر چەندە پسپۆڕانی سیاسەترێژیی گشتی و فەرمانگەی کاروباری حکومی لە پەیوەندی لەگەڵ پێویستیی هەڵسەنگاندنی سیاسەترێژییەکاندا بۆباشترکردنی کارکردیی حکومەتی، زۆربوونی کارامەیی ئەو و هەروەها دروستکردنی دەستپێوەگرتن لە بودجەی وڵاتیش هاوباوەڕن، بەڵام ناتوانین هاوڕابوونی ئەم بۆچوونە بە پێناسەکردنی ئەوان لە هەڵسەنگاندن و ئامانجەکانی ئەو بگشتێنین.

### ٨. پێویسترین داڕشتنی ئایندەناسی لە خوێندنەوە سیاسییەکاندا

پێش لە پێشکەشکردنی قۆناغەکانی پرۆسەی داڕشتنی ئایندەناسی لە خوێندنەوە سیاسییەکاندا، ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە کە بۆچی ئایندەناسی بۆ سیستمێکی سیاسی پێویستە؟ لە وەڵامدا دەبێت بڵێین بە سەرنجدان بە نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان بژاردە سیاسییەکاندا، نەبوونی هەستی هاوبەش و سەرلێشواوی لە بارەی ئامانجەکان، ناڕەزایەتی لە دەستکەوتەکان و ڕەوتە بەردەستەکان، دەستەبەرکردنی بنەمایەك بۆ بەشداریی گشتی، دروستکردنی بەستێن بۆ گەیشتن بە دۆخێکی شیاو لە چەمکە سیاسییەکان، ئامادەیی بۆبارودۆخی زاڵ بەسەرداهاتوو و ناسینی دەرفەتەکانی بەردەمی، وێناکردنی توێژینەوەیەکی ئایندە و ناسینی داهاتوو؛ زەرووریيە.

لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، میتۆدی ئایندەناسی لە خوێندنەوە سیاسییەکان و داڕشتنی سیاسەتە گشتییەکان وەك بەڵگەی بەکارهێنان پێویستە، چونکە لە ساڵی ١٩٩٩دا لە نووسینگەی ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم (مجمع تشخیص مصلحت نظام) بۆ هاوئاڕاستەکردنی سیاسەتە گشتییەکان، پێویستیی وێناکردن و شرۆڤەکردنی ئاسۆیەکی ڕوون لە داهاتووی ئێران دەستنیشان کرا.

### ٩. بەکارهێنانی ئایندەناسی لە زانستە سیاسییەکاندا

گرنگیی وێنەی داهاتوو[٢١] بە ڕادەیەکە کە توێژەرانێکی داهاتوویی وەکوو جیمس داتۆر[٢٢] و فرێد پلاك بانگەشەی ئەوە دەکەن وێنەی ئایندە بەردی بناغەی ئایندەناسی بووە و لە حاڵەتێك کە ڕێکخراو، نەتەوە و شارستانیەتێك وێنەیەکی لە داهاتوو نەبێت، مەحکوم بە لەنێوچوونە (داتۆر، ٢٠٠٢). چەمکی یۆتۆپیا[٢٣] کە لە زمانی فارسی بە شاری ئایدیال (آرمانشهر) وەرگێڕدراوە، یەکێك لە گرنگترین چەمکەکانی پەیوەندیدار بە وێنەی داهاتوو

شیاوه (مطلوب).

به‌ باوه‌ڕی تۆماس سپراگنێس[٢٤]، ئۆتۆپیا به‌رجه‌سته‌کردنی زانا و بیرمه‌ندی زانستی سیاسه‌ت له‌ کۆمه‌ڵگای نۆژه‌نکراو بووه‌ و پێشانده‌ری داهاتووه‌. ئه‌و جه‌خت ده‌کاته‌وه‌ که‌ تیۆرڤانی زانستی سیاسه‌ت؛ ئازاد نییه‌ له‌ وێناکردنه‌ شیرینه‌کاندا غه‌رق ببێت. به‌ واتایه‌کی ڕوونتر: ئه‌م بیرکردنه‌وه‌ له‌ باره‌ی ئاینده‌ له‌ ڕه‌گه‌زی خه‌یاڵپلاوی و خه‌یاڵگه‌رایی نییه‌، به‌ڵکوو په‌یوه‌ندیی توندی له‌گه‌ڵ واقعیه‌ته‌کاندا هه‌یه‌. به‌ واتایه‌کی ڕوونتر: ده‌بێت وێنه‌ی داهاتوو ڕه‌پاڵدانی ئیمکانیاتی ڕاسته‌قینه‌ و توانایه‌ حه‌قیقییه‌کانی ژیانی مرۆیی بووه‌ و پشتی به‌ ژیانی ڕاسته‌قینه‌ی تاکه‌کان له‌ کۆمه‌ڵگه‌دا به‌ستبێت (سپراگنێس، ١٣٨٥).

خاڵی گرنگ ئه‌وه‌یه‌ که‌ هه‌تا کۆتایی سه‌ده‌ی هه‌ژده‌یه‌م ئۆتۆپیا به‌ تایبه‌ت له‌ به‌رهه‌می که‌سانێك وه‌کوو تۆماس مۆر[٢٥] به‌ شوێنێك ده‌گوترا که‌ له‌ بواری جوگرافیاوه‌ له‌ کۆمه‌ڵگای ئارایی زۆر دوور بوو، به‌ڵام له‌ بواری کاته‌وه‌ له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵگای ئاراییدا هاوکات بووه‌. بۆ نموونه‌: ئۆتۆپیای مۆر له‌ دوورترین ناوچه‌ی ناسراوی ئه‌ورووپادایه‌ و گه‌شتیارێکی خه‌یاڵی، زۆرتر به‌ پاپۆڕ ئه‌گه‌ری گه‌شتکردنی بۆ شوێنی دووره‌ده‌ست که‌ له‌وێدا که‌سانێکی نامۆ و جیاواز له‌گه‌ڵ مرۆڤه‌ ئاساییه‌کاندا ده‌ژین؛ گه‌شت ده‌کات و بۆ ماوه‌یه‌ك له‌وێدا ده‌ژیا. دواتر ئه‌م گه‌شتیاره‌ که‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ئه‌ورووپا بۆ ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ هاوڕه‌گه‌زه‌کانی خۆیدا له‌ باره‌ی خه‌ڵك، کۆمه‌ڵگه‌ و کولتووری ئه‌و ئۆتۆپیایه‌ قسه‌ بکات. له‌م وێنه‌سازییه‌ی گه‌شتیاری خه‌یاڵی، ڕه‌خنه‌ له‌ کۆمه‌ڵگه‌ی باوی ئارایی ده‌گرێت و ئه‌وه‌ی که‌ هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که‌ ئه‌گه‌ری هه‌بوو هه‌بێت یا ده‌یتوانی وه‌ها بێت و له‌ ئۆتۆپیا به‌ شێوه‌ی زۆربالا هه‌یه‌؛ به‌راورد ده‌کات (بێل، ١٩٩٦).

له‌ کۆتایی سه‌ده‌ی هه‌ژده‌یه‌م چه‌مکی ئۆتۆپیا تووشی گۆڕانکاری بوو، ئه‌م گۆڕانکارییه‌ تێپه‌ڕبوون له‌ شوێن بۆ کات بوو. به‌ واتایه‌کی ڕوونتر: بارودۆخی شوێنی ئۆتۆپیا گۆڕانی به‌سه‌ردا هات و له‌ جیاتیی ئه‌وه‌ی به‌ شوێنێکی جوگرافیایی دیکه‌ له‌ هه‌مان کاتدا به‌کاربێت، به‌ هه‌مان شوێن، به‌ڵام له‌ کاتی داهاتوو به‌کارده‌هات. له‌ لایه‌کی دیکه‌وه‌ گۆڕانکارییه‌کانی په‌یوه‌ندیدار به‌ ئۆتۆپیا، به‌هێزکردنی ئه‌م هزره‌ بوو که‌ وێنه‌ی داهاتوو شیاوی ده‌ستپێڕاگه‌یشتنه‌ و مرۆڤ ده‌توانێت به‌ دانانی پلان ده‌ستی پێ ڕابگات (بێل، ١٩٩٦).

له‌م ڕووه‌وه‌، هارولد لاسول[٢٦]، له‌ پێشڕه‌وانی زانستی سیاسه‌ت، پێویستیی وێنه‌سازیی له‌ پانتایی زانسته‌ سیاسییه‌کان وه‌ك هه‌نگاوێکی گرنگ له‌ ده‌ستڕاگه‌یشتن به‌ داهاتووی شیاو خسته‌ به‌رباس. ئه‌و بۆ پێشکه‌وتنی مه‌به‌ستی خۆی، واته‌ تێکه‌ڵکردنی زانسته‌ سیاسییه‌کان

لەگەڵ توێژینەوەی داهاتوویی، پێنج مەرجی خوارەوەی لەبەرچاو گرت (بێل، ٢٠٠٣):

١. شەفافکردنی ئامانج و بەهاکان
٢. وێناکردنی ڕەوتەکان
٣. شرۆڤەکردنی بارودۆخەکان
٤. وێنەسازی بۆ داهاتووە لواوەکان و ڕێتێچوو لە حاڵەتی بەردەوامیی سیاسەتە ئارایییەکان
٥. داهێنان، هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی بژاردەی بەدیلی خاوەن ڕێباز

زانستی سیاسەت ناوەرۆکێکی ئایندەئەندێشی[٢٧] و ئایندەبینیی[٢٨] هەیە. بە باوەڕی لاسول، بڕیاردان و دانانی ڕێباز بابەتێکی ئایندەگەرایییە. بڕیاردان و دانانی ڕێباز پێویستی بە دروستکردنی وێنەگەلێك لە واقعیەتە بەدیلەکان و دواتر هەڵبژاردنی یەکێك لەو وێنانە وەك وێنەی شیاوە. لەم ڕووەوە، زۆربەی توێژەرانی ئایندە وەك وندێل بێل[٢٩] لە تاوتوێکردنی ڕیشەکانی بیچمگرتن و گۆڕینی ئایندەناسی وەك زانست، ڕۆڵی زانستە سیاسییەکان و وانەکانی ئەم زانستە بە گەورە دەزانن (بێل، ٢٠٠٣).

### ١٠. ئایندەناسی و ئایندەبینی

مێتۆدەکانی ئایندەبینی و ئایندەناسی زۆر هاوشێوەی یەکترن، هەربۆیە لە هەندێ بابەت ئەم دوو وشە وەك هاوواتا بەکار دێن. گرووپی کاری یەکێتیی ئەورووپا، ئایندەگرافیا بە شێوەی هەموو چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە تێفکرین لە بارەی ئایندە، تاوتوێکردنی ئایندە و بیچمپێدان بە ئایندە، پێناسە دەکات (هلێگ[٣٠]، ٢٠٠٢). لە هەمان کاتدا ئایندەگرافیا زۆرتر لە بواری خوێندنەوەی ئایندەیی زانست و تەکنەلۆژیا و هەروەها خوێندنەوەی ئایندەیی کۆمپانیاکان برەوی هەیە. لە ئاستی گەورە و نیشتمانی و هەروەها لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، وشەکانی ئایندەناسی و لێکۆڵینەوە زۆرتر بەکار دەهێنرێن. ڕەنگە لەبەر ئەم هۆیەیە کە ژمارەیەك لە بیرمەندانی ئایندە، ئایندەگرافیا بە بەشێك لە توێژینەوەی ئایندە دەزانن (ناظمی، قدیری، ١٣٨٤).

### ١١. توێژینەوەی ئایندەیی، پلاندانان و سیاسەتڕێژی

هەرسێک توێژینەوەی ئایندەیی، پلاندانان[٣١] و سیاسەتڕێژی، بە شێوەیەك باسی ئایندە و ڕێکخراویان دامەزراو دەکەن کە خوێندنەوەیەکی ئایندەناسی پێش دەخات یان بۆ پەرەسەندنی خۆی پلان و سیاسەت دادەنێت. هەرچەندە پلان و سیاسەتڕێژی خۆی

دوو بواری جیاوازن، بەڵام لە بەراورد لەگەڵ توێژینەوەی ئایندەدا دەتوانین ئەو دووە لە ئاڕاستەیەك و ئایندەناسی لە لایەکی دیکە دابنێین. ژمارەیەك لە جیاوازییە گرنگەکان لە نێوان ئەم چەمکانە بە شێوەی خوارەوەیە (عنایت الله، ٢٠٠٧).

قۆناغی پلاندانان و سیاسەتڕێژی (١ هەتا ٥ ساڵ) لە بەراورد لەگەڵ خولی ئایندەناسیدا (٥ هەتا ٥٠ ساڵ) کورتماوەیە.

پلاندانان و سیاسەتڕێژی زۆرتر باسی پێشبینیی ئایندە دەبێت، لە کاتێکدا کە ئایندەناسی زۆرتر ئاراستەی دروستکردنی ئایندەیە.

توێژەرانی ئایندەیی پرسیارگەلێکی بنەماییتر دەخەنە بەرباس و تەنانەت پرسیار لە سەر گریمانەکان دروست دەکەن، لە کاتێکدا کە پلاندانان و سیاسەتدانان زۆربەی کات گریمانە سەرەکییەکانی ڕێکخراو لە پێشڕا پەسەند دەکەن.

لە پلاندانان و سیاسەتڕێژی؛ هۆکاری گرنگ بەڕێوەبردنی ڕێکخراوە، بە شێوەیەك کە پلاندانەران و سیاسەتدانەران زۆرتر هەوڵ دەدەن ئامانجەکانی بەڕێوەبەری لە پرۆگرامەکانی ئایندەدا بەدواداچوونیان بۆ بکەن، لە کاتێکدا کە لە ئایندەناسیدا خاوەنی بەرژەوەندی بە شێوەیەکی تایبەت سەرنجی پێ دەدرێت و تاوتوێی دەکەن.

زۆربەی خەڵك یەکەی کەسب و کار و حکومەتەکان لە کاتی پلاندانان، لانی زۆر چوار هەتا پێنج ساڵی داهاتوو لەبەرچاو دەگرن، بەڵام سیاسەتمەداران هەتا هەڵبژاردنی داهاتوو و یەکەی کەسب و کار هەتا پێنج ساڵی داهاتوو. لە کاتێکدا کە خێرایی گۆڕان سەرسوڕهێنەرە، لەبەرچاوگرتنی داهاتوویەکی زۆر دوور و گرنگ دێتە بەر چاو. لە ڕاستیدا ئەوەی ئەمڕۆ دەیکەین، لە ئافراندنی دنیای پێنج هەتا بیست ساڵی داهاتوو کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە. بە پێچەوانەی بەردەوامی و پەیوەندیی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو، تەنها شوێنێك کە دەتوانین بیگۆڕین ئەمڕۆیە.

دیدگای سیستمی و گشتگیر لە بارەی پێگەی ئێمە لە جیهاندا، لە کاتێکدا کە زۆربەی خەڵك بە تایبەت لە خۆرئاوادا، دنیا وەکوو تاکەکان و شتە جیاوازەکان لە یەکتر دەبینن. ڕوانگەیەکی وەها؛ زۆرتر تایبەتمەندیی سەردەمی پیشەسازی و تێفکرین لە سەر بنەمای «فیزیکیی نیوتۆنی»یە. لە کاتێکدا کە توێژەرانی ئایندە جیهان بە پێکهاتوو لە بەشگەلێکی بە یەکتر بەستراو و هەمیشە لە حاڵی گۆڕان دەزانن.

## ١٢. دەرئەنجام

ئایندەناسی بەستێنی شیاو بۆ دروستکردن و ئافراندنی وێنەی داهاتووی شیاو لە خوێندنەوەی زانستە سیاسییەکان بە تایبەت سیاسەترێژیی گشتی دەستەبەر دەکات. ئایندەناسی هەمیشە زەینی لێکۆڵەری زانستە سیاسییەکان بۆ ئایندە و تێپەڕین لە دۆخی ئارایی ئاراستە دەکات. پەیوەندیی ئایندەناسی وەکوو زانستێکی نێوان بەشی، بە خوێندنەوەی سیاسی لە گۆشەنیگای جیاواز وەکوو خۆجێییکردنی توێژینەوەی ئایندە، ئاسۆو...؛ شیاوی خستنە بەرباسە. لە وەڵامدانەوە بەم پرسیارە کە ئایندەناسی چ بوارێکی بەکارهێنانی لە سیاسەترێژیی گشتیدا هەیە؟ بە سەرنجدان بە بابەتە باسکراوەکان لە بارەی توێژینەوەی ئایندەیی و سیاسەترێژیی گشتی، دەتوانین بڵێین کە لە حاڵەتی گشتی، ئایندەناسی و سیاسەترێژی لە ئاراستەیەکن، بەم جیاوازییەوە کە لە گریمانەکان لەگەڵ یەکتردا جیاوازییەکی بنەماییان هەیە. بە واتایەکی دیکە: ئەگەرلە سیاسەترێژیی گشتی و پلاندانانەکان ئایندەناسی بەکاربێنین، دەستمان بە ئەنجام و بەرهەمی زۆرترلە سیستم ڕادەگات، لە بەرئەوەی ئایندەناسی سەرقاڵی دروستکردنی ئایندە دەبێت و سیاسەترێژییش لە هەناوی خۆیدا بەدووی هەمان ئامانجەوەیە. ئێستا ئەگەرسیاسەترێژیی گشتیی وڵاتێک لە سەربنەمای ئەنجامە دەستەبەربووەکان لە لێکۆڵینەوەی توێژەرانی ئایندەیی ڕێك بخرێن، بێگومان یارمەتییەکی شایانی پێشکەوتن و کارکردیی وڵات یان هەرجۆرە ڕێکخراوێك دەدات. بە تایبەت بەکارهێنانە گرنگەکانی ئایندەناسی لە بواری سیاسەترێژی بریتییە لە کارکردنی گەنجان، ڕەوتی پەروەردە و فێربوون، ئابووری، کولتوور، ئاسایش، ژینگە، پرسی سیاسی و سیاسەتی دەرەوە لەگەڵ وڵاتانێکی دیکەدا کە ڕۆڵی زۆرگرنگ و بنەمایی لە چارەنووسی هەر وڵات و حکومەتێکدا دەبێت. ئایندەناسی لە خوێندنەوە سیاسییەکاندا، بەرهەمی بەهاگەلێکی بنەماییە. بەم واتایە کە دەبێت ئایندەناسی بناغەی لە بەها بنەماییەکاندا هەبێت. ئەم بەهایانە هەر چەند بیروباوەڕەکان لەخۆ دەگرێت، بەڵام بۆ گۆڕینی بەها بنەماییەکان پێویستە شێوەی یاسایەك پەیدا بکات و گشتگیر بێت.

## سەرچاوەکان

١. ارسطو (١٣٨٩)سیاست. ترجمه، حمید عنایت. تهران: نشرنی.
٢. اسپریگنز، توماس (١٣٨٥)، فهم نظریه‌های سیاسی. ترجمه فرهنگ رجایی. تهران: آگه.
٣. پایا، علی (١٣٨٢)، ملاحظاتی شتابزده در باب معرفت‌شناسی آینده‌پژوهی. در: علی پایا و حسین راغفر. ملاحظاتی شتابزده در باب معرفت‌شناسی آینده‌اندیشی. نخستین کارگاه آینده‌اندیشی: معرفت‌شناسی. تهران. مرکز تحقیقات سیاست علمی کشور و موسسه عالی آموزش و پژوهش مدیریت و برنامه‌ریزی.
٤. عبدالرحیم، پدرام و همکاران (١٣٨٨)، آینده‌پژوهی مفاهیم و روش. تهران: مرکز آینده‌پژوهی علوم و فناوری و دفاعی.
٥. ملکی‌فر، عقیل و همکاران (١٣٨٥)، الفبای آینده‌پژوهی. تهران: کرانه علم.
٦. منصوری، رضا (١٣٧٧)، عزم ملی برای توسعه علمی و فرهنگی. تهران: طرح نو.
٧. ناظمی، امیر؛ قدیری، روح‌الله (١٣٨٤)، آینده‌نگاری از مفهوم تا اجرا. تهران: مرکز صنایع نوین.
8. Bell, W. (1996). Foundations of futures studies: What do we mean by futures studies? In: Richard A. Slaughter. New Thinking for a New Millennium. London: Routledge.
9. Bell, W. (2003). Foundation of Futures Studies: History, Purposes, and Knowledge (Human Science for New Era). London: Transaction Publishers.
10. Brewer, G.D. & DeLEON, P. (1983). The foundations of policy analysis. Horne wood, the Dorsey Press.
11. Dator, J. (ed) (2002). Futures Studies in Higher education: Advancing Futures. Wesport CT: Praeger.
12. High Level Expert Group (2002). Thinking the Future: Finla Report. Available at: www.efmn.info/kb/thinking-debating-shaping.pdf.
13. Inayatullah, S. (2007). Questioning the Future: Methods and Tools for Organizational and Societal Transformation. Tamkang University Press, Graduate Institute of Futures Studies.
14. Jean-Claude, T. (1985). L'analyse des politiques, in Madeleine Grawitz et Jean LECA, Traite de science politique. Paris: PUF, Tome.
15. Lagroye, J. (1998). Sociologie politique. Paris: Presses de la FNSP & Dalloz.
16. Monnuer, E. (1992). Evaluations de l'action des pouvoirs publics. Paris: Economica.
17. Rouban, L. (1983). Le General Accounting Office, recherché sur l 'evaluation des politiques publiques aux Etats-Unis. These d'Etat en droit, Paris.

**References:**

1. Abdul Rahim, P. & et al. (2009). Future Research concepts and methods. Tehran: Future Center for Science, Technology and Defense Research. [In Persian]
2. Aristotle (2010). Politics. Translated by H.Enayat. Tehran: Ney Publishing. [In Persian]
3. Bell, W. (1996). Foundations of futures studies: What do we mean by futures studies?
.4. In: Richard A. Slaughter. New Thinking for a New Millennium. London: Routledge
Bell, W. (2003). Foundation of Futures Studies: History, Purposes, and Knowledge (Human Science for New Era). London: Transaction Publishers.
5. Brewer, G.D. & DeLEON, P. (1983). The foundations of policy analysis. Horne wood, the Dorsey Press.
6. Dator, J. (ed) (2002). Futures Studies in Higher education: Advancing Futures. Wesport CT: Praeger.
7. High Level Expert Group (2002). Thinking the Future: Finla Report. Available at:
www.efmn.info/kb/thinking-debating-shaping.pdf.
8. Inayatullah, S. (2007). Questioning the Future: Methods and Tools for Organizational and Societal Transformation. Tamkang University Press, Graduate Institute of Futures Studies.
9. Jean-Claude, T. (1985). L'analyse des politiques, in Madeleine Grawitz et Jean LECA, Traite de science politique. Paris: PUF, Tome.
10. Lagroye, J. (1998). Sociologie politique. Paris: Presses de la FNSP & Dalloz.
11. Malekifar, A. & et al. (2006). The alphabet of Futurology. Tehran: Karaneh Alam.
**[In Persian]**
12. Mansoori, R. (1998). National determination for scientific and cultural development. Tehran: New design. [In Persian]
13. Monnuer, E. (1992). Evaluations de l'action des pouvoirs publics. Paris: Economica.
14. Nazemi, A. & Ghadiri, R. (2005). Futurism from Concept to Execution. Tehran: New Industries Center.[In Persian]
15. Paya, A. (2003). Accelerated Considerations on Future Epistemology. In: A. Paya & H. Raghfar. Hasty considerations on the epistemology of futurism. The first workshop on futurism: epistemology. Tehran. National Science Policy Research Center and Higher Institute of Management Education and Research and Planning. [In Persian]
16. Rouban, L. (1983). Le General Accounting Office, recherché sur l 'evaluation des
politiques publiques aux Etats-Unis. These d'Etat en droit, Paris.
17. Sprigens, T. (2006). Understanding political theories. Translation of Rajai culture. Tehran: Agah. [In Persian[

## پەراوێزی ناو و چەمک

1 Wales
2 RAND Corporation
3 Futures Studies
4 Bell
5 Inayatolloah
6 Emerging issues analysis
7 Hybird
8 Alternative Futures
9 Proactive
10 Normative methods
11 Explorative methods
12 Politique publique, Public policy
13 Jean Claud
14 Brewer & Deleon
15 lagroye
16 Lawrence Lowell
17 Grawitz
18 Object
19 Method
20 Kinsey
21 Image of future
22 James Dator
23 Utopia
24 Tomas Spragens
25 Thomad More
26 Harold Lasswell
27 Prospective
28 Looking Forward
29 Wendell Bell
30 Hleg
31 Planing

# خوێندنەوەیەك بۆ جیۆپۆلەتیك و سیاسەتە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەكان

## كەنارە تیژەكان و گۆشە ناسكەكان

جەمال ئەلشوفی/ ناوەندی حەرموون بۆ توێژینەوە هاوچەرخەكان
وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: بارام سوبحی

**پوختە**

لە كاتێكدا جیهان بە وریایی و ترسەوە چاودێریی ڕەوتی جەنگی ڕووسیا لە سەر ئۆكراینا لە ناوجەرگەی ئەورووپادا دەكات تاوەكوو بزانێت ڕووداوەكانی چیی بەسەر دێت، ئەوا پێویستە سیاسەتە نێودەوڵەتییەكان بپشكنین كە توندترین جۆرەكانی كەناری سیاسی بەرهەم دەهێنێت كە هەڕەشە لە ئاشتیی جیهانی دەكات. لە سەدەی بیست و یەكدا گێژەڵووكەكانی جیۆپۆلەتیكیی نێودەوڵەتی لە لایەن ڕووسیاوە وەكوو تیۆری چوارەمی سیاسەت بەرهەم دەهێنرێتەوە، بەرگەی ئەو ڕەقبوونە دەگرێت كە سیستەمی تاكجەمسەریی جیهانگیری دەستی پێ كردووە. ئەگەر جیهانگیری لە سەرڕووی هەسارەكە لە ڕەوتی خۆیدا سیستەمێكی یەكگرتوو بێت، ئەوا هەریەكە لە جیۆپۆلەتیك و جیهانگیریی كەناری تیژ و ڕەقبوونی جیۆپۆلەتیكیی سەربازیی نێودەوڵەتی دروست دەكەن، هەردووكیان پێشبینیی كلۆربوونی گۆشە نێودەوڵەتییە ناسكەكان و سەربەخۆیی دەوڵەتان دەكەن.

ئەورووپای ئەمڕۆ لە ناوجەرگەی ڕووداوە جیهانییەكاندایە، هەروەها لە كەناری تێپەڕاندنی ئەم كەنارە جیهانییە تیژانە و دووركەوتنەوەیە لە جەنگی سێیەمی جیهانی، ئەم دۆخە ڕەخنەگرتنی جیۆپۆلەتیك و سنووردارکردنی بەسەر بیری مرۆڤایەتیدا دەسەپێنێت، لەگەڵ سەرلەنوێ دەستپێكردنەوەی گفتوگۆ لە بارەی هەڵوێستی ئەورووپا لە بەهاری عەرەبی و دادپەروەرییەكەی، بە تایبەتی لە سووریادا.

**كلیلەوشەكان:**

گێژەڵووكەكانی جیۆپۆلەتیك، جیهانگیری، كەنارە تیژەكان، گۆشە ناسكەكان، ئۆكراینا

## بەرایی

لەگەڵ کۆتاییهاتنی سیستمی دووجەمسەریی جیهانیدا، سەرمایەداریی جیهانی بە ڕەهەندەکانی تەکنیکی/ئابووری، سیاسی/سەربازی لە ڕێگەی سیستمێکی نێودەوڵەتیی نوێوە کە چەق و تەوەرەکەی سیستمی جیهانگیریی تاکجەمسەری بوو، دەستی بە سەپاندنی مەرجە نێودەوڵەتییەکانی کرد کە خۆی لەو مۆدێلانەدا دەبینییەوە کە دەوڵەت و کێشوەرەکانی تێدەپەڕاند. لەگەڵ دابەزین و پاشەکشەی بەرچاوی تەنها جەمسەری نەیاری نێودەوڵەتیی سەرمایەداری کە خۆی لە جەمسەری سۆسیالیزمدا دەبینییەوە، جیهانگیری لە سەر ڕووی هەسارەکە دەستی بە فراوانبوون و پەلهاوێشتن بە شێوەیەکی ئاسۆیی کرد.

فراوانبوونی جیهانگیری چەندین ڕێگەی هاوتەریبی گرتە بەر، لەوانە: کرانەوەیەکی توندی سەربازی و جوگرافی، کرانەوەیەکی دارایی و ئابووریی سنووربڕ، تەریب لەگەڵ شۆڕشی تەکنەلۆژیای هاوچەرخدا، تاکڕەویکردن بە شەرعیەتی نێودەوڵەتی کە خۆی لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشدا دەبینییەوە، هەروەها بانگەشەکردن بۆ دیموکراسیەت وەکوو خاکی بەڵێندراو بۆ مرۆڤایەتی و کۆتایی مێژووەکەی؛ بە گوزارشتی فۆکۆیامای گەورە تیۆرسێنی.

ئەمڕۆ لە سەر ڕووی هەسارەکە سیاسەت و میحوەری نێودەوڵەتی دەرکەوتووە کە هەوڵی شکاندنی هەژموونی سیستمی تاکجەمسەریی جیهانی دەدەن، کە خۆی لە دوو ڕەهەندی تەنیشت و هاوتەریبدا دەبینێتەوە، یەکەم: ڕەهەندی ئاشتییانە و ناسەربازی، کە بریتییە لە ڕکابەریی تەکنەلۆژی و هەژموونکردن بەسەر بازاڕی بازرگانیی جیهانی و باڵادەستیی ئابووریدا کە بە شێوەیەکی سەرەکی خۆی لە چیندا دەبینێتەوە، هەروەها دەوڵەتە پێشکەوتووەکان لە ڕووی تەکنەلۆژییەوە، لەگەڵ شۆڕشی زانیاریی جیهانی کە بە دەوری خولگەی جیهانگیریدا دەخولێتەوە وەکوو ژاپۆن. ڕەهەندی دووەم بە لێوارە توندەکانی و توندیی ڕەقییەکەی و مەیلی باڵادەستی دەناسرێتەوە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەهەندی سەربازیی کلاسیکی لە دووبارە سەپاندنەوەی مەرجەکانی و ئامادەبوونی جیهانیدا، بە شێوەیەکی سەرەکی خۆی لە ڕووسیای پۆتینی (ڕووسپۆتینی) سەدەی بیست و یەکدا دەبینێتەوە. هەر چەندە ڕوسیا لە ڕووی پاشخان و دیمەنی سەرەتاییەوە نوێنەرایەتیی شکاندن و کۆتایی هەژموونی تاکجەمسەریی پێشوو دەکات، بەڵام توانای تێپەڕاندنی مۆدێلی هەژموونی سەربازیی ڕاستەوخۆی نییە، بەڵکوو هەمان ئامرازە سەربازییە وێرانکەرەکانی

بەكارهێنایەوە، بەدەر لە شەپۆلی دیموكراسی و مافەكانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی و دیبلۆماسیەتی سیاسی، هەڕەشە لە ئاشتیی جیهانی لە سەر ڕووی هەسارەكە دەكات.

میحوەرەكانی هەژموونی ناوچەیی كە لە لایەن ئەم یان ئەوەوە پشتیوانی دەكرێن، بەبێ ئەم ڕەهەندانە دەردەكەون كە دیارترینیان پەلهاویشتنی ئێرانە لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، لە بەرانبەریشدا كاردانەوەی وڵاتانی كەنداوە لە شەڕی یەمەندا، هەروەها ململانێی نێودەوڵەتییە لە سووریا و لە دژی سووریا، درێژەكێشانی پرسی لیبیا و ئەرمەنستانە. كۆی هەموو ئەم ڕووداوانە ئاماژەن بۆ دروستبوونی جەمسەر و میحوەر و هاوپەیمانیی نوێی جیهانی، كە بە پێی ڕەوت و بەرژەوەندییە جیاوازەكان دەگۆڕدرێن. یەكەمین ئەنجام كە لە تیژیی لێوارەكان و توندیی كێبڕكێی جیۆپۆلەتیكییە گشتییەكاندا (جیۆسیاسی) دەردەكەوێت. هەروەها لە لێكەوتەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەكان و كاردانەوە دارایی و ئابوورییەكانیشدا دەردەكەوێت كە ڕەنگە گەشە بكات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەكی گەورەی جیهانی لە سنوورەكانی سەرەوەیدا، لەوانەشە لە ڕێگەی دابەشكردنەوەی بەڕێوەبردنی هەژموونی جیهانییەوە بێت كە ببێتە هۆی دابەزاندنی بارە تیژەكانی لە بوارە گرنگ و لاواز و ناسكەكاندا، ئەوەش بە گوێرەی میحوەرەكان و هێڵە خزەكانی بەریەككەوتن دەگۆڕێت كە هەڕەشە لە دابەشكردنی وڵاتان بۆ چەند دەوڵەتۆكەیەك دەكات، پێدەچێت سووریا و ئۆكراینا ڕوونترین نموونەی ئەم دۆخە بن.

وەكوو پێشەكیی یەكەم، دەكرێت ئەمڕۆ باس لە سیاسەتە نێودەوڵەتییەكان بكرێت كە بە میكانیزمێكی تیژ و توند دەناسرێنەوە و مرۆڤایەتی بۆ پێش جەنگی جیهانیی دووەم دەگێڕنەوە، لەگەڵیدا توندیی جیاوازییە جیهانییەكان سەر هەڵدەدەن كە لە بزاوتی جیۆپۆلەتیكیدا میحوەر و مەترسییەكانی بە پێی گێژەڵووكە جیهانییەكان جیاوازن، هەروەها توانای بچووككردنەوەی ئەو دەوڵەتانەیان هەیە كە دەكەونە سەر هێڵی پەلهاویشتنیان. لێرەوە تیۆری چوارەم لە سیاسەتدا دەردەكەوێت كە ئەمڕۆ ڕووسەكان برەوی پێ دەدەن كە توندترین و مەترسیدارترینی ئەم كەنارانەیە، چونكە لە یەكەم ئاماژەكانیدا هەڵگری دانانی سنوورێكە بۆ هەژموونی تاكڕەوانەی ئەمەریكا لە جیهاندا، هەروەها دروستكردنی میحوەرێكی نوێی جیهانییە بۆی كە ئەورووپا و ئاسیا تێكەڵ دەكات و ناوەندەكەی ڕووسیا دەبێت كە هەر لە كارەساتی سووریاوە هەڕەشە لە ئاشتیی جیهانی دەكات تا دەگاتە گریمانەی فراوانتر لە چەقی ئەورووپادا لە ئۆكراینا.

ئایا ئەورووپای ئەمڕۆ توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بەرەی ڕووسیای

تازەپێگەیشتوودا هەیە؟ یان وەکوو دایەنگەیەکی مێژوویی بۆ دەوڵەتە هاوچەرخەکان و بیرۆکەکانی ئاشتیی جیهانی و مافی مرۆڤ توانای گەڕاندنەوەی ڕۆڵی شارستانیانەی خۆی هەیە؟ ئەگەر بێتوو لێوارە تیژەکانی هەردوو جیۆپۆلەتیکی ئەمەریکی و ڕووسی تێپەڕێنێت، هەروەها جارێکی دیکە بەرەو بەهاری عەرەبی بڕوات، بە هەڵگرتنی ئەو بنەمایانەی کە لە یەکەم لاپەڕەکانیدا لە بارەی پشتگریکردنی ڕۆڵی دەوڵەتە نیشتمانییەکان بە تامە دەستووری و یاساییەکەیەوە تۆماری کردووە و بەشدارییان لە گەڕاندنەوەی پێگەی سیاسیدا کردووە. هەروەها وەك ئەورووپا ئەو دەستپێشخەرییە گرنگانە هەڵبگرێت کە لە توانەوەی بەستەڵەکی سیاسەتەکانی هەژموونگەری لە نێوان هێڵەکانیدا دەردەکەون.

## ئامانجی لێکۆڵینەوە و مەبەستی توێژینەوە

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێداچوونەوەیە بە سیاسەتی نێودەوڵەتی و بنەما مۆدێرنەکانی لە سیستمی جیهانگیریدا کە سنوورە تیۆری و مەعریفییەکانی تێپەڕاندووە، سەرەتا لە کۆتاییهێنان بە ململانێی دوو جەمسەری جیهانییەوە دەستی پێ کرد، پاشان گەیشتە برەودان بە ڕەوتی دیموکراسی و بڵاوکردنەوەی کولتوورە جیهانییەکەی وەکوو کۆتایی مێژوو، هاوتا لەگەڵ دروستبوونی لێوارە تیژەکانی نێوان ڕێبازی جیۆپۆلەتیکیی ڕووسی کە وەکوو تیۆری چوارەم بە کرداری لە سیاسەتدا جێبەجێ دەکرێت، جگە لە کاریگەرییە مۆدێرنەکانی لە سەر دۆخی نێودەوڵەتی، وەکوو کاردانەوەیەك لە بەرانبەر میکانیزمی هەژموونی سەربازی کە مەرجەکانی سیستمی تاکجەمسەریی جیهانی سەپاندوویەتی، کە هەسارەکەی لە گێژەڵووکەی ململانێیەکی جیۆپۆلەتیکی نغرۆ کردووە کە هۆشداریی خراپەکاری لە سەر ڕووی گۆی زەوی دەدات.

توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی پرسیارە زانستییەکەی خۆی بداتەوە سەبارەت بە سیناریۆ گریمانەکراوە جیهانییەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە سیناریۆی جەنگە گەورەکان، هەروەها کاریگەرییەکانی لە سەرگۆشە ناسکەکانی لە ڕووی سیاسییەوە، لە هەمان کاتدا پاراستنی ئەو گریمانەیەی کە لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا خراوەتە ڕووکە باس لە پرسی سووریا و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی دەکەن[1]، هەروەها پێویستیی دادپەروەری بەرانبەر وڵاتانی بەهاری عەرەبی کە پزیسکی فراوانبوونی لێوارە نێودەوڵەتییە توندەکان لێیەوە سەری هەڵدا، لە نێوان پەلهاویشتنی جیهانیی ڕووسیا و پاشەکشەی وڵاتانی دیموکراسی و لیبراڵیزمی مۆدێرن لە دادپەروەریی ڕاستەقینەی خۆیان، چونکە تەنها بە ڕۆڵی ڕێکخەرلە

هاوکێشـەی جیۆپۆلەتیکیی جیهانیدا قایل بوون. ئەگەربەهاری عەرەبی ڕاسـتەڕێ بکرایە چ لە سـەرئاسـتی نێودەوڵەتی و چ لـە سـەرئاسـتی ئەورووپا، ئەوا توندیی سـنوورە جیهانییەکانی ئێسـتا کە بە توندی بە ڕووی ئۆکرایـنـادا کراوەتـەوە و ئەگـەری پەلـهاویشـتنی بـۆ ناوچەرگـەی ئەورووپا هەیە؛ بەسـەریدا زاڵ دەبوون و ئەوانیش بەرەو ئاشـتیی جیهانی دەڕۆیشـتن. ئەنجامەکانی ئەمڕۆ ئاماژەن بـۆ پەرەسـەندنی ململانێی جیهانی و ئەگـەری فراوانبوونی بـۆ ناوچەکانی دیکـەش هەیـە، کـە ئەمـەش پێشـهاتێکی نەخـوازراوە.

گـەڕان بـەدوای سیسـتمێکی مەعریفیی گشـتگیر کـە لێـوارە تیژەکانی نێـوان جەمسـەرە جیهانییە ناتەباکان تێپەڕێنێت، لە ژێرناونیشـانی گشـتی بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی لە ئاشـتیدا، بەهایەکی جیهانی و گرنگە بـۆ خوێندکارانی سیاسـەتی نێودەوڵەتیی مۆدێرن. کەمیی زانیاری و ئـەو مەترسییانـەی کـە ئەمـڕۆ هەڕەشـە لـە هەسـارەکە دەکـەن، دیارتریـن ناونیشـانەکەی بریتییـە لـە: سـەردەمی پەتـای شـەڕو باڵادەسـتی بـە هـۆی هێـزەوە. ئەورووپـا وەك دایەنگـەی مێژوویی دەوڵەتی مۆدێرن و منارەی کولتووری جیهانی، ئەمڕۆ زیاترلەوانی دیکە مەترسیی لە سـەرە، بە تایبـەتی کە دەکەوێتە نێوان ئـەم جـۆرە سـنوورە سـەختە جیاوازانـەوە. بـۆ گۆڕینی ڕێـڕەوی زاڵبـوون و خۆبەزلزانیـن، جـا جیهانگیـری بێـت یـان پێچەوانەکـەی کـە جیۆپۆلەتیکی ڕووسـیایە، هەروەهـا بـۆ گێڕانـەوەی سـەلامەتی و ئاسـایش بـۆ هەسـارەکە پێویسـتی بـە گـەڕان بـەدوای تیۆرییـە مەعریفییـە مرۆییـەکان هەیـە، ئەمـەش ئامانجی لێکۆڵینەوەکـە و ڕاسـپاردەکانیەتی. بـۆ گەیشـتن بـەم ئامانجـەی توێژینەوەکـە، شـیکاری بـەراوردکاری وەك میتۆدێك بـۆ توێژینەوەکە دەگرینـە بـەر.

### یەکەم: شلبوونەوەی جیهانگیری

شـلبوونەوە، پەرەسـەندنی شـلۆق، بریتییـە لـە پەلهاوێشـتنی ئاسـۆیی فـراوان و نوقمکـەری نەزمی نوێی جیهانی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەك تاکە زلهێزێك سـەرکردایەتیی دەکات، سـاموێل هەنتینگتـۆن بـە «نەتـەوەی باڵادەسـت لـە بـوارە جیاوازەکانی دەسـەڵاتدا: ئابـووری، سـەربازی، دیبلۆماسـی، ئایدۆلـۆژی، تەکنەلـۆژی، کولتـووری» وەسـفی دەکات، لەگەڵ ئەگەری دەسـتڕاگەیشـتن و توانای بەرەوپێشـبردن و فـراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی لە هەموو جیهانـدا[٢]، لـە پشـتیەوە ئەو وڵاتانـە هـەن کـە میراتـی لیبراڵیزمی سـەرمایەدارییان هەیـە کـە لـە ئاسـتی سیاسـەتەکانی بـازاڕی جیهانیـدا گـۆڕاون بـۆ دەوڵەتانی کیشـوەربڕ کـە فۆکۆیاما لـەم دواییانـەدا بـەم شـێوەیە وەسـفی کـرد: «نـەزمی لیبراڵیی جیهانی داڕما، دەوڵەتانی لیبراڵیی

دەستوەرنەدەر (دەستێوەردانی کەم لە کاروباری گشتی) بەو دەوڵەتانەی مەرکەزیەتێکی باڵا و چالاکییەکی زۆریان لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا هەیە؛ جێگەیان گیرایەوە[٣].»

شلبوونەوەی جیهانگیری لە ئاستی جیهانیدا چەندین ڕەهەندی وەرگرتووە، دەتوانرێت لە چەندین جومگەدا دیاری بکرێن:

- برەودان بە دیموکراسی وەك ناوەرۆکێکی گشتی بۆ جیهانگیریی سیاسی و کۆتایی مێژوو، وەك ئەوەی کە گونجاوترین سیستەمە بۆ مرۆڤایەتی وەك سیستەمێکی تەواو و گشتگیر، کە بۆ پێکهێنانی نەزمێکی جیهانی بێسنوور وەکوو گوندێکی بچووکی جیهانی دەگونجێت[٤]، کە تێیدا مێژوو کۆتایی دێت وەکوو فۆکۆیاما دەیەوێت، دیموکراسیی لیبڕالی «خاکی بەڵێندراو» و «ئەو ئایدۆلۆژیایە کە بە ڕەوایەتییەکەی کە دیموکراسیی لیبڕالە، دەتوانێت قەناعەت بە هەموو جیهان بکات»[٥]. هەوڵدان بۆ یەکخستنی کولتووریی جیهانی و شێوازی بیرکردنەوەی مرۆیی لە ڕووی تەکنیکی و بازاڕییەوە بە زمانی جیهانگیریی ئابووری، هەروەها دروستکردنی ڕای گشتی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و توانای گەیشتن بە هەموو ڕووی هەسارەکە، لەگەڵ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بازاڕی جیهانی لە جیهانێکی بێسنووردا، چۆمسکی ئەوەشی بەم شێوەیە وەسف کردووە: «ئەگەر ئاماژە بە شتێك بکات، ئەوا ئاماژەیە بۆ ئەو شێوازەی کە سیستەمێکی باشی دروستکردنی کۆدەنگی لە سیستەمێکی پڕوپاگەندەی باشدا بەڕێوە دەچێت»[٦].
- ڕەوتی بەرەو زمانێکی جیهانیی یەکگرتوو لە سەرەتادا بە زمانی ئینگلیزی نوێنەرایەتی دەکرا، بە زمانی کورتکراوە و دەستنیشانکردنی ئاماژە و مانا بە مانای بازاڕی گشتی بەردەوام بوو، بە جۆرێك دوو کەس لە سەری ناکۆك نەبوون، هەرچەندە زمانی ناوچەییان جیاواز بووایە، بە نموونە هێمای «WWW» لە ڕووی تەکنیکی و زمانەوانی و کولتوورییەوە بووەتە هێمایەکی جیهانی[٧].
- پەرەسەندنی تەکنیکی گشتی و وردە وردە گواستنەوە بۆ ئابووریی دیجیتاڵی، پڕکردنی بازاڕی جیهانی لە توانا تەکنیکی و دیجیتاڵییەکان. هەرچەندە ئەم شۆڕشە تەکنیکییە وای کرد کە پێداویستییەکانی بازاڕی جیهانی لە ڕووی دارایی و کاڵا و پەیوەندییەکانەوە دابین بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا بەرەو شەڕی مەترسیدار و پیشەسازییە سەربازییەکان گەشەی کرد، ئەوەش وای لە بیرمەندانی جیهان کرد کە هۆشداری لە مەترسییەکانی خودی شۆڕشی تەکنەلۆژیا بدەن، سەرەڕای گرنگییەکەی لە لایەنەکانی دیکەدا، مەترسییەك کە هەڕەشە لە هەموو مرۆڤایەتی دەکات بە هۆی توانا تەکنیکییە بەرزەکانی لە ئاستی

پیشه‌سازیی چه‌کدا، وه‌ك چۆن «بۆ یه‌که‌م جار له‌ مێژوودا له‌ سه‌ده‌ی بیسته‌م چه‌کی ئه‌وتۆی به‌رهه‌م هێنا، که‌ توانای له‌ناوبردنی هه‌موو شوێنه‌وارێکی شارستانی له‌ سه‌رڕووی زه‌وی هه‌بوو»[٨]، جگه‌ له‌ گه‌ڕان به‌دوای تواناکانی به‌رهه‌مهێنانی ماددیی پێشکه‌وتووی ته‌کنیکی و سه‌ربازی که‌ به‌بێ سنووری ئه‌تۆمی، ئامرازه‌کانی کۆنترۆڵکردن و زاڵبوون و باڵاده‌ستی پێك ده‌هێنن.

● سیستمی جیهانگیری ته‌نها به‌ بڵاوکردنه‌وه‌ی ته‌کنیکی دیموکراسی و زمانه‌وانی و کولتووری و میدیایی وازی نه‌هێنا، به‌ڵکوو له‌گه‌ڵ ڕووخانی ئۆردووگای سۆسیالیزمدا بۆ ئه‌گه‌ری هه‌ژموونێکی جیهانیی تاکلایه‌نه‌ به‌ هێزی سه‌ربازیی تۆکمه‌، مه‌یدانێکی فراوانی له‌ به‌رده‌مدا کرایه‌وه‌ که‌ گرنگترین هێڵه‌ گشتییه‌کانی بریتین له‌:

● گۆڕان له‌ سیستمی دووجه‌مسه‌رییه‌وه‌ بۆ تاکه‌ هێزێك و مژده‌دان به‌ سیستمێکی نوێی جیهانی، له‌گه‌ڵ کۆتاییهاتنی جه‌نگی ساردی نێوان هه‌ردوو بلۆکی سه‌رمایه‌داری و سۆسیالیستی، پیته‌ر مارتن ڕه‌وتی کۆبوونه‌وه‌ی سانفرانسیسکۆی ساڵی ١٩٩٥ی گواسته‌وه‌ که‌ ٥٠٠ شاره‌زا و پێشه‌نگی جیهانی له‌ بواره‌کانی سیاسه‌ت و دارایی و ئابووری له‌خۆ گرتبوو، تیایدا گۆرباچۆڤی دوایین سه‌رۆکی یه‌کێتیی سۆڤیه‌ت وتی: «ئه‌وه‌ی له‌م کۆبوونه‌وه‌یه‌دا پێویسته‌ ئه‌وه‌یه‌ ده‌سته‌یه‌کی نوێی پسپۆڕان مه‌شخه‌ڵه‌کانی ڕێگای سه‌ده‌ی بیست و یه‌کمان نیشان بده‌ن، که‌ ده‌بێته‌ هۆی شارستانیه‌تێکی نوێ»[٩].

● هه‌ژموون به‌ هۆی هێزی سه‌ربازی و دروستکردنی هاوپه‌یمانیی سه‌ربازی بۆی (به‌ڵکان و عێراق و ئه‌فغانستان و ئه‌وانی تر)، پاڵپشت به‌ شه‌رعیه‌تی نێوده‌وڵه‌تی، که‌ خۆی له‌ به‌ندی حه‌وته‌می بڕیارنامه‌ پابه‌ندکه‌ره‌کانی ئه‌نجوومه‌نی ئاسایشی نێوده‌وڵه‌تیدا ده‌بینییه‌وه‌[١٠]. ئه‌و شوێنانه‌ی که‌ له‌ ڕووی سه‌ربازییه‌وه‌ داگیرکران، بریتی بوون له‌ هێڵه‌کانی پاشه‌کشه‌ی شه‌پۆلی سۆڤیه‌تی پێشوو و له‌قاڵبدانی له‌ ناو ڕووسیادا، هه‌روه‌ها بچووککردنه‌وه‌ی کایه‌ زینده‌گییه‌که‌ی پێشووی له‌ به‌رانبه‌ر په‌لهاویشتنی ناتۆ له‌ فۆرمی جیهانگیریدا.

● ده‌ستبه‌سه‌راگرتنی ئابووری، کرانه‌وه‌ی بازاڕی جیهانی، گه‌شه‌کردنی فراوانی کێبڕکێی ته‌کنیکی، لوتکه‌ مۆدێرنه‌که‌ی له‌گه‌ڵ کێبڕکێی ئه‌مه‌ریکا و چین له‌ سه‌ر ته‌کنه‌لۆژیای نه‌وه‌ی پێنجه‌م ده‌رکه‌وت[١١].

● له‌ جیهانگیریدا دروسته‌ بڵێین که‌ فراوانبوونێکی کراوه‌یه‌ به‌بێ ڕێگرییه‌کی بابه‌تی له‌ به‌رده‌میدا، به‌ پێچه‌وانه‌ی دۆخی دووانه‌ی سه‌رمایه‌داری و سۆسیالیزم له‌ میانی دۆخی دووجه‌مسه‌ری پێش ساڵی ١٩٩١دا، که‌ له‌و سه‌رده‌مه‌دا پێوه‌ری سیاسی و نێوده‌وڵه‌تی

و ئابووریی هاوتەریب و دژبەیەکیان تا ڕادەیەك پێك هێنابوو بەبێ گوێدانە شایستەیی یەکێکیان. دیارترین نیشاندەرەکانیشی بریتی بوون لە هاوسەنگیی هێز و سنووردارکردنی کۆنترۆڵکردن بە هێزی سەربازی، هەروەها لێکۆڵینەوە لە مامەڵە سیاسی و ئابوورییە ژێربەژێرەکان، لە کاتێکدا کە کردەوەی سەربازی ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ بەرەی پێشەوەی ڕووداوە جیهانییەکە، ئەوا تەنها مەترسی دوگمە ئەتۆمییەکەیە.

## دووەم: ڕەقبوونی جیۆپۆلەتیك

ڕەقبوون؛ زیادبوونی ڕەقی و بەرەنگاری و کاردانەوەیە، کردەیەکی میکانیکییە لە ڕووی مادددییەوە بەندە بە توندیی جیاوازییەکانی نێوان دوو دۆخی جیاوازەوە، تاوەکوو بوونێکی جیاواز لە دۆخی بێکاریگەریی پێشووی خۆی بچەسپێنێت.

خواستنی وەسفی میکانیکی بۆ ئەو هاوکێشە سیاسییانەی کە ئێمە هەوڵی وەسفکردنی دەدەین، بۆ ئەوەیە کە بڵێین هاوکێشەیەکی وشکن و یەکەم جار نزیکن لەوەی لە ڕەهەندە فیکری و بەهاکانی مرۆڤایەتی بێبەش بن، دووەمیش بۆ نزیکبوونەوەیە لەو دیمەنە جیهانییە بەرفراوانەی کە دیسانەوە بەرەو دڕندەیی شەڕ دەڕوات، ئەوەش پاش هەموو هەوڵە جیهانییەکانی پێشوو دێت بۆ سنووردارکردنی ڕۆڵی شەڕ لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، هەروەها لێکۆڵینەوەیە لە شڵەژانی بازاڕی جیهان، لە ڕووی ئابووری، دارایی، سیاسی و کولتوورییەوە"[12]. هەرچەندە ئەم شڵەژانە لە ڕووی کولتووره ناوخۆییەکانەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕەخنەی لێ دەگیرێت، بەڵام لە هاوکێشەکانی جەنگ تێچووی کەمتری هەیە.

گەڕانەوە بۆ سنوورەکانی شەڕی کلاسیکی و سەپاندنی ئیرادەی فراوانبوونی سەربازی لە بەرانبەر فراوانبوونی سیستمێکی جیهانیی تاکجەمسەریدا ئەوەیە کە ئێمە پێی دەڵێین دۆخی ڕەقبوون و تیژیی جیۆپۆلەتیکی، جا چ ئەوەی پێشتر سیستمی جیهانگیریی تاکجەمسەری دەیکرد، یان ئەوەی ئەمڕۆ ڕووسیا دەیکات، ڕەنگە لە داهاتوودا کەسانی دیکەش بیکەن. جیاوازییەکی بەرچاو لەم بابەتەدا هەوڵەکانی ڕووسیایە بۆ سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ گۆڕەپانی جیهانی، وەك جەمسەرێك یان میحوەرێکی جیاواز لە میحوەری جیهانیی تاکجەمسەری تەنها لە ژێر سەرکردایەتیی ئەمەریکادا.

ڕووسیا میراتگری یەکێتیی سۆڤیەتە کە یەکێك بوو لە دوو جەمسەرەکەی سیستمی جیهانی، بەڵام دوای هەڵوەشاندنەوەی لە هاوکێشە جیهانییەکەدا دووچاری پەراوێزخستن

و گۆشەگیری هات. لە سەرەتای هەزارەی سێیەمەوە ڕووسیا سەرلەنوێ کاری لە سەر چەند هێڵێك کردووەتەوە کە گرنگترینیان ڕەهەندی سەربازییە، تاوەکوو دووبارە بوونی سیاسی و سەربازیی خۆی لە هاوکێشە جیهانییەکەدا بە پێی میحوەرە نوێیە دروستبووەکان بسەپێنێتەوە، هەروەها ڕێگری بکات و بەرەنگاری جیهانگیری ببێتەوە. ئەگەر لە ڕووی جیهانییەوە تێبینی فراوانبوونی جیهانگیری و شلبوونەوەی لە ڕووی تەکنیکی و کولتووری و زمانەوانییەوە بکرێت، ئەوا فراوانبوونی سەربازیی پتەو و توندی بە شێوەیەکی سروشتی لە ئەنجامدا کاردانەوەی سیاسی-سەربازیی لە هەمان جۆری خودی کردەوەکەی لێ کەوتووەتەوە.

جیۆپۆلەتیکی نێودەوڵەتی و گێژەڵووکە جیهانییەکانی کە سەرچاوەکەی ڕووسیایە، لەگەڵ چاودێریکردنی گەشەکردنی تەکنەلۆژی و ئابووریی چین وژاپۆن، بە شێوازێکی جیاواز لە ڕووسیای ئەمڕۆ، هەر بە زوویی لە ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا تێبینی کراوە. ساڵی ٢٠١٤ ساڵێکی پڕ لە گێژاو بوو، چونکە زەنگی گەڕانەوەی کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکی و هاتنەوەی بۆ ناو چەقی ڕووداوەکان لێدا، هێزی ڕووسیا و چین و لە زیادبووندان، هەروەها ژاپۆنیش دەستی بە نیشاندانی ئارەزووی زیاتری خۆی بۆ پلانە ستراتیژییەکان کردووە، ئێرانیش لە ناوخۆی سووریادا بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هاوکاری لەگەڵ «حیزبوڵا» دەستی بە پەلهاویشتن کردووە، ئەمەش گەڕانەوەی هێزە نەریتییەکان بۆ ڕۆڵگێڕانی سەرەکی لە پەیوەندییە جیهانییەکاندا دەردەخات[١٣].

گێژەڵووکە جیۆپۆلەتیکییەکان کۆی ئەو شتانەن کە بە تیۆری چوارەمی سیاسەت (The Fourth Political Theory)[١٤] ناو دەبرێن، ئەوەش ناونیشانی کتێبەکەی ئەلێکسەندەر دۆگینی گەورەتیۆرسێنی جیۆپۆلەتیکی ڕووسییە کە لە پشتیەوە ژمارەیەك تیۆرسێنی ڕووس لە سەر ئاستی فیکری و سیاسی هەن، بە تایبەتی سەنتەری لێکۆڵینەوەی کاتیخۆن. تیۆرییەکە لە سەر کۆمەڵێك بنەمای مێژوویی و سیاسی و دانیشتووان/کۆمەڵایەتی و شێوازەکانی جێبەجێکردنی لە هاوکێشە ڕاستەقینە نێودەوڵەتییەکاندا داڕێژراوە، تیایدا دەڵێت: دەکرێت جیهان بە یاسا ئابوورییەکان و بە جاڕنامە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ بەڕێوە ببرێت، بەڵام تەکنەلۆژیا هاتە جێگەی هەموو ئەو دیالۆگە سیاسییانە، بۆیە تیۆری چوارەمی سیاسەت داڕێژرا لە دژی هەریەکە لە: ئەبەدیەت، تیۆری کۆمەڵایەتی-پیشەسازی (النظرية الاجتماعية الصناعية)، شایستەیی هزری لیبراڵی لە ڕووی سیاسییەوە، جیهانگیری، بەو پێیەی ڕێسایەکی لۆجستیکی و جیهانین، ئەمەش سیاسەتی نەریتی و لاهوتگەرایی هزری دەگێڕێتەوە[١٥].

ئامانجی سەرەکیی جیۆپۆلەتیك هەوڵدانی ڕووسیایە بۆ دابینکردنی پێگەیەکی جیهانی بۆ خۆی، لە ڕێگەی هەمان پەیوەندییە ڕەقەکان و هێزە زیادەڕۆکانەوە کە لە هەژموونی سەربازیی ڕاستەوخۆ لە سەر ڕووی هەسارەکەماندا ئامرازی سیستمی جیهانگیریی تاکجەمسەری بوون، بەبێ شلبوونەوەی گشتیی خۆی. ئەمڕۆ ڕەقبوونی سیاسەتی نێودەوڵەتی و مەیل بەرەو ململانێیەکی نوێ هەیە، ئەگەر هەموو وڵاتان هەوڵی دوورکەوتنەوە لە پێکدادانی ڕاستەوخۆی نێودەوڵەتی لەگەڵ یەکتر بدەن، بە هۆی لێکەوتە کارەساتبارەکانی لە سەر ڕووی هەسارەکە، ئەوا یەکێتییە نێودەوڵەتییەکەی لە گۆشە سیاسییە ناسکەکاندا خاڵی دەبێتەوە کە بریتین لەو وڵاتانەی بەرەو ڕووی پەلاماردان و دەستبەسەرداگرتن و سەپاندنی مەرجەکان بۆ میلیتاریزەکردنی بە زۆرەملێ دەبنەوە.

جیۆپۆلەتیك لە ڕووی سیاسی و جیهانییەوە نوێ نییە، بەڵکوو لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستی پێ کردووە، لە نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکەدا گەشەی کردووە و پێش کەوتووە، ئەو کاتەی ئەدۆلف هیتلەر ویستی دەست بەسەر جیهاندا بگرێت و قەرەبووی شکستی ئەڵمانیا لە جەنگی یەکەمیدا بکاتەوە.

**گریمانە سەرەکییەکانی جیۆپۆلەتیك لەو سەردەمەدا بەم شێوەیە بوون:**

- ئەگەری فراوانبوونی دەوڵەت لە دەرەوەی سنوورە سروشتییە جوگرافی و دیمۆگرافییەکەی بۆ دەوروبەرە زیندووەکەی لە ڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە. هەریەکە لە فردریك ڕاتزل () -Friedrich Ratzel18441904)) و لە پاش خۆی قوتابییەکەی جۆن کیلین (1864) Johan Rudolof Kjellen-1922)([16] پەرەیان بە چەمکی بواری زیندەگیی دەوڵەت و پەلهاویشتنی لە دەرەوەی سنووری سروشتیدا دا. «کیلین پێشبینیی لەناوچوونی ئیمپراتۆریە دەریاییەکان و گۆڕانیان بۆ دەوڵەتە وشکانییەکان کرد، کە توانای کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوە ئاوییەکانیان دەبێت»[١٧]. لە کاتێکدا لە زانستی جوگرافیای سیاسیدا دەوڵەت وەك قەوارەیەکی سەربەخۆ و خۆسەقامگیر لە چوارچێوەی سنوورە سروشتییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا پێناسە دەکرێت، جیۆپۆلەتیك دەوڵەت وەك ئۆرگانێکی زیندوو و جووڵاو لە دەرەوەی سنوورەکانی پێناسەی دەکات کە هەوڵی دامەزراندنی هاوپەیمانیی سیاسی بۆ دەوڵەت لە دەرەوەی سنوورە سروشتییەکانی دەدات. ئەم هاوپەیمانیانە لە ململانێی جیهانیی گەلاندا زامنی هێزی دەوڵەت دەکەن کە پشت بە دانیشتووان و شارستانیەت و ئابووری و حکومەت و خاك دەبەستێت.

• فراوانخوازیی جیهانی بۆ گەڕان بەدوای کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوە ئاوییە جیهانییەکان، بیرۆکەکەی کارل هاوسهۆفەر(Karel Haushofer (١٨٦٩-١٩٤٦))، کە کاری بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ژاپۆن و ئەڵمانیا کرد. لەوێدا گریمانەی بچووکبوونەوەی ئەو دەوڵەتانەی کرد کە باڵادەستییەکی دەریایی دووریان هەبوو، وەك بەریتانیا و فەرەنسا، لە بەردەم زلهێزەکاندا کە ڕەهەندێکی وشکانییان هەبوو، بەڵام بەدوای هەژموونێکدا دەگەڕان بە سەرڕێڕەوی ئاویدا وەکوو ئەڵمانیا و یەکێتیی سۆڤیەت. ئەم سیاسەتە لە لایەن هیتلەرەوە چالاك کرا و پێش جەنگی جیهانیی دووەم هاوپەیمانییە سیاسییەکانی لەگەڵ ژاپۆندا لە سەری بنیات نا[١٨].

• ڕێزێکی زۆر بۆ ناسیۆنالیزمی ئایدۆلۆژی و ڕۆڵی سەرکردە تاکڕەوە دیکتاتۆرەکان تیایدا لە سەرئاستی کۆمەڵگاکان، بە تایبەتی ئەوروپایی و ئاسیاییەکان، وەکوو ئەدۆلف هیتلەری ئەڵمانی، بینیتۆ مۆسۆلینی ئیتاڵی، هێرۆهیتۆی ژاپۆنی، جۆزێف ستالینی سۆڤیەتی، ئەمڕۆش دەتوانین بڵێین ڤلادیمێر پۆتینی ڕووسی و کیم جۆنگ ئۆنی کۆریای باکوور هەن.

• لە سەدەی بیستەمدا زانستی جیۆپۆلەتیك بە ژەهرێکی فیکری دادەنرا، بە هۆی ئەوەی دوو جەنگی جیهانیی لێ کەوتەوە، بۆیە بووە هاومانای ڕەگەزپەرستیی نازی، لە بەرئەوە لە زانکۆکاندا نەدەخوێنرا، بەڵکوو تەنها لە قوتابخانە جەنگییەکاندا دەخوێنرا. جیۆپۆلەتیك «لە ساتی دەرکەوتنی ئەم چەمکەوە لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەیەم، خولیای کەسی و شۆڕشی فیکریی لێ کەوتەوە. بۆیە ئەو بۆچوونەی پشتڕاست کردەوە کە لێکدانەوەی جیۆپۆلەتیك دەکاتە هاومانای فراوانخوازیی نازی. لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بە دوور لە هەستیاریی ئەکادیمی، بیرمەندانی ئاسایش و ڕاوێژکارانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دووبارە ئەم زاراوەیەیان بەکارهێنایەوە»[١٩].

• ئەمڕۆ سەرلەنوێ جیۆپۆلەتیك گەڕاوەتەوە بۆ پێشەنگی ڕووداوەکانی جیهان و دەروازەکانی جیهان. ڕووسیا ئەو دەوڵەتەیە بەدوای پێگەیەکی جیهانیدا دەگەڕێت بە هەمان ئەو ئامرازانەی کە نازییە ڕەگەزپەرستەکان بەکاریان دەهێنا، ئیدی بە سەپاندنی مەرجە جیهانییەکانیان بێت بە زەبری هێز، یان بە قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی پێشوو بێت. ڕووسیای ئەمڕۆ جارێکی دیکە بەدوای دووەمین جەمسەری جیهانیدا وێڵە، ئەوەش لە ڕێگەی زیندووکردنەوەی جیۆپۆلەتیکی نێودەوڵەتی و ناوەرۆکەکەی و شێوازە کلاسیکییەکانی لە بەرەنگاربوونەوەی سیستمی جیهانگیریی تاکجەمسەریدا، بەڵام دوای نوێکردنەوەی تیۆرییەکانی بە گوێرەی ئەوەی ناوی ناوە تیۆری چوارەمی سیاسەت.

• تیۆری چوارەمی ڕووسیا لە سیاسەتدا لە سەر بنەمای کۆمەڵێك چەمکی تیۆری و ڕێسای کارپێکراو دامەزراوە، لەو کتێبەدا بە وردی باس کراوە کە لە ڕوانگەیەکی جیۆپۆلەتیکییەوە باسی پرسی سووریای کردووە و ناونیشانەکەی بریتییە لە «دۆزی سووریا و ئاوێنە جیۆپۆلەتیکە نێودەوڵەتییەکان»[٢٠]. لەم توێژینەوەیەدا خۆمان سنووردار دەکەین بە دەستنیشانکردنی دیارترین تایبەتمەندییە گشتی و کارپێکراوەکانی، بە تایبەتی کە دەرەنجامە سەرەتاییەکانی پێشبینیی ڕەوتی ڕووداوە جیهانییەکانی لەگەڵ دەرئەنجامە شۆکهێنەرەکانیدا کردووە کە لە سووریای (٢٠١٥)ەوە تا ئۆکرانیای ئەمڕۆ لە ناوجەرگەی ئەورووپادا درێژ دەبێتەوە.

**بنەما تیۆری و کارپێکراوەکانی جیۆپۆلەتیکی ڕووسیا و گێژەڵووکە جیهانییەکانی:**

١. بەهەندگرتنی جیۆپۆلەتیك وەك تیۆری چوارەم لە سیاسەتی مۆدێرن وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ لیبراڵیزم و کۆمۆنیزم و نازیزم. کۆمەڵناسی، مێژووی هاوبەش و لێکنزیکبوونەوەی ئەنترۆپۆلۆژیی دانیشتووان، بنەمای بیری جیۆپۆلەتیکیی ڕووسیایە لە ڕووی سیاسییەوە، «بەو پێیەی ئێمە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی جیهانیی نوێ لە ڕووی چۆنایەتییەوە دەکەین کە ڕووبەڕووی هیچ دژایەتییەك نابێتەوە و ئاسۆیەکی نوێی بۆ کۆمەڵناسی کردووەتەوە. لێرەوە بە تایبەتی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕووبەڕووی ئایدۆلۆژیای نوێ دەبینەوە کە جیاوازن لە ئامرازەکانی قوتابخانە تەقلیدییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە وردە وردە گرنگیی خۆیان لەدەست دەدەن، بەم پێیەش پێویستی بە خستنەڕووی تیۆرییە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دەبێت»[٢١].

٢. ڕەتکردنەوەی پەلهاوێشتن و فراوانخوازی و هەژموونی ئەمەریکا بەسەر جیهاندا، لەوانەش کولتووری لیبراڵیزم کە دۆگین بە «شەڕی گەورە»ی دەبینێت، ڕووسیاش ئەو دەوڵەتە گەورەیەیە کە بەربژێرە بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵە، «ڕووسیا وەکوو دڵی دوورگەی ئۆراسیا لە دۆخی جیۆپۆلەتیکی دینامیکیدا، باشتر لە هەموو ناوچەکانی تر، توانیویەتی ڕووبەڕووی جیۆپۆلەتیکی زەریای ئەتڵەسی ببێتەوە، دەشتوانێت ببێتە ناوەندێکی مەیدانیی ئەلتەرناتیڤی گەورە»[٢٢]. پێویستە کار لە سەربەرهەمهێنانی هەلومەرجی نوێ بۆ پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان لە ژێر ڕۆشنایی جیهانێکی دووجەمسەریدا بکرێت، نەك جیهانێکی یەکجەمسەری و یەکهەژموونی.

٣. ئەگەری گەڕانەوە بۆ شێوازە کلاسیکییەکان لە فراوانخوازیی ئیمپراتۆریانە لە کایەی ژیانی دەوڵەتاندا، بە وەرگرتنەوەی کۆنترۆڵی سێگۆشەی هێزی کلاسیکی جیهانی دەبێت[٢٣]، بە شێوازەکانی سەربازیی ڕاستەوخۆ و کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی دەریایی و ڕاگرتنی پەیوەندیی ئاوەکەیان و دەستڕاگەیشتن بە ئاوە گەرمەکانی زەوی، لەگەڵ مامەڵەکردن لە سەر بنەمای گریمانەی ئەنترۆپۆلۆژی کە لە سەر بنەمای بیرۆکەی پەیوەندییەکی مێژوویی نێوان ئەورووپا و ئاسیا دامەزراوە و دوگین ناوی لێ ناوە «ئۆراسیا» یان سیستمی «ئۆراسیای گەورە»، ئەوەش چەمکێکە کە جوگرافیا تێدەپەڕێنێت و دەیکاتە چەمکێکی سیاسی[٢٤]. تیایدا ڕووسیا ڕۆڵی ناوەند و ئەڵقەیەکی گەورەی بەیەکگەیشتن دەبینێت، لە ڕێگەی بازنە یەك لە دوای یەکەکانەوە کە ناوەندەکەیان ڕووسیایە، بازنەی کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و پاشان وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، بە تورکیادا تێدەپەڕێت و لە ئاسیا لە ڕێگەی سووریاوە بە ئێرانەوە دەیبەستێتەوە، بە جۆرێك «دۆزینەوەی دەرچەیەك بەسەر دەریا ساردەکان لە باکوور و ڕۆژهەڵات دەبێت بە کرانەوە بەسەر دەریا گەرمەکان لە باشوور و ڕۆژئاوا تەواو بکرێت، لەم حاڵەتەدا تەنها ڕووسیا لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە تەواوکار دەبێت. کاتێك کەناری دەریا دەبێتە سنووری باشوور و ڕۆژئاوای ڕووسیا، دەتوانین باس لە تەواوبوونی کۆتایی پێکهاتە ستراتیژییەکەی بکەین»[٢٥]. ئەمەش ڕەنگە هۆکاری هەوڵە بێوچانەکانی ڕووسیا بێت بۆ لکاندنی دوورگەی کریمیای کەنار دەریا لە باشووری ئۆکراینا لە ساڵی ٢٠١٤دا، هەروەها دروستکردنی بنکەی سەربازیی حمەیمیم و زاڵبوون بەسەر بەندەری تەرتووس لە سەر دەریای ناوەڕاست لە سووریادا، ئەمەش وەرگێڕانێکی کردەیی بنەما تیۆرییەکانی دۆگینە بۆ هەژموونکردن بەسەر سێگۆشەی هێزی جیهانیدا. کەواتە «دەسەڵاتی دەریایی نوێنەرایەتیی نەخشێکی شارستانی دەکات کە لە سەر بنەما لێکدژەکان دامەزراوە. شێوازێکی دینامیکییە، بزووتنەوەیەکی وزەبەخشە، مەیلی بەرەو گەشەسەندنی تەکنیکی هەیە»[٢٦]. بەستنەوەی بە هێڵی وشکانی کە مۆسکۆ دەگەیەنێت بە تەرتووس، لە ڕێگەی تاران و بەغداوە کە بە ئەبوکەمالدا تێدەپەڕێت، هەوڵدان بۆ داخستنی ئەو بازنە جیۆپۆلەتیکییە لە زەریای ئۆراسیادا، ئەمەش وای کردووە پەلهاویشتن بە ئاڕاستەی ئۆکراینا لەمڕۆدا لە چوارچێوەی فەرمانی داخستنی بازنەی ڕووسیا لە دڵی ئەورووپا و هەروەها بەسەر سنووری ئاوە گەرمەکان لە باشوور و ڕۆژئاوادا لێك بدرێتەوە.

٤. ڕازینەبوون بە تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکان، قەرەبووکردنەوەی کورتهێنانی ڕووسیا تێیدا لە ئاستی جیهانیدا بە دوو هاوکێشە، هاوکێشەی یەکەم چەکی قەڵغانی ئەتۆمیی جیهانی

وەك هێڵی سووری نێودەوڵەتی کە سەرەتا هەڕەشە لە هەسارەکە دەکات، هەروەها ڕێگری لە ئەگەری پێکدادانی دەوڵەتە ئەتۆمییەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتردا دەکات، وەکوو «واقیعی ئێستا ئەوەیە کە توخمە ئەتۆمییەکە بە تایبەتی زاڵە بەسەر ئەو سەردەمەی کە تێیدا دەژیین، پێدەچێت وڵاتان هێشتا بڕیاریان نەدابێت ئەم هێزە ترسناکە، لانی کەم بە شێوەیەکی بەرفراوان، لە شەڕە سەرتاسەرییەکاندا بەکار بهێنن»[٢٧]. هاوکێشەی دووەم زاڵکردنی هاوکێشەی سەربازیی نەریتییە بەبێ مەرجەعیەتێکی نێودەوڵەتی، پاشان سەپاندنی مەرجەکانی دانوستانی سیاسی. لێرەدا جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە شەڕەکانی ڕووسیا لە ڕووی سروشتی کردەی سەربازیی ڕاستەوخۆوە، لە چیچان و جۆرجیا و سووریا و ئەمڕۆش لە ئۆکراینا، هاوشێوەی شەڕەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییە لە باڵکان و عێراق و شوێنەکانی تر، بەڵام گرنگترین جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە کە دووەمیان بە ئاماژەدان بە شەرعیەتی نێودەوڵەتی و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش ئەنجام دراوە، لە کاتێکدا هێرشەکانی ڕووسیا خۆکارانەیە، جگە لەوەی ڕووسیا ئەو شوێنانەی کۆنترۆڵ کردووەتەوە کە بەرلە ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، لە ڕووی جیهانییەوە ناوچەی جێ نفووزی بوون، بەڵام لە ڕێگەی هاوپەیمانییە سیاسییەکانی پێشووەوە نا، بەڵکوو لە ڕێگەی داگیرکاریی سەربازیی ڕاستەوخۆوە وەك دەسەڵاتێکی داگیرکەر.

٥. وەرچەرخان لە سیاسەتی فراوانبوونی جیهانگیری لە ڕێگەی ڕێککەوتنە دارایی و سیاسییەکانەوە کە دوگین ناوی لێ ناوە «بەرتیلدانی سیاسی» بۆ سیاسەتەکانی سەپاندنی هێزی ڕاستەوخۆ لە کایە گرنگەکانی هەژموونخوازیدا، کە دەتوانێت گریمانەکانی فراوانبوونی جیۆپۆلەتیکی جێبەجێ بکات، بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی فراوانبوونی جیهانگیریی سیستمی یەکجەمسەری، کە «تاکە کایەی گەورەی گەردوونی بۆ توێژەرانی ئایندەناسی جیهانگەرایی بە واتای لەناوچوونی تەواوەتی تەنانەت بچووکترین سێبەری هەر سەربەخۆییەك دەبێت، هەرچەندە بچووکیش بێت، چونکە فشاربە هێزی (سەربازی یان ئابووری) لە سەرپارچە بچووکە پەرشوبڵاوەکان، چەقۆ دەکاتە تاکە ئامرازی کۆنترۆڵکردن و (پێویستییەکانی بەرتیلدان لە نەبوونی ڕکابەرێکی جیۆپۆلەتیکیی دوژمنکارانەدا کە لە لایەن خۆیانەوە نکۆڵیی لێ دەکرێت)، ئەمەش واتە دەستبەسەرداگرتنی ڕاستەوخۆ بە هێزی سەربازی. ئەو دۆخە کردارییە بژاردەیەکی خێرا دەخاتە بەردەم هەموو دەوڵەتان و هەموو گەلان (بە تایبەت بەردەم ئەو حکومەتانەی کە چوونەتە ناو ئۆردووگای جیۆپۆلەتیکیی نەیاری ڕۆژئاوای ئەتڵەسییەوە) کە بریتییە لە: یەکگرتن لە ناو بوارێکی گەورەدا لە ژێر

سەرکردایەتیی ئەتڵەسیستەکان، یان دامەزراندنی مەیدانێکی گەورەی نوێ کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی زلهێزانی هەبێت»[٢٨].

٦. پلاندانان و جێبەجێکردنێکی تۆکمە بە پێی پاکێجێکی یەکگرتووی بەڕێوەبردنی سیاسی، سەربازی، نێودەوڵەتی، یاسایی و ئابووری، بەستنی هاوپەیمانیی کورتخایەن کە دژایەتیی پێکهاتە فیکرییەکەی دەکات، لە ڕێگەی زاڵکردنی شێوازی کلاسیکیی سەربازی بۆ دروێنەکردنی ئەنجامی سیاسیی نێودەوڵەتی، ئەمەش وا دەکات سیاسەتی دیفاکتۆ یان ئەوەی بە سیاسەتی «لێواری کۆتایی» ناسراوە؛ پراکتیزە بکات، بۆ ئەوەش سوود لە تۆقاندنی دوگمەی ئەتۆمیی جیهانی وەربگرێت، بەڵام وەك میکانیزمێکی ڕێگریی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ژێر کەوانەی سزا ئابوورییە نێودەوڵەتییەکانەوە کە دەیباتە دانوستانە لاوەکی و قۆناغبەندییەکانەوە، وەکوو قۆناغێك لە هەنگاوە پلان بۆ دارێژراوەکانی فراوانخوازی[٢٩].

٧. دامەزراندنی هاوپەیمانیی هاوتەریب، لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، لەگەڵ ڕەهەندی سەربازیی ڕاستەوخۆدا، ئەم هاوپەیمانییانە لە سەربنەمای گەیشتن بە ڕێککەوتنی هاوتا یان ئایدیۆلۆژیی درێژخایەن نین، ئەوەندەی لە سەربنەمای پایە و پێوەرەکانی بەرژەوەندیی سیاسییە، تەنانەت ئەگەر کورتخایەنیش بێت، بە پێی یەکێك لەم دوو شێوازە: یان وەرگرتنی هێزی سەربازیی ڕاستەوخۆ بۆ ماوەیەکی کەم، وەك دوگین ناوی لێ نابوو، سووریاش نموونەیەکی ڕوونە، ڕەنگە ئۆکراینا یان بەشێکی بەم زووانە، یان بەرتیلی جیۆسەربازی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە توانای داراییان بەرزترە و ئابوورییان بەهێزترە، وەکوو دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی، ئێران و تورکیا، سەرەڕای شێوازە جیاوازەکانی هاوپەیمانی لەگەڵیاندا.

٨. ڕووسیا لە بەدەستهێنانی شەرعیەتی نێودەوڵەتی بۆ ئەم هەنگاوە جیۆپۆلەتیکییانەی سەرکەوتوو نەبووە، سەرباری دانپێدانانی ترامپ بۆ پۆتین لە دیداری هێلسینکی (٢٠١٨) کە ڕووسیا بووەتە وڵاتێکی ڕکابەر، بەڵام نەبووەتە مایەی ئەوەی کە شەرعیەتی یاسا نێودەوڵەتییەکان لەم ڕووەوە بەدەست بهێنێت، سەرباری ئەو ڕیزپەڕییەی کە لە ڕێگەی پرسی سووریاوە بەدەستی هێنا کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا بە بەشداریکردنی لە شەڕی تیرۆر بەدەستی هێنا، ئەویش بریتی بوو لە بڕیاری ژمارە (٢٠١٥/٢٢٥٤)ی ئەنجوومەنی ئاسایش بە تایبەتی بڕگەی هەشتەمی[٣٠]. بەڵام هەر ئەو بڕیارە لە بڕگەکانی سەرەتایدا ئاماژە بە پێویستیی بەدیهێنانی گواستنەوە و گۆڕانکاری لە سووریادا دەدات، ڕووسیاش پابەندە بە جێبەجێکردنی. هەر ئەوەش ئەمڕۆ هاوکێشە نێودەوڵەتییەکەی سەبارەت بە سووریای کرد بە شوێنی نەبوونی چارەسەرێکی جیهانی و وای کرد دوو لێواری

دژبەیەك هەبن، ئەوانیش: هیچ ئاوەدانکردنەوەیەك بەبێ چارەسەری سیاسی نابێت، لە بەرانبەردا هیچ چارەسەرێکی سیاسیش بەبێ ئاوەدانکردنەوە نابێت، وەکوو هەڵوێستێکی دانوستانکاریی فرەلایەنە، ئەمەش خودی پرسی سووریا ئاڵۆزتر دەکات، ڕووسیا و سیاسەتە نێودەوڵەتییەکانی دەخاتە ململانێیەکی هەمیشەیی لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا، تەنانەت لەگەڵ هاوبەشە کاتییەکانی وەکوو تورکیا و ئێرانیشدا.

٩. نەبوونی توانای سیاسی بۆ ئەگەری سەربەخۆیی، بەستنەوەی بە هاوکێشەکانی دەسەڵاتی جیۆپۆلەتیکی، گەیشتن بە بنەمای وابەستەیی یەکتری هێزەکان لە ڕووی ئابووری یان سەربازییەوە و لە ئەنجامدا لە ڕووی سیاسییەوە گەیشتن بە خاڵە پراکتیکییەکانی هاوپەیمانی، کە توانای بەدەستهێنانی هاوکێشەی هاوسەنگی هێزی جیهانیی بە شێوەیەکی کلاسیکی هەبێت، بە تایبەتی یەکەم جارزاڵبوونی سەربازی و پاشان ڕێککەوتنە ئابوورییەکان، بەبێ ئەوەی شۆڕشی تەکنەلۆژیا لەبەرچاو بگیرێت. ئەرکەکانیشی دۆزینەوەی گوندە گەورە جیهانییەکەیە لە ئاستی جیهانیدا، وەك بەرهەمێکی مۆدێرن و هاوچەرخ لە سیستمی جیهانیی جیهانگیریی پێش ئەم مەیلە جیۆپۆلەتیکییە.

لە مۆدێلی کلاسیکی ڕەقبوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، جیۆپۆلەتیك چەمکێکی ماددییە، هەروەها توانای سەپاندنی فشاری بلۆکە سەربازی و سیاسییەکانی هەیە، لەگەڵ تێکەڵکردنی هاوسەنگیی باڵادەستی لە سیاسەتی جیهانیدا، بە گوێرەی کردارێکی سەربازی کە ئەنجام و ئامانجەکانی سنووردارن و پەیوەستە بە کۆمەڵێك نەرمی و پێشکەوتنی سیاسییەوە کە لە دانوستانە درێژخایەنەکاندا بەشدار دەبن. جگە لە کارکردن لە سەر چالاککردنی خاڵەکانی وەرچەرخان، لە ڕەهەندی شاراوەی ناو دەوڵەت بە جبەخانەی سەربازی و مەترسیی خاوەندارێتیی دوگمەی ئەتۆمییەوە بۆ هێزێکی کرداریی دینامیکی کە ئەنجامە سیاسییەکان ئاڕاستە دەکات، هەروەها ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانە پشتگوێ دەخات کە دان بە سەربەخۆیی دەوڵەتەکان و مافی چارەنووسی گەلەکانیاندا دەنێت. لەگەڵ هێشتنەوە و پاراستنی هەندێك خاڵی سەرنجڕاکێشی سیاسی لە ڕووی ئەنترۆپۆلۆژی و سیاسییەوە، جا چ لە ڕێگەی هەژموونی ڕاستەوخۆیان بەرتیلدانی سیاسییەوە بێت.

جیۆپۆلەتیك چەمکەکانی سەردەمی پێشووی پێش شۆڕشی تەکنیکی بەکاردەهێنێت کە وەکوو هێزێکی کاردانەوەی هاوتەریب بۆ ڕێکخستنی هاوسەنگیی هێزی باڵادەست دۆزرایەوە، جا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بێت لە ئەڵمانیا، یان لە ئێستادا بێت لە ڕووسیا، کە سەرچاوەکەیان بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەو تیۆرییانە دەگەڕێتەوە کە بوونە هۆی دوو

جەنگە جیهانییە گەورەکە، هەروەکوو لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێ دا. ئایا زلهێزە سەربازییە کلاسیکییەکان ئامادەیی جیهانیی خۆیان بەدەست دەهێننەوە؟ ئایا جەنگی جیهانیی سێیەمی نوێی لێ دەکەوێتەوە، بە تایبەتی کە ئەمڕۆ دڵی ئەورووپا دەکوتێت؟

ئاماژە نێودەوڵەتییەکان لە هەڵکشاندان، ئەوەش لە ڕێگەی خۆسازدانێکی جیهانیی فراوان لە چوارچێوەی دەوڵەتانی هاوپەیمانیی ناتۆ، یان لە دەوڵەتە بێلایەنەکانی ئەورووپاوە کە خۆی لە سەپاندنی زنجیرەیەك سزای دارایی و ئابووریی گەورە بەسەر ڕووسیادا دەبینێتەوە، بە ئامانجی سنووردارکردن و بێهیواکردنی لە شەڕی ئۆکرایینادا. ئایا ئەو سزایانە ڕووسیا کۆنترۆڵ دەکات، یان شاهێدی فراوانبوونی شەڕەکە دەبین بە چەند ئاڕاستەیەکدا کە هەسارەکە دەخاتە ناو جەنگی جیهانیی سێیەمەوە و کەس لێی دەرباز نابێت؟ یان تەکنەلۆژیا و مۆدێرنیتیی سیاسی و ڕێککەوتنە هاوبەشەکان قسەیەکی دیکەیان دەبێت، بەبێ ئەوەی ئەم لێوارە سەختانە سنووردار بکات و تیژییەکانیان لە گۆشە جیهانییە سیاسییە ناسکەکاندا خاڵی بکاتەوە.

بەر لەوەی بچینە سەر باسی دەرهاویشتەکانی جیۆپۆلەتیکیی ڕەقی جیهانیی ڕووسیا، پێویستە چەند ئاماژەیەك بۆ ڕەتکردنەوەی وەك زانستێکی سیاسیی نێودەوڵەتی بخەینە ڕوو، سەرباری دەرخستنی نەیارێتیی گشتی بۆ تاکڕەویی ئەمەریکا، کە بریتین لە:

- هەرچەندە جیۆپۆلەتیکیی ڕووسیایی؛ کۆمۆنیزم و لیبڕالیزم و نازیزم ڕەت دەکاتەوە، بە بۆچوونگەلێکی کلاسیکیی دێرینیان دادەنێت، بەڵام سەرلەنوێ ڕەگەزپەرستیی ئایدۆلۆژی بەرهەم دەهێنێتەوە، نەك بە شێوازە تۆتالیتارییە داخراوەکەی پێشووی، بەڵکوو بە شێوازی تاکڕەوی و وروژاندنی دوژمنایەتی بۆ هەموو بیری مرۆڤایەتی و بەرهەمی شارستانیانەی ئێستا و ڕابردووی.

- لە سەر ئەو مەرجانە دامەزراوە کە گریمانەی زانستی بۆ دروستبوونی هاوکێشە سیاسییەکان دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا گریمانەی حەتمیەتی بەدیهێنانیان دەکات، هاوشێوەی تێلۆلۆژیای کۆمۆنیستی پێشوو کە شکستی خۆی سەلماند، یان وەکوو ئەوەی یاسایەکی فیزیایی بێت. ئەگەر کۆمۆنیزم یۆتۆپیایەکی فیکری بێت، ئەوا خودی جیۆپۆلەتیکیش دەکەوێتە هەمان تەڵەزگەی کلاسیکی زانستییەوە کە ئەگەری ڕاستییە زانستییە مۆدێرنەکان دەسەلمێنێت، نەك حەتمیە ئەرێنییەکانی داهاتووی، ئەمە جگە لە مەترسییەکانی لە سەر ئاشتیی جیهانی بە گشتی.

- سەرەڕای بانگەشەی دروستکردنی زەریای ئۆراسیا بە دروستکردنی ئەڵقەی پەیوەندی لە نێوان ئەورووپا و ئاسیادا، هەروەها توانای بەدیهێنانی –لە ڕێگەی دەروازەی سووریا و لە سەر حیسابی گەلەکەی و کارەساتەکەی ئەمڕۆ-، بۆ سەپاندنی ئەو هاوکێشەیە لە ڕێگەی دەروازەی تورکیا و ئێرانەوە لە پەیماننامەکانی ئاستانە لە ساڵی (٢٠١٧)هوە دەستی پێ کردووە، لە ڕێگەی پرسەکانی کریمیا و ئۆکراینا لە ڕووی سەربازییەوە، هەروەها لە ڕێگەی فشارکردن و بێزارکردنی سیاسییەوە لە ڕێگەی بابەتی گاز و وزەوە کە ئەورووپا پێویستی پێیەتی، هەموو چوارچێوەکانی دوژمنایەتی لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپادا هەڵدەسەنگێنێت، ئەوەش گەیشتن بە بازنەی فراوانتری ئۆراسیا دەکاتە بابەتی کێشەیەکی هەمیشەیی و ورووژاندنی ڕقوکینەیەکی فراوانی ئەورووپی.

- تیۆرییەکە گریمانەی پشتبەستن بە پەیوەندییە ئەنترۆپۆلۆژییەکان دەکات، کە لێکۆڵینەوەکانی ئاماژەن بۆ پەسەندکردنێکی گشتیی ڕووسیا لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیادا، بە ڕێژەیی لە ئەورووپا و زیاتر لە ئەمەریکا، بەڵام هەموو جۆرە دوژمنایەتی و خۆبەزلزانینێکی سەربازی لەو شوێنانە پراکتیزە دەکات کە چووەتە ناویەوە، بە تایبەتی لە سووریا و لە ئێستادا لە ئۆکراینا، ئەوەش وای کردووە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداربێت لە دەربەدەرکردنی ناوخۆیی لە سووریا و ئەنجامدانی کارەساتی مرۆیی تیایدا، هاوشێوەی ئەوەش لە ئۆکراینا، سەرباری گۆڕینی پێکهاتەی دیمۆگرافی و ڕێگریکردن لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان ڕاستەوخۆ بە هێزی سەربازی.

**سێیەم: گۆشە ناسکەکان و گریمانەکانی چارەسەرو ناسینەوەی دەوڵەتە بچووکەکان**

ئەوەی ترسناکە و جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەوەیە کە بەناوبانگترین تیۆریستەکانی سیاسەتی جیهانی، بەبێ گوێدانە هەڵوێستەکانیان، چاوەڕوانی لێدانی تەپڵی شەڕی جیهانی دەکەن. «کیسینجەر» یەکێك لە ئیمپراتۆرەکان و دامەزرێنەرانی نەزمی نوێی جیهانی، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی دەیلیسکیپ لە ساڵی ٢٠١٣، زەنگی ئاگادارکردنەوەی مەترسیی جەنگی جیهانیی سێیەمی لێدا و ڕایگەیاند جەنگەکە لە بەردەرگایە. ئەلێکسەندەر دۆگینیش[٣١] بەوە وەڵامی دایەوە «ئەو کەسەی گوێی لێ ناگرێت، کەڕ بووە»[٣٢]. ئەمەش دوای ئەوە هات کە هێزەکانی ئەمەریکا لە (١٧ی ئەیلوول/٢٠١٦)دا پێگەیەکی هێزەکانی ڕووسیایان لە دێرەزۆری سووریا بۆردوومان کرد، ئەوەش دوای ڕێککەوتنی کێری و لاڤرۆف بوو لەو کاتەدا، دواتر ئەمەریکا بەوە پاساوی هێنایەوە کە بۆردوومانەکە بە هەڵە بووە،

تاوەکوو ململانێی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا ڕوو نەدات.

بەڕێوەبردنی جیهان، ئیدی بە شێوازی جیهانگیریی تاکجەمسەریی ئەمەریکا بێت، یان بە شەپۆلی ڕووسپۆتینیی جیۆپۆلەتیکی بێت، ئەمڕۆ لە ناوجەرگەی ئەورووپادا گەیشتووەتە لوتکە، لێواری تیژی جیهانی دروست کردووە، هەردوو لایان هەوڵ دەدەن خۆیان لە پێکدادانی ڕاستەوخۆ بەدوور بگرن، ئەوەش ڕووبەرێکی کردەوە بۆ خاڵیکردنەوەی تیژییەکەی لە گۆشە نێودەوڵەتییە ناسکەکاندا کە بریتین لە ناوچە و هێڵە سنوورییە نێودەوڵەتییەکان کە نوێنەرایەتیی هەژموونی هەردوو مۆدێلەکە دەکەن.

لە سێ دەیەی ڕابردوودا، جەنگەکانی ناتۆ لە بەلکان و عێراق و ئەفغانستان، کە ناوچەی هەژموونی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو بوون، دەریخست کە بووەتە هۆی لەقاڵبدانی ڕووسیا لە ناو سنووری نێودەوڵەتیدا. جەنگەکانی ڕووسیا لە جۆرجیا و چیچان مۆدێلی دەستبەسەراگرتن بوو کە مۆسکۆ بە ناوخۆیی لەقەڵەمی دەدا.

لە ساتی دەستوەردانی سەربازیی ڕووسیا لە سووریا لە ساڵی (٢٠١٥)ەوە، هەرچەندە سەرکەوتنێکی سەربازیی فراوانی بەسەر هێزە سەربازییەکانی ئۆپۆزسیۆندا بەدەست هێناوە، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە نەیتوانیوە جەنگەکە یەکلایی بکاتەوە، نەیتوانیوە پێگەی نێودەوڵەتیی تاکڕەوانەی خۆی بچەسپێنێت. بەڵام ئەمەریکا وەکوو چاودێر و دەسەڵاتدار لە هاوکێشەکەدا پارێزگاریی لە پێگەی خۆی کرد، ئەوەش لە ڕێگەی باڵادەستبوونی لە سێگۆشەی «تەنەف»ی سنووری سەربازییەوە، هەروەها سەپاندنی پاراستن بەسەر ڕۆژهەڵاتی فوراتی سووریادا.

ساڵی ڕابردوو کۆمەڵێك جموجۆڵی نێودەوڵەتیی فرەڕەهەندی بەخۆوە بینی، کە گرنگترینیان کشانەوەی ئەمەریکا بوو لە ئەفغانستان، هەروەها خستنەڕووی سیاسەتی هەنگاو لە بەرانبەر هەنگاو بوو بۆ لێکنزیککردنەوەی دیدگاکانی لەگەڵ مۆسکۆ لە ڕێگەی چارەسەری پرسی سووریاوە، جگە لە نوێکردنەوەی دانوستانە ئەتۆمییەکان لە بارەی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ دۆسیەی یەمەن، سەرباری کۆمەڵێك جموجۆڵی سەربازی کە ڕووسیا سەرکردایەتیی دەکرد بە کشانەوەی تورکیا لە هەردوو پرسی ئەرمینیا و لیبیادا.

دیدگای جیۆپۆلەتیکی بۆ ئەم ڕووداوە جیهانییانە ڕەنگە سەرەتا بە ڕستەی کورت و شوێنی سنووردار بۆ ئەو فراوانبوونە گوماناوییە لە سەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی

دەست پێ بکرێت، بەڵام دەکرێت پەیوەندی لە نێوانیاندا بدۆزرێتەوە، پوختەکەی دیاری بکرێت و ئەنجامەکەی لە شەڕی ئێستای ڕووسیا لە دژی ئۆکراینا لە ناوچەرگەی ئەورووپادا وەربگیرێت، بە پێی ئەو هێڵە گشتییانەی کە بریتین لە:

- هەوڵێکی نێودەوڵەتی هەیە بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا بۆ هەڵمژینی سەرهەڵدانی ڕووسیا لە سیستمی جیهانیدا، سووریاش گۆشەیەکی ناسکی نێودەوڵەتییە وەکوو دیاری و ڕەزامەندیی سەربازی بۆ ڕووسیا تاوەکوو لەوێ بوەستێت، لەگەڵ ڕێکخستنەوەی ناوچەکانی هەژموونی جیهانی تیایدا لە ڕێگەی هاوبەشی سیاسی و بەبێ قۆرخکاریی ڕووسیا لە شێوازی چارەسەری سووریادا.
- ڕووسیا تەنها بە پێگەی خۆی لە سەر دەریای ناوەڕاست ڕازی نەبوو، بەڵکوو پەلی هاوێشت بۆ توندکردنەوەی کۆنترۆڵی تاکلایەنە بەسەر یەکتربڕی هێڵەکانی گاز و وزەی جیهانی، تاوەکوو ڕێگە لە ڕکابەرەکانی بگرێت بۆ ئەوەی دەستیان بە کۆمەکە ئەورووپییەکان نەگات، ئەمەش گۆڕینی ئاراستەی بەرەو لیبیا و قەیرانی یۆنان و ئەرمینیا بە شێوەیەکی سنووردار لێك دەداتەوە، بەبێ تێپەڕاندنی هێڵە سوورەکان لەگەڵ تورکیای هاوسێیدا کە گەورەڕکابەری جیۆپۆلەتیکیی هەرێمییە و لە هاوکێشە ئۆراسیاییەکەیدا هەوڵی دۆستایەتی دەدات نەك دژایەتیکردنی.
- ئەورووپا، کە فەڕەنسا و ئەڵمانیا بە شێوەیەکی سەرەکی نوێنەرایەتیی دەکەن، لە هەموو ئەو دۆسێیانەدا ڕۆڵی ناوبژیوانێکی جیهانی دەگێڕێت، ئیدی سووریا، ئێران، یەمەن، لیبیا بێت یان لە پرسی چینی ئەمەریکیدا لە بارەی دۆسێکانی نەوەی پێنجەمی تەکنەلۆژیاوە، ئەمەش هەوڵە لێبڕاوەکانی بۆ دوورکەوتنەوە لە ئەگەری هەڵکشانی جیۆپۆلەتیکی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە ناوچە نزیکەکانی خۆی ڕوون دەکاتەوە.
- کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان دەکرێت بەوە لێك بدرێتەوە کە جەمسەرگیرییەکی جیۆپۆلەتیکیی پێچەوانەیە لە سەر هێڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی وشکانیی دەوروبەری لە ئێران لە لایەکەوە و چین لە لایەکی دیکەوە. ڕازیبوونی ئەمەریکایە تەنها بە هەژموونی ڕاستەوخۆی سەربازی و گەڕانەوە بۆ گێڕانی ڕۆڵی مایسترۆی جیهانی لە ڕووی تەکنیکی و سەربازی و ئابوورییەوە، بە تایبەتی دوای دەرکەوتنی ڕکابەرێکی سەربازیی وەکوو ڕووسیا، سەرباری پەلهاوێشتنی تەکنیکیی ئابووریی چینی، لەگەڵ گەشەی میحوەرە ناوچەییەکانی تورکیا و ئێران، کە بە هاوکێشەیەکی جیهانی ڕێك نەخراون وەکوو ئەوەی جیۆپۆلەتیکیی جیهانیی ئەمەریکا دەیخوازێت. لێرەوە دەکرێت کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان وا

بخوێنرێتەوە کە ڕێکخستنەوەیەکی جیۆپۆلەتیکیی فرەمەبەستە٣٣. ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێستای ئەورووپا گریمانەی جیۆپۆلەتیکیی ئەمەریکا بەهێز دەکات بە تێپەڕاندنی هێڵە وشکانییە ڕاستەوخۆکانی بەریەککەوتن، بە پێچەوانەی فراوانبوونی چاوەڕوانکراوی ڕووسیا کە بەرلەوەی دەست پێ بکات؛ بایدن کاتەکەی دیاری کرد٣٤، لەگەڵ پێشبینیی پەلهاوێشتنی چین لە تایوان لە داهاتوودا. لە بەرانبەر ئەمەدا، ئەمەریکا بۆ تێپەڕاندنی بەریەککەوتنی وشکانیی ڕاستەوخۆ، هەروەها بۆ لەخۆگرتنی جیۆپۆلەتیکیی ئاویی کراوە، لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی گریمانەکراوی لەگەڵ چیندا، هەوڵی دا بۆ بەهێزکردنی ڕێککەوتنە ئاوییە درێژخایەنەکانی لەگەڵ هەریەکە لە ئوستralیا و کەنەدا و بەریتانیا و ژاپۆندا، ئەو ئەگەرانە لە لایەن ناوەندی (ڕاند: RAND)ی ئەمەریکاییەوە لێکۆڵینەوەی لە سەر کرا و پێشوەختە بۆ سوپای ئەمەریکا ئامادە کرا٣٥، وەك ئەوەی «بیرکردنەوەی ئەمەریکاییەکان لە بارەی شەڕەوە بەردەوام لە گۆڕاندایە«.

- هاتنەناوەوەی ڕووسیا بۆ ئۆکراینا دەرئەنجامێکی جیۆپۆلەتیکیی چاوەڕوانکراوە، بەو پێیەی بازنەی جیۆپۆلەتیکیی ئۆراسیا تەواو دەکات، هەروەها لە بەردەم پەلهاویشتنی هاوپەیمانیی ناتۆدا دایدەخات، بە هۆی هەڵکەوتەی لە سەر دەریای ئازۆڤ و دەریای ڕەش، ئەمە جگە لە هۆکاری جۆراوجۆری کشتوکاڵی و تەکنیکی٣٦. ئۆکراینا بە ناوچەیەکی ناسکی نێودەوڵەتی دادەنرێت، ئەندام نییە لە هاوپەیمانیی ناتۆ، بەڵام لە ناوجەرگەی ئەورووپادایە. بۆیە ڕووسیا بە پێویستی دەزانێت لە بەرانبەر فراوانبوونی ناتۆدا، هەوڵی سەپاندنی مەرجە نێودەوڵەتییەکانی بەسەر سیستمی جیهانیدا بدات لە لایەکەوە، هەروەها دەتوانێت لە ڕووی وزەوە ئەورووپا کۆنترۆڵ بکات، بەمەش ڕەتی دەکاتەوە پەلکێشی جەنگ بکرێت، سەرباری خۆسازدانی گشتی، بەڵام ئایا شەڕەکە دەگاتە دڵی؟
- گۆشە ناسکە سیاسییەکان لە هاوکێشەی نێودەوڵەتیدا کە دۆگین وای ناوزەد کردووە، وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێ دا، ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەکرێت مەرجەکانی هێزە سەربازییەکان ڕاستەوخۆ بەسەریاندا بسەپێنرێت، هەروەها کراوەیە بە ڕووی ئەگەری فراوانبوونی سەربازی بە تەواوی یان لە بەشێکیدا، پاشان سەپاندنی مەرجە سیاسییەکان بەسەریدا، لەگەڵ خاڵیکردنەوەی گرژییە جیهانییەکان و دوورکەوتنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ تیایدا.

بۆ وەرگرتنی هێزی سەربازیی هێزەکانی ناتۆ و هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتیی فراوان، لە ڕووی مێژووییەوە عێراق و باڵکان لە دوای ساڵی ١٩٩١ نوێنەرایەتیی گۆشەی

ناسکیان دەکرد، ئەوەش لە ماوەی دابەزینی شەپۆلی سۆڤیەت و نەبوونی ڕکابەرێکی جیۆپۆلەتیکیدا بوو. ئەمڕۆش هەریەکە لە سووریا و ئۆکراینا نوێنەرایەتی ئەو مۆدێلە دەکەن کە دەتوانرێت لە لایەن هێزی سەربازیی ڕووسیاوە کۆنترۆڵ بکرێن، بەڵام جیاوازییەکی گرنگیان هەیە، ئەویش ئەوەیە پێدەچێت پاشەکشەی جیۆپۆلەتیکیی ئەمەریکایی لە بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاشەکشەیەکی تەواو نەبێت، چونکە هێشتا ئاماژەکانی مانەوەی ئەمەریکا بەهێزن، وەکوو لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، واتە هیچ هاوکێشەیەك بۆ نەبوونی ڕکابەرێکی جیۆپۆلەتیکی نییە. ئەگەر هەوڵەکانی ڕامکردن و لەخۆگرتنی ڕووسیا لە هاوکێشە نێودەوڵەتییە هەنووکەییەکان و سنووردارکردنی کاریگەرییە تاکلایەنەکانی بۆ ئەمە زیاد بکەین، هەروەها ئەو کاردانەوە نێودەوڵەتییانەی کە ڕەنگە لێی بکەونەوە، ئەوا لە سەرەتادا ئەگەری ئەوە هەیە کە گریمانەی دەستبەسەرداگرتنی کۆی گشتی لە گریمانەی دابەشکردنی هەژموون کەمتر بێت، هەروەها کێشانی هێڵەکانی بەریەککەوتن لە ڕێگەی ڕێککەوتنە ژێربەژێرەکانەوە کە تۆماس فریدمان بە «پیس» وەسفی کردووە، یەکێکە لە سێ ئەگەرەکانی ڕەوتی ڕووداوەکانی ئۆکراینا، ئەوەشی لە وتارێکدا لە نیویۆرك تایمزدا باس کردووە[٣٧].

هەروەها دەکرێت بارودۆخی یەمەن لە ناوچەکەدا بە ناوچەیەکی ناسکی سیاسی لە نێوان هەژموونی ئێران و لە بەرانبەریدا پرۆسەی سەربازیی هاوپەیمانیی دەوڵەتانی کەنداو لە پێشی هەموویانەوە سعودیە دابنرێت. دەکرێت هەمان ئەو مەرجانە لە ئەرمینیا و لیبیا بەدەر لە وردەکارییە لاوەکییەکان بسەپێنرێت. هەرچی سووریایە لە دوای وەرچەرخانی شۆڕشە ئاشتیخوازانەکەی بۆ پرۆسەی سەربازیی فراوان لە دوای ساڵی (٢٠١٣)هوە لە پۆلێنکردندا وەکوو ناوچەیەکی ناکۆکی هەرێمی مایەوە، هەرچەندە لایەنە ناوخۆییەکان لە لایەن ئێران یان تورکیا و کەنداووەوە پشتیوانی دەکران، بەڵام لە دوای دەستوەردانی ڕووسیا لە ساڵی (٢٠١٥)ەوە گۆڕا بۆ ناوچەیەکی ناسکی نێودەوڵەتی، لەگەڵ سەپاندنی مەرجە سەربازییەکان و هەژموونی نیمچەتەواوەتیی ڕووسیا بەسەر ناوخۆدا تا کەنارەکانی، هەریەکە لە ناوچەکانی ئیدلب (لە باکووری ڕۆژئاوا) و ڕۆژهەڵاتی فورات (لە باکووری ڕۆژهەڵات) بە ناوچەی دەرەوەی هاوکێشەی دەسەڵاتی ڕووسی مایەوە، ئەمەش پرسی سووریای کردە گرێیەکی جیۆپۆلەتیکیی نێودەوڵەتی و وای کرد لە ڕووی سیاسییەوە یەکلا نەکرێتەوە.

پرسی ئۆکراینا، بە پێی مەرجە ڕاگەیەنراوەکانی ڕووسیا بۆ وەستاندنی جەنگەکە (بێلایەنیی گشتی و داماڵینی چەك، دانپێدانان بە نیوەدوورگەی کریمیا و ناوچەکانی دۆنتیسك و لۆهانسك وەکوو بەشێك لە ڕووسیا)، بە مەرجی نەکردە و مەترسیدار لە سەر ئەورووپا و ناتۆ دادەنرێت. بەڵام هەتا ئەمڕۆ بە پێی چەندین ئاماژەی نێودەوڵەتی بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە ناوچەیەکی ناسکی سیاسی لە دیدگای جیۆپۆلەتیکییەوە، ئەگەر ئەورووپا خۆی لە درێژکردنەوەی شەڕەکە بۆ ناوخۆی خۆی بەدوور بگرێت، هەروەك چۆن ئەمەریکا هەوڵی ماندووکردنی ڕووسەکان لە ڕووی سەربازییەوە دەدات. هەردووکیان: ئەمەریکایی و ئەورووپییەکان دەستیان کردووە بە سەپاندنی سزای دارایی و ئابووریی توندی یەك بەدوای یەك بە سەر ڕووسیادا، سەپاندنی گۆشەگیریی نێودەوڵەتی بەسەر بەرپرسان و بەسەر ڕووسیادا بە گشتی، لەگەڵ بەهێزکردنی بەرگریی سەربازیی ئۆکراینادا. بەڵام لە ئەگەری سەرکەوتنی ڕووسیا، ئەمە دەبێتە هەڕەشە لە سەر ئاسایش و سەقامگیریی سیاسیی ئەورووپا، لە ڕێگەی سەپاندنی مەرجی نوێ بەسەر ئەورووپادا لەگەڵ ئەگەری فراوانبوونی پەلهاویشتنی سەربازی بۆ دەوروبەری ئۆکراینا. لە ئەگەری شکستهێنانی ڕووسیا لە ڕووی زەمینییەوە، هەڕەشەی چەکی ئەتۆمی هەیە و گریمانە دەکرێت. هەمان سیناریۆی جیۆپۆلەتیکیی سووریاش بۆ ئۆکراینا پێشبینی دەکرێت، لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاستی مەترسییەکان، واتە درێژەکێشانی تەمەنی پرۆسە سەربازییەکان و یەکلانەکردنەوەی پرسەکە لە ڕووی سیاسییەوە، بە جۆرێك دابەشکردنی ئۆکراینا دەبێتە بەهێزترین گریمانە، بەڵام مەترسیدار دەبێت.

دەکرێت هەڵکشان لە هاوکێشە جیۆپۆلەتیکییە جیهانییەکان ڕووبدات، ئەگەر هاتوو چین؛ تایوان داگیر بکات، ئاماژەی بەهێزیش لەمەدا ئەوەیە ئەگەر ڕووسیا لە جەنگی ئۆکرایینادا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەمەش واتە چوون بۆ هێڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی جیۆپۆلەتیکی بە ئاسۆی کراوەوە دێت، ناونیشانی داهاتووی کۆنترۆڵکردنی جیهانە، بە گوێرەی ئاماژە جیۆپۆلەتیکییە ئاوییە درێژخایەنەکان.

ئەوەی چاوەڕوان نەکراوە و زۆرتر پێشبینی دەکرێت ڕووداوێکی ئەورووپییە، هەموو لێکدانەوە جیۆپۆلەتیکییە گشتییەکان ئاماژە بە گۆڕانکاریی گەورەی نێودەوڵەتی دەکەن. ئەگەر خودی یاساکانی جیۆپۆلەتیك لە سەربنەمای کردەوەی سەربازیی کاتیی سنووردار و گواستنەوە بۆ ئامانجە سیاسییە نێودەوڵەتییە دوورمەوداکان بێت، ئەوا ئەمڕۆ خودی

ئەورووپا ئامانجی ڕاستەوخۆیە، چونکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵیدا هەیە. لە کاتێکدا ئەمەریکا و چین هێشتا لە سەر پەلهاوێشتنێکی فراوانی جیۆپۆلەتیکین، کە ناونیشانەکەی شەپۆلی ناکۆکیی تەکنیکی و جیۆپۆلەتیکیی ئاوییە لە ڕێگەی زەریاکانەوە، ئەمانەش هاوکێشەی دیکەن.

**چوارەم: مەترسی لە سەر ئاشتیی جیهانی**

لە سووریاوە بۆ ئۆکراینا لە ناو قووڵایی ئەورووپا، ڕێگایەك هەیە کە ئاماژەکانی دیارن بۆ گۆڕانکاری لە گۆڕەپانی جیۆپۆلەتیکیی نێودەوڵەتی لە گۆشە تیژو کەنارە ناسکەکانیدا، ئەوەش ڕەنگدانەوەی چڕو قووڵیی قەیرانە دارایی و ئابووری و سیاسییە جیهانییەکان و ڕێگاکانی هەژموونگەری و دەستبەسەرداگرتنە. ئەگەر ئەورووپا و لە پشتیەوە ئەمەریکا بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی خۆدوورگرتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ڕووسیا بدەن، بەوەی سووریا و دۆسیەکانی وەکوو نێچیرێك بۆ ڕووسپۆتینی بەجێ بهێڵن، وەك یەکێك لە ڕێگاکانی ڕامکردنی مەیلی تزاری ڕووسی بۆ هەژموونگەریی جیهانی، ئەوا جیهانی ئەمڕۆ بە تایبەتی ئەورووپا لە بەرانبەر پرسیارە سەختەکاندان کە ناکرێت تەنها بە گەڕانەوە بۆ دواوە و بەڕێوەبردنی دۆسیەکان لە دوورەوە وەڵام بداتەوە، هەروەکوو لە دۆسیەی سووریادا کردی. پرسیاری ئەمڕۆی جیهان ئەمەیە: هەنگاوی داهاتوو چییە بۆ ڕێگرتن لەوەی ئەورووپا ببێتە گۆڕەپانی جەنگێکی فراوان کە جەنگی دووەمی جیهانی و مەترسییە توندەکانی وەبیر بهێنێتەوە؟ کە لە پشتیەوە نەفرەتی جیۆپۆلەتیکیی نێودەوڵەتی هەیە کە کاتەکەی دەستی پێ کردووە و ئەمڕۆ جیهان مەترسیی دووبارەبوونەوەی هەیە، هەڕەشە لە سەر ئاشتیی جیهانی و ژیان هەمووی لە سەر ڕووی گۆی زەوی دروست دەکات.

## دەرئەنجام

١. سەرەڕای شڵەژانی سیستمی جیهانگیری لە ڕووی تەکنیکی و سیاسی و کولتووری و میدیاییەوە بۆ نغرۆکردنی ڕووی هەسارەکە، بەڵام ئامرازە سەربازییەکانی بۆ دەستبەسەرداگرتن و هەژموونگەری کاردانەوەیەکی هاوشێوەی بۆ هەژموونخوازیی بەرانبەر دروست کردووە، کە خۆی لە قەوارەی جیۆپۆلەتیکیی پتەوی سەربازیی ئەمڕۆی ڕووسیادا دەبینێتەوە.

٢. تیۆری جیۆپۆلەتیکیی ڕووسیایی بناغەیەکی تیۆری نییە، تەنانەت خاڵییە لە ڕەهەندی مەعریفیی مرۆیی، بنەماکانی گریمانەکەی دژایەتیی یەکگرتنی گشتیی دانیشتووان و کۆتاییهێنان بە تاکڕەویی جیهانیی ئەمەریکا دەکات. بەڵام گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان پێویستیی ڕووسیا نیشان دەدەن بۆ پێداچوونەوە بەم تیۆرییەیدا، چونکە هەمان ئامراز و میتۆدی سەربازی لە مۆدێلی جیهانی ئەمەریکاییدا پراکتیزە دەکات. هەروەها هەنگاو دەنێتە ناو لاساییکردنەوەیەکی ئارەزوومەندانەی ئەو سیاسەتە ئەمەریکاییە، لەگەڵ جیاوازییەکی بەرفراوان لە توانا تەکنیکی و ئابوورییەکانیاندا، ئەمەش وای لێ دەکات ببێتە جێگەی سەرنجی ڕقوکینەی جیهانی و ناوچەیی، هەرچەندە هەوڵی ئارایشتکردنی بدات بە هەناسەیەکی درێژی دانوستان و ڕازاندنەوەی بە ڕستەگەلێك کە ڕەنگدانەوەی واقیعی ڕاستەقینە نییە.

٣. گەشەکردنی زیادەڕۆییانەی هاوکێشەکانی جیهانگیری و جیۆپۆلەتیکیی ڕووسیا لە پرسی هەژموونگەری و قۆرخکاریی جیهانیدا دەبێتە هۆی وەسفکردنی بە هەمان ناوەرۆك، ئەوەش کورتهێنانی تیۆرییە مەعریفییە مرۆییەکان و دەوڵەتانی ئەورووپا دەردەخات کە میراتێکی لیبڕالییان لە دەوڵەتی مۆدێرن و سەروەری و سەربەخۆییدا هەیە، هەروەها لاوازیی پەیماننامە جیهانییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەیلە هەژموونگەراکانی جیۆپۆلەتیکیی نێودەوڵەتیدا دەردەخات.

٤. ئەورووپای ئەمڕۆ لە بەردەم بژاردەیەکی سەختدایە: مۆدێلی جیهانگیری و کاردانەوەی جیۆپۆلەتیکیی ڕووسی و ئەگەرەکانی جەنگێکی گەورە، یان گەڕانەوە بۆ دەستبەرداربوون

لە جەنگ بە تەواوەتی بە هەموو شێوازە سیاسییە گریمانەکراوەکانیەوە. ئەم جیهانە لە سیاسەتی هاوتەریب و بازنەی یەکتربڕین و کێبڕکێی جیهانی بۆ بەدەستهێنانی باڵادەستیی جیهانی؛ ئەورووپا دەخاتە نێوان بەرداشی وزە و غازی ڕووسیا و باڵادەستیی تەکنیکی و سەربازیی ئەمەریکا. لێرەدا پێویستە تێزی بەهاری عەرەبی گفتوگۆی نوێی لە سەربکرێت بە تایبەتی لە پرسی سووریادا. گریمانەکە دەڵێت: دادپەروەریی بەهاری عەرەبی لە گەیشتن بە دەوڵەتی نیشتمانی دوور لە جەمسەرگیریی جیۆپۆلەتیکیی نێودەوڵەتی، کە ئەورووپا خۆی بەشداریی تێدا کردووە، دەبێتە هۆی زامنکردنی بوارەکانی سەقامگیریی جیهانی کە بەشداری لە نەرمکردنی لێوارە تیژە جیۆپۆلەتیکییە جیهانییەکان لەمڕۆدا دەکات. پێویستە ئەم باسە ببێتە ناونیشانی چەندین توێژینەوە، نەوەکوو تەنها لە ڕووی تیۆرییەوە، بەڵکوو توانای چالاککردنی سیاسییشی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا هەبێت ئەگەر ڕووداوە جیهانییەکەی ئەمڕۆ بە ئاشتی کۆتایی پێ بێت!

جگە لەو دەرەنجامانەی سەرەوە، پێویستە لە سەر هزری مرۆیی و ڕووسیای ئەمڕۆ، بیرمەند و تیۆرسێنەکانی بگەڕێنەوە بۆ باسکردنی ئەو چوارچێوە سیاسی و مرۆیی و ئابوورییانەی کە ئارامی و ئاسایش دەچەسپێنن. پێویستە سەرلەنوێ واقیعی جیهانی بخوێنرێتەوە، سیاسەتەکانی هەژموونگەریی جیهانگیری و جیۆپۆلەتیکی وەلاوە بنرێن و لە نزیکەوە ئەنجامەکانی بپشکنرێن، توندیی لێوارەکانی کە هۆشداری لە شەڕێکی جیهانی دەدەن کەم بکرێتەوە. پێویستە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە، هەروەها لە ڕووی ئەکادیمی و سەربازییەوە جیۆپۆلەتیك ڕەت بکرێتەوە، هەروەکوو لە سەدەی پێشوودا ڕووی دا.

پێوەرگەلێکی جیهانی هەن کە پرسی سووریا لە ڕێگەی بەرێوەبردنی سیاسیی نێودەوڵەتییەوە ورووژاندویەتی. پێشوەختە هۆشداریی داوە لە مەترسییەکانی سەر ئاشتیی جیهانی و پاشەکشەی هزری مرۆیی، هەروەها لە سنووردرابوونی ڕۆڵی چالاکانەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەو بارەیەوە. ئەمڕۆ پرسی ئۆکراینا زۆر ڕوونە و ناتوانرێت چاوی لێ بپۆشرێت، ئەمانە بابەتگەلێکن کە دەبێت لە خوێندنەوە فیکری و سیاسە مۆدێرنەکاندا لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێت و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کارا بکرێن، ناونیشانەکەشی بریتییە لە: ئاشتیی جیهانی، وازهێنان لە مەیلی لووتبەرزی و باڵادەستی و چالاککردنی شەرعیەتی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ و مافی وڵاتان، ئەمەش هەڵوێست و ماددەیەکی دیکەیە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ للمزيد من التفصيل، ولتجاوز عدم اثقال الدراسة الحالية بتفاصيل بعيدة نسبيا عن جوهر موضوعها، الرجاء العودة للمقترحات و التوصيات الواردة فی الدراستين التاليتين:
- الدولة وانعقاد الهوية، مؤتمر الباحثين السوری الاول، مجلة قلمون، عدد ١٥، ٢٠٢١.
- ما فوق سوتشی وما دون جنبيف، و ثائقی فی قرارات الامم المتحدة حول سورية، ليفانت للبحوث والدراسات، ٢٠٢٠.
٢. صمويل هنتجتون: القوة العظمى الانفرادية/ البعد الجديد للقوة، (فلسطين: مركز فلسطين للدراسات و البحوث، ١٩٩٩)، ص٨–٩.
٣. فرانسيس فوكوياما: بناء الدولة النظام العالمی و مشكلة الحكم و الادارة فی القرن الواحد و العشرين، ترجمة مجاب الامام، (السعودية: العبيكان للنشر، ٢٠٠٧)، ص٤٣–٤٤.
4. Ohama K, Managing in a borderless World, Harvard business review, 5.1989/6
٥. فرانسيس فوكوياما: نهاية التاريخ و خاتم البشر، ترجمة حسين احمد امين، (القاهرة: مركز الاهرام للترجمة، ١٩٩٣)، ص٥٢.
٦. نعوم تشومسكی: السيطرة على الاعلام، ترجمة أميمة عبد اللطيف، (القاهرة: مكتبة الشروق الدولية، ٢٠٠٣)، ص٢٦–٢٧.
7. 10 Reasons Why The World is A Global Village, Bellafricana, June/ 2019.
٨. أمين معلوف: اختلال العالم/حضارتنا المتهافتة، ترجمة ميشال كرم، (بيروت: دار الفارابی، ٢٠٠٩)، ص٧٧.
٩. هانس بيترمارتين وأخرون، فخ العولمة، الاعتداء على الديموقراطية والرفاهية، ترجمة عدنان عباس علی، (الكويت: سلسلة عالم المعرفة، عدد ٢٣٨، المجلس الوطنی للثقافة والفنون والاداب، ١٩٩٨)، ص٢١.
١٠. تشكل التحالف الدولی مرات عدة وبتفويض من مجلس الامن للحرب فی هذة المناطق. قيادته العسكرية من حلف الناتو وعلى رأسه أميركا.
١١. الافاق الاقتصاد العالمی: تباطؤ فی النمو وتحالف محفوف بالمخاطر، صندوق النقد الدولی، نيسان/أبريل ٢٠١٩.
١٢. الافاق الاقتصاد العالمی: التحديات أمام النمو المطرد، صندوق النقد الدولی، تشرين الاول/ أكتوبر ٢٠١٨.
13. Walter Russell Mead, The Return of Geopolitics, The Revenge of the Revisionist Powers, Foreign Affairs, May/June 2014.
14. Alexander Dugin, The Fourth Political Theory, Translated by: Mark Sleboda & Mi-

chael Millerman, 1st edition, ARKTOS Media LTD, London, 2012.

15. Alexander Dugin, The Fourth Political Theory, P 52.

16 Wikipedia. Org/ Wiki/Rudolf _ Kjell%C3%A9.

١٧. محمد عبد الغنى سعودى، الجغرافية السياسية المعاصرة/ دراسة الجغرافية والعلاقات السياسية الدولية، (القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية، ٢٠١٠)، المقدمة.

18. https://bit.ly/30

١٩. كلاوس دودز و ديفيد أتكنسون، الجغرافية السياسية فى مئة عام/التطور الجيوبولتيكى العالمى، الجزء الاول، ترجمة عاطف معتمد و عزت زيان، ط١ (القاهرة، المركز القومى للترجمة، ٢٠١٠)، ص٩.

٢٠. جمال الشوفى، المسألة السورية و مرايا الجيوبوليتك الدولية، (الاسكندرية: ليفانت للدراسات والثقافة والنشر، ٢٠٢١)، الفصل الثالث، ص٧٣–١٤٥.

٢١. نظريات العولمة، مركز كاتيخون للدراسات، ٢٠١٦/٣/٢٤.

٢٢. ألكسندر دوغين، «المشاكل الجيوبولتيكية و قوانين المدى الكبير والعولمة والمفارقة الروسية»، مركز كاتيخون للدراسات، ٢٠١٦/١٠/١٤.

٢٣. أمينة مصطفى دلة، «المخيلة الجيوبولتيكية الروسية والفضاء الأوراسى»، المعهد المصرى للدراسات السياسة و الاستراتيجية، ٢٠١٦/٩.

٢٤. عمرو عبد الحميد، «لماذا أوراسيا؟»، مجلة الشؤون العربية الاوراسية، عدد ١، ٢٠٢١/٩، ص١٥–١٩.

٢٥. ألكسندر دوغين، «القوة الاوراسية والبحار الدافئة والباردة»، مركز كاتيخون للدراسات، ٢٠١٦/٨/١٢.

٢٦. ألكسندر دوغين، أسس الجيوبولتيكا، مستقبل روسيا الجيوبولتيكى، ترجمة: عماد حاتم، (بيروت: دار الكتب الجديدة، ٢٠٠٤)، ص٦٠.

٢٧. الاميرال بيير سيليريية، لجغرافية السياسية والجغرافية الاستراتيجية، ترجمة أحمد عبدالكريم، (دمشق: الاهالى للنشر و التوزيع، ١٩٨٨)، ص١١.

٢٨. ألكسندر دوغين، «المشاكل الجيوبوليتيكة و قوانين المدى الكبير والعولمة والمفارقة الروسية»، مركز كاتيخون للدراسات، ٢٠١٦/١٠/١٤.

٢٩. خلال سبع سنوات من العمل العسكرى الروسى فى سورية، خاضت موسكو ١٧ لقاء من لقاءات استانة التفاوضية مع تركيا و أيران، و تابعت خلالها قضم المناطق السورية عسكريا الى حدود ادلب، و دخلت مفاوضات مباشرة مع أوكرانيا مع استمرارها فى العمل العسكرى فيها، والنتجة قضم عسكرى للارض وفرض شروط سياسية نتيجتها.

٣٠. جاء فى الفقرة الثامنة من القرار ٢٢٥٤: يكرر المجلس دعوته الواردة فى القرار ٢٢٤٩ (٢٠١٥)

و الموجهة الى الدول الاعضاء لمنع وقمع الاعمال الارهابية التى يرتكبها على وجه التحديد تنظيم الدولة الاسلامية فى العراق والشام وجبهة النصرة، وسائر الافراد والجماعات والمؤسسات والكيانات المرتبطين بتنظيم القاعدة أو تنظيم الدولة الاسلامية، و غيرها من الجماعات الارهابية، على النحو الذى يعينه مجلس الامن، وعلى نحو ما قد يتفق عليه لاحقا الفريق الدولى لدعم سورية ويحدده مجلس الامن. https://bit.ly/2N9xYQH

31. HTTPS://bit.ly/3nc1jmU

٣٢. ألكسندر دوغين، «العالم اقرب الى الحرب العالمية الثالثة من أى وقت مضى»، مركز كاتيخون للدراسات، ٢٠١٦/٩/٢٠.

٣٣. الانسحاب الاميركى من افغانستان استقطاب جيوبولتيكى معكوس، مركز أسبار للدراسات الشرق الاوسط، ٢٠٢١/٨.

٣٤. بايدن حدد موعد «الغزو الروسى» لاوكرانيا، 12، Arabic0 RT، ٢٠٢٢/٢.

٣٥. ديفيد جومبرت، و أخرون، «الحرب ضد الصين التفكير فيما لايتقبله عقل»، Rand cooperation، ٢٠١٦، ص ١٥.

٣٦. وفقا لبيانات شركه أبحاث Trend Force فان أوكرانيا نتج حوالى ٧٠٪ من النيون النقى المستخدم فى اجهزه الليزر الدقيقه لصناعه الرقائق الالكترونيه عاليه الدقه، ما يجعل صناعتها مهدده بحكم الغزو الروسى.

37. Thomas Fredman, I See Three Scenarios for How This War Ends, Nytimes, 12022/3/. https://nyti.ms/3bjUgzv

# ئاڵنگاریی چین بۆ هەژموونی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

وەرگێڕان و ئامادەکردن لە ئینگلیزییەوە: پەرۆش محەمەد

ڕاگەیاندنی ڕێگای ئاوریشمی لە ٢٠١٣ لە لایەن چینەوە ئاماژە بوو بۆ گۆڕانێک لە ڕۆڵی ئەم وڵاتەدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە پێکەوەبەستنی چین لەگەڵ وڵاتانی ئۆراسیا و ناوچەکانی زەریای هیندی، ڕێگای ئاوریشمی گەورەترین دەسپێشخەریی وڵاتی چینە لە دوای بوونی ئەووڵاتە بە هێزێکی جیهانیی خاوەن بەرژەوەندی. لە بەرئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرگرنگە بۆڕێگای ئاوریشمی، نزیکبوونەوەی چین لە ناوچەکە تاوەکوو دێت بە هەڵپەتر و ئاڵۆزتر دەبێ لە لایەنی ئابووری، دیبلۆماسی و بە ڕادەیەکی کەمتر ئەمنییەوە. ئەمە لەم دوو ڕاپۆرتە حکومییەی چیندا زیاتر ڕەنگی داوەتەوە، «ڕوانین و کردار لە بارەی بونیادنانی پێکەوەبیانەی ڕێگای ئاوریشمی ئابووری و دەریایی سەدەی ٢١» لەگەڵ «کارنامەی سیاسیی چین لە بارەی عەرەبەوە».

«ڕوانین و کردار» شتێکی کەم لە بارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەڵێت بە دیاریکراوی، بەڵام پێنج کاری لەپێشینەی هاریکاری بۆ برەودان بە پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەوولاتانەی بەشدران لە ڕێگای ئاوریشمی دەخاتە ڕوو: هاریکاریی سیاسی، بەیەکەوەبەستنی دەزگاکان، ئاڵوگۆڕی بێبەربەست، تێکەڵبوونی دارایی لەگەڵ گرێبەستی خەڵک بۆ خەڵک. نەبوونی هاریکاریی ئەمنی و سەربازی لە «ڕوانین و کردار»دا، پاڵپشتی ئەوگوتارەی چین دەکات کە ڕێگای ئاوریشمی دەسپێشخەرییەکی پەرەپێدانە تاوەکوو بەشێک بێت لە ستراتیژیەتێکی جیۆپۆلەتیکی. هاوئاهەنگ لەگەڵ شێوازی پێشووتری چین، ئەم هاریکارییە لەپێشینەییانە نەخشەڕێگایەک دابین دەکات بۆ برەودان بە پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵانی داهاتوودا.

«کارنامەی سیاسیی چین لە بارەی عەرەب»ەوە لە کاتێکدا بڵاوکرایەوە کە هاوکات بوو لەگەڵ یەکەم سەردانی جی پینگ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چوارچێوەی ڕوانینی چین دیاری دەکات بۆ ناوچەکە کە تێیدا «چین ئارەزوو دەکات هاوکاربێت لە برەودان بە پەیوەندیی ستراتیژی لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکان، بەرژەوەندی و تواناکانی هەردوو لا بخاتە کارەوە و برەویش بدات بە توانای هاریکاریی نێودەوڵەتی لە بەرهەمهێناندا و باشترکردنی ئەم هاریکارییە». خاڵی گرنگی ئەمەش «شێوازی هاریکاریی ١ + ٢ + ٣»یە کە «١» ئاماژەیە بۆ وزە وەکوو بەرژەوەندییەکی بنچینەیی، «٢» ئاماژەیە بۆ بونیادنانی ژێرخان و ژمارە «٣»ش ئاماژەیە بۆ وزەی ناوکی، مانگە دەستکردەکان و سەرچاوەی نوێی وزە. هەرچەندە هەر لەگەڵ بڵاوکردنەوەیدا ڕەخنەی ئەوەی لێ گیرا وردەکاریی تێدا نییە، بەڵام پەڕاوەکە ئاماژەی بە شێوازی بەرخورد و مامەڵەی چین لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی تێدایە.

## وزە لە چەقدا

چین هێشتا وەکوو کڕیارێکی گەورەی نەوت و غازی سروشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ماوەتەوە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ٪٤٠ی هاوردەی نەوتی چین پێک دەهێنێت و هەروەها دابینکارێکی سەرەکیی غازی سروشتیی شلی وڵاتەکەیە. چین ئەگەری زۆرە هەرپشت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببەستێت لە ساڵانی داهاتوودا بۆوزە، چونکە وڵاتەکە مەزەندەی ئەوە دەکرێت بەکارهێنانی وزەی زیاتر ببێت و بە کەمیش بەرهەمی وزەی ناوخۆیی زیاد بکات.

لەمەدا فرەیی بۆ چین گرنگە. چین بۆ ماوەیەکی زۆر شێوازێکی هاوسەنگی لەگەڵ

هاوردەکانی لە وڵاتانی کەنداوەوە بوو. لە بەرئەوەی وڵاتانی کەنداو پەیوەندییان بە ئەمەریکاوە بەهێزە، چین خەمی ئەوەیەتی ئەمەریکا فشار لەو وڵاتانە بکات لێشاوی نەوتەکەیان بۆ چین ڕابگرن. ئەم خەمە، گرنگیی ئێران دەردەخات، چونکە چین پێی وایە ئەمیان بەرگەی فشارەکانی ئەمەریکا دەگرێت. لە هەمان کاتدا گەڕێکی دیکەی سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران پەیوەستیی چین بە وڵاتانی عەرەبییەوە توندتر دەکاتەوە. لە ساڵی ٢٠١٨دا بڕی نەوتی هاوردەی چین لە سعودیە (٩٢١،٨١١) بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا، ئەم ڕێژە بەرز بوویەوە بۆ (١،٨٠٢،٧٨٨) بەرمیلی ڕۆژانە لە ساڵی ٢٠١٩دا. چین بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە خەمی ئەم پەیوەستییەدایە بە یەک سەرچاوەی وزەوە.

بۆ چین خەمێکی تر ڕۆڵی سەرەکیی ئەمەریکایە لە پاراستنی ڕێڕەوەکانی گواستنەوەی کەشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە زۆر گرنگن بۆ هاوردەی نەوتی چین. ئەم لاوازییە ئەو کاتە زیاتر دەرکەوت کە چین و ئەمەریکا شەڕی بازرگانییان دەست پێ کرد. لە کاتێکدا ئەم دژبەرە ستراتیژییەی چین دەتوانێت هەڕەشە بێت لە سەر ئاسایشی وزەی چین، بەو جۆرە چین پاڵنەرێکی دیکەی هەیە بۆ ئەوەی هێزە دەریاییەکانی لە زەریای هیندی فراوانتر بکات، ئەم پرۆسەش خۆبەخۆ دەبێتە هۆی ئامادەییەکی گەورەتری ئەمنیی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

### بونیادنان، بازرگانی و وەبەرهێنان

شانشینەکانی کەنداو سەرچاوەیەکی سەرەکیی گرێبەستەکانی بونیادنانەوەی ژێرخانن بۆ کۆمپانیا چینییەکان، بۆ نموونە ئەوەی یاریگای لوسەیلی قەتەر-کە یاریگای سەرەکیی جامی جیهانیی فیفا بوو بۆ ٢٠٢٢-، هەروەها پاڵاوگەی یانوبی سعودیە و هێڵی شەمەندەفەری خێرای نێوان جەدە و مەککە و مەدینە. بەرنامەی گەشەپێدانی وڵاتانی کەنداو کە خۆیان لە پرۆژەی ژێرخانیی گەورەدا دەبیننەوە، دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ هاریکاریی زیاتر. کۆمپانیا چینییەکان چالاک بوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بە زۆرییش سەرنجیان لە سەر ئەو پرۆژانە بووە کە ئامانجی ڕێگای ئاوریشمی دەپێکن کە پێکەوەبەستنە. بەندەر و ناوچەی پیشەسازی خاڵی سەرەکیی ئەم هاریکارییانە بوون، چونکە ئەمانە زنجیرەیەکی ئابووری دروست دەکەن کە چین بە کەنداو، دەریای عەرەبی، دەریای سوور و دەریای ناوەڕاستەوە دەبەستنەوە. چین لە هاوینی ٢٠١٨دا ئەم پێکەوەگرێدانی بەندەرانەی بە «شێوازی دوو چەرخە و دوو باڵ» وەسف کرد و ناوی لێ نا: «پارکی پیشەسازی» و پێشبینیی ئەوەی کرد

کە ئەدگارێکی گەورەی ئامادەیی ئابووریی چین بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەندەری خەلیفەی ئیماراتی عەرەبی، بەندەری دوقمی عومان، بەندەری جیزانی سعودیە، بەندەری بور سەعیدی میسر لەگەڵ بەندەری عەین سوخنای جیبوتی؛ هەموو پێکەوە بەشێکن لەم پرۆژەیە. هەروەها کۆمپانیا چینییەکان مەزەندە دەکرێ ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە پرۆژەکانی بونیادنانەوە لە عێراق، سووریا و یەمەن.

لە هەمان کاتدا بازرگانیی چین لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم ساڵانەی دواییدا بە خێرایی زیادی کردووە وولاتەکەی کردووە بە هاوبەشێکی بازرگانیی گەورەی ناوچەکە. بە پێی دەیتاکانی بانکی جیهانی، قەبارەی بازرگانیی نێوان چین وولاتانی کەنداو کەمترلە ١٩٧ بلیۆن دۆلار بووە لە ٢٠١٧دا. لە (٢٠١٦)ەوە چین بووە بە گەورەترین سەرچاوەی وەبەرهێنانی بیانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەو پرۆژانەی کە بەرنامەکانی پەرەپێدانی ناوخۆی چین بە ڕێگای ئاوریشمییەوە دەبەستنەوە، گرنگیی زیاتریان پێ دراوە لە پەیوەندییە دوولایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

### وزە و بۆشایی ئاسمان

ژمارەی «٣» لە «کارنامەی سیاسیی چین بۆ وڵاتە عەرەبییەکان»، بە تایبەتی جێگای سەرنجە. وزەی ناوەکی بە گشتی وەکوو خاڵی بەهێزی ڕۆژئاوا تەماشا کراوە، بەڵام گرێبەستی کۆریای باشوور لەگەڵ ئیمارات بۆ بونیادنانی وێستگەی ئەتۆمیی بەرەکە نیشانی دەدات کە ئەم بوارەش بووە بە جێگای ململانێی زیاتر. کۆمپانیا چینییەکانیش هەوڵ دەدەن پەل بهاون بۆ ئەم بازارە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سعودیە ڕەنگە کڕیارێکی باش بێت، چونکە ماوەیەکی درێژە لە وێستگەی ناوەکیی کۆڵیوەتەوە وەکوو سەرچاوەیەک بۆ وزەی ناوخۆ. وەکوو هەنگاوێکی سەرەتا بۆ ناو بازارەکە، گرووپی کۆمپانیاکانی ئەندازیاریی ناوەکیی چین یاداشتێکی لێکتێگەشتنی لەگەڵ کۆمپانیایەکی سعودیدا مۆر کردووە بۆ سازگارکردنی ئاوی دەریا بە بەکارهێنانی ڕیاکتەری ناوەکیی بە گاز ساردەوەکراو.

وەکوو بەشێک لە «ڕێگای ئاوریشمی دیجیتاڵی»، مانگە دەستکردەکان کارێکی دیکەی لەپێشینەن بۆ چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. سیستمی مانگی دەستکردی «Beidou»ی چینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەکاردێت، چونکە بەرنامەی هەیە بۆبوارەکانی پەیوەندیی تەلەفۆنی، ئاسایشی دەریایی و کشتوکاڵ. کۆمپانیاکانی تەلەفۆن لە بەحرەین، کوەیت، سعودیە و ئیمارات هەموو لەگەڵ «Huawei»ی ڕێک کەوتوون بۆ بونیادنانی هێڵی ئینتەرنێتی «5G».

کۆمپانیا چینییەکان هەروەها لە پرۆژەکانی وزەی خۆر، با و ئاویشدا کارا بوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمە بە تایبەتی بۆ میرنشینەکانی کەنداو ڕاستە، کە پرۆژەکانی پەرەپێدان و فرەجۆرکردنی سەرچاوەکانی وزەیان کردووە بە کاری لەپێشینە وەکوو پرۆژەی ڕوئیای سعودیە بۆ ٢٠٣٠.

### دیبلۆماسیەتی هەرەوەزیی چین

چین پلانی «١ + ٢ + ٣»ی هاریکاریی ئابووریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ستراتیژی هەرەوەزیی دیبلۆماسی تەواو کردووە. نزیکەی هەموو ئەو ستراتیژیەتە دیبلۆماسیانەی چین لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا مۆری کردووە، لە دەیەی ڕابردوودا ڕووی داوە (تەنها ئەوەی میسر نەبێت لە ١٩٩٩دا مۆر کراوە). چین هەرەوەزیی دیپلۆماسی گشتگیری لەگەڵ جەزائیر، میسر، ئێران، سعودیە و ئیمارات دامەزراندووە، هەروەها هەرەوەزیی ستراتیژی لەگەڵ جیبووتی، عێراق، ئوردن، کوەیت، مەغریب، عوممان، قەتەر و تورکیا بونیاد ناوە. هاوتا لەگەڵ فراوانبوونی ڕێگای ئاوریشمی، ئەم تەوژمە لە چالاکیی دیپلۆماسی نیشانی دەدات کە سەرکردەکانی چین زیاتر و زیاتر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگ دەبینن بۆ ئامانجە ستراتیژی و سیاسییەکانیان.

ئەوەی کە چین ئەرکی دابینکردنی ئاسایشی ناوچەکەی لە ئەستۆدا نییە بەراورد بە ئەمریکا، دەکرێت ئەو بۆچوونە دروست بکات کە چین لایەنگیری لە ململانێ هەرێمییەکان ناکات و بۆ خواستی هیچ لایەک بەرەیەک هەڵنابژێرێت. بەڵام ئەم ڕوانینە سروشتی هەرەمیی هەرەوەزییەکانی چین نادیدە دەگرێت بەوەی کە چین ئەو پەیوەندییانە لە پێشینە دادەنێت کە هەرەوەزیی ستراتیژی و گشتگیرن. ئەم ڕوانینە دیسانەوە ئەوە نابینێت کە چین سەقامگیریی لاپەسەندە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانێک کە لە ناوچەکەدا پێکەوە گرێ دراون، خزمەتی زیاتر بە چین دەکەن تاوەکوو چەند وڵاتێکی دابڕاوی گۆشەگیر. بەم پێیە کاتێک جی پینگ سەردانی ئیماراتی کرد لە ٢٠١٨دا بۆ ئەوەی پەیوەندیی چین لەگەڵ ئەو وڵاتە بەرز بکاتەوە بۆ بەرزترین ئاست، ئەو نیشانی دا کە ئەوە کۆڵەکەیەکی گرنگی کارنامەی سیاسیی چینە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە پێچەوانەی ئەمەوە، کاتێک حەمدان ئال سانی ئەمیری قەتەر سەردانی بەیژینی کرد لە ٢٠١٩، چین پەیوەندییەکەی بەرز نەکردەوە بەڵکوو ڕایگەیاند کە دەیەوێت بەردەوام بێت لە کارکردن لەو وڵاتەدا لەو چوارچێوەییەی دامەزراوە لە هەرەوەزیی ستراتیژی لە ٢٠١٤دا. ئەمە نیشانی دا کە چین؛ قەتەر کەمتر گرنگ دەبینێت تاوەکوو ئیمارات.

لە کاتێکدا تێکەڵبوونی چین لە بوارەکانی ئابووری و دیپلۆماسییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەردەوامە لە گەشەکردن، لەوە دەچێت کە هاریکاریی ئەمنییش بەم زووانە بەدوایدا بێت -جووڵەی بچووک بەم ئاڕاستەیەش هەبووە. هێزی دەریایی سوپای ڕزگاریی گەلی چین وەکوو بەشێک لە هەڵمەتی نێودەوڵەتیی دژ بە چەتەکانی دەریا لە بەندەری عەدەن سەردانی دوورگە عەرەبییەکانی کردووە، کە ئەمەش دەرفەتێکی داوە بە ئەفسەرە دەریاییەکانی چین پەیوەندی لەگەڵ هاوتا عەرەبییەکانیان دروست بکەن. چین ماوەیەکی زۆرە وەکوو بەشێک لە هێزی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (٢٠٠٦)ەوە لە لوبنانە. هەروەها گرێبەستی تایبەتی کۆمپیانیاکانی بواری ئەمنیەت لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست زیادی کردووە وەکوو بەشێک لە وەڵامی چین بۆ ئەوولاتانەی کێشەی ئەمنیی قووڵتریان هەیە لە چەشنی عێراق.

فرۆشی چەکی چین بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیادی کردەوە لەم ساڵانەی دواییدا، هەرچەندە بەراورد بە وڵاتانی ڕۆژئاوا هەرکەمە. زۆربەی کڕین و فرۆشتنەکانی چین لەو بوارانەدایە کە ئەمەریکا بە هۆی چاودێریی کۆنگرێسەوە ناتوانێت بیانکات، وەکوو بوارەکانی درۆنی سەربازی و مووشەکی بالیستی. کۆمپانیا چینییەکان دەتوانن سیستمی تەواو و خزمەتگوزارییەکانی دابین بکەن بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ شتێک. هەرچەندە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست حەزیان لێیە لە ئەمەریکای بکڕن بە هۆی تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکەیەوە. لە لایەکی دیکەوە بڕیاری چین بەوەی درۆن بە وڵاتانی عێراق، ئوردن و سعودیە و ئیمارات بفرۆشێت، ئاماژەیە بەوەی کە چین پاڵپشتیی مانەوەی ئەم وڵاتانە دەکات کە بوون بە ئەمری واقیع. چین سیستمی پێشکەوتووی نەفرۆشتووە بە هێزی نادەوڵەتی یان دەوڵەتی ڕەجعیی وەکوو ئێران (لە کاتێکدا زیادبوونی درۆنی سەربازی خەمێکی گەورەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم بابەتە بە یارمەتی و بێیارمەتیی چین هەربەردەوام دەبێت).

بەرەوپێشچوونێکی دیکەی گرنگی ئەمنی؛ دامەزراندنی بنکەی پشتیوانیی هێزی سەربازیی گەلی چینە لە جیبۆتی کە یەکەمین دامەزراوەی لەم جۆرەی چینە لە دەرەوە. ئەم جووڵەیە لادانێک بوو لەو سیاسەتە درێژمەودایەی چین کە بنکەی سەربازیی لە وڵاتانی تر دانەدەمەزراند. بەو پێیەی بەرژەوەندیی دامودەزگا و هاوڵاتییانی چین لە دەرەوەی وڵات گەشەی گەورەیان کردووە، چین دەبوو نیشانی بدات کە دەتوانێت ئەم بەرژەوەندییانە بپارێزێت و پێویستی بە پشتبەستن بە چەتری ئەمنیی ئەمەریکا نییە. بەشێکی گرنگی وەبەرهێنانەکانی چین لە بەندەروپارکە پیشەسازییەکان لە ئێستادا بازرگانین، بەڵام ڕەنگە

لە کۆتاییدا ئامانجی سەربازییان هەبێت. وڵاتانی خانەخوێی ئەم بەندەرو پارکانە ڕەنگە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕێگە بەمە نەدەن، چونکە لەوە دەترسن ببێتە هۆی لاوازکردنی هاریکاریی ئەمنییان لەگەڵ ئەمەریکا کە پشتیان پێ بەستووە. هەرچەندە بە هەمان شێوەی بنکەکەی جیبۆتی، چین توانای دەریایی بەندەری گواداری پاکستانیشی گەشە پێ داوە لە ناوچەکەدا.

ئەم تایبەتمەندییانەی مامەڵەکردنی ئابووری، دیپلۆماسی و ئەمنیی چین لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ بەشێکن لە ستراتیژیەتێکی قووڵتر، فراوانتر و پێشکەوتووتر وەک ئەوەی لە یەکەم بینیندا دەردەکەوێت. چین شێوازی کاری گۆڕیوە و سەرکردەکانی ناوچەکەش بە ئەرێنی وەڵامیان داوەتەوە.

## بۆچی شێوازی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگۆڕێت؟

ئەو ڕێکخستە نێودەوڵەتییە تاکهێزییەی لە کۆتایی جەنگی ساردا دەرکەوت، بە تەواوی شێوەی دا بە شێوازی نزیکبوونەوەی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمەریکا هێزی زاڵی سەربازی بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی بیابانەوە لە ١٩٩٠دا. لە کاتێکدا ئەمەریکا چوارچێوەیەکی ئاسایشی ناوچەیی بونیاد نابوو لە خزمەتی ئەوواقیعەی کە خۆی بەدڵی بوو، وڵاتانی تریان دەبوو لەو چوارچێوەیەدا ئیش بکەن یان ئاڵنگاری بینەوە. چین ئامادەیی خۆی لەوناوچەیەدا دروست کرد بە خۆلادان –بە هێواشی مامەڵەی ئابووریی خۆی لەگەڵ ناوچەکەدا زیاد کرد، پەیوەندیی لەگەڵ هەموو وڵاتانی ناوچەکەدا دامەزراند و کەسی گۆشەگیر نەکرد و لە هەمان کاتدا خۆی بەدوورگرت لە سیاسەتێک کە ئاڵنگاریی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا ببێتەوە لە ناوچەکەدا.

ئەم شێوازی کارە تێڕوانینێکی بەربڵاوی لە بارەی چینەوە وەکوو هێزێکی بەرژەوەندیخواز دروست کردووە، کە سوود لە چەترە ئەمنییەکەی ئەمەریکا وەردەگرێت بۆ گەشەدان بە پرۆژە ئابوورییەکانی بەبێ ئەوەی هیچ کەرەستەیەکی گشتی دابین بکات بۆ ئاسایشەکە. لە کاتێکدا تەلاری ڕێگا ئاوریشمییەکە شێوەی خۆی دەگرێت، ئەم جۆرە تێڕوانینە چیتر سەختە بەردەوام بێت. پرۆژەکانی پەرەپێدانی ژێرخانی چین لە ناوچەکەدا تەواوکاری دەکەن بۆ بەرنامەکانی گەشەپێدان لە ناو چین خۆیدا. ئەم وەربەهێنان، بازرگانی و هاوکارییانەی چین لە کاتێکدا دێن کە ڕۆژئاوا بەدەست شەکەتی خۆیەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەناڵێنێت. چین چیتر نەک هەر بەلاشخۆر نییە، بەڵکوو کەرەستەگەلێکی گشتی دابین دەکات کە بەشداردەبن لە گەشەپێدان و سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لەمانە گرنگتر، تێڕوانینی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە کشانەوەی ئەمەریکا لە ناوچەکە. زۆرسەرکردەی ناوچەکە پێیان وا بوو کە هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ ئاماژە بوو بۆ گەڕانەوەی بەهێزی ئەمەریکا بۆ ناوچەکە -گەڕانەوەیەک کە هاوکاری وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل دەبێت و سنووردادەنێت بۆ وڵاتانی دژی ڕێخستنی ناوچەکەش لە چەشنی ئێران و پاشکەوتەکانی.

## بۆچی چین بەدوای ڕۆڵێکی زیاترەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟

لە دەسپێشخەریکردن بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی سعودیە و ئێران، چین دوو مەبەستی هەیە: یەکەم، بۆ ئەوەی ڕۆڵی چین وەکوو هێزێکی گەورە و بەرپرسیارنیشان بدات و هەروەها بۆ ئەوەش کە پلانەکەی جی پینگ بەدەست بهێنێت کە «کۆمەڵگایەکی خاوەن داهاتوویەکی هاوبەش بۆ مرۆڤایەتی»یە. دووەم، بۆ ئەوەی توانای چین بۆ ئەمەریکا نمایش بکات و نیشانی بدات کە ئەمەریکا بە هیچ ڕێگەیەک ناتوانێت گەشەکردنی چین خاو بکاتەوە.

لە گۆشەنیگای چینەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاراستەیەکی ئەرێنیدا دەجووڵێت. نزیکەی پێنج ساڵێک لەمەوبەر، جی پینگ هەوڵی دا نێوەندگیریی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستینیش بکات و پەڕەیەکی چوار خاڵی بۆ کێشەی ئیسرائیل-فەڵەستین خستە ڕوو. بەیژین لە چواربۆنەدا سیمیناری بۆ سیاسەتمەداروسکۆلارەکانی هەردوو لایەنی فەڵەستینی و ئیسرائیلی ساز کردووە.

بەم دواییانە پەیوەندییەکانی نێوان چین لەگەڵ ئێران و وڵاتانی عەرەبی زۆربووە. ساڵی ڕابردوو، جی پینگ وڵاتانی هاریکاری کەنداوی بانگهێشتی کۆبوونەوەیەک لە چین کرد. دوای ئەوە، جی پینگ سەردانی سعودیەی کرد و یەکەم لوتکەی چین-عەرەبیی سازکرد. لەوکاتەوە جێگری سەرۆکی چین؛ هو چونهوا سەردانی ئێرانی کردووە و سەرۆکی ئێرانیش سەردانی بەیژینی کردووە لە ناوەڕاستی شوباتی ئەمساڵ. دەگوترێت لە سەردانەکەی ڕەئیسیدا، چینییەکان ڕاوێژیان پێ کردووە لە سەر نێوەندگیرییان لە نێوان ئێران و سعودیە و ئەویش ڕازی بووە. لێرەدا دەبینرێت کە چین کاریگەریی گەورەی لە سەرئێران هەیە.

لەمەوە گەرلە گۆشەنیگایەکی فراوانترەوە سەیربکرێت، جی پینگ قووڵتر لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە گلاوە. لە هەمان کاتدا ئەمە نیشانی دەدات کە چین نیوەندگیرێکی گونجاوترو بەتواناترە لە بارەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، چونکە لەگەڵ هەموو لایەنەکان دۆستایەتیی هەیە. هەرچەندە پێشترلە کۆبوونەوەکانی عێراق و عومان ئیش

بۆ کێشە بنەڕەتییەکانی نێوان ئێران و سعودیە کراوە، بەڵام هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی کە شتەکە لە چین کۆتایی بێت ئەوەیە کە چین کاریگەریی زیاترە لە سەر ئێران بەراورد بە وڵاتانی تر. بۆ نموونە؛ چین لە میانەی گفتوگۆکانیدا لەگەڵ ئیمارات، باسی سێ دوورگەی کێشەلەسەری کرد لە کەنداودا کە ئەمەش ئێرانی تووڕە کرد. بەڵام سەرۆکی ئێران هەر سەردانەکەی بۆ چین بە زوویی کرد و ئەمەش نیشانی دەدات ئێران ناتوانێت کاریگەریی چین فەرامۆش بکات، هەتا دوای هەڵەیەکی ڕوون و دیاریش.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە، چین ئەگەری هەیە ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە داهاتوودا، بەڵام ئەمە قورستر دەبێت بەراورد بە نێوندگیریی ئێران و سعودیە. کرۆکی کێشەی ئەتۆمیی ئێران ئەو ناکۆکییەیە لە نێوان ئەمەریکا و ئێراندا هەیە. پەیوەندیی ئێستای نێوان ئەمەریکا و چین باش نییە، بەم هۆکارە شتەکە ئەستەمە بۆ چین کە پەیامەکانی ئێران و ئەمەریکا بگەیەنێت بە یەکتری. ئەگەر چین بیەوێت ئەم دەستپێشخەرییە بکات، دەبێت پەیوەندییەکانی چین و ئەمەریکا باشتر بکات.

ئەوە ڕوونە کە چین ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینێت بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگای کاریگەرییەکەیەوە لە سەر ئێران، بەڵام شتەکە یەکلایی نییە کە ئایا ئێران بە پێی ڕوانینی چین ڕەفتار دەکات! ئەمە پەیوەستە بە گەلێ هۆکارەوە: توانای ئێران، پەیوەندیی نێوان حکومەتی ئێران و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، ڕازیبوونی ئێران بەو پاداشتانەی چین پێی دەدات، بۆچوونی ئەمەریکا و ئیسرائیل... هتد. زۆر لەم هۆکارانە ئەستەمە چین بتوانێت کۆنترۆڵیان بکات.

لەم ڕوانگەیەوە بە تایبەتی، داهاتووی ڕێککەوتنی نێوان ئێران و سعودیە گەش دیار نییە. تا چەند ئەم ڕێککەوتنە درێژە دەخایەنێت، ئەوە پەیوەندیی بە بۆچوونی ئێرانەوە هەیە. بۆ ئەوەی ئەم بەرەوپێشچوونە دیبلۆماسییە بە ڕاستی بەردەوام بێت، ئێران دەبێت: بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی؛ سعودیە نەورووژێنێ، پشتگیریی هێرشەکانی حوسییەکان و میلیشیا شیعەکانی عێراق نەکات، سعودیە تاوانبار نەکات بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئێران، جیاکاری نەکات لە دژی عەرەبەکانی ئێران و ئیدانەی هاوکاریی سعودیە لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیل نەکات. تەنها ئەو کاتە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو لایەنە بە ڕاستی پێشڤەچوون بەخۆیەوە دەبینێت.

ئایا ئێرانییەکان، بە تایبەتی سوپای پاسداران، دەیانەوێت بە ڕاستی ئاشتی بکەن؟ سعودیە و ئێران پێشتر سێجاری دیکە پەیوەندیی دیبلۆماسییان بڕیوە و کێشەکە لە

بنچینەدا لە ناکۆکیی دینی و ڕووبەڕووبوونەوەی ستراتیژییەوە دێت. ئەمە کێشەیە نییە کە بە نێوانگیرییەکی چەند مانگی چارەسەر بکرێت. بە ئەگەرێکی زۆرەوە، حکومەتی چین هەندێ فشار دەخاتە سەر سعودیە و ئێران بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی، بەڵام ڕەنگە فشارەکە زیاتر لە سەر ئێران بێت. ئەگەر کێشە لە ڕێککەوتنەکەدا هەبێت لە داهاتوودا، کە ئەمەش وا دەکات تاران و ڕیاز لۆمەی یەکتر بکەن، ئەوە پەیوەندیی نێوان چین و ئێرانیش دەکەوێتە مەترسییەوە.

چین بۆ ئەوەی وەکوو وڵاتێکی گەورە ببینرێت، دەبێت ڕۆڵێکی گەورەتری هەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا. گەر چین بەشداری لە ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات، ئەوکات دانپێدانانی نێودەوڵەتی زیاتر وەردەگرێت. لە بەر ئەوەی چین دەتوانێت فشاری زیاتر لە تاران بکات، دەستکەوتە دیبلۆماسییەکەی چین گەورەتر دەبێت ئەگەر ئێران سیاسەتە دوژمنکارییەکەی بەرانبەر ئیسرائیل ڕابگرێت.

بێگومان فاکتەرێکی دیکە لەم پێشڤەچوونە دیبلۆماسییانەدا هەیە: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئەم ڕێککەوتنە دەکرێت بە خێرایی سەر بگرێت، چونکە هەرسێ وڵاتەکە ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە: وروژاندنی ئەمەریکا یان هیچ نەبێت سەرنجی واشنتن بۆ خۆیان ڕابکێشن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەمەریکا ڕۆڵی چین لە جیهاندا بە شێوەیەکی بابەتی تەماشا بکات نەک تەنها بە سەرسوڕمان، گومان و نیگەرانییەوە. ڕاستە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان هەیە لە نێوان چین و ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام هاریکارییش شتێکی مومکینە. بۆ نموونە؛ لە بارەی کێشەی ئەتۆمیی ئێرانەوە هەردوو لا بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە. لە داهاتوودا دەگونجێت ئەمەریکا و چین پێکەوە هانی ئێران، سعودیە، ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی بەشدار لە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بدەن کە ڕێککەوتنێکی ئاسایشیی فراوانتر دروست بکەن. ئەمەش بەو مانایە دێت کە مامەڵە سێکوچکەییەکەی ئێران، چین و سعودیە گەورەتر دەبێت.

ئەگەر ئەمەریکا ئەو دەرفەتە لەکیس بدات و لە بریی ئەوە بەردەوام بێت لە هەوڵەکانی بۆ وەستاندنی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم پرۆسە دیبلۆماسییە بەردەوام دەبێت بەڵام ئەمەریکاییەکان بەجێ دەمێنن. لە بەر ئەم هۆکارە، سیاسییەکانی واشنتن دەبێت نیگەرانییەکانیان لە بارەی چینەوە بکەن بە پاڵنەر بۆ هاریکاری: باشترە ئیش لەگەڵ چیندا بکرێت تاوەکوو ئەوەی لە گەمەکە دەربکرێت.

## ڕێگای ئاوریشمی و عێراق

ڕێگای ئاوریشمی کە لە ٢٠١٣ لە لایەن جی پینگەوە ڕاگەیەنرا، بە گەورەترین بەرنامەی وەبەرهێنان لە ژێرخاندا دادەنرێت. ئەم بەرنامە دەیەوێت پێکەوەبەسترانی جیهان زیاتر بکات لە ئاسیا و ئەفەریقا و ئەورووپادا لە ڕێگای ئاوی و وشکانییەوە بە هۆکاری بازرگانی، هاریکاری و گەشەی ئابووری. عێراق دەکەوێتە یەکتربڕێکەوە لە ناو ڕێگای ئاوریشمی و ڕێگای ئاوریشمیی ئاویی سەدەی بیست و یەک. ئەم دوو ڕێگایە هەردوو گرنگن بۆ دەستگەیشتنی چین بە ئەورووپای ڕۆژهەڵات. یاداشتێکی لەیەکتێگەیشتنی نێوان عێراق و چین لە ٢٠١٥دا ئەوە دەخاتە ڕوو «هەدوو لا تێگەیشتنیان هەیە بۆ هاوکاری لە بنیادنانی پشتێنی ئابووریی ڕێگا ئاوریشمییەکە و ڕێگا ئاوریشمییە دەریاییەکەی سەدەی ٢١» لە عێراقدا. پشتێن و ڕێگا ئاوریشمییەکە چەند هێڵێکی هەیە کە بە ناو عێراقدا تێدەپەڕێت و چین بە ئەورووپاوە دەبەستێتەوە. هێڵێک لە چین دەست پێ دەکات، بە ئاسیای ناوەڕاست و ئێراندا دەڕوات و لە ڕۆژئاواوە دێتە عێراقەوە. بەندەری فاو کە لە بەسرەیە و دەکەوێتە کەنداوی فارسییەوە، عێراق دەبەستێتەوە بە هێڵەکانی پشتێن و ڕێگای ئاوریشمییەوە. لە ٢٠٢١دا ئیشکردن لە بەندەری فاودا دەستی پێ کرد و یەکێ لە تونێلەکان کە ناوی تونێلی حەریرە، لە بەندەری باشووری بەسرەدا دەستی پێ کرد. گرێبەستی ئەم تونێلە ٢.٧ بلیۆن دۆلارە و دراوە بە کۆمپانیای دایۆی کۆریای باشووربۆ ئەوەی دروستی بکات، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانی بەغدادە بۆ ئەوەی ئیشکردنی کۆمپانیا بیانییەکان فرەجۆر بکات لە عێراقدا.

لە بابەتی سەربازیدا هیچ هاریکارییەک نەبووە لە ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٤ لە نێوان عێراق و چیندا. کۆتاییەکانی ٢٠١٥، عێراق و چین گرێبەستێکی هاریکاریی سەربازییان واژوو کرد کە هاوکات بوو لەگەڵ ئامادەیی عێراق بۆ بەشداریکردن لە بەرنامەی پشتێن و ڕێگای ئاوریشمی لە هەمان ساڵدا. عێراق چەکی لە جۆری درۆنی جەنگیی «CH-B4» و مووشەکی ئاڕاستەکراوی «FT-9» ی کڕی، کە لە شەڕی دژی داعشدا بەکارهێنران. هەروەها گفتوگۆش هەبووە لە نێوان بەرپرسانی هەردوو لادا بۆ ئەوەی عێراق سیستمی مووشەکی بەرگریی ئاسمانی، هێلیکۆپتەر و فڕۆکەی شەڕکەر لە چین بکڕێت. کۆمپانیا سەربازییە چینییەکان یارمەتیی عێراق دەدەن لە پەرەدان بە درۆن، چەک، مووشەک و پەیوەندیی سەربازیدا. عێراق قەبارەی کڕینی کەلوپەلە سەربازییەکانی لە چین لە (١٩٨٠)کاندا لە ئێستا زیاتر بووە.

لە (٢٠١٥)ەوە بەرپرسە عێراقی و چینییەکان لە چەندین بۆنەدا یەکیان بینیوە. لە ئایاری ٢٠١٨دا، عێراق و چین چوارچێوەیەکی هاریکاریی بازرگانییان ئیمزا کرد. وەبەرهێنانی چین

لە عێراق بە هێواشی گەشەی کردووە. لە ٢٠١٨دا قەبارەی ئەم وەبەرهێنانە گەیشتە ٢٠ بلیۆن دۆلار، بە شێوەیەکی سەرەکییش لە سێکتەری نەوتدا بووە ئەم وەبەرهێنانە.

لێکتێگەیشتنەکەی ٢٠١٥، بەشێکی لە لایەن عادل عەبدولمەهدییەوە لە سێپتەمبەری ٢٠١٩دا و لە سەردانێکیدا بۆ چین کارا کرا. عەبدولمەهدی هەشت گرێبەستی ئابووری و دارایی لەگەڵ چین ئیمزا کرد، لە نێویاندا گرێبەستێکی بازرگانیی گشتگیر و بەرنامەیەک بوو کە ناسرابوو بە نەوت لە بەرانبەر بنیادنانەوە بۆ ٢٠ ساڵ. ئەم گرێبەستانە پێک هاتبوو لە کۆمەڵێ پاڵپشتیی دارایی هاوبەشی چین و عێراق بۆ پرۆژەی بنیادنانەوە (وەکوو: بەنداو، بەندەر، هێڵی قیتار، فرۆکەخانە و قوتابخانە)، ئەم پرۆژانە دەبوو کۆمپانیا چینییەکان لە عێراق بیکەن. ئەم بەرنامانە بواری دەدا بەوەی کۆمپانیا چینییەکان لە بەرانبەر ١٠٠،٠٠٠ بەرمیل نەوتی رۆژانە کار بکەن، ئەمەش نزیکەی لە ٪١٠ی ئەو نەوتەیە عێراق بۆ چینی هەناردە دەکات. عەبدولمەهدی ئەوەی ڕاگەیاند کە کۆمپانیا چینییەکان قۆرخی ئیشەکان نەکەن و کۆمپانیا چینییەکان هاریکاریی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دەکەن. لە ٢٠١٩دا بەرپرسانی عێراق گفتوگۆیان لە بارەی پەیوەندیکردنی عێراق بە بانکی چینی (AIIB) کرد و لە ئابی ٢٠٢١دا عێراق داواکاریی پێشکەش کرد بۆ ئەوەی پەیوەندی بەم بانکەوە بکات و لە کۆتا مانگی هەمان ساڵدا داواکەی قبووڵ کرا. ئەم کەناڵە ڕێگا دەکاتەوە بۆ دابینکردنی پاڵپشتیی دارایی بۆ پرۆژە چینییەکان لە عێراقدا.

لێکتێگەیشتنەکەی ٢٠١٥ لە بارەی ڕێگای ئاوریشمییەوە لە لایەن بەرپرسە عێراقییەکانەوە ئیشی پێ نەکرا بە هۆی شەڕی داعش، خۆپیشاندانەکانی دژی گەندەڵی و ئاڵنگارییەکانی بەردەم قبووڵکردنی یاداشتەکە لە لایەن پەرلەمانەوە بە هۆی نەبوونی شەفافییەتەوە. لە ئایاری ٢٠٢١دا، مستەفا کازمی بوو بە سەرۆکوەزیران و تۆمەتی میدیاکارە عێراقییەکان و چالاکوانانی پشتیوانیی پرۆژەکەی ڕەت کردەوە کە گوایە عێراق پرۆژەکانی ڕێگای ئاوریشمی پەراوێز خستووە. هەرچەندە ئەم کابینەیە ویستی ئەو پەیامە بنێرێت کە پرۆژەکانی عێراق لە لایەن چینەوە قۆرخ نەکراون، بەڵام هەندێ پرۆژەی چین پەرەیان پێ درا. لە ٢٠٢١دا، گرێبەستەکانی بنیادنانی چینی گەیشتن بە ١٠،٥ بلیۆن دۆلار، کە ئەمەش بە گەورەترین کاری بنیادنانی چین لە دەرەوەی وڵات دادەنرا. ئەمساڵ لە نێو وڵاتانی ڕێگا و پشتێنی ئاوریشمیدا عێراق زۆرترین وەبەرهێنانی تێدا کراوە لە بوارەکانی نەوت و گازدا لە لایەن چینەوە. لە ٢٠٢٢دا، وەکوو بەشێک لە بەرنامەی نەوت لە هەمبەر بنیادنانەوە، هەندێ لە پرۆژە ژێرخانییەکان هێشتا لە قۆناغی سەرەتاداییدان، لە نێویاندا بنیادنانی ١٠٠٠ قوتابخانە

لە لایەن «Powerchina» و «Sinotec»، نۆژەنکردنەوەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ناسریە لە لایەن کۆمپانیای بنیادنانی ئەندازیاریی دەوڵەتی چینەوە، دروستکردنی ٩٠،٠٠٠ خانوو لە ناوچەی سەدری بەغدا، دروستکردنی ١٠٠٠ نەخۆشخانە و وێستگەی کارەبای بەسرە لە لایەن «Powerchina»ەوە. هەرچەندە چالاکوانانی پشتیوانیی ڕێگای ئاوریشمی دەڵێن کە ئەو پڕۆژانەی سەرەوە هیچیان پڕۆژەی گرنگی ڕێگای ئاوریشمی نین و عێراق تەنها بە قسە دەڵێت لەگەڵ ڕێگای ئاوریشمیدایە و بەغدا نایەوێت بەشێک بێت لەو پڕۆژەیە. چالاکوانانی پشتیوانیی پڕۆژەی ئاوریشمی دەیانەوێت عێراق ئەو یاداشتی لێکتێگەشتنە بەرز بکاتەوە بۆ ئاستی گرێبەستی ستراتیژی و پڕۆژەی زەبەلاحی ئاوریشمی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم چالاکوانانە کاتێک دروستکردنی بەنداوی فاو درا بە کۆمپانیایەکی کۆری، نارازی بوون و خۆپیشاندانیان کرد.

جیاواز لەمە، هەندێ چالاکوانی دژ بە ڕێگای ئاوریشمی و هەندێ دەزگای ڕاگەیاندن پڕۆژە و کۆمپاناکانی چین لە عێراق ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن چین پڕۆژەکان بەکاردەهێنێت بۆ سوودی خۆی و کۆمپانیا چینییەکانیش دەرفەتی کار بۆ خەڵکی وڵاتەکە دابین ناکەن. نارەزایەتیی ئەمانە سەری کێشا بۆ خۆپیشاندانەکانی زیقار لە ٢٠٢٢دا. زیاد لەوەش، هەندێ گرووپی چەکداریی بچووکیش کەس و کۆمپانیا چینییەکان بە ئامانج دەگرن و هەڕەشەیان لێ دەکەن. ئەم جووڵانە گرفتی بۆ هەندێ لە پڕۆژە چینییەکان دروست کرد. پڕۆژەکانی ڕێگای ئاوریشمی لە عێراق ڕەهەندێکی دیکەی گرنگ بۆ پەیوەندییە دوولایەنەکانی چین-عێراق لە دوای ٢٠٠٣ زیاد دەکەن. جیاوازیی سەرەکیی پڕۆژەکانی ڕێگای ئاوریشمی و ئەوانی تر ئەوەیە کە پەیوەندییەکان فراوانتر بوون و لە سێکتەرەکانی نەوت و بازرگانی زیاتر ڕۆیشتوون و پەلیان کێشاوە بۆ نزیکەی هەموو سێکتەرەکانی ژێرخان، لۆجستی، تەندروستی و تەنانەت وزەی نوێوەبوو. هەرچەندە ڕێگای ئاوریشمی ڕێگەخۆشکەرە بۆ پەیوەندییە سیاسییەکان، بەڵام پەیوەندییە دووقۆڵییەکان بەبێ لەمپەر نین. ئەم بەربەستانە هەندێ لەو ئەکتەرە عێراقییانە دەگرێتەوە کە گومانیان لە بەشداریی چین لە عێراقدا هەیە، ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە پڕۆژە چینییەکان دەرفەتی کاری کەم دەرەخسێنن بۆ عێراقییەکان و شتێکی کەم پێشکەش دەکەن بۆ سەقامگیریی سیاسی لە عێراقدا.

پەیوەندییەکانی چین و عێراق لە (٢٠٠٣)ەوە گەشەیان کردووە، لەو کاتەوەی بازرگانی لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا زیادی کرد. بۆ نموونە؛ عێراق نەوتی بە بڕی ٥١،٤ ملیۆن دۆلار هەناردەی چین دەکرد و کاڵا و شمەکی بە بڕی ١٠٥ ملیۆن دۆلار لەو وڵاتەوە هاوردە دەکرد.

لە ٢٠١١دا هەناردەی نەوتی عێراق بۆ چین گەیشتە ٩،٦ بلیۆن دۆلارو نرخی کاڵا و شمەکی هاوردەی چینیش بۆعێراق گەیشتە ٣،٨ بلیۆن دۆلار. لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەی دواییدا ئەم برە دوو ئەوەندە بووە. لە دوای (٢٠٠٣)ەوە بڕی چین لە بازرگانی لەگەڵ عێراقدا وردە وردە گەشەی کرد، لە ٢٠٠٤دا ڕێژەی هەناردەی عێراق بۆ چین ٪١،٧ بووە، لە ٢٠٢٠دا ئەم برە زیادی کرد بۆ٪ ٢٩،١. زیادکردنی بەردەوامیی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پشتبەستنی عێراق و چین، هەردوو لا بە نەوت و داهاتەکەی، ئەم پەیوەستییە ئابوورییەی هەردوو لا نیشان دەدات.

## سەرچاوەکان

ZanaGul(5/12/2022),"ThenewerainthecontinuumofChinaandIraq"srelationship",https://journals.sagepub.com/doi/10.1177/20578911221140690?icid=int.sj-abstract.citing-articles.1.

Mu Chunshan (17/3/2023(, "Why China Is Looking for a Bigger Role in the Middle East", https://thediplomat.com/2023/03/why-china-is-looking-for-a-bigger-role-in-the-middle-east/?utm_source=pocket_reader.

Camille Lons (project editor) Jonathan Fulton, Degang Sun, Naser Al-Tamimi (21/10/2019),"https://ecfr.eu/publication/china_great_game_middle_east/?utm_source=pocket_saves.


راپۆرتی ئایندەیی

ئایندەناسی

# ئایندەی نەوتی هەرێم
## لە ململانێکانی عێراق و تورکیادا


ئامادەکردن: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد

### پڕۆفایلی بەشداربووانی ڕاپۆرت:




**محەمەد حسێن**

ساڵی ١٩٧٩ لە شاری کەلارلەدایک بووە. توێژەری ئابووری و ماستەرلە ئابووریی سیاسەتە گشتییەکان لە زانکۆی «Barcelona School of Economics». ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی تۆڕی ئابووریناسانی عێراقە. ڕیپۆرتێر و لێکۆڵەرلە دەزگای «Iraq Oil Report». لە گۆڤارەکانی (فۆرینگ-پۆڵەسی، فۆرینگ-ئەفێرس، واشنگتۆن ئینستیتوت فۆر نێر-ئیست پۆلەسی) وزۆردەزگە و بڵاوکراوەی تری نێودەوڵەتی؛ ڕاپۆرت و توێژینەوەکانی بڵاو کراونەتەوە.




**د. بلال فالح صيهود الخليفة**

ساڵی ١٩٧٩ لە شاری میسان لەدایك بووە. بڕوانامەی ماستەرلە ئەندازیاریی میکانیك لە زانکۆی بەسرە. بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەندازیاریی میکانیك لە زانکۆی بەسرە. کارمەندی وەزارەتی نەوتی عێراق.



**یادگار سدیق گەڵاڵی**

ساڵی ١٩٧٥ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. ماستەرلە بەڕێوەبردنی نەوت و گرێبەستە نەوتی و گازییەکان. بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ڕوونبین بۆ شەفافیەت لە پڕۆسەکانی نەوت.



**د. کامەران قادر یەعقووب**

ساڵی ١٩٧٨ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. بەکالۆریۆس لە ئابووریی زانکۆی سلێمانی. ماستەرلە ئابووری و دارایی زانکۆی برادفۆرد. دکتۆرا لە ئابووری و دارایی لە زانکۆی برادفۆرد.

### بەرایی

پاش ئەوەی لە ساڵی (٢٠١٥)ەوە حکومەتی عێراق لە بارەی کەیسی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا لە دادگای نێودەوڵەتی لە پاریس سکاڵای لە سەر حکومەتی تورکیا تۆمارکرد، تێیدا داوای (٢٦ ملیار) دۆلارقەرەبوو لەو وڵاتە کرد، لە سەر ئەو بنەمایەی حکومەتی تورکیا ڕێگای داوە نەوتی هەرێم بە بۆریی عێراق لە ناو خاکی تورکیاوە بۆ بەندەری جەیهان بگوازرێتەوە. هەرچەندە لە سەردەمی کابینە وزارییەکەی عادل عەبدولمەهدی لە ساڵی ٢٠١٩؛ بڕیاری دادگای پاریس ڕاگیرا و دەرفەتێکی نوێ درایە حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا.

لە سەر بنەمای هەنگاوە کردەییەکان، بڕیاری دادگای پاریس؛ تورکیای پابەند کرد بە ڕاگرتنی هەر ڕێککەوتنێك بە پاساوی ئەوەی کە پێشێلکاری لە پەیماننامەی ساڵی ١٩٧٣ "Pipeline Transit Agreement"ی نێوان تورکیا و عێراق کردووە، بەوەی نەوتی خاوی عێراقی بەبێ ڕەزامەندیی حکومەتی فیدراڵیی عێراق لە بەندەری جەیهان گل داوەتەوە و هەناردە کراوە. پاش یەکلاکردنەوەی پرسەکە بە پێی بڕیاری دادگای پاریس، شوێنەوارە یاساییەکانی سەبارەت بە تورکیا و هەرێم کوردستان تەنها لە دەرچوونی بڕیارەکەدا ناوەستێت، بەڵکوو پرسی قەرەبووکردنەوە و دووبارە پێبژاردنی ئەم دۆسیە بژاردەیەکی تر دەستی حکومەتی عێراق و دارشتنەوەی میکانیزمێکی نوێیە بۆ پێداچوونەوە بە گرێبەستەکان و دووبارە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم.

حکومەتی عێراق لە ماوەکانی ڕابردوودا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەم پرسەی بە نایاسایی سەلماند، تورکیای وەستاند و هەرێمی کوردستانی لە گێژاوی شڵەژانی ئابووریی سەربەخۆ ڕاچلەکاند و گەیاندیەوە خاڵی سەرەتا، لە ئاستی یاسایی و دەستووریی عێراق بانگەشەی پووچەڵکردنەوەی سەرجەم گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە، حکومەتی فیدراڵ بووە چەقی بڕیاردان و سەنتەری مامەڵەکردن بە کەیسی نەوتی نیشتمانی بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بە جۆرێك کە چیتر حکومەتی هەرێم پرۆسەی «فرۆشتنی نەوتی خاو»ی لەدەست دا، جارێکی تر گەڕایەوە بۆ ڕێکخستنەوەیەکی نوێ و گەڕانەوە بۆ بەغداد وەك قووڵایی ستراتیژی ئابووری و دارایی، لەوێوە کەیسی ئابووری و دارایی بە کۆمەڵێك کێشە و گرفتی تەکنیکی و یاساییەوە بە سیاسەتی نەوتی عێراق و کۆمپانیای سۆمۆوە گرێ دا، لە سەر هەمان بنەما ئایندەی دۆخی دارایی و بووژانەوەی ژێرخان و کێشەی مووچەخۆرانی پێوە بەستووەتەوە.

## دۆسیەی نەوتی هەرێم لە سیاسەتی ململانێ ناوچەییەکانی عێراق و تورکیا

پاش چەند ساڵێك لە سەربەخۆیی هەناردەکرنی نەوت لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، دوا جار دۆسیەی نەوت و قووڵبوونەوەی کێشە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بەرەو قەیرانێکی سیاسی و ئابووری ڕۆیشت. لە بارەی ڕەهەندەکانی پشتی سەرهەڵدانی ئەم تەنگەژەیە، د. کامەران قادریەعقووب؛ پسپۆڕ لە بواری ئابووری و دارایی پێی وایە شکستی سیاسەتی نەوتی هەرێم لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەند هۆکارێکی هەیە، لە سەرەتادا نرخی نەوت بە شێوەیەکی زۆر خێرا دابەزی، ئەوکات بە هۆی ئەو داکشانە ئابوورییانە بە هۆی ئەوەی پشتیوانی ناردنە دەرەوەی نەوت لە جیهانی وڵاتانی هەناردەکار زیاد بوو، بەجۆرێك لە (٢٠١٥) و (٢٠١٦)ەوە ئەوە یەکەمین شکست بوو، شکستی دووەم بە هۆی بارودۆخی سیاسییەوە بوو بە تایبەت هاتنی داعش و دەستگرتن بەسەرڕووبەرێکی فراوانی عێراقدا، پاشان کە دواتر داعش نەما حکومەتی عێراق توانیی زۆرینەی ناوچەکان کۆنترۆڵ بکاتەوە، پاشان ڕیفراندۆم کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر دۆسیەی نەوت دروست کرد، ئەمەش بووە خاڵی لاوازبۆ کورد بە تایبەت کە ئەمەریکا تا ڕادەیەکی زۆر پشتی تێ کرد، لێرەوە سیاسەتی نەوتی هەرێم نەیتوانی ئەو ئامانجانە بەدی بهێنێت کە ڕۆژانە یەك ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت داهاتێکی زۆری دەست بکەوێت هێندەی ئەو بڕە پارەیەی لە عێراق دەستی دەکەوێت. خاڵێکی تر ئەوە بوو کە وڵاتانی پیشەسازی کڕیاری نەوتی کوردستان نەبوون، سەرجەمیان بڕوایان وا بوو کە دەبێت کەیسی نەوت بگەڕێتەوە بۆ دەستی بەغداد، بۆیە حکومەتی هەرێم ئەگەربیتوانیایە نەوت بنێرێتە دەرەوە؛ کڕیاری ئەوتۆی نەبوو. خاڵێکی تر پەرەسەندنی ململانێ سیاسییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و تورکیا بوو، کە بووە هۆی ئەوەی دادگا ئەو بڕیارە بدات کە ئیتر بووە دوا هەناسەی هەرێمی کوردستان.

محەمەد حسێن (پسپۆڕی ئابووری) تیشك دەخاتە سەر ئەوەی هەر لە سەرەتاوە پرسی سەربەخۆ هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی کوردستان ئەم تەنگەژەی دروست کردووە. بەشێکی سەرەکیی ناکۆکییەکانی نێوان تورکیا و عێراق لە سەر ئەوە بووە کە دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٤دا ڕێگەی دا حوکمەتی هەرێم لە بۆریی نەوتی عێراق-تورکیا نەوتەکەی خۆی بگەیەنێتە بەندەری جەیهان و لەوێشەوە بە کڕیارانی جیهانی بفرۆشێت. هەر لەو ساڵەدا وەزارەتی نەوتی عێراق سکاڵایەکی تۆمار کرد لە دادگای نێوبژیوانی ژووری بازرگانیی پاریس. ڕێککەوتنێک هەبوو لە نێوان عێراق وتورکیا بۆ ئیدارەدانی بۆریی نەوتی عێراق-تورکیا. خاڵێکی

ئەو ڕێککەوتنە دەڵێت: تەنها لایەنی عێراقی دەسەڵات و مافی بڕیاردانی هەیە لە سەرئەوەی کێ و چۆن نەوتی عێراق لە بەندەری جیهانەوە باربکات بۆ ناو کەشتییە بارهەڵگرەکان؛ وەزارەتی نەوتی حکومەتی فیدراڵیی عێراقە. پێشتر تورکەکان ئەم خاڵەی ڕێککەوتنەکەیان فەرامۆش کردبوو، ڕێگەیان دەدا بە فرۆشتنی نەوتی کوردستان و بارکردنی بۆ ناو کەشتییەکان بەبێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ ناڕەزاییەکانی لایەنی عێراقی بکەن. ئەوە بوو دادگای نێوبژیوانیی پاریس لە دوای ٩ ساڵ تورکیای تاوانبارکرد بە پێشێلکردنی ڕێککەوتنی ئیدارەدانی بۆریی نەوتی عێراق-تورکیا، لە ئەنجامدا تورکیا بە یەکجاری کۆتایی بە هەناردەکردنی نەوتی کوردستان هێنا. ئێستا دەرکەوت تورکەکان لەوە زیاتر پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ عێراقدا تێک نادەن، بۆیە بە ناچاری هەرێمی کوردستانیش گەڕایەوە سەرمێزی ڕێککەوتن. بەغدا و هەولێر ڕێککەوتنێکی سەرەتاییان کرد لە سەر چۆنیەتیی چارەسەرکردنی ناکۆکییە نەوتی و داراییەکانیان.

د. بیلال ئەلخەلیفە پێی وایە مەسەلەی کورد و پرسی نەوتی هەرێم تەنیا پرسێکی ناوخۆیی نییە، بەڵکوو ڕەهەندی تورکی و ئێرانیی هەیە، جگە لەوەی پاشخانێکی جیهانیی وەرگرتووە. ئەمەریکا و ڕۆژئاوا ڕۆڵی بایەخداریان هەیە سەبارەت بە سەربەخۆیی، چ لە کەیسی نەوت و ئابووری، چ لە ڕەهەندە سیاسییەکەیەوە. دەبێت سەرکردەکانی هەرێم ئەوە بزانن کە سەربەخۆیی خەونێکی بەدەستنەهاتووە بە ئامادەبوونی دراوسێکانی عێراق کە کەمینەی کوردیان هەیە، پرسی نەوتیش تەنها کارتی فشارە.

هەروەها یادگار سدیق گەلاڵی باس لەوە دەکات خاڵێك کە وای کرد گرژییەکان زیاتر ئاڵۆز ببێت و توندتر ببێتەوە، ئەوە بوو کە لە کۆتایی مانگی یەکی ٢٠٢٢ و لە سەرەتای شوباتدا حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتارەکەی بە ئاشکرا بەرەو ئەوە بوو لە ماوەیەکی نزیکدا دەتوانێت گازی سروشتی هەناردە بکات، بە تایبەت لەو سەردانەی سەرۆکی هەرێم بۆ لای سەرۆککۆماری تورکیا ئاماژەی بەوە کرد کە دەتوانێت ببێت بە دابینکەرێکی وزەی سەرەکیی تورکیا و لەوێشەوە بۆ بازاڕی ئەورووپا. وەکوو دەزانین ئێران وڵاتێکی هەرێمایەتیی بەهێزە لە دیاریکردن و ئاڕاستەکردنی سیاسەت لە عێراقدا و لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە دابینکەری وزەیە بە تایبەتی گازی سروشتی بۆ عێراق و بۆ تورکیا، گرێبەستەکەشی لەگەڵ تورکیادا بەرەو کۆتایی دەچێت، پێویستە جارێکی تر گرێبەست تازە بکەنەوە. هەرلەوسەروبەندەدا، چەند مانگێك پێش ئەوە ڕاپۆرتێکی ئەمەریکی بڵاوکرایەوە، توانای گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان چۆنێتیی بوونە ئەلتەرناتیڤێك لە ناوچەکە بۆ

تورکیا و عێراق و پڕکردنەوەی پێداویستییەکان و لە هەمان کاتدا ببێتە سەرچاوەیەك بۆ دابینکردنی گازبۆ ئەورووپا. ئەمانە پێمان دەڵێن ئەوسکاڵایەی کە لە ساڵی ٢٠١٣دا وەزارەتی نەوتی عێراق دژی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆماری کردبوو، بە نادەستووریبوونی یاسای نەوت و گازو بەڕێوەبردنی سەنتەری نەوت لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە پێمان دەڵێت کە لە ژێرکاریگەریی ئەودۆخەدا بووە، چونکە کاتێك دادگای فیدراڵی بڕیاری دا بە نادەستووریبوونی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و حکومەتەوە نادەستوورییە و مافی ئەوەی نییە، ئەمانە هەمووی وای کرد کە پێگەی عێراق لە ڕووی یاساییەوە بەهێزتر ببێت، ئەو شیکارییەی بۆ مادەکانی ١١١ و ١١٢ی دەستوور دەکرا یەکلایی بکرێتەوە لە بەرژەوەندیی حکومەتی فیدراڵ وپێگەی یاسای هەرێمی کوردستانی لاوازتر کرد.

### دۆسیەی نەوت لە ململانێکانی «سیاسەتی کۆمپانیاکان» و «وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی نەوتی عێراق»

دۆسیەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە نێو ململانێی فرەلایەنەکاندا پەیوەستە بە ڕێککەوتنی نوێی لەگەڵ کۆمپانیای سۆمۆ. بۆ دەرخستنی هەنگاوەکانی ئایندەی دۆسیەکە، پێویستە شرۆڤەی ئەو پێوەرانە بکرێت کە کۆمپانیای سۆمۆ بۆ گرتنەبەری هەنگاوی نوێی گرێبەستکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان دەیگرنە بەر، هەڵسەنگاندنی هەنگاوێکی لەو شێوەیە لە سەربنەمای قازانجی زیاتری لایەنی سوودمەندە. لەم ڕووەوە محەمەد حسێن پێی وایە ئەو ڕێککەوتنەی ئێستا لە قازانجی هەموو لایەکە ئەگەربە باشی جێبەجێ بکرێت و وردەکارییە تەکنیکییەکانی دابڕێژرێت. بە بڕوای ئەو، حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە بنبەست و ئیترهیچ دەروازەیەکی تری جگە لەم ڕێککەوتنە نەماوە. لە بەرانبەردا حکومەتی عێراقیش زۆرپێویستی بە سەقامگیریی سیاسییە و لە هەمووان زیاترسەرۆکوەزیرانی عێراق محەمەد شیاع سوودانی پێویستی بە دۆستایەتی و پشتگیریی کوردە. لە ڕووی بازرگانییەوە، قازانجی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵە ئەگەر سۆمۆ نەوتەکەی بۆ بفرۆشێت، لانی کەم ئیترپێویست ناکات بۆ هەر بەرمیلە نەوتێک ١٠ تا ١٩ دۆلارداشکاندن بکات لە بەرپرسکە یاسایی و سیاسییەکانی، هەروەها بۆ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانیش ئەم بارودۆخە نوێیە دەکرێت ببێتە هۆکاری زۆربوونی قازانجە

بازرگانییەکانیان.

یادگارسدیق گەڵاڵی ئەوەی ڕوون کردووەتەوە بڕیاری دادگای فیدراڵی بە پاڵپشتێکی گەورە و بەهێز بۆ دەرچوونی بڕیارەکەی دادگای ناوبژیوانیی پاریس دادەنێت، چونکە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١دا «کۆمپانیای دینا ستی» داوایەکی دژی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە دادگای ناوبژیوانیی لەندەن (دادگای بازرگانیی لەندەن) تۆمار کرد بەوەی کە بڕیارەکانی وەزیری سامانە سروشتییەکان و یاساکانی نەوت و گاز نادەستوورییە، ئەوکات دادگاکە ئەو بانگەشەیەی ڕەت کردەوە بە پاساوی ئەوەی دەستووریبوون و نادەستووریبوونی هێشتا لە دادگای فیدراڵی یەکلایی نەکراوەتەوە. بە یەکلاییکردنەوەی لە دادگای فیدراڵ، ئەودەرگایەی کردەوە کە دادگایەکی ناوخۆیی بڕیاری داوە و لە ناوەندە یاساییەکاندا پشتی پێ دەبەسترێت، ئەمەش بووە خاڵێکی بەهێز بەدەست حکومەت و دادگای پاریس بۆ یەکلاییکردنەوەی کەیسەکە و پشتی پێ بەستراوە.

دەرئەنجامی بڕیارەکە وەستاندنی هەناردەکردنی لێ کەوتەوە و حکومەتی تورکیا پابەندیی خۆی بە بڕیاری دادگاکەوە دووپات کردەوە، تۆپەکەی خستە قاچی سۆمۆوە کە ئێمە لە سەر بڕیار و ئاماژەی ئێوە هەناردەی نەوت دەکەینەوە، ئەمە وای کرد حکومەتی هەرێم هیچ بژاردەیەکی تری لە بەردەست نەما تەنها ڕێککەوتن نەبێت، تاکوو مەلەفی نەوت بخاتە دەست سۆمۆوە و داهاتەکەی بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام لە بەر ئەوەی بەرژەوەندییەکانی عێراق لەگەڵ تورکیا زۆر بەهێزترە، هەرێمی کوردستانیش بەرژەوەندییە کورتەکە بوو، تورکیاش ئەو بەرژەوەندییانەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیبوو؛ لە ئایندەدا لەگەڵ عێراق جێی بکاتەوە.

ئەم ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندیی بەرهەمهێنەرانی نەوت دەبێت، چونکە کۆمپانیاکان پشکیان هەیە لەونەوتەی لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە بەرهەم دەهێنرێت و دەفرۆشرێت، لە کاتێکدا نەوت فرشتن لە ڕێگەی سۆمۆوە بە نرخێکی زیاترە، ئەمەش لەو ڕووەوە سەرچاوەی گرت کە لە مانگی نۆی ساڵی (٢٠٢٢)ەوە، دوای ئەوەی وەزارەتی نەوتی عێراق فشارەکانی توندتر کردەوە لە سەر کۆمپانیاکانی فرۆشتنی نەوت و کڕیارەکان، حکومەتی هەرێم ناچاربوو نەوتەکەی هەرزانتریش بفرۆشێت، چونکە ئەو بنەمایەی کە نەوتی لە سەر دیاری دەکرا، لە نەوتی «برێنت»ەوە بۆ نەوتی تێکەڵی هەرێمی کوردستان بگۆڕێت، واتە لە چوارمانگی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢دا، نەوتی هەرێمی کوردستان لە نێوان ١٧-١٩ دۆلار کەمتر فرۆشراوە.

د. کامەران قادر یەعقووب ئاماژە بەوە دەکات پاش ئەوەی مامەڵەی نەوتی هەرێمی کوردستان کەوتە ژێردەستی وەزارەتی نەوتی عێراق، شێوازی گرێبەستەکانی پێداچوونەوەی پێدا دەکرێت، چونکە حکومەتی عێراق لەگەڵ ئەوەدا نییە تێچووەکەی بەو شێوەیە بێت، بە تایبەت کە کۆمپانیاکان پشکی ئەو بۆرییەیان هەیە، ئەگەر بێتوو کۆمپانیاکان نەیەنە ژێر باری مەرجەکانی عێراق، ئەوە حکومەتی عێراق بە هیچ جۆرێك لەو بۆرییانەوە نەوت ناباتە دەرەوە، ئەگەریش بیکات تا یەك ساڵ بۆ دوو ساڵ دەبێت و دواتر خۆی بۆرییەك دروست دەکات و دەینێرێت بۆ سووریا یان بۆریی تر لە تورکیا یان لە ئوردون و هەروڵاتێکی تر. بۆیە ئەو سیاسەتەی کە حکومەتی هەرێم پەیڕەوی کردووە، حکومەتی عێراق بە هیچ جۆرێك نایەتە ژێر باری وکۆمپانیای سۆمۆ ئەو شێوازی گرێبەستەی لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمدا هەیە کە بە نرخێکی بەرز کراوە نایکات ولە ئێستاشدا قایل بێت؛ لە سێ مانگی داهاتوودا هەڵیاندەوەشێنێتەوە، یاخود لە داهاتوودا ئەو گرێبەستانە بە شێوەیەکی باشتر ولە قازانجی حکومەتی عێراق دادەڕێژنەوە.

هەروەها د. بیلال ئەلخەلیفە هێمای بۆ ئەوە کردووە کە هەموو کێشە و ململانێکان چارەسەریان هەیە تەنانەت ئەگەرکاتێکی زۆریش بخایەنێت، بە تایبەت ئەگەرپێکدادانەکە گەیشتبێتە قۆناغی پێشکەوتوو، بەو پێیەی لە کۆتایی نزیک دەبێتەوە، هەربۆیە ململانێکان گەیشتووەتە کۆتایی، بە تایبەت لە دوای یاسای نەوت و غازی فیدراڵی، یاسا دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە دانوستانەکان بەردەوامن.

## کاریگەرییەکانی گرێبەستی نوێی نەوت لە سەرباردۆخی ئابووری و دارایی مووچەخۆرانی هەرێم

بە هۆی ئەو تەنگەژە داراییانەی کە حکومەتی هەرێم دووچاری هات، گرێبەستی نوێی نەوت لە نێوان حکومەتی عێراق و کۆمپانیاکانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەربارودۆخی ئابووری و دارایی و بووژاندنەوەی بازاڕ و باری دارایی مووچەخۆرانی کوردستان دروست دەکات، د. بیلال ئەلخەلیفە لەو باوەڕەدایە ئەم ڕێککەوتنە سەرەتای چارەسەرە نەک خودی چارەسەر، چونکە چارەسەری ڕاستەقینە دەبێت لە ڕێگەی یاسای نەوت و غازی فیدراڵییەوە بکرێت کە سیاسەتی نەوت لە عێراقی فیدراڵیدا دەکێشێت و پەیوەندیی نێوان وەزارەتی نەوتی فیدراڵی و ئەو کۆمپانیایانە ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا کاردەکەن، لەگەڵ سروشتی ئەو گرێبەستانەی پێشتر بە پێی یاسای پێشووی نەوت و گازلە هەرێم ئەنجام دراون کە لە ئێستادا لە لایەن دادگای فیدراڵییەوە

پووچەڵ کراونەتەوە. بەڵام محەمەد حسێن لەو باوەڕەدایە هیچ گرێبەستێکی نوێ لەئارادا نییە لەگەڵ ئەو کۆمپانیا سەرکارانەی کە نەوتەکە بەرهەم دەهێنن لە کوردستان، بەڵکوو ئەوەی ماوەتەوە گرێبەستی فرۆشتنی نەوتە بە کڕیارەکان، یان ئەو کۆمپانیایانەی کە نەوتەکە دەفرۆشن. کۆمپانیای سۆمۆ بۆ بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق لە گەڵ کۆمپانیاکاندا ڕێک کەوتووە و کاریان کردووە لە سەرنوێکردنەوەیان.

لەم ڕووەوە ئاشکرایە سۆمۆ دەتوانێت و دەرفەتی هەیە لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم باشتر و گرانتر نەوتەکە بفرۆشێت، ئەمەش لە دوا جاردا دەبێتە هۆی زیادکردنی داهاتە نەوتییەکانی کوردستان، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییانە ناگۆڕێت کە ئابووریی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بەدەست ڕستێک کێشەی سەخت و تاقەتپڕووکێنەوە دەناڵێنێت. لە هەرکاتێکدا نرخی نەوت دابەزی، ئیتر عێراق و کوردستانیش پێکەوە و وەک یەک تووشی قەیرانی دارایی و بێپارەیی و بێبازاڕی دەبنەوە.

یادگار سدیق گەڵاڵی باس لەوە دەکات ئەم ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندیی بەرهەمهێنەرانی نەوتیش دەبێت، چونکە پشکیان هەیە لەو نەوتەی لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە بەرهەم دەهێنرێت و دەفرۆشرێت، چونکە فرۆشتنی نەوت لە ڕێگەی سۆمۆوە بە نرخێکی زیاترە، پێشتر بە ١١ بۆ ١٣ دۆلار کەمتر فرۆشراوە، بە تایبەت لە مانگی نۆی (٢٠٢٢)ەوە، دوای ئەوەی وەزارەتی نەوتی عێراق فشارەکانی توندترکردەوە لە سەرکۆمپانیاکانی فرۆشتنی نەوت و کڕیارەکانی، حکومەتی هەرێم ناچاربوو نەوتەکەی هەرزانتریش بفرۆشێت، ئەو بنەمایەی کە نەوتی لە سەر دیاری دەکرا لە نەوتی «برێنت»ەوە بۆ نەوتی تێکەڵی هەرێمی کوردستان بگۆڕێت. زیاترلەوە، لە چوار مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ نەوتی هەرێمی کوردستان زیاتر داشکا و لە نێوان ١٧-١٩ دۆلار کەمترلە نرخی برێنت فرۆشراوە، ئەمەش هۆکارەکەی ئەو فشارانە بوو کە وەزارەتی نەوت کردبوویە سەرکۆمپانیاکانی فرۆشیار و کڕیارانی نەوت پاڵپشت بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی.

لە لایەکی تر ئەو تەنگەژانەی لە بازاڕدا دروست بوون وەك شەڕی ئۆکرانیا کە نەوتی ڕووسی لە بازاڕەکاندا بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرا، ئەمەش وای لە کڕیارانی نەوتی هەرێم کرد خواستیان کەم بێتەوە بۆ ئەوەی نەوتەکەی نەمێنێتەوە، چونکە لە بازاڕدا ئەلتەرناتیف هەیە و بە نرخێکی هەرزان. ئەمانە هەمووی فشاربوون لە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە حکومەتی هەرێم بە ناچاری ڕێککەوتنی لەگەڵ بەغداد کرد، ئەمەش لە بەرژەوەندیی کۆمپانیا نەوتییەکانە، چونکە ئەوانیش نەوتەکەیان بە نرخێکی زیاتر دەفرۆشن. هەمان کات

پرۆسەکە لە بەرژەوەندیی وەزارەتی نەوتی عێراقە، چونکە ئەو ٤٠٠ هەزاربەرمیلەی لە ڕێگەی عێراقەوە دەفرۆشرێت؛ بۆ هەربەرمیلێك ٨-١١ دۆلار نرخی زیاد دەکات، لێرەوە دەردەکەوێت کە گرنگترین خاڵێك ئەوەیە فرۆشتنی نەوتی هەرێم کەوتە دەست سۆمۆ، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە وەزارەتی نەوت سەرکەوتوو بوو لە کۆنترۆڵکردنی پرسی نەوتی هەرێم.

ئاشکراشە وەزارەتی نەوتی عێراق بە تەنها لەم خاڵەدا ناوەستێت، بەڵکوو هەنگاوی دواتری چارەسەرکردنی کێشەی کێڵگە نەوتییەکانە، یاخود خەرجیی وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم کوردستان کە زیاترە لە عێراق، ئەویش بە هۆی جۆری گرێبەستەکانی حکومەتی عێراق کە جیاوازە لە جۆری گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە جۆری گرێبەستەکانی حکومەتی عێراق گرێبەستێکی خزمەتگوزارییە و زیاتر وەکوو بەڵێندەرێك کاردەکەن لە بەرانبەر ئەو خزمەتگوزارییانەی دەیکەن، بۆ هەربەرمیلێك بڕێکی کەم پارە وەردەگرن، بەڵام حکومەتی هەرێم گرێبەستی هاوبەشیکردنی هەیە وکۆمپانیاکان لە بەشێك لەو نەوتەی دەردەهێنرێت؛ هاوبەشە و پشکیان تێدا هەیە.

هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی سۆمۆوە و جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی لە ١٥ی ٢ی ٢٠٢٢؛ یەکێك لە گرنگترین بڕگەکانی ئەوەیە کە پێویستە نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی سۆمۆوە بفرۆشرێت، لێرەوە داهاتەکەی وەك داهاتی هەموو عێراق تەماشا دەکرێت، ئیتر حکومەتی هەرێم بیانووەکانی حکومەتی عێراقی بڕیوە، ئەو پاساوە نەماوە کە بودجەی هەرێم نەنێرێت، چونکە هەموو داهاتی نەوتی هەرێم دەچێتە ناو داهاتی گشتیی عێراق و دوایی دێتەوە هەرێمی کوردستان و نیوەی داهاتە فیدراڵییەکان هەژمار دەکرێت. کەواتە دەبێت بودجە لە ڕووی یاساییەوە بە شێوەیەکی بەردەوام بێت، ئەمەش خاڵێکی ئەرێنییە ولەمەودوا بیانووی دواکەوتنی مووچە نامێنێت کە شایستەکانی حکومەتی هەرێمە لە بودجەی فیدراڵی.

یادگار سدیق گەلاڵی ئاماژە بەوە دەکات لە سەر بنەمای ڕێککەوتنەکەی ٤ی نیسان و بە پێی پرۆژەیاسای بودجە، نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی سۆمۆوە دەفرۆشرێت و داهاتەکەی دەچێتە هەژمارێکەوە لە ژێر چاودێریی حکومەتی فیدراڵەوە دەبێت و مافی خەرجکردنی لە لایەن سەرۆکی حکومەتەوە دەبێت. لە بودجەدا پشکی مووچە و خانەنشینان جیا کراونەتەوە، بەشێکی تایبەتە بە بودجەی پێشمەرگە و بڕێك تەرخان کراوە بۆ شایستە داراییەکانی کۆمپانیا نەوتییەکان، ئەم شایستانە بە پێی ئەو هەژمارانەی ڕابردوو کراون و بە پێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای «دیلۆیت»؛ کۆمپانیا بەرهەمهێنە نەوتییەکان شایستەکانیان لە

ساڵی ٢٠٢٢دا (٦،٦ ترلیۆن) دیناربووە، لە ساڵی ٢٠٢٣دا خەرجی و گواستنەوەکان ٣،٨ ترلیۆن دیناربووە، هەمان کات کورتهێنانێك هەیە بە ڕێژەی ٤٢٪، کە حکومەتی هەرێم دەبێت بە شایستە داراییەکانی یان قەرزەکان و درەنگخستنیان پڕی بکاتەوە، یاخود پێدانی شایستەکان وەکوو پێشووتر درەنگ بخات، ئەمەش دەبێتە قەرز لە سەرحکومەتی هەرێمی کوردستان، بەم هۆیەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢؛ زیاترلە ٣ ملیاردۆلارقەرزاری کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بووە و چەندین قەرزی تریشی لە سەرە، ئەوەش تەنها پێویستی بەوەیە لەو پشکەی لە حکومەتی عێراقەوە دێت جێی بکرێتەوە یان لە شوێنێکی تربۆی بپچڕێت.

د. کامەران قادریەعقووب لە بارەی کاریگەرییەکانی ڕێککەوتنی نوێی هەرێم و بەغداد لەو باوەڕەدایە کۆمپانیاکانی پشکنین و دەرهێنانی نەوت کاریگەریی زیاتر لە سەر هەرێمی کوردستان دروست دەکەن، نەك کۆمپانیاکانی هەناردەکردنی نەوت، بەڵام یەدەگی نەوت لە هەرێمی کوردستان کەمترلە ٧ ملیاربەرمیل نەوتی خاوە، نەك ٣٥ ملیارنەوتی خاووەك ئەوەی حکومەتی هەرێم دەیڵێت، چونکە تا ئێستا لە ٧ ملیارزیاترنەدۆزراوەتەوە، لە بەرئەوە گرێبەستەکان کێشەی تێدایە، دەبێت ئاراستەکانی ئابووری بگۆڕن، بەم شێوەیە پرۆسەکە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت، چونکە یەدەگی نەوت کەمە بەراورد بە ناوچەکانی تری عێراق. وێڕای ئەوە ئەگەرگرێبەستیش ئەنجام بدرێت و نەوت دەربهێنرێت؛ داهاتەکەی دەچێتەوە بەغداد، بەڵام بە کۆی گشتی داهاتی حکومەتی عێراق زیاد بکات، بێگومان حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەی زیاتر دەست دەکەوێت ئەگەربێتوو گرێبەستی نوێ بکات، بەڵام ئەو گرێبەستانەی حکومەتی عێراق دەیکات گرێبەستی هاوبەشێتی نییە، بەڵکوو گرێبەستی خزمەتگوزارین کە ئەمە دوو تێگەیشتنی زۆر جیاوازن، لە لایەك ئەوەی حکومەتی هەرێم ئەنجامی داوە گرێبەستی هاوبەشێتییە کە ئەمەش زۆر خراپە، بەڵام حکومەتی عێراق گرێبەستی حزمەتگوزاریی کردووە.

### هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی سۆمۆوە چی بەدەست دێنێت؟

پاش ١٠ ساڵ لە هەناردەکردنی سەربەخۆیی نەوت لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە، توانرا بە بڕیارێکی دادگای پاریس بەو خێراییە شکست بهێنێت. لە ئێستادا باس لەو جیاوازیانە دەکرێت کە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی سۆمۆوە لەگەڵ کۆمپانیاکانی تری بەرهەمهێنان دروستی دەکات. لەم ڕووەوە محەمەد حسێن پێی وایە لە بەرتوانا داراییەکەی هەرێمی کوردستان لە فرۆشتنی نەوت؛ بە شێوەی سەربەخۆ کورت کرابوویەوە، بە جۆرێك

ئەم سەربەخۆییە پشتی بەو بۆرییە بەستبوو کە تورکیا خستبوویە خزمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تا نەوتەکەی پێدا ڕەوانە بکات، بەڵام پاش ئەوەی حکومەتی تورکیا دۆسیەکەی دۆڕاند، هەناردەکردن لە ڕێگەی ئەو بۆرییەوە ڕاگیرا، هەمان کات سەربەخۆییە داراییەکەی کوردستانیش کۆتایی پێ هات. ئەم کەیسە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان یەک جارگرنگ و چارەنووسساز بوو، بەڵام بۆ تورکەکان وا نییە، ئەوان تەنها وەک سەرچاوەیەکی داهاتە گومرگییەکانیان تەماشای نەوتی کوردستان دەکەن، هەرگیز ئامادە نین لە بەردەم بڕیاری دادگایەکی نێودەوڵەتی یاخی ببن لە بەرئەوەی کوردی عێراق سەربەخۆیانە نەوتەکەی بفرۆشێت. هەمیشە عێراق بەرژەوەندییەکی گەورەتر پێک دەهێنێت بۆ تورکیا بەراورد بە هەرێمی کوردستان، هەروەها هەرێمی کوردستان بەراورد بە عێراق تەنها بازاڕی ٦ ملیۆن کەسییە و ڕۆژانە تەنها ٤٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت، بەڵام عێراق بازاڕی ٣٧ ملیۆنییە و ڕۆژانە زیاتر لە ٤ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت.

بەم پێوەرە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی دراوسێ پشتگیری لایەنی عێراقییان کردووە، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردیش درکیان بەم ڕاستییانە کردووە، هەر بۆیە لە پرۆژەیاسای بودجەدا و پێش حوکمی دادگاکەی پاریس چوارچێوەیەکیان دانا بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، لە کاتێکدا ئەگەر یاسای نەوت و غازی نیشتمانی لە ساڵانی دوای (٢٠٠٧) ەوە دەربکرایە، دەکرا زۆر زیاتر لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان و دارشتنی پایەکانی فیدراڵیەتێکی ڕاستەقینە بووایە. د. بیلال ئەلخەلیفە باس لەوە دەکات چالاکیی نەوتی هەرێم لە ڕابردوودا لە دەرەوەی زانیاری و بەڕێوەبردن و هەماهەنگیی حکومەتی فیدراڵی بووە، هەر بۆیە گرنگیی فراوانکردنی چالاکییەکە مەحکومە بە شکست. سەبارەت بە فرۆشتن لە ڕێگەی سۆمۆوە، مانای جێبەجێکردنی دەستوورە بەوەی نەوت و غاز موڵکی هەموو گەلی عێراقە، هەروەها سۆمۆ نوێنەرایەتیی حکومەتی فیدراڵی دەکات.

یادگار سدیق گەلاڵی پێی وایە بڕیارەکەی دادگای پاریس پشتبەستە بە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی فرۆشتنی نەوتی نییە، لەم ڕووە پشتبەستە بە هەموارکردنی گرێبەستی نێوان تورکیا و حکومەتی عێراق، بەم پێیە مافی تەواوەتی دەدا بە کۆمپانیای سۆمۆ وەك کۆمپانیایەك بۆ بەنیشتمانیکردنی فرۆشتنی نەوتی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە. ئەم لایەنە بووەتە کارتێکی بەهێز بۆ حکومەتی عێراق و لاوازبوونی هەڵوێستی حکومەتی تورکیا، بە تایبەت کە ئەو وڵاتە لە وادەی کێبڕکێی هەڵبژاردنەکاندا بوو، ئەمەش وای کرد حکومەتی تورکیا بەبێ چەندوچوونێکی ئەوتۆ رادەستی بڕیارەکان

ببێت. هەرچەند بۆ ئەوەی سەرنجی نێودەوڵەتی لە سەرخۆی لا ببات، هەناردەکردنی نەوتی کوردستانی ڕاگرتووە و تا ئێستا پابەند نییە بە دانەوەی قەرزەکان و چاوەڕوانیش ناکرێت تا دوای هەڵبژاردنەکان هەناردەکردنی نەوت دەست پێ بکاتەوە.

هاتنی بودجە بە بەردەوامی دوای ڕاستاندنی، بە هۆی پێدانی مووچەوە جووڵەیەك دەکەوێتە بازاڕەوە، بەڵام مەترسیی ئەوە هەیە کە ئەو بڕە پارەیەی دێتە کوردستان جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە لەو بڕە پارەیەی لە داهاتی فرۆشتنی نەوت بە ڕێگەی سەربەخۆ، چونکە نرخی نەوتی عێراق بە ٧٠ دۆلار بفرۆشرێت و لە هەرێمی کوردستانیش بە هەمان نرخ بفرۆشرێت، ئەوکات کەمترلە ٤٠٠ ملیارلە بەغدادەوە دێت لەگەڵ نیوەی داهاتی فیدراڵیی خاڵە سنوورییەکان. لە کاتێکدا پێشتر ٢٠٠ ملیارێك دەهاتە هەرێم، بەڵام دواتر زیاتر لەو بڕە و کەمترلە ٤٠٠ ملیار دینار دەگەڕایەوە هەرێم، لە بەرئەوە گۆڕانکارییەکی زۆر دروست ناکات. تەنها خاڵێکی ئەرێنی ئەوەیە ئەم حاڵەتە بەردەوام بێت، لە هەمان کاتدا کێشەی کورتهێنان لە خەرجیی کۆمپانیا نەوتییەکان دروست دەبێت، حکومەتی هەرێم ناچارە لە جێگای تر بیپچڕێت و قەرەبووی بکاتەوە، یاخود قەرزەکان بوەستێنێت، ئەوکاتە دەبێت لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا بەدوای دەرچەیەکی تردا بگەڕێت بۆ ئەوەی لە سەری کەڵەکە نەبێت و ڕزگاری ببێت و بە جۆرێك خشتەیەکی بۆ دابنێت هاوشێوەی حکومەتی عێراق کە لە چ کاتێکدا دەدرێتەوە بە نرخی ئەو کاتەی کە تێیدا بوون.

د. کامەران قادر یەعقووب دەڵێت بڕیارێکی لەو شێوەیە بە بڕیارێکی پەیوەندیدار بە دۆسیەی دادگاییەکەوە نابینێت، بەڵکوو باس لەوە دەکات چەندین ڕێگەی نایاسایی هەیە لە وڵاتانی تربەڵام کێشەی بۆ دروست ناکرێت، بۆیە دۆسیەی نەوتی هەرێم پەیوەندیدارە بە وڵاتانی ڕۆژئاواوە، چونکە عێراقێکی یەکگرتوویان دەوێت بە کوردەوە، واتە دەیانەوێت کورد هاوسەنگییەك لە عێراقدا دروست بکات، چونکە ئەگەربێتوو کورد مامەڵەیەکی جیاوازو سەربەخۆیانە بکات، ئەوا عێراق دەبێتە وڵاتێکی شیعی و دژبە ئەمەریکا دەوەستێت، لە بەر ئەوە ناچارکراون کە پرۆسەکە بە ناوەندی بێت. لە هەمان کاتدا حکومەتی عێراق فشارێکی زۆری لە سەر ئەمەریکا دروست کردبوو کە ناکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوتی خۆی بە شێوەی سەربەخۆ هەناردە بکات. ئەوەی کە پرۆسەکەی خراپ کردووە ڕێگەی ناردنەدەرەوەیە، چونکە بەندەرێك نییە نەوت هەناردە بکەیت و پێویستە بە ڕێگەی وڵاتانی ترەوە بێت، بۆیە مەسەلەی دادگا بابەتێکی ڕووکەشییە تاکوو هەرێمی کوردستان ناچار بکرێت بە شێوەیەکی خێرا هەموو نەوتەکەی ڕادەست بکات.

## دۆخی دارایی هەرێم لە ژێر چاودێریی حکومەتی عێراق و شێوازی مامەڵەکردنی حکومەتی هەرێم و خەرجکردنی داهاتی نەوت

وردەکاریی رێککەوتنی نەوتی نوێ لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لە بەرانبەر ئەرکی سۆمۆ و شێوازی مامەڵەکردن بە دۆخی دارایی هەرێمی کوردستانەوە، بە تایبەت بۆ پرسی مووچە لە شێوەی رێککەوتنێکی داراییدا خۆی دەنوێنێت، چونکە رایەڵەکانی سەرکەوتن راستەوخۆ پەیوەندیدارە بە ناردنی بەشەبودجەی هەرێم کە لە دابەشکردنیدا ئەولەویەت دراوە بە مووچە. لەم روانگەیەوە یادگار سدیق گەلاڵی دەڵێت: وردەکاریی رێککەوتنەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ئەوەیە کە دوای بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان لە لایەن خودی حکومەتەوە، هەناردەکردنی بەو بۆرییەی کە دەڕوات بۆ تورکیا، وردەکاریی فرۆشتنەکەی لە رێگەی سۆمۆوە دەبێت و لە دواتردا داهاتەکەی دێتە هەژمارێکی بانکییەوە، ئەم هەژمارە پێشتریش هەر «سیتی بانك» بۆ هەرێمی کوردستانی کردبووەوە، ئێستاش هەرلقێکی هەمان بانکە کە هەموو داهاتی ئەو ٤٠٠ هەزار بەرمیلەی کە حکومەتی هەرێم پابەند کراوە بینێرێت، داهاتەکەی راستەوخۆ بەبێ ئەوەی دەستکاری بکرێت دەچێتە سەر هەژمارەکە و دواتر داهاتەکەی دێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان. تەنها خاڵێك ئەوەیە کۆمپانیاکان داهاتەکەیان زیاد دەکات، چونکە لەو پشکەی هەیانە داهاتیان زیاد دەکات بەو پێیە بە پارەیەکی زۆرتر فرۆشراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە پشکەکەی خۆی شایستەکانی پێ بدات، چونکە لە بودجەدا ئەو شایستانە جێ نەکراونەتەوە، ئەوەش یەکێکە لە خاڵە نەرێنییەکان. لە لایەکی دیکەوە راستە شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکان زیاد دەکات، بەڵام لە بەرانبەردا هەرێمی کوردستان دەبێت لەو پشکەی خۆی ئەو پێدانی شایستانە دابین بکات.

هاوکات محەمەد حسێن، ئاماژە بەوە دەکات ئەو رێککەوتنە نوێیەی کە کراوە زیاتر رێککەوتنی داراییە، یاخود رێککەوتنە لە سەر دابەشکردنی داهاتە نەوتییەکان، چارەسەرکردنی یەکجاریی ناکۆکییە نەوتییەکان جێ هێڵدراوە بۆ یاسای نەوت و غازی نیشتمانی، نازانرێت کەی و چۆن و بە چ ئاراستەیەکدا ئەم یاسایە دەردەکرێت. بەڵام گرفتەکانی ئەم یاسایە زۆر زیاترە لەو ناکۆکییە مێژووییانەی گەلی کورد کە لەگەڵ حکومەتەکانی بەغدا هەیبووە. لە ئێستادا لە زۆرشوێن و ناوچەی وەک ئەنبار و بەسرە، هێز و گرووپ دروست بوون داوای هەرێمی تایبەت بە خۆیان دەکەن، بەسراوییەکان زۆر بە

جددی بڕیاربەدەستانی عێراقیان ترساندووە، چونکە زیاتر لە ٨٠٪ی هەموو نەوتی عێراق (بە کوردستانیشەوە) لە بەسرە بەرهەم دەهێنرێت. هەربۆیە بەرپرسانی بەغدا هەمیشە بە ڕۆحیەتی حکومەتێکی ناوەندیی بەهێزەوە مامەڵە لەگەڵ یاسای نەوت و غازی نیشتمانی دەکەن و نایانەوێت یاساکە بە جۆرێک بێت کە ببێتە هاندەر بۆ بەسرە و هەندێک ناوچەی دیکەش داوای هەرێمی سەربەخۆ بکەن.

محەمەد حسێن ئاماژە بەوە دەکات ئەرکی سۆمۆ تەنها نەوت فرۆشتنە، هەتا چەند ساڵێک پێش ئێستا حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی کەسێکەوە بە ناوی «مورتەزا لاخانی» نەوتەکەی بۆ دەفرۆشێت، ئێستا سۆمۆ ئەمەی بۆ دەکات و ئەمە هەمان ئەو ڕۆڵەیە کە مورتەزا دەیگێڕا. کارەکەی سۆمۆ تەکنیکییە و دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان هەروەک ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم دەبێت، حکومەتی هەرێم داهاتە نەوتییەکانی خۆی و ئەو بەشە بودجەی لە بەغداشەوە بۆی دێت خەرجی دەکات وەک ئەوی کە پێشتر هەبووە.

د. کامەران قادر یەعقووب تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی کە نەوتی هەرێم لە ڕێگەی سۆمۆوە دەفرۆشرێت، کۆمپانیای سۆمۆ کاری دەرهێنان و بەرهەمهێنان نییە، بەڵکوو کۆمپانیای تری عێراقی هەیە کە ڕێککەوتنیان هەیە لەگەڵ کۆمپانیای تردا، بۆیە سۆمۆ هەربەو نرخە جیهانییەی کە هەیە بە پێوانەی نەوتی هەرێمی کوردستان کە ئایا نەوتەکەی چەندێك لمی تێدایە بە تایبەت هەندێك کێڵگە کە نەوتەکەی ڕێژەی لمی (٢٪)ە کە بێگومان دەبێت بە ١٠ دۆلار کەمتر بفرۆشرێت. ئەمە لە ڕووی کواڵتییەوە، کە ئەگەر کواڵتییەکەی بەرز بێت بێگومان بە نرخی گران دەفرۆشرێت، ئەویش جیاوازییەکی زۆر نییە بەڵکوو ٣-٤ دۆلار زیاتر ناکات، بەڵام هەرچۆن بێت جیاوازە لەوەی هەرێم کردوویەتی کە ناچاربوو بەوەی هەرزانتر بیفرۆشێت و دوور لە نرخی بازاڕ، چونکە کۆمپانیاکان دەیانزانی کە نرخەکەی زۆر هەرزانترە، بۆیە دەبوونە کڕیاری.

د. بیلال ئەلخەلیفەش پێی وایە ڕێککەوتنەکە بۆ کردنەوەی هەژمارێکە بۆ دانانی ئەو نەوتەی کە لە هەرێمەوە دەفرۆشرێت، هەروەها ئاڵوگۆڕەکە لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە بێت یان هەر کەسێک ڕێگەی پێ بدات، هەروەها کۆمپانیایەکی جیهانی بۆ چاودێریکردنی ئاڵوگۆڕەکە دادەمەزرێت.

### ڕێککەوتنی نەوتی نوێی هەرێم لە بەرانبەر ئاستەنگییەکانی تورکیادا

ئایندەی ئەو گرێبەستە ٥٠ ساڵییەی نێوان حکومەتی تورکیا و هەرێمی کوردستان کە باس دەکرێت؛ بە بڕیاری دادگای پاریس فەرامۆش کرا، لە کاتێکدا حکومەتی تورکیا تانەیەکی ئەوتۆی لە بڕیارەکە نەدا جگە لەوەی پەیوەستبوونی خێرای نیشان دا. ئەگەرچی تا ئێستا ڕوون نییە کە ئایا تورکیا مافی سکاڵاکردنی هەیە، تا مەترسی لە سەر ئایندەی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان دروست بکات؟ لەم بارەیەوە محەمەد حسێن پێی وایە لە بەر ئەوەی تا ئێستا هیچ خاڵێك لە بارەی ناوەرۆکی ئەو گرێبەستە بڵاو نەکراوەتەوە، تەنانەت لە بەڵگەکانی دۆسیەکەی دادگای نێوبژیوانیی پاریسیشدا باسی ئەم ڕێککەوتنە نەکراوە، ئەوەی کە ئێستا دەگوزەرێت ئەو ڕاستییەیە کە ئەم ڕێککەوتنە کۆتایی پێ هات لەو ڕۆژەوەی کە دادگای نێوبژیوانیی پاریس بڕیاری لە سەر سکاڵاکەی عێراق دا لە دژی تورکیا، بە تایبەت تورکەکان خۆبەخۆ هەناردەکردنی نەوتی کوردستانیان ڕاگرت، ئیتر هیچ مانا و بەهایەک بۆ ئەم ڕێککەوتنە نەمایەوە. هەروەها بۆچوونی د. بیلال ئەلخەلیفە پێی وایە کە هەر ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە بوونی هەبووبێت بێگومان زیانی پێ دەگات، چونکە حکومەتی ئێستا ئامادە نییە هیچ فایلێک بکاتەوە کە پەیوەندیی نێوان ناوەند و هەرێم تێک بدات، هەرچەندە بڕیارەکەی دادگا ئەگەر جێبەجێ بکرێت، هەرێم دەخاتە بەردەم شەرمەزاری لەم ڕێککەوتنە، چونکە بە پێی بڕیاری دادگای فیدراڵی هەنگاوەکانی پێشووتری حکومەتی هەرێم نادەستوورییە.

یادگار سدیق گەلاڵی ئاماژەی بەوە داوە گرێبەستی ٥٠ ساڵەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیا ئەوەی دەزانرێت لایەنێکی ئەمنی و لایەنێکی بازرگانیی هەیە، لایەنە بازرگانییەکە پەیوەستە بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە لایەن کۆمپانیای «بۆداش»ەوە لە بەرانبەر بڕێك لە داشکاندن بۆ تورکیا، ئەمە لە لایەن حکومەتی تورکیاوە وەستاوە، لە بەر ئەوە دەکرێت بڵێن بەشە بازرگانییەکەی لە لایەن تورکیاوە هەڵوەشاوەتەوە و دەیەوێت ئەوەی لە گرێبەستە ٥٠ ساڵییەکە دەستی کەوتبوو، ئەگەر هەمووشی نەبێت لانی کەم بەشێکی لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە دەست بکەوێت کە هەناردەی نەوت و پێداویستیی وزە لە بازاڕەکانی تورکیا ٢٧٪ی لە ساڵی ڕابردوودا پشتی بەو نەوتە بەستووە. کەواتە تورکیا پێویستی بەو نەوتەیە، بەڵام بەو جۆرەی کە داشکاندنی هەبێت. لە ئێستادا تورکیا دەتوانێت بە داشکاندن ئەو بۆشاییەی هەرێمی کوردستان پڕ بکاتەوە لە ڕێگەی نەوتی ڕووسیاوە بە هۆی هەرزانفرۆشییەکەیەوە، ئەمەش دەکەوێتە سەر قایلبوونی وەزارەتی نەوت کە چۆن مامەڵە دەکات، کە بێگومان بەو شێوەیە نابێت کە هەرێمی کوردستان لە پێشتردا ئەنجامی دابوو، چونکە لێرەدا دەکەوێتە سەر بەرژەوەندییەکان کە بە جۆرێك بێت هەردوو لا

سوودی لێ وەربگرن، وەك ئەوەی حکومەتی عێراق ڕۆژانە بڕێك نەوتی کەم بە داشکاندنی ١٢ دۆلار دەداتە ئوردون، دەکرێت ئەگەر بڕەکە زۆرتر بێت بە داشکاندنێکی کەمتر بە تورکیای بفرۆشێت، لە بەرانبەری ئەوەی نەوتەکە هەناردە بکرێتەوە و لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە بگاتە بازاڕی ئەورووپا، ئەمەش دەبێتە خاڵی دەرچەیی بۆ عێراق، لای خۆیشیەوە عێراق لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی هەموو ئەو بۆشاییانەی بە هۆی نەوتی هەرێمی کوردستان و کەرکووکەوە وەستاوە؛ لە ناوچەکانی باشوورەوە پڕ کراونەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا تەنها حکومەتی تورکیا مافی سکاڵای نییە، چونکە ئەو قەرەبووەی کە دەیدا بە هۆی ئەو ڕێککەوتنەیە کە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کردوویەتی، دواتر ڕازی بووە بەوەی هەناردەکردن بوەستێت و قایل بووە بەوەی ئەو بەشەی گرێبەستەکە جێبەجێ نەکرێت و پابەند نەبێت، بۆیە تورکیا ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە، بەڵام دەکرێت چەند داواکارییەکی هەبێت کە لەوانەیە گرنگترینیان و تاکە داواکاریان فرۆشتنی نەوت بێت بە نرخێکی هەرزانتر لە چاو بازاڕی جیهانیدا. پێویستە ئەم خاڵەش ڕەچاو بکرێت کە حکومەتی تورکیا لە چەند کێڵگەیەکی هەرێمی کوردستاندا لە ڕێگەی کۆمپانیای «گەنەڵئینێرجی»، لە چوار کێڵگەی (فیشخابور، تەقتەق، تاوکی، سەرتا) نەوت بەرهەم دەهێنێت، هەروەها کۆمپانیای وەزی تورکی لە «باشیك» دیسان لەگەڵ «دی ئێن ئۆ»دا نەوت بەرهەم دەهێنێت، هاوکات چەند کۆمپانیایەکی خزمەتگوزاریی تورکی هەیە کە لە کەیسی وزەدا وەبەرهێنان دەکەن، لە بەر ئەوە بەرژەوەندییەکانی تورکیا دیسان لە سێکتەری نەوتی هەرێمدا بوونیان هەیە، هاوکات بەرژەوەندییشی لەگەڵ حکومەتی عێراقیشدا هەیە. کەواتە تورکیا هەر لە سەرەتاوە ئەم بابەتەی کردووە بە پرسێکی ناوخۆیی.

د. کامەران قادر یەعقووب پێی وایە ئەو گرێبەستانەی کراوە زۆربەیان گرێبەستی هەناردەکردنن، ئەوەی گرنگە گرێبەستی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوتە، ئەگەر گرێبەستێکی وا بکرێت لە ڕاستیدا بابەتێکی مەترسیدار دەبێت، دەبینین زۆرینەی ئەو کۆمپانیایانەی هاتوون، لە نموونەی «دی ئێن ئۆی نەرویجی»، یان «ئیکسۆن مۆبیل» و هتد...، ئەوانە دەبنە بنەما، دواتر حکومەتی عێراق ڕێککەوتن دەکات، گازندەکانیش لە سەر هەرێم ئەوە بوو کە حکومەتی هەرێم پارەیەکی زۆر دەداتە ئەو کۆمپانیایانە، ئەمەش حکومەتی عێراق هەرگیز پەسەندی ناکات، ئەگەر وا بڕوات خودی حکومەتی عێراق گرێبەستی تر لە ڕێگەی کۆمپانیای تر ئەنجام دەدات. لە ڕووی یاساییەوە حکومەتی تورکیا ناتوانێت بە هیچ جۆرێك سکاڵا بکات، چونکە ڕێککەوتنی لەگەل حکومەتێکدا کردووە کە بنەمایەکی یاساییان وەرنەگرتووە.

## سیناریۆکان

### - سیناریۆی کورتخایەن

پێشـنبینی دەکرێت بـە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە نەوتییـەی ئێسـتا، بـە تایبـەت لـە چوارچێوەی یاسـای نـەوت و غـازدا، هـاوکات جێکردنـەوی لـە یاسـای بودجـەدا، تـا ڕادەیـەک دەبێتـە سـەرەتای پەیوەندییەکی هێمن و سـەقامگیر لـە نێوان هـەردوو حکومەتدا لـە ڕووی ئابووری و داراییەوە، دەبێتە دەروازەیەك کە بە سـوودوەرگرتن لە ناوەرۆکی یاسـاکە ناکۆکییە نەوتییەکانی نێوان هەردوو حکومەت چارەسـەربکرێن، بەڵام سـیناریۆکان ئاماژە بەوە دەدەن کە یاسـای بودجـەی ٢٠٢٣ تەنها چارەسـەرێکی کاتییـە کـە دەکرێت بـە خاڵی وەرچەرخـان لـە مامەڵەکردنی حکومەتی فیدراڵی بە شـێوەیەکی بەهێزتر دژ بە بەڕێوەبردنی سـەنتەری نـەوت لە هەرێمی کوردسـتان، لە ئەنجامدا دژی ئابووریی سـەربەخۆی هەرێمی کوردسـتان. کەواتە بڕیارەکەی دادگای فیـدراڵ ئەو خاڵـە وەرچەرخانەیـە کـە دەکرێت لەوێـوە هەنگاوەکانی تـری خێراتر لە بەرژەوەندیی حکومەتی فیدراڵ و لاوازترکردنی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان، بە تایبەتی کە گوتاری سیاسیی لایەنە سەرەکی و پێکهێنەرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغـداد دابـەش بـوو بـە دوو ئاڕاسـتەی جیادا.

### - سیناریۆی مامناوەند

گەشـبینییەکان لـە سـەر بنەمـای ئـەو گریمانەیەیـە کـە هـەردوو حکومـەت ڕێککەوتنـە سیاسـییەکەیان وەردەگێڕنـە سـەر ڕێککەوتنێکی تەکنیکیی دوولایەنـە، هـاوکات پێویسـتە هـەردوو لا هەوڵەکانیـان بخەنـە گـەڕ بـۆ دەرچـوواندنی یاسـای نـەوت و غـازی نیشـتمانی لـە ئایندەیـەکی نزیکـدا، بـە جۆرێـک کـە مـاف و ئـەرکی حکومـەتی ناوەنـد و حکومەتـە هەرێمایەتییـەکانی تیـا پارێـزراو بێـت، ڕێککەوتنـە سیاسـییەکان تەمەنیـان کورتـە. لەگـەڵ لاوازبـوون و ونبوونـی فیگـەرە سیاسـییەکان؛ ئەوانیـش لاواز دەبـن، بـەڵام ئەگـەر کـران بـە یاسـا و لـە سـەربنەما و چوارچێـوە دەسـتوورییەکان هەمـوو خاڵـەکانی داڕێـژرا، ئەمـە دەبێتـە سـەرەتا و دەرفەتێـک بـۆ گەشـەپێدانی پیشەسـازیی نـەوت و غـاز لـە هەمـوو عێراقـدا نـەک بـە تەنها کوردسـتان، ئـەم کاریگەرییە ڕەنگدانـەوەی لـە سـەر بژێویی ژیانی هاوڵاتیـانی کوردسـتان و مووچەخـۆران زیاتـر بەدیـار دەکـەوێت.

- سیناریۆی درێژخایەن

پێشبینی دەکرێت وەزارەتی نەوت لە مەودایەکی دوورتردا، بە تەنها رێککەوتنێکی تەکنیکیی لەو جۆرەدا بەرانبەر هەرێمی کوردستان نەوەستێت، بەڵکوو هەنگاوی دواتری چارەسەرکردنی کێشەی خەرجیی وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم کوردستانە، ئەویش بە هۆی ئەو جیاوازییانەی لە جۆری گرێبەستەکاندا هەیە، چونکە جۆری گرێبەستەکانی حکومەتی عێراق گرێبەستێکی خزمەتگوزارییە، زیاتر وەکوو بەڵێندەرێك کاردەکەن لە بەرانبەر ئەو خزمەتگوزارییانەی دەیکەن، بۆ هەر بەرمیلێك برێکی کەم پارە وەردەگرن، بەڵام حکومەتی هەرێم گرێبەستی هاوبەشیکردنی هەیە و کۆمپانیاکان لە بەشێك لەو نەوتەی دەردەهێنرێت پشکیان تێدا هەیە، ئەمەش دەبێتە خاڵێك کە بیانوو بداتە دەست وەزارەتی نەوت کە لە پاش سەرکەوتنی لە کۆنترۆڵکردنی فرۆشتنی نەوت، هەنگاوی پێویست بنێت بۆ جڵەوکردنی جۆر و شێوازی گرێبەستەکان و بەستنەوەی بە دەسەڵاتی فیدراڵییەوە.

کـتێبی ئایــندەیی

# ئایندەناسی

# ئایندەی هێز


ناونیشانی کتێب: ئایندەی هێز

نووسەر: جۆزێف نایی کوڕ

بڵاوکار: Public Affairs

ساڵی بڵاوکردنەوە: ٢٠١١

زانا کەریم



ئایندەی هێزیەکێکە لە کتێبە بەناوبانگەکانی بیریاری ئەمەریکایی جۆزێف نایی کوڕ و شیکارێکی ورد و هەمەلایەنی هێزە لە سیاسەتی جیهانیدا. ڕۆبێرت کیۆهەین کە لەگەڵ جۆزێف نایدا پێکەوە کتێبێکی هاوبەشیان نووسیوە و یەکێک لە بیردۆزە گرنگەکانی کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتییان ڕەنگڕێژ کردووە، لە بارەی ئەم کتێبەوە دەڵێت: «ئەگەر بەدوای شیکارییەکی ناوازە و ڕەسەنی هێزی سایبەری (rewop rebyC)دا دەگەڕێیت، بەشی پێنجەمی کتێبەکە بخوێنەرەوە. ئەگەر بەدوای باشترین شیکاری گشتگیری هێزیش لە سیاسەتی جیهانیدا دەگەڕێیت، ئەوا تەواوی کتێبەکە بخوێنەرەوە».

«نای» بیریارێکی کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتییە و لەو کەسانەیە کە ئەزموونی کاری ئەکادیمی و ئەزموونی کاری کردەیی لە بواری سیاسەت و دیپلۆماسیدا پێکەوە کۆکردووەتەوە: مامۆستایەتی لە زانکۆی هارڤارد و کارکردن لە کۆشکی سپی و پەنتاگۆن. سەرەولێژبوونەوەی هێزو هەژموونی جیهانییانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە چەقی بیرکردنەوەکانی جۆزێف نایدا وەستاوە، لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لەم بوارەدا دەنووسێت و هێزو وەرچەرخانەکانی هێزو ڕەهەند و پێکهاتەکانی هێزیش بوونەتە دەروازەی باسەکانی پەیوەست بەم بوارە. ئەم کتێبەشی لێرەدا دەیخەینە ڕوو، ئەڵقەیەکی تری ئەو زنجیرەبەرهەمەیە کە لە سەرئەم پرسە نووسیویەتی و وەکوو خۆی لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەڵێت: «ئەم کتێبە لوتکەی ئەو هەوڵانەیە کە من لە پێناو پشکنین و دەرخستنی سەرچاوە و ئاڕاستەکانی هێزی ئەمەریکادا خستوومەتە گەڕ».

جۆزێف نای داکشانی هێزو سەرەولێژبوونەوەی هەژموونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکاتە گرفت و گیروگازی تەوەرەی کتێبەکەی و بانگەشەی بانگەشەکارانی ئەم پرسە بە گیروگرفت دەکات و نیشانەی پرسیاریان لە سەردادەنێت. لە پێناو وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکییشدا، هێزو ئایندەی هێز دەکاتە دەروازەی کتێبەکەی و لێیەوە وەژوور دەکەوێت و بە تانوپۆی بابەتەکەدا سەردەکەوێت. سەرەتا چەمکی هێزدەناسێنێت، پاشان باس لەو وەرچەرخانانە دەکات کە بە هۆی شۆڕشی زانیاری و جیهانگیرییەوە بەسەرهێزدا هاتوون لە سەدەی بیست و یەکدا، دواتریش هێزو وەرچەرخانەکانی هێزو پرسی سەرەولێژبوونەوەی ئەمەریکا پێکەوە گرێ دەدات و پوختەی ئەنجامگیرییەکانی لەو بارەیەوە دەخاتە ڕوو. کەواتە دەکرێت بڵێین بابەتی سەرەکیی ئەم کتێبەی «نای» لە دوو تەوەردا خۆی دەبینێتەوە: ئایندەی هێزو ئایندەی باڵادەستیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سەدەی بیست و یەکەمدا.

بە ڕای «نای»، چوونە پای وەها کارێک دەخوازێت لە سەرەتاوە خۆمان لە گێژاوی چەند

بانگەشەیەکی نادروست بەدووربگرین، تاکوو بەهەڵەدا نەچین. یەکێک لەو بانگەشانە، خوازە (میتافۆڕ)ی سەرەولێژبوونەوەی ئەندامییە (enilceD cinagrO). سەرەولێژبوونەوەی ئەندامی لەم بەستێنەدا واتە چوواندنی ژیانی دەوڵەتان بە ژیانی تاکەکەسەکان لە ڕووی پێشبینیکردنی قۆناغەکانی تەمەنەوە، واتە وەک چۆن پێشبینیی قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ دەکرێت، بە هەمان شێوە دەکرێت پێشبینیی قۆناغەکانی تەمەنی دەوڵەتانیش بکرێت. ئەم میتافۆڕە بە لای جۆزێف نایەوە هەڵەیە و پێویستە خۆمانی لێ بەدووربگرین. «نای» بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم میتافۆرە دوو ڕووداو وەک بەڵگە دەهێنێتەوە:

یەکەم: کاتێک بەریتانیا لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا کۆلۆنییەکانی لە ئەمەریکا لەدەست دا، هۆراس واڵپۆڵ (eloplaW ecaroH١) پێی وا بوو بەریتانیا گرنگیی خۆی لەدەست داوە و بووە بە دەوڵەتێکی چەپەک و کەمبایەخ وەک دەوڵەتی دانیمارک یان سەردینیا. کەچی پێچەوانەی بۆچوونەکانی واڵپۆڵ، شۆڕشی پیشەسازی دەرفەتی سەدەیەکی تری لە باڵادەستی بە بەریتانیا بەخشی. باڵادەستییەک واڵپۆڵ شکستی هێنا لە پێشبینیکردنیدا.

دووەم: ڕۆما دوای ئەوەی گەیشتە چڵەپۆپەی هێزی خۆی، ڕۆمانییەکان بۆ ماوەی سێ سەدە بە زاڵی مانەوە. دواتریش ڕۆما بە هۆی هەڵکشانی دەوڵەتانی ترەوە کۆتایی پێ نەهات، بەڵکوو ئەو گورزە گەرچکبڕانە کۆتاییان پێ هێنا کە لە لایەن خێڵە بەربەرییەکانەوە تێی سرەوێنرا و کردیان بە هەزارپارچەوە. سەبارەت بەو هەڕەشانەش کە لە ڕووی باڵادەستیی ئەمەریکادا دەوەستن، «نای» لە سەرپرسی وەرچەرخانەکانی هێز دەوەستێت و دەنووسێت: لە ڕاستیدا سەرەڕای هەموو پێشبینییەکان بۆ هەڵکشانی دەوڵەتانی وەک چین و هیندستان و بەڕازیل و دانەدواوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە چەند دەیەی داهاتوودا، هەڕەشەی گەورەتر ئەو هەڕەشانەن کە لە بەربەرییە نوێیەکان و بکەرە نادەوڵەتەکانەوە سەرچاوە دەگرن. لە جیهانێکی زانیاریی بنەما (dlroW desaB noitamrofnI)دا و لەسای پیوار (غیاب) ی ئاسایشی سایبەریدا، هەڕەشەی پژانی هێز لە هەڕەشەی جێگۆڕکێی هێز گەورەترە.

تایبەت بە تەوەری دووەمی کتێبەکەی جۆزێف نای، واتە ئایندەی هەژموون و باڵادەستیی ئەمەریکا، ئێمە لێرەدا هەرئەوەندەی لە بارەوە دەخەینە ڕوو کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، چونکە لە شوێنێکی تردا و لە ڕێگەی ڕانانی کتێبێکی تری جۆزێف نایەوە بە ناوی «ئایا سەدەی ئەمەریکایی کۆتایی هاتووە؟»؛ بە درێژی لە سەر ئەم لایەنە وەستاوین و خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆی٢. بۆیە لێرەدا سێرەی سەرنجەکانمان تەنها لە سەر ئەو تەوەرەی کتێبەکە دەگرینەوە، کە تایبەتە بە ئایندەی هێز لە سەدەی بیست و یەکەمدا.

## هێز و کاروباری جیهانی

چەمکی هێز وەک هەر چەمکێکی تری کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتی، چەمکێکی لێڵ و ئاڵۆزە و ناتوانین لە نێو شارەزایان و بیریارانی ئەم کایەیەدا پێناسەیەک بدۆزینەوە کە هەمووان یاخود زۆرینە لە سەری کۆک بن. «نای» ئەو بۆچوونە جیاوازانە دەخاتە ڕوو کە لەم بارەیەوە لەئارادان و گەنگەشەیان دەکات.

گەورەفەیلەسووفی بەریتانی برتراند ڕاسل ڕۆڵی «هێز» لە زانستی کۆمەڵایەتیدا بەراورد دەکات بە چەمکی «وزە» لە زانستی فیزیادا. لە لایەکی ترەوە هەندێک لە بیریاران بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە وا چەمکی «هێز» لە کایەی زانستی ڕامیاریدا وەک چەمکی «پارە» وایە لە زانستی ئابووریدا. بە ڕای «نای»، ئەم خوازە (rohpateM) و وێکچووا ندنانە سەرلێشێوێنەرن، چونکە زانایانی بواری زانستی فیزیا دەتوانن زۆر بە وردی پەیوەندیی وزە و هێز لە نێوان ماددە بێگیانەکاندا بپێون، بەڵام لە زانستی کۆمەڵایەتیدا «هێز» ئاماژە بە پەیوەندییەکی مرۆیی دەکات کە زوو تێدەپەڕێت و بە گوێرەی بارودۆخە جیاوازەکانیش شێوەکەی دەگۆڕێت، هەروەها پارە سەرچاوەیەکی گواستراوەیە و دەکرێت لە چەندین بوار و بەستێندا بەکاربهێنرێت و چەندین شمەکی جیاوازی پێ بکڕدرێت، بەڵام ئەو سەرچاوەیەی کە لە بەستێنێکدا هێز بەرهەم دەهێنێت، لە بەستێنێکی تردا ناتوانێت بەرهەمی بهێنێت. بۆ نموونە: دەتوانیت لە بازاڕی خانووبەرە یان لە بازاڕی سەوزە و میوە، یاخود لە زیادکردنێک (مزایدة)ی ئۆنلایندا پارە بەکاربهێنیت، لە کاتێکدا توانستی سەربازی کە یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی هێزی نێودەوڵەتییە، لە شەڕێکدا کە بە تانک ئەنجام دەدرێت ڕەنگە بتوانێت ئەو دەستکەوتە بەدەست بهێنێت کە تۆ دەتەوێت، بەڵام لە فەزای ئینتەرنێتدا ناتوانێت. کەواتە پەیوەندیی هێزەکی و بەستێنی بەکارهێنانی هێز جیاوازە و کاریگەرییەکانی هێز لە پەیوەندییەکەوە بۆ پەیوەندییەکی تر و لە بەستێنێکەوە بۆ بەستێنێکی تر دەگۆڕێت.

کاتێک دەڵێین بکەرێکی دیاریکراو خاوەنی هێزە، پێویستە دەستنیشانی ئەوەش بکەین کە هێز بۆ کردنی چی؟ واتە پێویستە دەرەتان (epocS) و بوار (niamoD)ی هێزەکە دیاری بکەین. دەرەتانی هێز واتە ئەوانە کێن کە لە پەیوەندییە هێزەکییەکەدا ئامادەن و لایەنەکانی پەیوەندییەکە پێک دەهێنن؟ مەبەست لە بواری هێزیش، واتە چ بابەتێک لە پەیوەندییە هێزەکییەکەدا ئامادەیە؟ بۆ نموونە؛ لە پەیوەندیی نێوان پاپا و مەسیحییەکاندا، پاپا دەسەڵاتی بەسەر مەسیحییە کاسۆلیکەکاندا هەیە و دەسەڵاتی بەسەر مەسیحییە پرۆتستانتەکاندا نییە، واتە دەرەتانی دەسەڵاتی پاپا لە چوارچێوەی پەیوەندیی نێوان

پاپا و مەسیحییە کاسۆلیکەکاندایە و پەیوەست بە پەیوەندیی نێوان پاپا و مەسیحییە پرۆتستانتەکان پاپا خاوەنی هێز و دەسەڵات نییە. سەبارەت بە بواری هێزیش، ئەگەر دیسان بنوارینەوە نموونەکەی سەرەوە، دەبینین کە وا تەنانەت لە پەیوەندیی نێوان پاپا و کاسۆلیکەکانیشدا دەسەڵاتی پاپا لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی تر دەگۆڕێت و کەم و زیاد دەکات، بۆ نموونە بڕیاری پەیوەست بە پرسێکی ئەخلاقیی وەک سنووردارکردنی ژمارەی منداڵ و هاوسەرگیری لە دەرەوەی کڵێسە، هەموو مەسیحییە کاسۆلیکەکان وەکوو یەک پابەند نابن بە بڕیاری پاپاوە و هەندێکیان ڕەتی دەکەنەوە. کەواتە کاتێک دەڵێین پاپا خاوەنی هێزە، پێویستە دەرەتان و بواری هێزەکە دەستنیشان بکەین، واتە پەیوەست بە چ کەسێک و لە چ بابەتێکدا پاپا خاوەنی هێزە؟

## ئایندەی هێز و ئایندەی باڵادەستیی ئەمەریکا

جۆزێف نای پێی وایە لە سەدەی بیست و یەکەمدا دوو وەرچەرخان (tfihS)ی گەورە بەسەر هێزدا هاتووە: یەکەمیان جێگۆڕکێی هێزە (noitisnarT rewoP) و دووەمیان پژانی هێز (noisuffiD rewoP).

مەبەست لە جێگۆڕکێی هێز؛ سەرەولێژبوونەوە و داکشانی هێزی دەوڵەتێک و هەڵکشان و بەهێزبوونی دەوڵەتێکی ترە لە سیاسەتی جیهانیدا. ئەم دیاردەیەش دیاردەیەکی مێژوویی و باوی سیاسەتی نێودەوڵەتییە و چەندین نموونە لەم بارەیەوە هەن، بۆ نموونە جێگۆڕکێ و گواستنەوەی هێز لە بەریتانیاوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە ئێستاشدا باس لە ئەگەری جێگۆڕکێی هێز دەکرێت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بۆ چین. هەرچی پژانی هێزیشە، بریتییە لە گواستنەوەی هێز لە دەوڵەتانەوە و بۆ نادەوڵەتان بە هۆی شۆڕشی زانیاری و جیهانگیرییەوە، ئەمەش دیاردەیەکی نوێیە و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سەدەی بیست و یەک. ئەم دیاردەی پژانی هێزە لە دیدی دەوڵەتانەوە مایەی مەترسییە و بە جۆرێکە پەیوەندی و پرسە نێودەوڵەتییەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ لەدەست دەوڵەتان دەردەچن و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی تەنانەت بەهێزترین دەوڵەتیشەوە ڕوو دەدەن.

جۆزێف نای لە کۆتایی کتێبەکەیدا چەند دەرەنجامێک لە بارەی ئایندەی باڵادەستیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئایندەی هێزەوە دەخاتە ڕوو. لە خوارەوە و لە خاڵی یەک و دوودا ئەنجامگیرییەکانی لە بارەی ئایندەی باڵادەستیی ئەمەریکاوە دەخەینە ڕوو، لە خاڵی

سێ و چواریشدا ئایندەی هێز.

١. پێنج هەڕەشەی ئایندەیی ئاڵەنگارین لە بەردەم باڵادەستیی ئەمەریکادا: بەناویەکداچوون و یەکگرتنی تیرۆر و ماتریاڵە ناوکییەکان، ئیسلامیی سیاسی، هەژموونی ئاسیا، داکشانی ئابووری، گۆڕانی ژینگەیی.

٢. ئەگەری ئەوەی کە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست و یەک قۆناغی پاش ئەمەریکا بێت و هێزێک پەیدا ببێت ئەمەریکا تێبپەڕێنێت، ئەگەرێکی لاوازە.

٣. هێزهەمیشە شان لە سەربەستێن دادەدات. لە بەستێنی پەیوەندییە سنووربڕەکاندا (snoitaleR lanoitansnarT)، وەک گۆڕانی کەشوهەوا، ماددەی هۆشبەر، پەتا، تیرۆر و هێز بە جۆرێک پژاوە بووەتە هۆی پاشاگەردانی و هێزی سەربازی بەشێکی بچووکی چارەسەرە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هەڕەشە نوێیانەدا.

٤. ڕووبەڕووبوونەی مەترسییە ئایندەییەکان پێویستی بە پەرەپێدانی ستراتیژێکی گەورە و تێروتەواوی هێزی زیرەک هەیە. مەبەست لە هێزی زیرەکیش، کۆکردنەوەی هێزی ڕەق و هێزی نەرمە پێکەوە لە یەک بۆتەدا.

## پەراوێز

١. ئەدیب و سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگی ئینگلیزە.

٢. بابەتەکە بە دووبەش لە (ژمارە ٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١) و (ژمارە ٦ی ئازاری ٢٠٢١) ی گۆڤاری «ئایندەناسی»دا بڵاو کراوەتەوە. ڕانان و پوختەوەرگێڕانێکە بۆ کتێبێکی تری جۆزێف نای لە بارەی ئایندەی باڵادەستیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لە سەدەی بیست و یەکدا بە ناونیشانی «ئایا سەدەی ئەمەریکایی کۆتایی هاتووە؟».

## فەرهەنگی ئایندەناسی

# ئایندەناسی



# بەڕێوەبردنی قەیران

## (Crisis Management)

ئامادەکردن: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر



قەیران بریتییە لە دۆخێکی نائاسایی کە تێیدا کۆمەڵێك کێشەی لەناکاو و پێشبینینەکراو ڕوو دەدەن کە چیتر بە ڕێکارە باو و میکانیزمە ئاساییەکان چارەسەر ناکرێت و پێویستی بە دانانی بەرنامەی و ستراتیژی تایبەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەیە. تایبەتمەندییەکی سەرەکیی قەیران خۆی لە لەناکاوبوون و چاوەڕواننەکراوی دەبینێتەوە کە دەتوانێت لە هەموو ئاست و لە هەموو شوێنێك ڕوو بدات، لە ئاستی خێزان و بنەماڵەیەك بۆ ئاستی شار، وڵات یان ئاستی جیهانی و سەرجەم کایەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و زانستی و... بگرێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی قەیران وای کردووە کە بابەتی بەڕێوەبردنی قەیران و دانانی بەرنامەیەکی (پلان) هەمەلایەنە و تۆکمە بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیران، پێویستییەکی سەرەکیی جیهانی پڕ لە کێشەی ئەمڕۆ بێت. بەو پێیەی کە بە ڕەهایی هیچ قەیرانێك لەوی تر ناچێت، دۆزینەوەی خاڵە کلیلییە لێکچووەکان بۆ بەرنامەڕێژی گرنگییەکی چارەنووسسازی دەبێت.

لە پێناسەیەکدا بەڕێوەبردنی قەیران چالاکییەکی ئامانجدارە لە سەر بنەمای گەڕان و بەدەستهێنانی زانیاریی پێویست بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیران، نەهێشتنی یان گۆڕینی ڕێڕەوەکەی بۆ بەرژەوەندیی ڕێکخراوەکە. بەم شێوەیە ئامانجی بەڕێوەبردنی قەیران بەدەستهێنانی جۆرێک لە هەماهەنگی و هاوکارییە لە نێوان کۆمەڵە کەسانێك لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێکی گشتی. بە واتایەکی تر: ئاڕاستەکردنی چالاکیی کۆمەڵە کەسانێکە بەرەو ئامانجێکی هاوبەش و ڕێکخستن و هەماهەنگیی هەوڵەکانیان لەم پێناوەدا.

بەرنامەی بەڕێوەبردنی قەیران باس لەوە دەکات لە ئەگەری ڕوودانی هەر قەیرانێك، پێویستە چ کاردانەوەیەکمان بۆ زاڵبوون بەسەریدا هەبێت و چ ئامراز و ڕێگەچارەیەك بەکار بهێنین. بۆیە پێویستە لە بەرنامەڕێژییەکەدا دیاری بکرێت چ کەسێك یان کەسانێك هەنگاو دەنێن و ڕۆڵیان چی دەبێت. ئامانجی بەرنامەی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان ئەوەیە بە کەمترین زیان؛ کێشەکە چارەسەر بکرێت و لە خێراترین ماوەدا کارەکان بچنەوە سەر ڕێڕەوی ئاسایی خۆیان.

سەرباری ئەوەی ناتوانین بە ڕەهایی پێشبینیی ڕوودانی قەیران و جۆر و کاتەکەی بکەین، بەڵام بەڕێوەبردنی هەر قەیرانێك لە بوار و کایە جیاوازەکاندا پێویستی بە گرتنەبەری چەند هەنگاوێکی یەك لەدوای یەك و تەواوکەری یەکتری هەیە. چۆنێتیی گرتنەبەری ئەم هەنگاوانە و ئاستی هاوکاری و لێکتێگەیشتنی نێوان بەڕێوبەران و ئەندامانی ئەو لایەنەی تووشی قەیران بووە، ئەگەری زاڵبوون و سەرکەوتن بەسەر قەیرانەکە دیاری دەکات.

### ١. دەستنیشانکردنی تیمی بەڕێوەبردنی قەیران

پێش ئەوەی هەنگاوی یەکەم لە بەرنامەڕێژی بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان دابنرێت، سەرەتا پێویستە تیمێک لە سەرکردەکان هەڵبژێردرێت کە لە کاتی پرۆسەی بەرنامەڕێژی بۆ قەیرانەکاندا هاوکاربن و بڕیاری گرتنەبەری هەنگاوەکان بدەن. پێویستە ئەم تیمە لە سەرەتای بەرنامەڕێژیی بەڕێوەبردنی قەیرانەکەدا پێکەوە دابنرێن، بۆ ئەوەی هەمووان ئاگاداری وردەکارییەکانی ستراتیژی قەیرانەکە و شێوازی کاری یەکتر بن.

### ٢. هەڵسەنگاندنی ئاست و جۆری مەترسی (Risk)

بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی پلاندانان، کۆبوونەوەیەکی خێرا بۆ کۆکردنەوەی بیروڕا و بیرۆکە جیاوازەکان ڕێك بخرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو مەترسییە جۆراوجۆرانەی کە کۆمپانیا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. دەشێت کۆبوونەوەکە سەرەتا بە خستنەڕووی مەترسییەکانی پەیوەست بە بواری کارەکە دەست پێ بکات. بەکارهێنانی تۆمارێکی تایبەت بە مەترسییەکان و شیکردنەوەی ئەگەری ڕوودانیان، یارمەتیدەرە بۆ زانینی ئەو مەترسییانەی کە زۆرترین ئەگەری ڕوودانیان هەیە، بۆ ئەوەی بەرنامەی تایبەت بە وەڵامدانەوەی ئامادە بکرێت.

### ٣. دیاریکردنی ئاستی کاریگەرییەکان

کاتێك مەترسییە (بە ئەگەرە زۆرەکان) دەستنیشان کرا، لە لایەن تیمی تایبەت بە قەیرانەوە کاریگەرییەکانی دیاری دەکرێن. هەرمەترسییەك دەتوانێت کۆمەڵێك دەرئەنجام و دەرهاویشتەی تایبەت بە خۆی هەبێت، بۆیە باشتروایە هەریەکێکیان بە جیا شیکارییان بۆ بکرێت. لێرەدا فرەپسپۆڕیی ئەندامانی تیمی قەیران ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت بە ئەوەی لە لایەنە جیاوازەکانەوە لە دەرهاویشتەکانی قەیران بکۆڵنەوە.

### ٤. بەرنامەڕێژی بۆ وەڵامدانەوە

لەم هەنگاوەدا، پاش ئەوەی هەرمەترسییەك دەناسێنرێت، وڵامەکانی تیمی دیاریکراو بۆ مەترسییەکان ئامادە دەکرێت. بۆنموونە؛ ئەگەرکۆمپانیاکە لە بواری نەرمەکاڵا (software) کار دەکات و تووشی هێرشی ئەلکترۆنیکی (cyberattack) دەبێت، لەم کاتەدا تیمەکە لە چەند لایەن و بە جیا وەڵام و کاردانەوەکان ئامادە دەکات. بۆنموونە؛ کەسێك بۆ پارێزراویی تۆڕەکە دادەنرێت، کەسێکی ترڕادەسپێردرێت کە هەواڵەکە بۆ کرێکارەکان بڵاوبکاتەوە و ڕوونکردنەوەیان بداتێ، هەروەها کەسێکی تر بۆ هەڵسەنگاندنی زیانەکان دیاری دەکرێت.

### ٥. پتەوکردنی بەرنامە

پاش ئاگاداربوونی زارەکی لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کۆمپانیا دەبنەوە، هەروەها زانینی کاریگەرییە ئابووری و بازرگانییەکانی و دواتر چۆنیەتیی وەڵامدانەوەیان، هەنگاوی دواتر بریتییە لە چەسپاندنی بەرنامە. لێرەدا بەرنامەی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان لە ستراتیژییەکی نووسراو یان زارەکی زیاترە و پێویستە بابەتە سەرەکییەکانی وەک پرۆتۆکۆلی چالاککردن و پەیوەندییە فریاگوزارییەکان لەخۆ بگرێت. جیا لەوەی پێویستە هاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدار و سوودمەندبووەکانی کۆمپانیا بکرێت بۆ ئەوەی هەمووان تێبگەن کە چی بکەن و چ کاتێك ئەنجامی بدەن.

### ٦. پێداچوونەوە و نوێکردنەوە

کاتێک بەرنامەی قەیرانەکە تەواو بوو، پێداچوونەوە بە ئەنجامی کۆتاییدا بکرێت بۆ ئەوەی دڵنیایی لە نەبوونی هیچ کەلێن و بۆشاییەك بێتە ئاراوە. ئیتر پێویستە بەردەوام سەردان و بەدواداچوونی بەرنامەی بەڕێوەبردنی قەیرانەکە بکرێت و لانی کەم ساڵانە جارێک نوێ بکرێتەوە، چونکە مەترسییە ئەگەرییەکان دەتوانن لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بگۆڕدرێن.

## سەرچاوەکان

- موذنی، فاطمه زهرا، بشارتلو، طیبه، قره جانلو، مریم، و جوان، زهرا. (١٣٩٤). مدیریت بحران. کنفرانس بین المللی مدیریت وعلوم اجتماعی. https://sid.ir/paper/٨٢٨٣٠٧/fa

- سامح أحمد زكى الحفنى (٢٠١٧)، « إدارة الأزمــات»، مجلة البحوث المالية و التجارية، المجلد ١٨، العدد الثانى - الجزء الثانى.

- الموسوعة السياسية (١٢ ٦ ٢٠٢٠)، « إدارة الأزمات - Crisis Management»، https://political-encyclopedia.org/dictionary/%D8%A5%D8.

- Team Asana (30 11 2022), “What is a crisis management plan? (6 steps to create one)”, https://asana.com/resources/crisis-management-plan.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

















وەرزنامەی
ئێرانناسی


الدراسات السياسية و الأمنية


English
کوردی
العربية




وەرزنامەی
ئێرانناسی
ژمارە (٥) ساڵی دووەم، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
وەرزانە دەریدەکات
سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی؛ بانگەشەکاری ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیی ئێران
ئەحمەدی موفتیزادە، یار یان نەیاری هێزەکانی پێشمەرگەی موسوڵمانی کورد
هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا و لێکەوتەکانی لەسەر ئێران
فاکتەری ئابووری و جیۆپۆلەتیکی لە پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئێران
جەستەی ژنان لە وێنەی پرۆگرامی خوێندنی دوای شۆڕش، پیشاندانەوە و سیاسەت
ئایدۆلۆژیای سوپای پاسداران: ڕۆڵ و ئاڕاستە و وەرچەرخانەکانی ژێرخانی دروستبوونی
کاریگەریی قەیرانی سووریا لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران
خوێندنەوەی بەراوردکاری دیپلۆماسیی کولتووری نێوان ئێران و تورکیا لە عێراقدا


وەرزنامەی
ئێرانناسی
ژمارە (١) تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، ساڵی یەکەم
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
وەرزانە دەریدەکات
کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی،
گەڕانەوە بۆ حکومەتی یەکدەست
هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و کابینەی نوێی حکومەتەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی
عێراقی ئاییندە لە دیدی ئێرانەوە، چاوپێکەوتن لەتەک "د. ڕەزا واعیزی"
شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران و پرۆسەی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕوانگەی داریوشی ئاشوورییەوە
لیبراڵیزمی سیاسی و لێکدانەوەی لیبراڵیستی لە ئایین: ڕووناکبیرانی ئایینی لە ئێران
مەرجەعیەتی شیعە و کاریگەرییان لەسەر کایەی سیاسی
نزیکبوونەوەی ئێرانییەکان لە تاڵیبان: تێگەیشتن و بەردەوامیی گۆڕانکارییەکان



نیسان 2020


وەرزنامەی
ئێرانناسی
ژمارە (٣)، ساڵی یەکەم، نیسانی ٢٠٢٢
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
وەرزانە دەریدەکات
بەرپەرچدانەوەی هێرشبەرانە: سیاسەتی مووشەکیی ئێران
جیۆپۆلەتیکی ئێران و جیهانی عەرەبی
سەرهەڵدانی ڕەوتی چەپی (پارتیزانیی) سازمانی چریکی فیداییانی خەڵکی ئێران
مەکتەب قورئان و زەمینەسازیی خەباتی مەدەنیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ستراتیژی جیۆپۆلەتیکیی ئەمریکا لە کەنداو بە پێداگریی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران


وەرزنامەی
ئێرانناسی
ژمارە (٢) کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ساڵی یەکەم
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
وەرزانە دەریدەکات
مافی نەتەوەیی کورد
لە سیستمی سیاسیی ئێراندا
دەقاندنی حاکمییەتی ئیتنیکی-مەزهەبی مێژوو، ئیتنیسیتە و ناسیۆنالیزم
ڕاگەیاندن لەئێراندا، پێشینە، وابەستەیی و سانسۆر
بزاڤی چەپ لە ئێران، لە گەشەسەندنێکی خێراوە بۆ پووکانەوەی بەردەوام
ئێران و ئەتۆم، دبلۆماسییەتی ئەتۆمیی ئێران




ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان



THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018





سەرهەڵدانەوەی
گروپە تیرۆریستییەکان


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا




The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories


الدراسات السياسية و الأمنية




انتعاش الجماعات الارهابية


ئایندەناسی


ئایندەناسی


ئایندەناسی
پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغدا


ئایندەناسی
پۆست کۆرۆنا


ئایندەناسی


ئایندەناسی


ئایندەناسی
کورد و هاوسێکانی لە سەردەمی بایدندا


ئایندەناسی
لە قەیرانی داراییەوە بەرەو ئابوورییەکی تۆکمە


ئایندەناسی


ئایندەناسی


ئایندەناسی


ئایندەناسی
ناوچەکانی ماددەی ١٤٠


ئایندەناسی


ئایندەناسی


ئایندەناسی


ئایندەناسی

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٧) ساڵی چوارەم، حوزەیرانی ٢٠٢٣